# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی
ڕۆشنبیریی وەرزییە
ژمارە (٢٧) شوباتی
٢٠٢٠

بە سپۆنسەری
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
**تۆفیق کەریم**
٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٣٢٦٣٧٦٦٤
**tofeqkarem@yahoo.com**

بەڕێوەبەری نووسین: **عادل سدیق**
بەڕێوەبەری هونەریی: **ڕەوشت محەمەد**
ڕاوێژکاری یاسایی: **بەکر حەمەسدیق**
هەڵەگری: **باخان ئەحمەد**

**ڕاوێژکاران**

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. سەباح بەرزنجی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
م.ی ئیدریس سیوەیلی

**سایتی گۆڤاری خاڵ: www.xallkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**



# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: [ڕۆڵی بیرەوەرییەکان لە نووسینەوەی مێژوودا]


لە وەرزێکی نوێدا (سەروتار) ............................................................................................. ٤
لەنێوا بیرەوەری و مێژوودا کەی دەقی بیرەوەری دەبێتە سەرچاوەی مێژوویی؟ ..... سەنگەر زرار ٧
بیبلیۆگرافیای کتێبی «بیرەوەری» لە کتێبی کوردیدا ١٩٦٠- ٢٠١٠ ............... بوار نورەدین ١٦
ئەو ژنە کوردانەی یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە ............... بەڕێز عەباس ٣٥
گفتوگۆ لەگەڵ شەفیقی حاجی خدر ............................................................. گروپی گوڵنار ٤٨
دەربارەی نووسینەوەی بیرەوەری ............................................................. مستەفای سەید مینە ٦١
سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات و ترس لە گێڕانەوەی ڕاستییەکان ............................ نازم عەبدوڵڵا ٦٤
ئیسلامییەکان و نووسینەوەی بیرەوەری ........................................................ ئیدریس سیوەیلی ٦٨
هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ یاداشت و بیرەوەرییەکانی کورد ............................ م. فاررووق موحەممەد ٧١
چەند سەرنجێک دەربارەی کوردناسەکان ..................................................... عادل سدیق عەلی ٧٤
بایەخی گێڕانەوەی مێژوویی لە کتێبی «کاروانی ژیانم»دا ................................ ڕیدار ئەحمەد ٧٩
بیرەوەرییەکانی مەولود باوەمراد ............................................................. بەشی یەکەم ٩٠
دیدار لەگەڵ ڕووناک ئەحمەدموختار جاف ................................................... عادل سدیق عەلی ٩٧


## گشتی


جیهانبینیی نوورسی بۆ ژیارەکان ................................................................ ژینۆ عوسمان ١٠٩
تا بەهەڵە لە بووژانەوەی هزری ئیسلامی تێنەگەین .......................................... فەرهاد قادر ئۆمەر ١١٨
ئیلحاد و ئەخلاق ........................................................................ و: د.مەریوان حمە دەرویش ١٢٢
کاریگەریی حەزی بەکاربردن لە پێکهاتنی کۆمەڵگای نوێدا .. و: د.... ئیسماعیل سەیید ئیبراهیم ١٢٨
ئاییندەرەوەری دیاردەی مرۆیی لەمێژینە ...........................................ئیمداد تەها ١٣٢
دواخاڵ: ڕۆڵی بیرەوەرییەکان لە نووسینەوەی مێژوودا ................. فەیسەڵ محەمەد ١٤١




# تەوەری داهاتوو

## ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان و
## کاریگەرییان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا

ناکرێت کۆمەڵگەیەک پێش کەوتبێت و خوێندەوارەکانی ڕۆڵی بەرچاویان لەو پێشخستنەدا نەگێڕابێت، ئەو خوێندەوارانەش لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا ناوەندێک هەبووە بۆ پێگەیاندن و فێرکردنیان. زۆر جار ئەو ناوەندانە بوونەتە چەقی گۆڕانکاری و داهێنان و پێشخستنی کۆمەڵگە لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، کەواتە لە کوردستاندا:

- ڕۆڵی ناوەندەکانی خوێندن چییە لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا؟
- مێژوو و پێگەی قوتابخانە و زانایان لە کۆمەڵگەی کوردیدا.
- ناوەندەکانی خوێندن لە چ ئاستێکدان؟
- کاریگەریی تەکنەلۆجیا لەسەر کایەی خوێندن.
- خوێندن و پەروەردەکردن، دوو لقی دارێکن.
- کوالیتیی خوێندن و پێگەی دامەزراوە ئەکادیمییەکان لەسەر ئاستی زانستگاکانی جیهان.
- کاریگەریی حزبایەتی لەسەر ناوەندەکانی خوێندن.
- خوێندن لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا.

گۆڤاری «خاڵ» بۆ ژمارەی داهاتوو ئەم بابەتانە دەکاتە چەقی توێژینەوەکانی لەسەر تەوەرەی ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان و کاریگەرییان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا، هیواخوازین نووسەر و توێژەرە بەڕێزەکان لەو بابەتانە بکۆڵنەوە و تیشکیان بخەنە سەر، بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی گۆڤارەکەمان؛ بابەت و توێژینەوەیان بۆ بنووسن و گۆڤاری «خاڵ»ی پێ دەوڵەمەند بکەن.

دواوادە بۆ وەرگرتنی بابەتەکان ٢٠٢٠/٤/١.

# لە وەرزێکی نوێدا

سەرنووسەر

ئەم دۆخە قەیراناوییە کە ناوچەکە و هەرێمی کوردستانی تەنیوە، هاوکار نییە بۆ گەشەکردن و برەودان بە پرۆژە ڕۆشنبیرییەکان، چونکە زۆر کایەی دیکەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تەنگی بە خەڵك هەڵچنیوە و کەمتر دەیانپەرژێتە سەر کایە ڕۆشنبیرییەکە، ئەمانە و جگە لە شەپۆلی بێئامانی تەکنەلۆجیا و ژمە خێراکانی کەناڵە ئەلکترۆنییەکان، کە خەریکی بەرهەمهێنانی نەوەیەکن سەرپێیی لە هەموو شتێك بڕوانن بە کایە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکانیشەوە.

ئا لەم دۆخەدا گۆڤاری «خاڵ» و بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییانەی ئاماژەیان پێ کرا، هێشتا هەر لە بزوت و هەنگاوانانی خۆی بەردەوامە، چونکە لە لایەکەوە دەزانێت سروشتی پرۆژە فیکری و ڕۆشنبیرییەکان هەر وەهان و زیاتر جێگای بایەخپێدانی خەڵکە دەستەبژێرەکەیە، ئەوانەی بابەتە ڕواڵەتییەکان تێدەپەڕێنن و دەچنە دنیای کاکڵە و ناوەڕۆکەوە، هەر ئەوانەشن کاریگەریی ڕیشەییان دەبێت و شوێنەواری جوان و بەسوود لەدوای خۆیان بەجێ دەهێڵن.

بۆیە نەك تەنها بەردەوامبوون، بەڵکوو «خاڵ» دەیەوێت قووڵتر لە جاران بە کایە فیکری و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکەدا شۆڕ بێتەوە و زانستییانە و بابەتیانەتر باش و بابەتەکان تاووتوێ بکات.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، لە کۆبوونەوەیەکی فراوان و پرس و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ هاوکاران و شارەزایانی بوارەکەدا، ئەم بڕیارانەی دا:

١. گۆڤاری «خاڵ» ببێتە وەرزی و لەبریی دوو مانگ، لەم ژمارەوە سێ مانگ جارێك دەربچێت.
٢. کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و خاوەن فکر و شارەزای بوارەکە بێنە ناو دەستەی بەڕێوەبردن و ڕاوێژکاران، بۆ دەوڵەمەندتر کردنی گۆڤارەکە و بەهێزترکردنی لە ڕووی ناوەرۆکەوە.
٣. ژمارەی لاپەڕەی «خاڵ» زیاد بکرێت.
٤. خاڵ زانستییانەتر پەیڕەوی ڕێنووس و دروستنووسین بکات، ئەندامێك تەرخان بکات بۆ هەڵەگری و ڕاستکردنەوە.
٥. بابەتەکانی دووتوێی خاڵ، مەرج و فلتەری زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەیان دابنرێت، لە پێناوی بەزانستیبوونی ناوەرۆکی گۆڤارەکەدا.

دەشزانین لەم گۆڕانکارییانەدا زۆر پێویستمان بە هاوکاری و پشتیوانیی توێژەر و نووسەرە بەڕێزەکانە، داوامان وەهایە زیاتر لە جاران یارمەتیدەر بن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، بە ناردنی بابەت و توێژینەوەی زانستییانە و بەسوود، هەر پێشنیازێکی دیکەشیان هەبێت بۆ ئەم وەرزە نوێیەی خاڵ تا بەهێزتر و پێشکەوتووتری بکەین، بە سوپاسەوە لێیان وەردەگرین و دڵنیایان دەکەینەوە هیچ بۆچوونێکیان پشتگوێ نەخرێن.



# تەوەری ژمارە

## ڕۆڵی بیرەوەرییەکان لە نووسینەوەی مێژوودا

گومانی تێدا نییە ئەزموونی هەر نەوەیەک، مایەی سوودمەندبوونە بۆ نەوەکانی دواتر. نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشت لە سەردەمە جیاوازەکاندا جێگای گرنگپێدان و بایەخ بووە، لەم سۆنگەیەوە گۆڤاری خاڵ لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرنگییەی بیرەوەری و یاداشت و زۆربوونی چاپی یاداشتنامە یان وەرگێڕانیان لە زمانەکانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی، ئەم بابەتەی کردووەتە تەوەری ئەم ژمارەیەی، بۆ ئەو مەبەستەش ئەم هێڵە گشتییانەی خستووەتە بەر باس:

- تا چەند بیرەوەرییەکان شیاون وەک سەرچاوەی ڕەسەن سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ نووسینەوەی مێژووی گەلی کورد؟
- ئایا دەکرێت بیرەوەری وەک ژانرێکی ئەدەبی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بە تیۆری گێڕانەوەخوازی لێی بکۆڵرێتەوە؟
- جیاوازیی نێوان بیرەوەری و گەشتنامە و ژیاننامە چییە؟
- ئایا ئەو بیرەوەرییانەی کەسایەتی و سەرکردە کوردەکان دەینووسنەوە، تا چەند خزمەت بە مێژووی گەلەکەمان دەکات؟
- بۆچی ئێمەی کورد درەنگ دەستمان کرد بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانمان؟
- تا چەند بیرەوەریی کوردناسەکان دەتوانێت خزمەت بە مێژووی ئێمە بکات؟
- مەرجەکانی بابەتیبوونی نووسینەوەی بیرەوەری چین؟
- خاڵی لاواز و بەهێزی ئەو بیرەوەرییانەی کورد خۆی نووسیونیەتەوە، چین؟
- چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بکەین بە کولتوور لەناو گەلی کورددا؟
- بۆچی ئیسلامییەکان لە نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشتدا ساردن؟ ئەمە تا چەند زیانی بە مێژوو و پاشخانی فیکریی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان گەیاندووە؟
- ئایا دواخستنی نووسینەوەی یاداشت، گومان ناخاتە سەر وردی و ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان؟

ئەم خاڵانە و چەندین باسی پەیوەندداری دیکە، لەلایەن ژمارەیەک نووسەرەوە خراوەتە بەر باس، بەو ئومێدەی توانیبێتمان ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەم بابەتە.

لەنێوان

# بیرەوەری و مێژوودا

## کەی دەقی بیرەوەری دەبێتە سەرچاوەی مێژوویی؟






**سەنگەر زراری**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٨١، هەولێر. دەرچووی «بەشی ڕاگەیاندن»ی پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر. بەرپرسی کارگێڕیی گۆڤاری «کاروان» بوو لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١١). حەوت کتێبی نووسین و وەرگێڕانی هەیە.

ڕابردووی گەلان و خودی مرۆڤەکانیش سەرڕێژن لە ڕووداوی جۆراوجۆر، شێوازەکانی گێڕانەوەی ئەم ڕووداونەش زۆرن، لەوانەش: بیرەوەری، مێژوو، گەشتنامە یان هەر ژانرێکی ئەدەبیی وەکوو: چیرۆک، ڕۆمان، شیعر و... دەتوانن بە شێوازی خۆیان ڕووداوەکانی سەردەمەکەی خۆیان تۆمار بکەن و ببنە بەڵگەنامەیەک بۆ سەردەمەکانی دواتر.

هەڵبەت سەرەکیترین بابەت بۆ گێڕانەوەی ڕابردوو کە بەزانستییش کرابێ، مێژووە. مێژوو هونەرێکە لەو ڕووداوانە دەکۆڵێتەوە کە لە ڕابردوو و ئێستا ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن، بە تێڕوانین لەو ڕووداوانەی ڕابردووش؛ گەلان دەتوانن پێشبینیی ئایندە بکەن. مرۆڤ ناتوانێ ئێستای خۆی بناسێ، بەبێ ئەوەی ڕابردووی بناسێ. لە ڕێگای تێگەیشتن لە ڕابردوو، دەتوانێ شارەزایی زیاتر وەدەست بێنێ و پێشبینیی ئایندەشی بکات. گوتەیەک هەیە دەڵێ: «ئەوەی مێژووی نەبێ، ئێستاشی نابێ»، بۆیە گەلان بۆ سەلماندنی خۆیان، دەبێ مێژوویان هەبێ و مێژووەکەشیان بنووسنەوە و بەتۆمارکراوی لەبەر دەستیان بێ.

یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی کە دەشێ ڕووداوەکانی ڕابردووی هەر گەلێک تۆمار بکەن؛ بیرەوەرییە، ئەو بیرەوەرییانەی کەسایەتییەکان دەینووسنەوە و ڕووداوەکانی ژیانی خۆیان و دەوروبەریان تێدا تۆمار دەکەن.

لەم بابەتەدا ئێمە هەوڵ دەدەین لە پەیوەندیی نێوان بیرەوەری و مێژوو بکۆڵینەوە، بەوردییش قسە لەسەر ئەوە دەکەین کە ئایا بیرەوەرییە خودییەکان دەتوانن ببنە سەرچاوەیەک بۆ نووسینەوەی مێژوو؟ ئایا مێژوونووس دەتوانێ وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکی و وەکوو ڕاستییەکی ڕەها مامەڵە لەگەڵ بیرەوەرییەکاندا بکات بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان؟ ئەگەر دەتوانێ؛ چۆن و ئەگەر ناتوانێ؛ بۆچی؟

بێگومان بیرەوەری ڕووبەرێکی تایبەتە بە خودی کەسەکان و هەر کەسێک لەوێوە دەتوانێ هەموو ئەو شتانەی کە تایبەتن بە خۆی، بیاننووسێتەوە. لە کاتێکدا نووسەر لە بابەتێکی دیکەی وەکوو مێژوو یان هەر بابەتێکی دیکەدا، ناتوانێ بەو جۆرە گوزارشت لە خودی خۆی و بۆچوونی خۆی بکات و زۆر خودییانە بیاننووسێتەوە(١)، چونکە مێژوو بەپێچەوانەوە ڕووبەرێکی گشتییە و مێژوونووس دەبێ وریا بێ کاریگەریی خۆی وەکوو نووسەر یان هەر کاریگەرییەکی دیکەی نەکەوێتە سەر لە نووسینەوەی دەقە مێژووییەکاندا.

لە سەرەتای نووسینەوەی مێژوودا، پێویستە کۆمەڵێک پێوەری گرنگ هەبن بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان، لەوانەش: بابەتیبوون و بێلایەنی و دوورکەوتنەوە لە خودێتی، پێویستە مێژوونووس پابەند بێت بە بابەتیبوون و شێوازی ئەکادیمی و پابەندبوون بە میتۆدی زانستی و توێژینەوە و بنکۆڵکردن(٢). نووسینەوەی مێژوو کارێکی گرنگە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیارکرنەوەی کۆمەڵگا لە بنەما و ڕەگەز و ناسنامەی خۆی، پێویستە مێژووی هەر گەل و گرووپێک بابەتییانە بنووسرێتەوە و وەکوو دەقێکی بێلایەن چاوی لێ دەکرێت.

هەر چی بیرەوەرییە، ئەوا زۆرێک لە سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکان و نووسەر و بیرمەندان، تەنانەت هەندێ جار کەسانی ئاساییش هەوڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان دەدەن، بەڵام ئامانجی هەریەکە لەوان جیاوازە، یادنووسی کەسێکی ئاسایی لەگەڵ یادنووسی نووسەرێک یان سەرکردەیەک یان کەسایەتییەکی

سیاسی، جیاوازە(٣). ڕەنگە کەسێکی ئاسایی هەر بۆ خۆشی و بەتاڵکردنەوەی ناخی خۆی؛ یادنووسەکانی ڕۆژانەی تۆمار بکات، بەڵام سەرکردەیەکی سیاسی وەکوو شایەدێک لەسەر ڕۆژانی ژیانی خۆی و دەوروبەری؛ بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە و دواتر لەسەری حیساب دەکرێت، بۆ ئەوەی وەکوو مێژوو لێی بڕوانرێ. بەڵام ئایا ئەو ڕەگەز و بنەمایانە لە نووسینەوەی بیرەوەریدا هەن، کە بتوانن بیکەنە یەکێک لە سەرچاوەکانی مێژوو یان بیکەنە دەقێکی مێژوویی؟

بێگومان کەسایەتییە دیار و ناسراوەکانی بواری سیاسەت و هونەر و نووسین، لە کاتی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیاندا هەوڵ دەدەن وردەکاریی ژیانی کەسیی خۆیان بەتەواوی بنووسنەوە، زۆربەی جاریش دوای وازهێنان یان دوورکەوتنەوە یان خانەنشینبوون، دەست بە نووسینەوەی ئەم بیروەرییانە دەکەن، تەنانەت هەندێکیان کە بیروەرییەکانیشیان نووسییەوە، بڵاوی ناکەنەوە و جێی دەهێڵن بۆ ئەوەی لەدوای مردنیان بڵاو بکرێتەوە، ئەمەش بە هۆی سانسۆری ڕژێمی حوکمدارەوە بێت، یانیش بە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکە باسی زۆر کەس و ڕووداوی کردووە و نایەوێ خەڵکانێک لێی نیگەران و تووڕە بن، یان بە هۆیەوە تووشی کێشە و ئیحراجی بن(٤). بۆیە هیچ دەقێکی بیرەوەری ناتوانێ بێلایەن بێت، هەر لە بنەماشدا بیرەوەری وەکوو هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی نییە کە مرۆڤ مەحکووم بێت بەوەی بێلایەنانە بینووسێتەوە، لێرەشەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بێلایەنی و لایەنگری نابنە پێوەر بۆ دیاریکردنی دەقی بیرەوەریی باش و بیرەوەریی خراپ، بەڵام هەمان شت، واتە بێلایەنی و لایەنگری پێوەرن بۆ نووسینەوەی مێژوو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و جێباوەڕ و زانستی.

ئەوەی کە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بیرەوەریدا ناتوانێ بێلایەن بێت، هۆکاری خۆی هەیە. بە بۆچوونی ئێمە دوو جۆر هۆکار هەن کە وا دەکەن هیچ مرۆڤێک نەتوانێ بیرەوەرییەکانی خۆی بە بێلایەنانە بنووسێتەوە، ئەوانیش هۆکاری خودی و هۆکاری بابەتین.

## دەتوانین هۆکارە خودییەکان لەمانەدا کورت بکەینەوە:

١. مرۆڤ بوونەوەرێکە ڕوانگە و ڕوانینەکانی سنووردار و دیاریکراون، «بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤ خودی خۆی و ئەوەی لەسەر خودی خۆی و جیهان دەیزانێت، دەکاتە پێوەر بۆ ناسینی ئەوانی تر و جیهان. مرۆڤ ناسینی خۆی لە بارەی خۆیەوە دەکاتە خاڵی دەستپێکردن لە بارەی هەموو مرۆڤ و شتەکانی ترەوە...» کەواتە مرۆڤ هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکان نابینێ و تەنیا دیوێکی ڕووداوەکان دەبینێ، بۆیە ئەگەر بشیەوێ هەموو ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، ناتوانێ ئەم کارە بکات، ئەمەش وا دەکات نووسەر باسی ئەو ڕووبەر و لایەنانە نەکات کە نایانبینێ، باسنەکردنی هەموو لایەنەکانیش خۆی لە خۆیدا لایەنگرییە، ئەم جۆرە لایەنگرییەش زۆر جار ناچارییە و نووسەر بەمەبەست وای نەکردووە.

٢. مرۆڤ هەندێ شتی تایبەت بە خۆی هەیە کە نایەوێ و بە پێویستی نازانێ باسیان بکات، یان ناتوانێ باسیان بکات، ئەمەش ڕەنگە بە هۆی شەرم، ترس و... یان هەر هۆکارێکی دیکەوە بێت.

٣. مرۆڤ هەر خودی خۆی نایەوێ هەموو ئەو شتانەی دەیانبینێ و دەیانبیستێ؛ بیانگێڕێتەوە، ئەمەش ئەگەر بە مەبەستی چەواشەکردن نەبێت، ئاساییە.



**سەرکردەیەکی سیاسی وەکوو شایەدێك لەسەر ڕۆژانی ژیانی خۆی و دەوروبەری؛ بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە و دواتر لەسەری حیساب دەکرێت، بۆ ئەوەی وەکوو مێژوو لێی بڕوانرێ.**

### هۆکارە بابەتییەکانیش ئەمانەن:

١. کولتوور، کۆمەڵگا، دابونەریت و ئایین، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەوەی کە مرۆڤ دەکرێ و دەتوانێ باسی چی بکات و باسی چی نەکات، چی دەنووسێت و چۆنی دەنووسێت؟ هەر کۆمەڵگایەک نۆرم و بەها و دابونەریت و یاسا و ئایینی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەن، دەشێ هەر یەکێک لەمانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دی، کاریگەرییان هەبێ لەسەر نووسینەوەی بیرەوەری. بۆ نموونە؛ کاتێک بیرەوەرییەکانی میشێل ئۆبامای هاوسەری باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەخوێنینەوە، باسی هەموو ئەو پەیوەندییانە دەکات کە بەر لە ئۆباما لەگەڵ کوڕانی دیکە هەیبووە، کولتوور و دابونەریتی ئەوان ڕێگا بەمە دەدات، بەڵام ئافرەتێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا ناتوانێ ئەم شتە بکات و باسی وردەکاریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوڕاندا بکات.

بێگومان ئەوە هەر کولتوور و سروشتی کۆمەڵگای ئێمەیە کە ڕێگا دەدات پیاو باسی پەیوەندییە سۆزدارییەکانی بکات، بەڵام ئافرەت ئەمە بکات ڕووبەڕووی کێشە و سووکایەتی دەبێتەوە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرێک لەو پیاوانەی بیرەوەرییەکانیان نووسیوەتەوە، باسی لایەنە سۆزدارییەکانیان دەکەن و هیچ کێشەیەکیشیان بۆ دروست نابێت، تەنانەت بەشانازییشەوە باسی دەکەن.

٢. دەشێ نووسەر نەوێرێ شکستی دژبەرەکانی یان شکستی کەسانێک باس بکات کە دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە، هەر بۆیەش گەلێک کەس کە بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، خۆیان بڵاوی ناکەنەوە و وەسیەت دەکەن دوای خۆیان بڵاو بکرێتەوە، یان تەنانەت هەندێک کەسایەتی هەن هەر باسی ئەوەش ناکەن کە بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە و دوای خۆیان نووسین و یادنووسەکانیان دەدۆزرێتەوە و بڵاو دەکرێنەوە.

ئەمانە ئەو هۆکارە خودی و بابەتییانەن کە دەبنە هۆکاری ئەوەی نووسەر نەتوانێ بیرەوەرییەکانی بەبێلایەنانە بنووسێتەوە(٥). بێگومان ئەمەش لەگەڵ پێوەرەکانی مێژوو یەک نایەتەوە، کە پێویستیی بە بێلایەنی هەیە، بەڵام خۆ ناشکرێ نووسینەوەی بیرەوەری لە ڕووی مێژووییەوە هیچ حیسابێکی بۆ نەکرێ، چونکە بێگومان ئەو کەسانەی بیرەوەرییەکانی خۆیان دەنووسنەوە، کەسایەتیی مێژوویین و جێپەنجەیان لەسەر ڕووداوەکانی مێژوودا هەیە و باسی ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمەکەی خۆشیان دەکەن، هەر بۆیەش دەست بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان دەبەن، وەکوو گوتیشمان بیرەوەریی کەسایەتییە دیارەکان، لە بیرەوەری و یادنووسی خەڵکانی ئاسایی زۆر جیاوازە (کە ڕەنگە خەڵکی ئاسایی هەر بیریش لە



هیچ دەقێکی بیرەوەری ناتوانێ بێلایەن بێت، هەر لە بنەماشدا بیرەوەری وەکوو هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی نییە کە مرۆڤ مەحکووم بێت بەوەی بێلایەنانە بینووسێتەوە.

بڵاوکردنەوەی یادنوسە ڕۆژانەییەکانیان نەکەنەوە)، جیاوازییە سەرەکییەکەشی لەوەدایە کە بیرەوەریی کەسایەتییە دیارەکان لە سەردەمانی دواتردا لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکرێت و دەخوێنرێنەوە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە بیرەوەریی کەسایەتییە دیارەکان کەمتر ڕاستگۆیانە و شەفافە و خاوەنەکانیان هەوڵ دەدەن بیرەوەرییەکانیان جوان بکەن و خۆیان بکەنە پاڵەوان و ڕۆڵی خۆیان لە ڕووداوەکان بەرچاو و گەورە بکەن، لە بەرامبەریشدا ڕۆڵی نەیارەکانیان بچووک بکەنەوە. ئەمەش بەشێکە لەو هۆکارانەی کە وا دەکەن مێژوو نەتوانێ بەڕەهایی پشت بە دەقی بیرەوەرییەکان ببەستێ.

هەڵبەت تەنیا کەسایەتییە ناسراوەکان بیرەوەرییەکانیان نانووسنەوە، زۆر جار هەندێ کەس خۆیان کەسایەتیی دیار و ناسراو نین، یان کەسایەتییەکی ناسراون، بەڵام لەگەڵ کەسایەتییەکی لە خۆیان دیار و ناسراوتردا ژیاون و کاریان لەگەڵ کردووە، ئەم جۆرە کەسە هەوڵ دەدەن لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا کەسایەتییە دیارەکە بکەنە کاراکتەری سەرەکی و زیاتر ئەو بیروەرییانە بگێڕنەوە کە لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکەدا هەیانە(٦)، لەو حاڵەتەشدا نووسەرەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسایەتییەکە یان ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کاراکتەرە سەرەکییەکەدا هاتوون.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا یەکەمین دەقەکانی بیرەوەری ئەوانەن کە نووسەرەکان خۆیان کاراکتەری سەرەکیی بیرەوەرییەکانی خۆیان نین، بەڵکوو لەژێر کاریگەریی کەسایەتییەکان و ڕووداوە مێژووییەکاندا نووسراون. بۆ نموونە؛ میرزا عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا غەفووری ناسراو بە «وەفایی»، یەکەم کەسە کە لە ساڵی (١٨٩٧-١٨٩٨ز) بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی «تحفة المریدین» دەنووسێتەوە، بەڵام لە بیرەوەرییەکانیدا زۆر بەکەمی باسی خۆی دەکات و زیاتر باسی ئەو بەشەی ژیانی دەکات کە لەگەڵ «شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری» بەسەری بردووە و کاریگەرییەکی تەواوی شێخی نەهریی بەسەرەوەیە. هەر چەندە «وەفایی» بیرەوەرییەکانی بە زمانی فارسی نووسیوەتەوە و ناچێتە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردی، بەڵام بە هۆی ئەوەی وەفایی شاعیرێکی دیاری کوردە، باسکردنی پێویستە(٧).

یەکەم کتێبی بیرەوەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا کە بە کوردی و بە شێوەی کتێب نووسرابێ، یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمییە. ئەم نووسراوە بە یەکەم یادداشت دادەنرێن کە نووسەرێکی کورد بە شێوەی کتێب نووسیبێتیەوە و بڵاوی کردبێتەوە، بە هۆی ئەوەی ئەوکات (پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو) دەرفەتی نووسین و بڵاوکردنەوە لە ئاستێکی سنووردار بووە، بۆیە ڕەفیق حیلمی یادداشتەکانی



نووسەر لێرەشەوە مافی خۆیەتی تێڕوانینە تایبەتییەکانی خۆی بەدیار بخات و لەوێوە باسی ئەو ڕووداوانە بکات کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی هەبووە نەك مێژوو بگێڕێتەوە.

لەژێر ناونیشانی «یادداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود» بە شەش بەش و لە شەش کتێبدا لەنێوان سالآنی (١٩٥٦-١٩٥٨ز) بڵاو کردووەتەوە، بەڵام ئەم یادداشتە ئەوەندەی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەوەندەی ئەو ڕووداوە سیاسی و سەربازییانە بەسەریدا زاڵن کە هاوسەردەمی نووسەرەکەین، نووسەر ئەوەندە بیرەوەرییەکانی خۆی ناگێڕێتەوە، بەتایبەتییش بەزۆری باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە لە سەردەمی شۆڕش و جووڵانەوەکانی شێخ مەحموود ڕوویان داوە، هەر چەندە ڕەفیق حیلمی خۆی دان بەوەدا نانێت و ئەو پێی وایە ئەوەی دەینووسێتەوە؛ بەتەواوەتی بیرەوەرین نەک مێژوو، بۆیەش لەدوای بڵاوبوونەوەی یەکێک لە بەشەکان کە بە نامە هەندێ هەڵەی بۆ ڕاست دەکەنەوە، لە بەرگی دواتری کتێبەکەدا دەنووسێت: «چونکە مەبەست نووسینەوەی مێژوو نییە، نووسینەوەی یادداشتە، لەم جۆرە شتانەدا کە نرخێکی ئەوتۆی نییە، ئەوەندە قووڵم نەخوێندۆتەوە و نەمکۆڵیوەتەوە». بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک خوێنەر لێی ورد دەبێتەوە، هەست بەوە دەکات کە بەشە زۆرەکەی ئەم کتێبە مێژووە و بەشێکی کەمتری یادەوەرییە، تەنانەت هەندێ لە بەشەکانی باسی مێژووی کۆنی شوێن و کەسایەتییەکانە و پەیوەندیی بە سەردەمەکەی ئەوەوە نییە، لە کاتێکدا ئەگەر بیرەوەری بێت، دەبێ زۆربەی باسی خۆی و ئەو سەردەمە بێت کە خۆی تێیدا ژیاوە نەک باسی مێژوویی.

خۆ لە ناونیشانەکەشەوە دیارە کە ئەم بیرەوەرییانە بەتەواوی پەیوەستی مێژوون، «کوردستان و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود»، واتە ئەوەندەی مێژوویین، ئەوەندە بە ناونیشانی دەقێکی بیرەوەری ناچن(٨).

یەکێکی دی لەو بیرەوەرییانەی لە سەرەتاکانی نووسینەوەی بیرەوەری لە ئەدەبیاتی کوردی بڵاو بوونەوە، «چیم دی؟»یەکەی ئەحمەد خواجە بوو کە لە ساڵی (١٩٦٨ز) بڵاو بووەوە. «چیم دی؟» کتێبێکی چوار بەرگییە و تێکەڵەیەکە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ئەحمەد خواجە و مێژووی چەند دەیەیەکی سەدەی بیستەمی کورد، ئەویش لەگەڵ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا ویستوویەتی مێژووی سەردەمەکەشی بنووسێتەوە و چەند سەرچاوەیەکی دیاریکراویشی بەکار هێناون (کە ئەگەر وەکوو نووسینەوەی مێژووش تەماشای کتێبەکە بکەین، ژمارەی سەرچاوەکان کەمن و زۆر دیاریکراون). دەبێ بڵێین ئەو ئەم کارەی بەدڵسۆزی و بۆ نەفەوتانی مێژووی نەتەوەکەی کردووە، بەڵام بە هۆی سۆزی نەتەوایەتی و بەشداریی چالاکانەی لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید و نزیکیی لە شێخەوە، لایەنداریی زۆر پێوە دیارە کە ئەمە وەکوو بیرەوەری ڕاستە، بەڵام وەکوو



زۆربەی بیرەوەرییەکانی سەرەتای فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی، ئەوانەن کە نە بیرەوەریی پوختن و نە مێژووی تەواویش، ئەویش بە هۆی ئەوەی ئەو کەسایەتییانەی خۆیان لەناو ڕووداوەکان بوونە.

نووسینەوەی مێژوو دروست نییە. بۆیەش ئێستا ئەمە تێکەڵەیەکە لەنێوان بیرەوەری و مێژوودا، نە بیروەریی تەواوە و نە مێژوویەکی زانستییش(٩).

کەواتە ئەگەر تەماشا بکەین، دەبینین زۆربەی بیرەوەرییەکانی سەرەتای فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی، ئەوانەن کە نە بیرەوەریی پوختن و نە مێژووی تەواویش، ئەویش بە هۆی ئەوەی ئەو کەسایەتییانەی خۆیان لەناو ڕووداوەکان بوونە، ئەوان نووسیویانەتەوە و کاریگەریش بوونە بە کەسایەتیی سەرکردەکان. بێگومان ئەگەر وەکوو دەقی بیرەوەری پێشکەشیان کردبا، کێشە نەبوو، بەڵام کاتێک وەکوو مێژووش دەیخەنە ڕوو، دەبێتە کێشە، چونکە ناتوانن بێلایەنانە پێشکەشی بکەن و ئەمەش لەگەڵ زانستی مێژوو یەک نایەتەوە.

نووسەر و سەرکردەی بۆسنایی عەلی عیزەت بیگۆڤیچ (١٩٢٥-٢٠٠٣) دەیگوت: «کارێکی ڕاست نییە ئەو کەسانە مێژوو بنووسنەوە کە خۆیان دروستیان کردووە، یان بەشێک بوونە لە مێژووەکە.» ئەمە ڕێک ئەو دۆخەیە زۆرێک لەوانەی کەسایەتیی دیاری مێژوویین و دەیانەوێ مێژوو بنووسنەوە، تێیدان. ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجەش لەو جۆرانە بوون، چونکە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕووداوەکان و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودا هەبووە، دواتر هاتوون بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە، کەچی زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکان و بیرەوەرییە کەسییەکانیان تێکەڵی یەکتر کردووە، لەم دۆخەشدا ناتوانین نە وەکوو بیرەوەری تەماشای بکەین، نە وەکوو مێژووش.

وەکوو گوتمان بیرەوەریی کەسی؛ بەڵگەنامەیەکی بێلایەنانە نییە، بەڵکوو دانپێدانان و پاساوهێنانە و ڕامانی تاکەکەسی و خودییە، ئەمەش بێ کەموکوڕی نییە، کاریگەریی نووسەر و ئەو سەردەمەی لەسەرە کە نووسەرەکە تێیدا ژیاوە. ئەو کەسەی یادەوەرییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، هەوڵ دەدات یەکەم کەس باسی خۆی و ئەو کەسانە بکات کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە. لە لایەکی دییش سەرچاوەی سەرەکیی نووسینەوەی بیرەوەری، مێشک و یادەوەریی نووسەرەکە خۆیەتی، بۆیە ئەوە گرنگە کە نووسەر تا چەند ڕووداوەکانی بیر ماون و تا چەند دەتوانێ بەوردی زانیارییەکان بنووسێتەوە و بیانگێڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێ ڕووداو پەیوەندییان بە مێشک و یادەوەرییەوە نییە، بەڵکوو نووسەرەکە خۆی بە هۆی چەند هۆکارێکی خودی و بابەتییەوە (وەک لە سەرەوە باسمان کرد) ناتوانێ باسیان بکات. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو پەیوەندییەی کە بیرەوەری لەگەڵ مێژوودا هەیەتی، ئەویش ئەوەیە کە بیرەوەری؛ مێژوو نییە، بەڵکوو سەرچاوەیەکە کە مێژوونووس دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ و تێیدا بەدوای بابەتیبووندا بگەڕێت تا دەگاتە

ڕاستییەکانی مێژوو، بەڵام دیسانیش بیرەوەری بە یەک جۆر نابێتە سەرچاوەی مێژوویی.

یەکێک لە شێوازە کاریگەرەکانی سوودوەرگرتنی مێژوو لە بیرەوەری ئەوەیە، توێژەری بواری مێژوو؛ ڕووداوەکانی ناو بیرەوەرییەکە لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکەی مێژوو بەراورد بکات.

جگە لەمانە، هەندێ لەوانەی بیرەوەریی خۆیان دەنووسنەوە، نامە و بەڵگەنامە و نووسراوی فەرمی و نووسراو و هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئەوکات دەخەنە ناو بیروەرییەکانیان، یان وەکوو پاشکۆ لە کتێبەکەی دادەنێن، بێگومان ئەمە بۆ مێژوونووس بەکەڵکە و دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ(١٠). لە بیرەوەرییە کوردییەکاندا ئەحمەد خواجە وای کردووە و لە کتێبەکەیدا دەیان بەڵگەنامە و دەقی ئەو فەرمانانەی تێدایە کە شێخ مەحموود چ لە سلێمانی و چ لەو کاتانەی لە دەرەوەی سلێمانی لە خەباتدا بووە؛ دەریکردوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەو ڕاگەیەنراوانەی تێدایە کە ئەوکات بە فڕۆکە بۆ خەڵک هەڵدەدرانە خوارەوە، دەیان نامەی نێوان شێخ مەحموود و ئینگلیزەکان و مەلا مستەفای بارزانی و حکومەتە یەکلەدوایەکەکانی عێراقی تێدایە. هەروەها ژمارەیەکی زۆری نووسراوی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە بیانییانەی تێدایە کە ئەوکات لە بارەی کورد و شۆڕشەکانی کوردەوە دەنووسران و ناو و ڕۆژ و ژمارەکەیان دیاریکراوە، هەر لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودەوە تا دەگاتە شۆڕشەکانی بارزان و بەیاننامەی بەناوبانگی یازدەی ئازار، ئەمەش وەکوو دۆکیۆمێنتی مێژوویی گرنگیی زۆریان بۆ مێژووی کورد هەیە و بۆ لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و وەکوو سەرچاوەی مێژووییش گرنگن(١١).

دەقی بیرەوەری وەکوو سەرچاوەیەکیش بۆ نووسینی مێژووی ژیانی ئەو کەسایەتییەی بیرەوەرییەکەی خۆی نووسیوەتەوە، زۆر گرنگە. بۆ نموونە؛ گەر مێژوونووسێک بیەوێ مێژووی سەرکردەیەکی سیاسی یان کەسایەتییەکی هونەری بنووسێتەوە، یەکەم سەرچاوە کە بۆ ئەمە گرنگ و بەکەڵک بێ، بیرەوەرییەکانی خۆیەتی (ئەگەر بیرەوەرییەکانی نووسیبێتەوە)، بەڵام دەبێ بەگومانەوە چاوی لێ بکرێ و لەگەڵ سەرچاوەی دیکە بەراورد بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە. واتە لە هەموو حاڵەتێکدا بیرەوەری بە سەرچاوەیەکی لاوەکی بۆ مێژوو دادەنرێ و زیاتر پشت بە بەڵگەنامە و ئامار و نووسراوە فەرمییەکان دەبەسترێ، ئینجا لەگەڵ دەقە بیرەوەرییەکاندا بەراورد دەکرێ.

بیرەوەری سەرەتا وەکوو ڕەگەزێکی ئەدەبی بەدیار کەوتووە، نووسەر ویستوویەتی لەو ڕێیەوە بە پلەی یەکەم باسی خۆی بکات، لێرەشەوە مافی خۆیەتی تێڕوانینە تایبەتییەکانی خۆی بەدیار بخات و لەوێوە باسی ئەو ڕووداوانە بکات کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی هەبووە نەک مێژوو بگێڕێتەوە، بەڵام مێژوونووسیش دەتوانێ لەناو دەقەکانی بیرەوەریدا بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت و بیاننووسێتەوە(١٢).

مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە هەموو جۆرە نووسراوێکی کۆن، لە: گێڕانەوەی زارەکی، بیرەوەریی خودی، ژیاننامەی کەسانی دی، تەنانەت شیعر و ڕۆمان و کتێبە ئایینییەکانیش دەتوانن ببنە سەرچاوەی مێژوویی، چونکە کاری

مێژوونووس تەنیا نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەو ماددانە نییە کە دەستی دەکەون، بەڵکوو دەبێ شییان بکاتەوە و لێیان بکۆڵێتەوە، چونکە ئەوانەی ئەم جۆرە دەقانەیان نووسیوە، مێژوونووس نەبوونە و بۆ مێژوو نەیاننووسیوە، بەڵکوو زیاتر وەکوو دەقی خودی و دەقی ئەدەبی نووسیویانە(١٣)، بەڵام سوودیان بۆ مێژووش دەبێت، بۆ نموونە چیرۆکی «لە خەوما»ی جەمیل سائیب (١٨٨٧-١٩٥١ز) کە لە ساڵی (١٩٢٥ز) نووسیویەتی، یان ڕۆمانی «مەسەلەی ویژدان»ی ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٨-١٩٣٥ز) کە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٢٨ز) نووسیویەتی، وەکوو دەقی ئەدەبی نووسراون، بەڵام دەشێ مێژوونووس ئاماژەی مێژوویی سەردەمەکەیان تێدا بدۆزێتەوە، یان مێژوونووس دەتوانێ لە ڕێگای دوو چامە بەناوبانگەکەی نالی و سالمەوە زۆر ئاماژەی مێژوویی سەردەمی حوکمی بابانییەکان بخوێنێتەوە.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە مێژوونووس ناتوانێ وەکوو سەرچاوەی سەرەکیی مێژوویی پشت بە بیرەوەری و دانپێدانان و سەرچاوە زارەکییەکان یان دەقە ئەدەبییەکان ببەستێ، بەڵام ئەمانە سەرچاوەی گرنگ و یارمەتیدەرن بۆ مێژوو. دەتوانین بڵێین بە نەبوونی ئەم جۆرە بیرەوەرییانە، سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی کەم دەبێت، هەر چەندە سەرچاوەیەکی سەرەکییش نەبێت.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١. هونەری ژیاننامە: شێوازەکانی نووسینەوەی بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی مێژوویی -لێکۆڵینەوەی ئەدەبی- نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم (٢٠١٩)، ل١٩.

٢. الدكتور حسن زغيدي: المذكرات ليست تاريخا، اعداد: جربوعة قدور، موقع: بوابة شروق.

٣. المذكرات الشخصية و كتابة التأريخ، جودت هوشيار، موقع: الحوار المتمدن.

٤. سەرچاوەی پێشوو

٥. ئێمە لە بابەتێکدا بەدرێژیی باسی ئەوەمان کردووە کە بیرەوەری بە هیچ شێوەیەک بەبێلایەنی نانووسرێتەوە و پێویستیش نییە ئەمە بکرێت، هەروەکوو پێویستیش نییە ئەمە بکرێتە پێوەر بۆ بیرەوەریی باش و خراپ، بەڵکوو لەجیاتیی ئەمە پێویستە چەند پێوەرێکی دی بۆ باشی و خراپیی بیرەوەری دابنرێن، لەوانەش: ڕاستگۆیی و وردی و... بڕوانە: بێلایەنبوون و لایەنگری لە نووسینەوەی بیرەوەریدا، سەنگەر زراری، ئەدەب و کولتووری ڕۆژنامەی ڕووداو، ژمارە (١٢٢)، دووشەممە (٢٠١٩/٧/١). یان هەمان بابەت لە ماڵپەڕی ڕووداو.

٦. المذكرات الشخصية و كتابة التأريخ

٧. بڕوانە: بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفة المریدین)، گرد و کۆی: مامۆستا قازی محەمەد خزر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕامان (١٩٩٩).

٨. بڕوانە: یادداشت، نووسینی: ڕەفیق حیلمی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی سێیەم (٢٠٠٣).

٩. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سەرهەڵدان و سەرەتاکانی بیرەوەری لە ئەدەبیاتی کوردی و ناوەرۆکەکانیان، بڕوانە: هونەری ژیاننامە.

١٠. المذكرات الشخصية و كتابة التأريخ

١١. بڕوانە: چیم دی (بەرگی ١-٤)، ئەحمەد خواجە، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، چاپی سێیەم -لێزیادکراو- (٢٠١٦).

١٢. المذكرات الشخصية و كتابة التأريخ

١٣. هل تكتب المذكرات والسير الذاتية والشهادات الشفوية التاريخ؟، استطلاع: نـوارة لـحرش، موقع: النصر كل القراء.

# بیبلیۆگرافیای
# کتێبی «بیرەوەری»
# لە کتێبی کوردیدا ١٩٦٠- ٢٠١٠





**ئامادەکردن: بوار نوورەدین**

ساڵی ١٩٦٢ لە قەڵادزێ لەدایکبووە. لە ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد و ئەرشیفی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و پڕۆژەی ئینسایکلۆپیدیای پارێزگای سلێمانیدا کاری کردوە. دەیان کتێب و لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای بڵاوکردووەتەوە، پێداچوونەوەی بۆ زۆرتر لە ١٠٠ کتێب کردووە.

ئەم بیبلیۆگرافیایە، لەسەر داواکاریی «گۆڤاری خاڵ» و بەپێی پرۆژەی «کورد و کوردستان- بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا ١٩٢٠- ٢٠١٠» ئامادەکراوە، کە ١٢ بەرگ و بەش و ٥٢٠٦ لاپەڕەیە، ٥٦٨٠ کتێبی تێدا ناسێنراوە و ساڵی ٢٠١٦ لە تاران چاپکراوە.

لــە پرۆژەی ناوبراودا، هەمــوو کتێبەکــان ناوەڕۆکیان بە وردی بۆ نووسراوەتەوە، بە هۆی فراوانیی ئەم بیبلیۆگرافیایەوە، لێرەدا لابراون. خوێنەر، بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی تەواو لەبارەی ئەم کتێبانەوە، دەتوانێ بۆ پرۆژەی ناوبراو بگەڕێتەوە.

کتێبەکان بەپێی ساڵ و لە هەر ساڵێکیشدا، بەپێی ڕیزبەندی تیپەکانی زمانی کوردی ڕیزکراون، هەر کتێبێک لە پرۆژەی ناوبراودا تۆمارنەکرابێت، لێرەشدا دانەنراوە. ناونیشانی کتێب، بەپێی سیستمی بیبلیۆگرافیا، وەک خۆی دەنووسرێتەوە، ئەگەر هەڵەشی تێدا بێت، ڕوونکردنەوەی بۆ دەنووسرێت.

هەندێ ئامادەکار و دەزگا، ناوی نووسەری بیرەوەرییەکانیان، لەسەر بەرگ و لەگەڵ ناسنامەی کتێبەکاندا نەنووسیوە، کە بە پێویستمان نەزانیوە نموونەکان دیاری بکەین، ئێمەش ناوی خاوەنی بیرەوەرییەکانمان وەک نووسەر و ئەوانیش وەک «ئامادەکار» نووسیوە.

هەر کتێبێک نۆبەتێکی چاپی بۆ نەنووسرابێت، دیارە بەردەستمان نەکەوتووە و لە پرۆژەکەشدا تۆمارنەکراوە، ئەمانە بەشێکی کێشەکانی کتێبی کوردین، کە لە پرۆژەی ناوبراودا دەیان سەرنج و تێبینیمان لەبارەی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا، کتێبخانە، کتێبی کوردی و کێشەکانیان نووسیوە و بە پێویست نەزانراوە لێرەدا دووبارە بکرێنەوە.

لــەم بیبلیۆگرافیایــەدا، تەنــها ئــەو کتێبانە تــۆمارکراون، کــە وشــەی «بیرەوەری» لــە ناونیشانەکانیاندا هەبووە، هەروەها بۆ وشەکانی «بیرئانین، بیرئینان و بیرهاتن»ی کورمانجی ژووروویش گەڕاوین، لە کاتێکدا هەندێ کتێبی بیرەوەری بە چەند وشە و جۆرێکی تری وەک: «بەسەرهاتوو، سەربردە، سەرپێهاتی، گەشت و گەشتنامە، لە فلان شوێنەوە بۆ فلان شوێن، یادەوەری، یاداشت و یاداشتنامە» نووسراون، لە پێڕستی کتێبەکانی تری ناو پرۆژەکەشدا، وشەی «بیرەوەری» زۆر بەکارهاتووە، هەروەها لە ناونیشانی هەندێ کتێبدا، بە هیچ جۆرە واتا و وشەیەک، ئاماژە بە «بیرەوەری» نەکراوە و ناونیشانێکی ئەدەبی، یان خوازراوی بۆ هەڵبژێردراوە، کە هیچیان لێرەدا تۆمارنەکراون، ئەگەر دەرفەت هەبوو، بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاریان لەسەر دەکەینەوە.

### کورتکراوەکان:

پ.: پێوانە (بە سانتیمەتر و «پانی»ی پێش «درێژی» نووسراوە).

چ.: چاپخانە.

چاپ.: نۆرەی چاپ.

ژ.س.: ژمارەی سپاردن.

س.: ساڵ.

ش.: شوێن.

ل.: ژمارەی لاپەڕە.

و.: وەزارەت.

؟: هەر زانیارییەکی نادیار و نەزانراو.

*ISBN: International Standard Book Number*

ژمارەی جێگیری نێودەوڵەتیی کتێب

**١- بیرەوەری!.. سیوپەک ساڵ لە ژیانی ماموستایەک**
نووسین: مامۆستا ڕەشید کەریم
بە یارمەتیی نەقابەی مامۆستایان چاپکراوە
چاپ: یەکەم، چ: ژین، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ١٩٦٠، ل: ٦٤، پ: ٢١×١٤

**٢- بیرەوەری «١١» ساڵەی لە دایک بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان- بەرەو پتەوکردنی ریزەکانی کومەلە و راپەراندنی جەماوەری گەلەکەمان**
ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
چاپ: ؟، چ: ؟، ش: شاخ، ژ.س: ؟، س: ١٩٨١ (حوزەیران)، ل: ١٠، پ: ٢١×١٥
**تێبینی:**
ناونیشانی کتێبەکە، لەسەر بەرگی دواوە نووسراوە، ناوەرۆکی کتێبەکەش، بە پێچەوانەوە دەستی پێکردووە و کۆتایی هاتووە، کە دەگونجێ هەڵەی چاپ بووبن.

**٣- یەکێتیی نووسەرانی کورد و دوو کۆڕ- چەند بیرەوەرییەکی رۆژنامەگەری یە**
نووسین: عیزەدین فەیزی
چاپ: یەکەم، چ: شارەوانی، ش: هەولێر، ژ.س: ٣٥٢، س: ١٩٨١، ل: ٨٠، پ: ٢٢×١٦

**٤- کوێرەوەری و بیرەوەری**
نووسین: هاوار (محەممەد ڕەسووڵ هاوار)
لەسەر ئەرکی (ئازاد عەبدولڕەحمان کەریم) چاپکراوە.
چاپ: ؟، چ: ؟، ش: ؟، ژ.س: ؟، س: ١٩٨٤، ل: ٢٧٣، پ: ٢٣×١٦

**٥-لە بیرەوەری ١٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دا- ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەک گرن! کۆمیتەی رێکخراوی دەرەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ١٠- ٦- ١٩٨٥**
ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە: کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی (ک.ڕ.ک)
چاپ: ؟، چ: ؟، ش: شاخ، ژ.س: ؟، س: ١٩٨٥، ل: ١٧، پ: ٢١×١٥

**٦- لە بیرەوەریەکانم- بەرگی یەکەم/ لە منداڵیەوە تا ساڵی ١٩٥٧**
نووسین: کەریم حوسامی
بڵاوکراوەی وەشانێن ژینا نو (Wasanaen Jina Nu)
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: ئۆپسالا، ISBN: ٩١٩٧٠٧٤٧ -١٣، س: ١٩٨٦، ل: ٣١٦، پ: ٢١×١٥

**٧- بیرەوەریەکانی لێ خوڕی تاکسی**
نووسین: میرزا کەریم خۆشناو
بڵاوکراوەی سەعدوڵڵا شێخانی
چاپ: یەکەم، چ: الزمان، ش: بەغدا، ژ.س: ٣٤٣، س: ١٩٩١، ل: ٩٦، پ: ٢٤×١٧

**٨- بیرەوەری بارزانی نەمر- بیرەوەری ١٣هەمین ساڵرۆژی کۆچی نیشانەی خەباتی نەتەوەی کورد بارزانی وە پێنجەمین ساڵ رۆژی ئیدریسی هەمیشە زیندوو**
ئامادەکردن: لیژنەی سەرپەرشتیاری بیرەوەری ١٩٩٢/٣/١
چاپ: یەکەم، چ: زانکۆی سەلاحەدین، ش: هەولێر، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٢، ل: ٦٠، پ: ٢٤×١٧
تێبینی:
ساڵی لەسەر نییە و بەپێی ناونیشانی کتێبەکە، لەم ساڵەدا دانراوە.

**٩-بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری- بەشی یەکەم**
نووسین: بەهادین نووری
وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: سدیق ساڵح
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: ؟، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٤، ل: ٣٤٣، پ: ٢١×١٧

**١٠- بیرەوەرییەکانی ژیانم**

نووسین: مستەفا نەریمان

بڵاوکراوەی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چاپ: یەکەم، چ: دار الحریة، ش: بەغدا، ژ.س: ٨٥، س: ١٩٩٤، ل: ٢٧٧، پ: ١٧×٢٤

**١١- خۆم و دەوروبەر و هاورێکانم لە بڕیارێکی مێژویی دا- چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانی شەهید غەریب هەڵەدنی**

نووسین: غەریب هەڵەدنی

چاپ: سێیەم، چ: سەرکەوتن، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٤، ل: ٦٧، پ: ١٣×٢٠

**تێبینی:**

لەو پێشەکییەی (مەحموود رەزا) نووسیویەتی، باس لە چاپەکانی ئەم کتێبە دەکات، کە ١٠٠٠ دانەی چاپی یەکەم تەلەف کراوە و چاپی دووەمیش، بە هەڵە چاپی یەکەمیان لەسەر نووسیوە و بە شێوەیەکی تایبەتی دابەش کراوە، ئەمەش چاپی سێیەمە.

**١٢- بیرەوەری رۆژانی رەش**

نووسین: وەستا جەماڵ

چاپ: ؟، چ: ؟، ش: ؟، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٥، ل: ٢٢، پ: ١٥×٢١

**١٣- کێشەی پارتی و یەکێتی- بیرەوەرییەکانم لە پەراوێزی هەڵبژاردنی یەکەمدا**

نووسین: نەوشیروان مستەفا

ئامادەکردن: لوقمان عەباس

چاپ: ؟، چ: هانکۆ، ش: فینلەندا، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٥، ل: ١٤٧، پ: ١٤×٢١

**١٤- بیرەوەریەکانی رۆژانی حیزبایەتی و پێشمەرگەیاتی و دوورخرانەوەم**

نووسین: تۆفیق مەلا سدیق

چاپ: ؟، چ:؟، ش: ؟، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٦، ل: ١٣٦+١٦، پ: ١٥×٢١

**١٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوەیەک بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی دا**

نووسین: حامید گەوهەری

بڵاوکراوەی بنکەی چاپەمەنیی رۆژ

چاپ: یەکەم، چ:؟، ش: سوید- ستۆکهۆڵم، ISBN: ٩١- ٩٧٢٤٣٣- ٩- ٦، س: ١٩٩٦، ل: ١٠٠، پ: ١٤×٢١

**١٦- یادداشتەکانی پیرەمێرد- بیرەوەری**

ئامادەکردن: ئومێد ئاشنا

چاپ: ؟، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٦، ل: ٣٣، پ: ١٦×٢١

**١٧- بارزانی خۆی بە دەستی کەسەوە نادات- بیرەوەری**

نووسین: ئەبولحەسەن تەفرشیان

وەرگێرانی لە ؟ و پێشەکی و پەراوێز: شەوکەت شێخ یەزدین

بڵاوکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستان

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: پیرمام، ژ.س: ١٦٨، س: ١٩٩٧، ل: ١٩١، پ: ١٤×٢١

**١٨- بیرەوەری ٢١ساڵی تێکۆشان**

نووسین: نایب عەبدوڵڵا

چاپ: دووەم، چ: پەخشخانەی نەورۆز، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٧، ل: ٢٣٠، پ: ١٥×٢٠

**تێبینی:**

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، ساڵی ١٩٩٦ لە وڵاتی سوید بە کۆدی (ISBN: 91- 972491- 3- 5) چاپکراوە.

**١٩- گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا**

نووسین: کەریم حوسامی

بڵاوکراوەی بنکەی چاپەمەنیی رۆژ

چاپ: یەکەم، چ:؟، ش: سوید- ستۆکهۆڵم، **ISBN: 91- 89150- 01- 5**، س: ١٩٩٧، ل: ٣٠٣، پ: ١٦×٢٢

**٢٠- هەندێ لە بیرەوەرییە سیاسی و هونەرییەکانم**

نووسین: خالید دلێر

چاپ: یەکەم، چ:؟، ش: ؟، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٧، ل:٧٣، پ:١٥×٢٠

تێبینی:

ساڵی لەسەر نەنووسراوە و بە پێی مێژووی نووسینی پێشەکییەکەی، لەم ساڵەدا دانراوە.

**٢١- بزووتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق- بیرەوەری یەکانی مانگی ئازاری ١٩٩١: یەک ڕاپەڕین، یەک سەرکەوتن، یەک شکست**

نووسین: موزەفەر محەممەدی

بڵاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

چاپ: دووەم، چ: سەفوەت، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٨، ل:٢٨٤، پ:١٧×٢٣

**٢٢- بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و سمکۆ**

نووسین: ئەحمەد تەقی

ئامادەکردن و پەراوێز: جەلال تەقی

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٨، ل:١١٦، پ:١٥×٢١

**٢٣- بیرەوەریەکانم لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا (١٩٧١- ١٩٨٣) بەشی یەکەم**

نووسین: شێخ جەمال شێخ نووری

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٠٤، س: ١٩٩٨، ل:٦٦، پ:١٥×٢٢

**٢٤- پاشکۆی بیرەوەرییەکانم- بەشی یەکەم**

نووسین: ئەحمەد دڵزار

بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری

چاپ: یەکەم، چ: ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٠٥، س: ١٩٩٨، ل:١٢٥، پ:١٦×٢٢

**٢٥- ژ بیرهاتنێن مەلا قاسمێ کوچەر**

نووسین: بلند محەممەد

چاپ: یەکەم، چ: کۆلیژا شەریعێ، ش: دهۆک، ژ.س: ٢٢٢، س: ١٩٩٨، ل:١٩٨، پ:١٤×٢١

**٢٦- عەسکەر لە بیرەوەری پێشمەرگەیەک دا**

نووسین: غەریب سەعید عەسکەری

پێداچوونەوە: مەلا شاخی

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتیی کەرکووک

چاپ: دووەم، چ: تیشک، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٨، ل:٦٤، پ:١١×١٥

تێبینی:

چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩١، چاپکراوە.

**٢٧- لە بیرەوەریی یۆبیلی زێرینی جاڕنامەی مافی مرۆڤ**

ئامادەکردن: هەژار عەزیز سورمێ (پارێزەر)

بڵاوکراوەی کتێبی سەنتەری برایەتی

چاپ: یەکەم، چ: و.پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ؟، س: ١٩٩٨، ل:٢٦٠، پ:١٥×١٩

**٢٨- بیرەوەرییەکانی تەیمووری لەنگ**

نووسین: مارسل بریون

وەرگێڕانی لە زمانی فارسییەوە: حەمەی حەمە سەعید

بڵاوکراوەی کتێبخانەی سۆران- هەولێر

چاپ: سێیەم؟، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٩٠، س: ١٩٩٩، ل:٣٢٥، پ:١٦×٢٣

تێبینی:

لە ناسنامەی کتێبەکەدا ساڵی ٢٠٠٤ نووسراوە و ژمارەی سپاردنی ساڵی ١٩٩٩ وەرگرتووە، هەروەها لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەدا نووسراوە: سلێمانی، ٢٠٠٠.

**٢٩- بیرەوەریەکانی رۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی نوێدا- بەرگی یەکەم**
نووسین: عەبدوڵلا وسوو عەبدوڵلا باوزی
بڵاوکراوەی رێکخراوی یارمەتیدانی بەساڵاچووانی نێودەوڵەتی بەرنامەی سلێمانی
چاپ.: یەکەم، چ.: ژین، ش.: ؟، ژ.س.: ٤٤٦، س.: ١٩٩٩، ل.:٨٨، پ.:١٦×٢٠

**٣٠- بیرەوەرییەکانی عەریف سلێمان- لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان- بەشی یەکەم- کارەسات و رووداوەکانی تەمەنی خەباتم لە نێوان «١٩٤٩- ١٩٦١»**
نووسین: عەریف سلێمان
پێداچوونەوە و دارشتن: مەلا یادگار
چاپ.: یەکەم، چ.: ئاسا، ش.: ؟، ژ.س.: ٢٦٩، س.: ١٩٩٩، ل.:٢٣٤، پ.:١٤×١٩

**٣١- بیرەوەریەکانی وەفایی** ((**تحفة المريدين**))
نووسین: وەفایی
ئامادەکردن: قازی محەممەد خزر
وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: محەممەد حەمەباقی
بڵاوکراوەی گۆڤاری ڕامان
چاپ.: یەکەم، چ.: و.ڕۆشنبیری، ش.: هەولێر، ژ.س.: ١٩٢، س.: ١٩٩٩، ل.:٣٠٠، پ.:١٦×٢٣

**٣٢- پێنجوێن و بیرەوەری یەکان- بەرگی یەکەم- کورتە باسێکی مێژوویی پێنجوێن**
نووسین: جەلال ئەمین یارە
چاپ.: یەکەم، چ.: ژین، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ٩٣، س.: ١٩٩٩، ل.:١٩٦، پ.:١٥×٢٠

**٣٣- ساڵێک لە تەمەن- بیرەوەری ٢٨- ٣- ١٩٧٤ بۆ ٢٧- ٣- ١٩٧٥**
نووسین: حسێن عارف
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ.: یەکەم، چ.: سەردەم، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ٣٧٤، س.: ١٩٩٩، ل.:٢٥٢، پ.:١٦×٢٢

**٣٤- سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا**
نووسین: عەباس مەلا ئیبراهیم حافیز (وەستا عەباسی دارتاش)
چاپ.: یەکەم، چ.: ؟، ش.: ؟، ژ.س.: ؟، س.: ١٩٩٩، ل.:١٢٨، پ.:١٦×٢٢

**٣٥- ئەنفالی خاڵخاڵان- بەڵگەنامە و ئامار و بیرەوەری ئەنفالی چوار**
نووسین: مەلا شاخی
بە یارمەتیی (کۆسرەت ڕەسووڵ) چاپکراوە
چاپ.: یەکەم، چ.: داناز، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ١٤٩، س.: ٢٠٠٠، ل.:٢٤٦، پ.:١٦×٢٢

**٣٦- بیرەوەری پێشمەرگەیەک لە سورێنەوە بۆ ڕاپەڕین**
نووسین: خەلیل سەرکانی
چاپ.: ؟، چ.: ؟، ش.: ؟، ژ.س.: ٧٥، س.: ٢٠٠٠، ل.:٥٦، پ.:١٥×١٩

**٣٧- بیرەوەری پێشمەرگەیەک**
نووسین: سەید کاکە
ئامادەکردن: مەلا ئەحمەدی خانەقا
چاپ.: دووەم، چ.: زانکۆی سەلاحەدین، ش.: هەولێر، ژ.س.: ١٢٠، س.: ٢٠٠٠، ل.:٣٦٨، پ.:١٧×٢٢

**٣٨- بیرەوەری تاڵ و سوێری نامۆییم**
نووسین: ئەسعەد عەدۆ
چاپ.: یەکەم، چ.: ؟، ش.: هۆڵەندا، ژ.س.: ؟، س.: ٢٠٠٠، ل.:٥٧، پ.:١٥×٢١

**٣٩- بیرەوەریی عەبدوڕەزاق بەدرخان**
نووسین: عەبدولڕەزاق بەدرخان
وەرگێڕان لە ؟ و ئامادەکردن: جەلیلی جەلیل
وەرگێڕانی لە ؟: شکور مستەفا
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ.: یەکەم، چ.: و. پەروەردە، ش.: هەولێر، ژ.س.: ٨١، س.: ٢٠٠٠، ل.:٩٥، پ.:١٥×٢١

**تێبینی:**

لە ناونیشانی کتێبەکەدا ناوی «عەبدوڕەزاق» بەو شێوەیەی سەرەوە نووسراوە.

**٤٠- بیرەوەریەکانی پێش ڕاپەڕینم- بەرگی یەکەم**

نووسین: محەممەد سیاسیی ئەشکەنەیی

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: ؟، ژ.س: ٤٠٦، س: ٢٠٠٠، ل:٤٤، پ:١٦×٢١

**٤١- کاروانی بێ کۆتایی- گۆشەیەک لە یاداشت و بیرەوەریەکان**

نووسین: مەحموود مەلا عیزەت

چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٧، س: ٢٠٠٠، ل:٤٣٩، پ:١٦×٢٢

**٤٢- کاروانی بێ کۆتایی- گۆشەیەک لە یاداشت و بیرەوەریەکان**

نووسین: مەحموود مەلا عیزەت

چاپ: دووەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٧، س: ٢٠٠٠، ل:٥٢٢، پ:١٧×٢٤

تێبینی:

لە یەکەم لاپەڕەدا نووسراوە: لەسەر ئەرکی (کتێبخانەی سلێمانی) چاپکراوە، بە ڕەزامەندیی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، هەروەها لەسەر بەرگ، لۆگۆی (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) دانراوە.

**٤٣- کاروانی بێ کۆتایی- گۆشەیەک لە یاداشت و بیرەوەریەکان**

نووسین: مەحموود مەلا عیزەت

چاپ: سێیەم، چ: تیشک، ش: سلێمانی، ژ.س: ٣٤٧، س: ٢٠٠٠، ل:٥٢٢، پ:١٧×٢٤

**٤٤- کێومالێ بە ناو بیرەوەری یەکانمدا**

نووسین: غەفووری میرزا کەریم

چاپ: یەکەم، چ: هەمیشە، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٥٢، س: ٢٠٠٠، ل:٢٠٠، پ:١٦×٢٠

**٤٥- گەشتێک بە کۆماری مەهابادا- بیرەوەریەکانم لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٤٤- ١٩٤٧**

نووسین: عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی

بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٣٢، س: ٢٠٠٠، ل:١٣٢، پ:١٥×٢٠

**٤٦- لە بیرەوەری ڕاپەڕین و رزگارکردنی کەرکوک دا**

نووسین: مەلا شاخی

بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک

چاپ: یەکەم، چ: سەفوەت، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٠٢، س: ٢٠٠٠، ل:٣٢، پ:١٥×٢١

**٤٧- لە شنرویَ وە بۆ ستۆکهۆڵم- چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا**

نووسین: حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی

بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

چاپ: ؟، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ٧٩، س: ٢٠٠٠، ل:٣٣٨، پ:١٤×٢٠

**٤٨- بۆ تاریکستان- بیرەوەری**

نووسین: باباعەلی ئیسماعیل بەرزنجی

چاپ: یەکەم، چ: بەدرخان، ش: ؟، ژ.س: ١٠٠، س: ٢٠٠١، ل:١٥٨، پ:١٥×٢٠

**٤٩- بەشێ لە بیرەوەری و یاداشتی ژیانم**

نووسین: جەمال شاڵی

چاپ: یەکەم، چ: هاوار، ش: سلێمانی، ژ.س: ٦٧، س: ٢٠٠١، ل:١٢٠، پ:١٤×٢٠

**٥٠- بیرەوەرییەکانم**

نووسین: ئەحمەد محەممەد ئەمین

چاپ: ؟، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٦٨، س: ٢٠٠١، ل:٥٧، پ:١٥×٢٠

**٥١- بیرەوەرییەکانی ئیحسان نوری پاشا**
نووسین: ئیحسان نووری پاشا
وەرگێڕانی لە ؟: وریا قانیع
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ٢١٣، س: ٢٠٠١، ل:١٥٤، پ:١٤×٢١

**٥٢- بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری**
نووسین: ئەحمەد حەمەئاغا پشدەری
تۆمار و ئامادەکردن: عەبدولرەقیب یوسف و سدیق ساڵح
لەسەر ئەرکی (ئاری بابەکر مەحموود حەوێزاغا و د.عوسمان سەلیم حاجیاغا و میراودەل مەحموود ئەحمەد میراودەلی) چاپکراوە.
چاپ: یەکەم، چ: ئازاد، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٣٠، س: ٢٠٠١، ل:٢٠٥، پ:١٤×٢٠

**٥٣- بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری- بەشی یەکەم**
نووسین: بەهادین نووری
وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: سەردار ساڵح
بڵاوکراوەی دەزگای دیموکراسی
چاپ: ؟، چ: ؟، ش: ؟، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠١، ل:٣٦٦، پ:١٧×٢٤
تێبینی:

- چاپی یەکەمی بە ناوی (سدیق ساڵح) و چاپی دووەمی بە ناوی (سەردار ساڵح) نووسراوە؟ کە دیارە ئەمەی چاپی دووەم، هەڵەیە و هەر (سدیق ساڵح)ە.
- لەسەر بەرگ نووسراوە: چاپی کوردی، یەکەم- ئابی ٢٠٠١. لە ناسنامەکەیدا نووسراوە: چاپی یەکەم، کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ژ.س: ٥٢، س: ١٩٩٥، ساڵی ٢٠٠١.

**٥٤- ٣٦٦٠ بیرەوەری گەنجێکی کوردستانی لە زیندانەکانی عێراقدا**
نووسین: بەرهەم عەلی
چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ٣٢٤، س: ٢٠٠١، ل:٢٧٠، پ:١٤×٢١

**٥٥- زاکیرەی با- بیرەوەری**
نووسین: ئەحمەدی مەلا
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژ.س: ٤٢٧، س: ٢٠٠١، ل:١٦١، پ:١٦×٢٢

**٥٦- گەشتێک بە کۆماری مەهابادا- بیرەوەرییەکانم لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٤٤- ١٩٤٧**
نووسین: عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: دووەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ١٩١، س: ٢٠٠١، ل:١٤٤، پ:١٤×٢١

**٥٧- لە بیرەوەریەکانم ١٩٩٥- ٢٠٠١ بەرگی پانزدەهەم**
نووسین: کەریم حوسامی
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سوید،
ISBN: 91- 631- 1477- 1، س: ٢٠٠١، ل:٣٢٢، پ:١٥×٢٢

**٥٨- مێژوویەکی پڕ لە شانازی- بیرەوەری- بەرگی یەکەم**
نووسین: قادر میرزا کەریم
ئامادەکردن و پێداچوونەوە: ماجید کەریم چاوڕەش
چاپ: یەکەم، چ: دیلان، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٧٨، س: ٢٠٠١، ل:٢٣٤، پ:١٦×٢٠

**٥٩- مێژووی ڕەچەڵەکی ئالی عوسمان- لەبیرەوەری یەکانی علی پاشا کوڕی سوڵتان مرادی پێنجەمی عوسمانی**

نووسین: عەباس پاشا کوڕی عەلی پاشا کوڕی سوڵتان مورادی پێنجەم

چاپ.: یەکەم، چ.: ئالان، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ٣٢٠، س.: ٢٠٠١، ل.:١٥٢، پ.:١٤×٢٠

**تێبینی:**

لە یەکەم لاپەڕەدا نووسراوە: عەباس پاشا کوڕی عەلی پاشا کوڕی سوڵتان مورادی پێنجەم لە عێراق- لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.

**٦٠- مێژووی ڕەچەڵەکی ئالی عوسمان- لەبیرەوەری یەکانی علی پاشا کوڕی سوڵتان مرادی پێنجەمی عوسمانی**

نووسین: عەباس پاشا کوڕی عەلی پاشا کوڕی سوڵتان مورادی پێنجەم

چاپ.: سێیەم، چ.: ئاسۆ، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ٣٢٠، س.: ٢٠٠١، ل.:٢٠٨، پ.:١٥×٢٠

**٦١- یاداشتەکانی شۆڕشی نوێ- بیرەوەریەکانی عبدالله حاجی رەشید سەراوی (ماوەت) ١٩٧٦- ٢٠٠١**

نووسین: عەبدوڵڵا حاجی ڕەشید سەراوی

دارشتن و کۆکردنەوە: بەرزان عەبدوڵڵا سەراوی

چاپ.: ؟، چ.: ؟، ش.: ؟، ژ.س.: ٢٠٩، س.: ٢٠٠١، ل.:٩٢، پ.:١٥×٢١

**٦٢- بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧دا**

نووسین: زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی

چاپ.: یەکەم، چ.: ڕەهەند، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ٩٨٥، س.: ٢٠٠٢، ل.:٥٠٦، پ.:١٧×٢٤

تێبینی:

ساڵی لەسەر نییە و بە پێی مێژووی نووسینی پێشەکییەکەی، لەم ساڵەدا دانراوە.

**٦٣- بیرەوەرییەکانی دارکنارەکە**

نووسین: سدیق سەعید (هاورێ سوپا)

بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری

چاپ.: یەکەم، چ.: و. ڕۆشنبیری، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ١١٠، س.: ٢٠٠٢، ل.:١٦٤، پ.:١٤×٢٠

**٦٤-بیرەوەریەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن**

نووسین: خدر عەبدوڵڵا دەبباغ (رائیدی تۆپخانە)

بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

چاپ.: یەکەم، چ.: و. پەروەردە، ش.: هەولێر، ژ.س.: ١١٤، س.: ٢٠٠٢، ل.:١٢٥، پ.:١٥×٢١

**٦٥- سەفەری کوردایەتی- بیرەوەرییەکانی شار و شاخ ١٩٧٤- ١٩٨٠**

نووسین: شاخەوان عەباس

چاپ.: ؟، چ.: ؟، ش.: ؟، ژ.س.: ؟، س.: ٢٠٠٢، ل.:٣١٤، پ.:١٥×٢٠

**٦٦- کورد دوژمنی خۆت بناسە- بەرگی چوارەم- بیرەوەری لێزانێکی موخابەرات**

نووسین: ڕەفیق پشدەری

چاپ.: یەکەم، چ.: ؟، ش.: ؟، ژ.س.: ؟، س.: ٢٠٠٢، ل.:٢٨٩، پ.:١٤×٢٠

**٦٧- هەندێک لە بیرەوەرییەکانی خاتوو بەهییە مەعروف بەرزنجی- لە ماوەی پتر لە (٦٠) ساڵی تەمەنی خەبات و تێکۆشانی بێ وچان لە پێناوی رزگاری گەل و نیشتیمانەکەیدا**

نووسین: بەهییە مەعرووف بەرزنجی

ئامادەکردن: لوتفیە ئیبراهیم ساڵح

بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

چاپ.: یەکەم، چ.: و. ڕۆشنبیری، ش.: سلێمانی، ژ.س.: ٢٣٦، س.: ٢٠٠٢، ل.:١٩٦، پ.:١٦×٢٣

**٦٨- ئاوێنە شکاو یان بیرەوەریی هێدی**

نووسین: خالید ئاغای حوسامی (هێدی)
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٢٢، س: ٢٠٠٣، ل:٣٦٠، پ:١٧×٢٤

**٦٩- بیرەوەرییەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن- کوردستانی عێراق- بەرگی دووەم**

نووسین: خدر عەبدوڵڵا دەباغ (ڕائید)
بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکراوە
چاپ: یەکەم، چ: و. ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژ.س: ١٦٠، س: ٢٠٠٣، ل:١٦٠، پ:١٥×٢٢

**٧٠- بیرەوەریەکانم و بەشێک لە تراژیدیاکانی ئەنفال**

نووسین: مەلا تەحسین گەرمیانی
چاپ: یەکەم، چ: ڕەهەند، ش: سلێمانی، ژ.س: ٣٧٥، س: ٢٠٠٣، ل:٧٩، پ:١٦×٢٠

**٧١- بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام**

نووسین: سەعید ناکام
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ٧٣، س: ٢٠٠٣، ل:٢٨٦، پ:١٧×٢٣

**٧٢- پوختەیەک لە بیرەوەرییەکانم**

نووسین: عەبدولڕەحمان گۆمەشینی
چاپ: یەکەم، چ: قانیع، ش: سلێمانی، ژ.س: ٩٢، س: ٢٠٠٣، ل:٩٠، پ:١٤×٢٠

**٧٣- سەربازێکی ون لە تاکە کۆمارەکەی کوردستاندا- لەگەڵ سەرپۆتێکی بیرەوەریەکانمدا**

نووسین: عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەڕاج
ئامادەکردن: سدیق ساڵح
چاپ: یەکەم، چ: بەدرخان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٥٧٢، س: ٢٠٠٣، ل:٢١٨، پ:١٥×٢٠

**٧٤- بیرەوەرییەکانی سەنگاوی**

نووسین: مەحموود سەنگاوی
چاپ: دووەم، چ: تیشک، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٢٩، س: ٢٠٠٤، ل:٩٧٦، پ:١٦×٢٣

**٧٥- بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە**

نووسین: بەکر حەمەسدیق عارف
بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان
چاپ: یەکەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژ.س: ٣٦، س: ٢٠٠٤، ل:٤٤، پ:١٢×١٧

**٧٦- بیرەوەریی ڕۆژنامەنووسیی- مام جەلال: لە شەستەکان وەک نوێنەری ڕۆژنامەی کوردستان و ڕادیۆی بەغدای بەشی کوردی، ڕوداوەکانی ناو دادگای شەعبم لە بەغدا بۆ ڕۆژنامەو ڕادیۆکە دەگێڕایەوە**

ئامادەکردن: هاوار مستەفا خان
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٩٢، س: ٢٠٠٤، ل:١١٠، پ:١٥×٢١

**٧٧- لە شنرویّ وە بۆ ستۆکهۆڵم- چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی ئەیلوودا- بەرگی یەکەم**

نووسین: حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی
بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
چاپ: دووەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٨٠، س: ٢٠٠٤، ل:٣٥٢، پ:١٦×٢٢

**٧٨- لە شنرویّ وە بۆ ستۆکهۆڵم- چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی نوێدا- بەرگی دووەم**

نووسین: حەمەی فەرەجی هەڵەبجەیی
بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
چاپ: یەکەم، چ: ڕاز، ش: سلێمانی، ژ.س: ٦٢٩، س: ٢٠٠٤، ل:٢٦٠، پ:١٤×٢٠

**٧٩- هونەر لە بیرەوەریەکانمدا**

نووسین: عومەر عەلی ئەمین

چاپ: یەکەم، چ: کارۆ، ش: سلێمانی، ژ.س: ٤٦٨، س: ٢٠٠٤، ل:٢١٩، پ:١٥×٢٠

**٨٠- بیرەوەرییەکانی ژیانی ژێردەستی- ژێر دەست ناخۆشی دەچێژێت.. ئازاد خۆشی دەنۆشێت**

نووسین: فوئاد تاهیر سادق

بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

چاپ: یەکەم، چ: و. رۆشنبیری، ش: سلێمانی، ژ.س: ٣٠٢، س: ٢٠٠٥، ل:١٠٤، پ:١٤×٢٠

**٨١- بەشێک لە بیرەوەریە تاڵ و شیرینەکانی ژیانم**

نووسین: سەید عەلی رەحمانی

بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

چاپ: یەکەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٤١، س: ٢٠٠٥، ل:٢٥٤، پ:١٦×٢٢

**٨٢- سومبولەکانی بیرەوەری نامیق عەلی قادر**

نووسین: شێرزاد حەسەن

بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپ: یەکەم، چ: میدیا، ش: ؟، ژ.س: ٦٣٣، س: ٢٠٠٥، ل:٦٩، پ:٢٠×٢٠

**٨٣- ساڵێک لە دۆزەخ- بیرەوەری**

نووسین: مەهاباد قەرەداغی

چاپ: یەکەم، چ: و.پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ٩٥، س: ٢٠٠٥، ل:١٩٩، پ:١٤×٢١

**٨٤- کاکە مەم بۆتانی (کاکە مەم)ێکی تر- بیرەوەری..- بەرگی یەکەم**

نووسین: کاکە مەم بۆتانی

بڵاوکراوەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

چاپ: یەکەم، چ: سیما، ش: سلێمانی، ژ.س: ٥٤٠، س: ٢٠٠٥، ل:٣٣٠، پ:١٥×٢٠

**٨٥- وێرانکاری و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکاندا**

نووسین: جەمال شێخ نووری

بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

چاپ: یەکەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژ.س: ٤٢٢، س: ٢٠٠٥، ل:٢٠٨، پ:١٤×٢٠

**٨٦- بیرەوەریەکانم بۆ مێژوو. بەرگی سێهەم**

نووسین: خدر مەرەسەنە

چاپ: یەکەم، چ: دیلان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٣٠، س: ٢٠٠٦، ل:١٥٤، پ:١٤×٢٠

**٨٧- بیرەوەرییەکانم**

نووسین: سدیق سادق

بڵاوکراوەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)

چاپ: یەکەم، چ: شەهید ئازاد هەورامی، ش: کەرکووک، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٦، ل:١١٢، پ:١٤×٢١

**٨٨- بیرەوەرییەکانی بەرهەڵستێک- بەربەرەکانیی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی**

نووسین: شەریف پاشای خەندان

وەرگێرانی لە زمانی تورکییەوە: زریان ڕۆژهەڵاتی

بڵاوکراوەی بنکەی ژین

چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٢٩، س: ٢٠٠٦، ل:١٦٢، پ:١٥×٢٠

تێبینی:

لە ناسنامەی کتێبەکەدا، ناونیشان و ناوی نووسەر بە شێوەیەکی جیاوازتر نووسراوە، وەک لێمانکۆڵییەوە، بۆمان دەرکەوت هەڵەی چاپ بووە و وەک سەرەوە تەواوە، بۆ زانیاریی زۆرتر لەبارەی کتێبەکەی تریان، بڕوانە: جەلادەت عالی بەدرخان، لەبارەی کێشەی کوردەوە سەبارەت بە یاسای دوورخستنەوە و بڵاوەپێکردنی کوردان، وەرگێڕانی لە زمانی تورکییەوە: زریان ڕۆژهەڵاتی، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، چاپی یەکەم، چ (شڤان)، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**٨٩- بیرەوەرییەکانی عەریف سلێمان- لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان- بەرگی یەکەم**

نووسین: عەریف سلێمان

چاپ: یەکەم، چ: هاوسەر، ش: هەولێر، ژ.س: ١٠١١، س: ٢٠٠٦، ل:٢٣٤، پ:١٥×٢١

**٩٠- بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ- پرۆژەی یەکێتی ژنانی کوردستان**

کۆکردنەوە و ئامادەکردن: ڕووخۆش عەلی

پێداچوونەوە و هەڵەچنی: نەوزاد ئەحمەد

بڵاوکراوەی یەکێتیی ژنانی کوردستان

چاپ: یەکەم، چ: تەوار، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٥٢، س: ٢٠٠٦، ل:٤٥٧، پ:١٧×٢٣

**٩١- چەپکە گوڵێک لە بیرەوەرییەکانی گوندی کوڕەداوی شارباژێر**

نووسین: ئەحمەد ساڵح ڕەشید (پێشنویژ)

چاپ: یەکەم، چ: سیما، ش: سلێمانی، ژ.س: ٨٠٧، س: ٢٠٠٦، ل:١٨٤، پ:١٥×٢٠

**٩٢- خەبات و خوێن- بیرەوەریەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی**

نووسین: خورشید شێرە

چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ٣٢١، س: ٢٠٠٦، ل:٣١٢، پ:١٧×٢٤

**٩٣- ڕێڕەوی تێکۆشان- بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد**

نووسین: کەریم ئەحمەد

وەرگێڕانی لە ؟: جەلال دەباغ

چاپ: یەکەم، چ: ڕەهەند، ش: سلێمانی، ژ.س: ٨٨٨، س: ٢٠٠٦، ل:٤٢١، پ:١٧×٢٤

**٩٤- ژیاننامە و چەند بیرەوەرییەکی پەروەردەیی ((ڕووداو و هەڵوێست))**

نووسین: مستەفا حەسەن شەعبان

بڵاوکراوەی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی

چاپ: یەکەم، چ: و. پەروەردە، ش: هەولێر، ژ.س: ٤٥٦، س: ٢٠٠٦؟، ل:١٤٤، پ:١٦×٢٣

**٩٥- شەهید شەوکەت شێخ یەزدین لە دید و بیرەوەری هەڤاڵانیدا**

ئامادەکردن: تەحسین ئاڤدەل بێداروونی

بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٩٨٠، س: ٢٠٠٦، ل:٢٤٥، پ:١٥×٢١

**٩٦- لەگەڵ ڕۆژگاردا گەڵاوەریوەکان- بیرەوەرییەکانی عوسمان مستەفا خۆشناو ١٩٢٦- ٢٠٠٦**

نووسین: عوسمان مستەفا خۆشناو

چاپ: یەکەم، چ: حاجی هاشم، ش: هەولێر، ژ.س: ٩٢٢، س: ٢٠٠٦، ل:٣٤٢، پ:١٦×٢٢

**٩٧- مشتێک لە خەرواری بیرەوەرییەکانم**

نووسین: شێخ قادر شێخ تەها

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ٤٧٢، س: ٢٠٠٦، ل:٢٧٨، پ:١٤×٢٠

**٩٨- بیرەوەریی ئافرەتان- چەند چەپکێ بیرەوەریی سەبارەت بە مامۆستا سەعیدی نوورسیی**

نووسین: نوورییە جەلەدین

وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی: ئەسید ئیحسان ئەلساڵحی

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: حەبیب محەممەد سەعید

بڵاوکراوەی کتێبخانەی سۆز

چاپ: دووەم، چ: سۆز، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٧، ل:١٥٥، پ:١٦×٢٢

تێبینی:

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، بە ژمارەی سپاردن (٣٣ی ساڵی ١٩٩٩) چاپکراوە و دەستمان نەکەوتووە.

**٩٩- بیرەوەریەکان و ژیانی پەرلەمانتاریم**

نووسین: حەمەعەلی تۆفیق میرزا

چاپ: یەکەم، چ: پێنووس، ش: هەولێر، ژ.س: ٣٦٦، س: ٢٠٠٧، ل:٣٣٥، پ:١٧×٢٤

**١٠٠- بیرەوەری پێشمەرگەیەکی یەکێتی**
نووسین: ئازادی مام وەلی
چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٠١٧، س: ٢٠٠٧، ل: ١٨٦، پ: ١٦×٢٢

**١٠١- بیرەوەرییەکانی عەریف سلێمان- لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان- بەرگی یەکەم- کارەسات و ڕووداوەکانی تەمەنی خەباتم لە نێوان «١٩٤٩- ١٩٦١»**
نووسین: عەریف سلێمان
پێداچوونەوە و دارشتنەوە: مەلا یادگار
چاپ: دووەم، چ: هاوسەر، ش: هەولێر، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٧، ل: ٢٣٢، پ: ١٥×٢١

**تێبینی:**
چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٦ چاپکراوە و چاپی دووەمیشی، ساڵی ٢٠٠٧ بە هەمان ژمارەی سپاردنەوە چاپکراوەتەوە.

**١٠٢- بیرەوەرییەکانی ١٥ ساڵ زیندانیم**
نووسین: د.فوئاد محەممەد تۆفیق
بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
چاپ: یەکەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژ.س: ٤٥٩، س: ٢٠٠٧، ل: ٨٤، پ: ١٤×٢٠

**١٠٣- بیرەوەری (کوێرەوەری و بیرەوەری) هۆرەی دەروێشی یاخی لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی دا- سەرجەمی بەرهەم- بەرگی یەکەم**
نووسین: محەممەد ڕەسووڵ هاوار
ئامادەکردن: سدیق ساڵح
بڵاوکراوەی لیژنەی سەرپەرشتیی ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیر و مێژوونووس محەممەد ڕەسووڵ هاوار و بنکەی ژین
چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٧٢٢، س: ٢٠٠٧، ل: ٥٤٤، پ: ١٧×٢٤

**١٠٤- بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسندی**
نووسین: محەممەد شاپەسندی
ئامادەکردن: سدیق ساڵح
بڵاوکراوەی بنکەی ژین
چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٩٢٤، س: ٢٠٠٧، ل: ١٤٥، پ: ١٧×٢٤

**١٠٥-پێشەوای رابوون- بیرەوەرییەکانی سەعید هومایوون**
نووسین: سەعید هومایوون
کۆکردنەوە و ئامادەکردن: هاشم سەلیمی
وەرگێڕانی لە زمانی فارسییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی
بڵاوکراوەی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٨٨٤، س: ٢٠٠٧، ل: ٢١٠، پ: ١٥×٢١

**١٠٦- تەمەنێک- گۆرانی، ئاواز، مۆسیقا و خوشخوان- بەشی دووەم/ لە بیرەوەرییەکانی باکووری ساڵی ١٩٥٧ تاکو مانگی نیسانی ساڵی** ١٩٧٠
نووسین: جان تۆماس کۆیی (باکووری)
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ١٣٨٠، س: ٢٠٠٧، ل: ٤٦٢، پ: ١٧×٢٣

**١٠٧- چلچرا- بیرەوەری**
نووسین: مەهاباد قەرەداغی
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ١١٧٩، س: ٢٠٠٧، ل: ٣٧٦، پ: ١٧×٢٤

**١٠٨- ژانەرێیە خۆڵەمێشیەکان- بەرگی دووەمی بیرەوەری و بەسەرهاتی ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٧٥**
نووسین: کاکە مەم بۆتانی
بڵاوکراوەی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر
چاپ: یەکەم، چ: بینایی، ش: سلێمانی، ژ.س: ٦١٥، س: ٢٠٠٧، ل: ٢٣٥، پ: ١٤×٢٢

**١٠٩- سەرپێهاتیێن چیا- بیرەوەریێن پێشمەرگایەتیێ**
نووسین: ئەکرەم خالید
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سپیرێز
چاپ: یەکەم، چ: حاجی هاشم، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٩٣، س: ٢٠٠٧، ل:١٠٤، پ:١٤×٢١

**١١٠- کاکە بلە.. لەیادمن- چەند بیرەوەرییەک لەگەڵ رابەرێکی رامیاری و ئەدەبی کوردستانی باشوور، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمردا**
نووسین: کاکە مەم بۆتانی
لەسەر ئەرکی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (ی.ن.ک) چاپکراوە
چاپ: یەکەم، چ: (ش.أ.ه)، ش: کەرکووک، ژ.س: ٤٢٣، س: ٢٠٠٧، ل:٦٤، پ:١٥×٢١

**١١١- کورد عەرەب بەریتانییەکان- بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لە مەڕ رووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩- ١٩٢٩**
نووسین: کاپن لاین
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: د.یاسین سەردەشتی
چاپ: ؟، چ: سیما، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٠٧٩، س: ٢٠٠٧، ل:٢١٨، پ:١٤×١٩

**١١٢- لۆبی کردن بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت- بیرەوەری لۆبی و تیۆروانینی ستراتیژی**
نووسین: پ.دلاوەر عەبدولعەزیز عەلادین
چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: ؟، ژ.س: ٩٢١، س: ٢٠٠٧، ل:٥٩٩، پ:١٧×٢٤

**١١٣- وەرد- بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی و داب و نەریتی دانیشتوانی و دەوروبەری بە شیعر و پەخشان- بەرگی یەکەم**
نووسین: پاکیزە کاکە حەمەئەمین عەتار
ڕێکخستن و پێداچوونەوە: مەحموود ئەحمەد محەممەد
چاپ: ؟، چ: تیشک، ش: سلێمانی، ژ.س: ٤٦٨، س: ٢٠٠٧، ل:٧٠٢، پ:١٧×٢٤

**١١٤- وەرد- بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی و داب و نەریتی دانیشتوانی و دەوروبەری بە شیعر و پەخشان- بەرگی دووەم**
نووسین: پاکیزە کاکە حەمەئەمین عەتار
ڕێکخستن و پێداچوونەوە: مەحموود ئەحمەد محەممەد
چاپ: ؟، چ: تیشک، ش: سلێمانی، ژ.س: ٤٦٨، س: ٢٠٠٧، ل:٧٠٤- ١٢٥٧، پ:١٧×٢٤

**١١٥- بارزانی و پاشەکشێی بارزانییەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا**
نووسین: عەلی ئەسغەر ئیحسانی
وەرگێڕانی لە ؟: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل
بڵاوکراوەی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
چاپ: یەکەم، چ: خانی، ش: دهۆک، ژ.س: ٢٦٩٥، س: ٢٠٠٨، ل:١٤٤، پ:١٦×٢٤

**١١٦- بارزانی و پاشەکشێی بارزانییەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا**
نووسین: عەلی ئەسغەر ئیحسانی
وەرگێڕانی لە ؟: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل
بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرابەتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر
چاپ: دووەم، چ: و.ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٦٩٥، س: ٢٠٠٨، ل:١٤٤، پ:١٥×٢١

**١١٧- بیرەوەری و شیعرەکانی محەممەد سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف**
نووسین: محەممەد سەعید بەگ سەلیم بەگی جاف
ئامادەکردن: سدیق ساڵح
چاپ: ؟، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٥٠٢، س: ٢٠٠٨، ل:٢٠٠، پ:١٥×٢٠

**١١٨- بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستان دا**

نووسین: یۆنان هورمز

وەرگێڕانی لە ؟: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل

بڵاوکراوەی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

چاپ: یەکەم، چ: خانی، ش: دهۆک، ژ.س: ٢٦٩٤، س: ٢٠٠٨، ل:٣٢٤، پ:١٦×٢٣

**١١٩- بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستان دا**

نووسین: یۆنان هورمز

وەرگێڕ: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل

بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

چاپ: دووەم، چ: و.رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٦٩١، س: ٢٠٠٨، ل:٣١٨، پ:١٥×٢٢

**١٢٠- بەهارێزان- بیرەوەریی و بەسەرهات ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٩١**

نووسین: کاکە مەم بۆتانی

بڵاوکراوەی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

چاپ: ؟، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٧٩، س: ٢٠٠٨، ل:٢٢٣، پ:١٥×٢٢

تێبینی:

لە ناسنامەکەیدا ساڵی ٢٠٠٥یش نووسراوە.

**١٢١- حەفتا و شەش ساڵ ژیان پەنجا و نۆ ساڵ تێکۆشان- بیرەوەریەکانی خەباتی مەلا حەسەن**

نووسین: فەتاح تۆفیق فەتاح (مەلا حەسەن)

بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپکردن و بڵاوکردنەوە

چاپ: یەکەم، چ: و.رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژ.س: ١٧٣٧، س: ٢٠٠٨، ل:٢٠٦، پ:١٦×٢٣

**١٢٢- کاروانی بێ کۆتایی- گۆشەیەک لە یاداشت و بیرەوەریەکان**

نووسین: مەحموود مەلا عیزەت

چاپ: سێیەم، چ: تیشک، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٨، ل:٥٢٢، پ:١٧×٢٤

**تێبینی:**

- چاپی سێیەم نووسراوە و چاپی چوارەمە.
- ساڵی ٢٠٠٨، هەمان ژمارەی سپاردن (٣٤٧ی ساڵی ٢٠٠٠)ی لەسەر نووسراوەتەوە؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە چاپی یەکەم و دووەم، بە ژمارەی سپاردنی ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٠ چاپکراوە و چاپی سێیەمیش بە ژمارەی سپاردنی ٣٤٧.

**١٢٣- کوانوی بەرگری- بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانیدا**

نووسین: عەلی بچکۆل

بڵاوکراوەی دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٨، ل:١٧٧، پ:١٤×٢١

**١٢٤- کۆمەڵەی ژ.ک تا کۆمار- بەشی یەکەم (بیرەوەریەکانی موحەممەد ئەمین قادری کولیچ) باس نەکراوەکانی کۆماری کوردستان- مهاباد نهێنیەکانی دروست بوونی ژ.ک**

نووسین: محەممەد ئەمین قادری کولیچ

ئامادەکردن: کاوە قادری

چاپ: یەکەم، چ: رۆژهەلات، ش: هەولێر، ژ.س: ١٥٢، س: ٢٠٠٨، ل:١٠٠، پ:١٦×٢٣

**١٢٥- گەڵای پایز (بیرەوەریەکانی عەلی مەردان)**

نووسین: عەلی مەردان

ئامادەکردن: عەبدولقادر عەلی مەردان

رێکخستن و لێکۆڵینەوە: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ١٨٨٥، س: ٢٠٠٨، ل:٤٠٠، پ:١٧×٢٤

**١٢٦- هەورازەرێ- بیرەوەرییەکانی عەلی بچکۆل- پێشمەرگەی هەر دوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ**

نووسین: عەلی بچکۆل

بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری- بەرێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

چاپ: یەکەم، چ: پەیوەند، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٠٥٧، س: ٢٠٠٨، ل: ٤٠٤، پ: ١٧×٢٤

**١٢٧- پەریشان خەڤەردە- بیرەوەرییەکانم لە مەر دامەزراندنی رادیۆی کوردی لە ئەرمەنستان**

نووسین: پ. ئۆردیخانی جەلیل

ئامادەکردن: نامیق هەورامی

بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری- بەرێوەبەرایەتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپ: یەکەم، چ: و.رۆشنبیری، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٤٤٨، س: ٢٠٠٨، ل: ١٧٦+١١٠، پ: ١٧×٢٣

**١٢٨- ئینسکلۆپیدیای هەولێر- گەشتنامە و بیرەوەری ٥**

ئامادەکردن: لیژنەی باڵای ئینسکلۆپیدیا (د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، د.مەولوود ئیبراهیم حەسەن، فەرید ئەسەسەرد، د.ئومێد جۆزەلی، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان)

بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

چاپ: یەکەم، چ: گرین گالۆری، ش: لوبنان، ژ.س: ١٨٣٢، س: ٢٠٠٩، ل: ١٩٢١- ٢٢٥٩، پ: ٢٠×٢٨

**١٢٩- بیرەوەری چەند ڕووداوێک لە ژیانما ١٩٣٣- ٢٠٠٨**

نووسین: پ.د.کاوس قەفتان

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٠٣٠، س: ٢٠٠٩، ل: ٥٠٩، پ: ١٦×٢٢

**١٣٠- بیرەوەرییەکان دەبنە گرنگ- دیمانەی مامۆستای دێرین ئەحمەد سەعید مەولوود**

ئامادەکردن: ئەحمەد حسێن ئەحمەد

بڵاوکراوەی پرۆژەی تیشک

چاپ: یەکەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ١١٧٤، س: ٢٠٠٩، ل: ٦٢، پ: ١٦×٢٢

**١٣١-بیرەوەرییەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری- بەرگی یەکەم**

نووسین: نەجمەدین مامۆ

چاپ: یەکەم، چ: رۆژهەڵات، ش: هەولێر، ژ.س: ٥٠١، س: ٢٠٠٩، ل: ٣٤٤، پ: ١٦×٢٣

**١٣٢- بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا**

نووسین: مەلا نووری ئاغجەلەری (نووری عەبدوڵڵا ساڵح)

ئامادەکردن: سدیق ساڵح

بڵاوکراوەی بنکەی ژین

چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٨٥٤، س: ٢٠٠٩، ل: ٢٧٢، پ: ١٧×٢٤

**١٣٣- بیرەوەری رۆژانی سەختی خەبات ١٩٧٥- ١٩٨٨ بەرگی یەکەم**

نووسین: ئەحمەد کوردە

بڵاوکراوەی سەنتەری راگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

چاپ: یەکەم، چ: سەید برایم، ش: کۆیە، ژ.س: ١٩٨، س: ٢٠٠٩، ل: ٣٦٥، پ: ١٤×٢١

**١٣٤- بیرەوەریەکانی رۆژانی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی و دوور خرانەوەم**

نووسین: تۆفیق مەلا سدیق

چاپ: دووەم، چ: شەهاب، ش: هەولێر، ژ.س: ٩٩٨، س: ٢٠٠٩، ل: ١٣٥، پ: ١٦×٢٣

**١٣٥- بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من- بەشی یەکەم**

نووسین: گەلاوێژ

پێشەکی: کەمال غەمبار

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٣٤٦، س: ٢٠٠٩، ل: ٢٦٣، پ: ١٧×٢٣

**١٣٦- بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال**
نووسین: مام جەلال تاڵەبانی
ئامادەکردن: مەعد فەیاز
وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: سۆران عەلی
بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٩، ل:٢٦٩، پ:١٣×٢١

**١٣٧- چەند بیرەوەرییەک لەبارەی گرتووخانەی (ئینزیباتی سلێمانی) لە سەردەمی (زەعیم سدیق)دا**
نووسین: محەممەد باقی سەعید مستەفا
پێداچوونەوە: مەریوان سەلاح حیلمی
چاپ: دووەم، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٦٦٩، س: ٢٠٠٩، ل:٢٩٤، پ:١٤×٢٠

**١٣٨- ڕۆیشتنێک بە ناو ئازاردا- بیرەوەری ڕوداوەکانی بەندیخانە ١٩٨٩- ١٩٩١**
نووسین: ڕەسووڵ بۆسکێنی
چاپ: یەکەم، چ: هاوسەر، ش: ؟، ژ.س: ١٩٣٩، س: ٢٠٠٩، ل:٢٣٨، پ:١٥×٢٠

**١٣٩- ژیلەمۆی گەرمیان- بیرەوەریی پارتیزانەکانی پاش ئەنفال- بەرگی پێنجەم**
نووسین: شێخ سەعید شاکەلی
پێداچوونەوە: لاوان ئەحمەد
بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ١١٥٧، س: ٢٠٠٩، ل:٢٤١، پ:١٦×٢٢

**١٤٠- سەربردە- کورتەیەک لە بیرەوەرییەکان**
نووسین: محەممەد مەلا قادر
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٦٢١، س: ٢٠٠٩، ل:٢٧١، پ:١٣×١٩

**١٤١- قەڵادزێ و بیرەوەرییەکانم**
نووسین: ڕەسووڵ خزر ڕەسووڵ
چاپ: یەکەم، چ: ژیار، ش: سلێمانی، ژ.س: ١١٧٣، س: ٢٠٠٩، ل:٢٣٦، پ:١٦×٢٢

**١٤٢- لە شنرویێوە بۆ ستۆکهۆڵم- چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کورددا- بەرگی سێیەم**
نووسین: حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی
چاپ: سێیەم، چ: ڕۆمان، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٦٨٤، س: ٢٠٠٩، ل:٤٢٤، پ:١٦×٢٣
**تێبینی:**
چاپی سێیەمی لەسەر نووسراوە و بۆم ساغ نەکرایەوە، دەگونجێ مەبەست لە «بەرگی سێیەم» بێت.

**١٤٣- لەیاد و بیرەوەری شاعیر و فۆلکلۆریست و رووناکبیر محەمەد تۆفیق وردی نەمردا- بە درووشمی بەرەو ئایندەیەک لە گۆشەنیگای بەجیهانی بوون، لە تێڕوانین لە کەلتوورو، ئاوڕێکیش لە دوێنێ**
ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە: سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە
چاپ: ؟، چ: ؟، ش: ؟، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٩؟، ل:٩٤، پ:١٩×٢٨
**تێبینی:**
ساڵی لەسەر نەنووسراوە و تەنیا لە ژێر ناوی سەنتەرەکەدا، ساڵی ٢٠٠٩ نووسراوە، کە بە تەواوی نازانرێ بۆ کتێبەکەیە، یان سەنتەرەکەیە.

**١٤٤- مێژوویەکی پڕ لە شانازی- بیرەوەری- بەرگی دووەم**
نووسین: قادر میرزا کەریم
چاپ: یەکەم، چ: ئەزمڕ، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٥٨٩، س: ٢٠٠٩، ل:٢٢٠، پ:١٤×٢١

**١٤٥- نسکۆی شۆڕشی ئەیلول- بەشێک لە بیرەوەرییەکانی عبدالله ئاغای پشدەری- بەرگی سێیەم**
نووسین: عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری

بڵاوکراوەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)
چاپ: یەکەم، چ: شەهاب، ش: هەولێر، ژ.س: ١٩٤٠، س: ٢٠٠٩، ل:١٩٢، پ:١٦×٢٤

**١٤٦- وێستگەکانی ژیانم- بەشی دووەم/ بیرەوەری**
نووسین: موحسین دزەیی
وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: ئیسماعیل بەرزنجی
بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٥١٤، س: ٢٠٠٩، ل:٣٧٦، پ:١٣×١٩

**١٤٧- هەوراز و نشێو (کورتەیەک لەمێژووی حیزبی شیوعی عێراقی ١٩٥٥- ١٩٨٤ لە توێی بیرەوەریەکانمدا)**
نووسین: عەلا نووری بابەعەلی
چاپ: سێیەم، چ: دار الرواد، ش: ؟، ژ.س: ؟، س: ٢٠٠٩، ل:١٧٣، پ:١٤×٢١
**تێبینی:**
- ئەم نووسینە (کورتەیەک لە مێژووی حیزبی شیوعیی عێراقی ١٩٥٥- ١٩٨٤ لە توێی بیرەوەریەکانمدا) بە پارچە کاغەزێکی جیا بە کتێبەوە لکێنراوە، کە لە کتێبخانەی (بنکەی ژین) دەستم کەوت.
- ژمارەی سپاردنی لەسەر نییە و تەنیا ژمارەی سپاردنی چاپی یەکەم (١٥٣ی ساڵی ٢٠٠٠)ی لەسەر دانراوەتەوە.

**١٤٨-بیرەوەرییەکان لە شۆڕشدا**
نووسین: ڕەشید فەللاحی (ناسراو بە ڕەشەی قاچاخچی)
چاپ: یەکەم، چ: ئەزمڕ، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٣٣٩، س: ٢٠١٠، ل:١٨٤، پ:١٤×٢٠

**١٤٩- بیرەوەرییەکانی وەفایی- تحفه المریدین**
نووسین: وەفایی
ئامادەکردن: مامۆستا قازی محەممەد خزر
وەرگێڕانی لە زمانی فارسییەوە: محەممەد حەمەباقی
بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی
چاپ: (چاپی تازەی پێزیادکراو)، چ: ؟، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٦١٨، س: ٢٠١٠، ل:٥٤٦، پ:١٧×٢٤
**تێبینی:**
هەندێ زانیاریی وەک ناوی نووسەر و ئامادەکار، ناتەواوە و بەپێی چاپی یەکەم دانراونەتەوە.

**١٥٠-بیرەوەری سەیید عەزیزی شەمزینی- زیندەگیی من**
نووسین: سەید عەزیز شەمزینی
ئامادەکردن و ساغکردنەوە: محەممەد حەمەباقی
بڵاوکراوەی بنکەی ژین
چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٧١٠، س: ٢٠١٠، ل:١٧٦، پ:١٥×٢١

**١٥١- بێکەس و گرەی هاوینی گەرمیان- بیرەوەرییە ئەدەبییەکان**
نووسین: سۆران نەدار
چاپ: یەکەم، چ: ڕەهەند، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٠٣٣، س: ٢٠١٠، ل:٧٥، پ:١٥×٢٠

**١٥٢- پواز- لە ئەمنەسوورەکەوە بۆ ئەبوغرێب ١٩٩٠- ١٩٩١ بیرەوەری زیندان**
نووسین: محەممەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی
بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
چاپ: یەکەم، چ: ئاوێنە، ش: سلێمانی، ژ.س: ٢٧٨٣، س: ٢٠١٠، ل:٦٨٠، پ:١٧×٢٤

**١٥٣- صدام حسێن لە گرتووخانەی ئەمریکیدا- ئەوەی کە روویدا؟ بیرەوەرییەکانی خەلیل دلێمی لەگەڵ سەدام حسێندا**

- چۆن بەغدا داگیر کرا؟
- چیرۆکی گرتنەکەی چییە؟
- نهێنییەکانی عێراق و درۆکانی ئەمریکا
- بۆچی بڕیاری لە سێدارەدانی دواکەوت؟

نووسین: خەلیل دلێمی

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: شەماڵ محەممەد

بڵاوکراوەی نێوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپ: یەکەم، چ: چوارچرا، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٠٠١، س: ٢٠١٠، ل:٣٩٩، پ:١٧×٢٤

تێبینی:

«خەلیل دلێمی» سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی سەددام حسێن و سەرانی حکوومەتی بەعس بووە.

**١٥٤- کورتەیەک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەرییەکانم**

نووسین: درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە

چاپ: یەکەم، چ: شڤان، ش: سلێمانی، ژ.س: ١٩٠٨، س: ٢٠١٠، ل:٢٠٢، پ:١٨×٢٥

**١٥٥- کوردستان! ئەی خۆشەویستم- بیرەوەرییەکانی بەهیە فەرەجوڵا زەکی مەریوانی**

نووسین: بەهییە فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی

وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی

بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٢٧١، س: ٢٠١٠، ل:٢٤٣، پ:١٣×١٩

**١٥٦- لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم**


نووسین: ئەمیر قازی

چاپ: یەکەم، چ: ئاپیک، ش: ستۆکهۆڵم، ISBN: 987- 91- 633- 7079- 3، س: ٢٠١٠، ل:٤٨٢، پ:١٦×٢٣

**١٥٧- لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە- بەشێک لە بیرەوەریەکانی قارەمانانی دێموکرات**

ئامادەکردن: جەلیل گادانی

چاپ: یەکەم، چ: ڕۆژهەڵات، ش: هەولێر، ژ.س: ٢٠٥، س: ٢٠١٠، ل:٢١٤، پ:١٧×٢٣



**تێبینی**

لە میانەی ئەو گۆڕانکاریانەی گۆڤاری خاڵ لە ناوەڕۆکیدا ئەنجامی دەدات، بڵاوکردنەوەی ئەم زنجیرە بیبلۆگرافیایەی مامۆستا بوار نورەدینە، کەزۆر بایەخدار و سودبەخشن، بەتایبەت بۆ ئەو توێژەر و نووسەرانەی لەو بابەتانەدا لێکۆڵینەوە ئەنجامیدەدەن، نووسەری بەڕێز زۆر ڕەنج و زەحمەتی کێشاوە، بەم ئامادەکردنە، گۆڤاری خاڵ- یش بە سوپاسەوە هەر ژمارەیەك زنجیرەیەکی بڵاو دەکاتەوە.

**گۆڤاری خاڵ**

# ئەو ژنە کوردانەی یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە





**بەڕێز عەباس**

ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە زانکۆی مەنسووره لە وڵاتی میسر، چەندین نووسین و وتاری پەروەردەیی و مێژوویی و ڕۆشنبیری و سیاسیی بڵاو کردۆتەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە جیاوازەکانی کوردستاندا.

## پێشەکی

یـــادداشت و بیرەوەری و یـــادەوەری، سەرچاوەیەکی گرنگ و بەبایەخە بۆ مێژوونووسان و لێکۆڵەران. بۆ کورد، نووسینەوەی یادداشت و بیرەوەرییەکانی کەسایەتییە جیاوازەکانی بواری سیاسی و هونەری و وەرزشی و بوارەکانی تر ئێجگار گرنگە، چونکە کورد لەو نەتەوانەیە کەمترین بەڵگەنامە و ئەرشیفی هەیە لە ڕابردوودا و یادداشت و بیرەوەرییەکان دەکرێت لانی کەم ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە بۆ داهاتوو. یادداشت و بیرەوەری هێندە گرنگە، دەکرێت زۆر جار بابەتە نهێنی و شاراوەکانی تێدا بدۆزینەوە و تەنانەت لە بەڵگەنامەکانیش دەستمان نەکەوێت. لەویش گرنگتر، نووسینەوەی بیرەوەری و یادداشتەکانە لەلایەن ژنانی کوردەوەیە. مێژووی کورد ژمارەیەکی زۆر ژنی ناسیوە کە ڕۆڵی جیاوازیان بینیوە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کایە جیاوازەکانی تر، کە بەداخەوە کەمترینیان بیرەوەری و یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە کە گرنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و چەند هۆکارێکی تر. ئەوەی مایەی سەرنج و تێبینییە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە ئێمە تەنها باسی بەو ژنە کوردانە دەکەین کە بیرەوەری و یادەوەریی خۆیان بە کتێبی سەربەخۆ گێڕاوەتەوە و نووسیوەتەوە و تۆمار کردووە، نەوەک ئەو ژنانەی یادەوەرییەکانیان لەلایەن ئەوانی ترەوە نووسراوەتەوە.

## ناهیدەی شێخ سەلام

«ئەوەی لەبیرمە» ناوی بیرەوەری و یادەوەرییەکانی ژنێکی ناسراوی کوردە بە ناوی «ناهیدەی شێخ سەلام»، ساڵی ١٩٩٩ چاپ و بڵاو کراوەتەوە بە قەبارەی ١٠٨ لاپەڕە، تا لاپەڕە ٨٢ بیرەوەرییەکانی ناهیدە خۆیەتی، لە لاپەڕە (٨٣) ەوە بۆ کۆتایی کتێبەکە چەند وتارێکی جیاوازە کە لەلایەن کەسانی جیاوازەوە لەسەر خەبات و کەسایەتیی ناهیدە خان نووسراوە. کتێبەکە شوێنی چاپ و دەزگای چاپ و ژمارەی چاپی لەسەر نییە. ناهیدە خان بیرەوەرییەکانی خۆی لە کاتی خۆیدا نەنووسیوەتەوە، هەروەها ئەوەی ئێستاش نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە، بە دەستنووسی خۆی نەبووە، بەڵکوو کەسێکی دی بە ناوی «چیمەن ساڵح» لەسەر چەند کاسێت ئەم بیرەوەرییانەی بۆ تۆمار کردووە و دواتر نووسیویەتیەوە و داێڕشتۆتەوە و بڵاو کردۆتەوە.

ناهیدە خان کچی شاعیری ناسراوی کورد شێخ سەلامی شاعیرە(١)، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لە پەنجا ساڵ زیاتر لە تەمەنی خۆی دەکات لەناو ڕووداوە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا. وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات، ساڵی ١٩٢٢ لە سلێمانی لە گەڕەکی قەزازەکان لەدایک بووە(٢). ناهیدە تەنها ئەو ڕووداوانە ناگێڕێتەوە کە خۆی بینیویەتی یان تێیدا بەشدار بووە، بەڵکوو ئەوانەش دەگێڕێتەوە کە کەسانی دی بۆیان گێڕاوەتەوە. ناهیدە لە سەرەتادا ئاماژە بە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم دەکات، کە چۆن بەشداریی کۆڕی ڕۆشنبیریی حەپسەخانی خانی نەقیبی کردووە لە سلێمانی کە ژمارەیەکی زۆری ژنان تێیدا بەشدارییان کردووە(٣). لە شاری چەمچەماڵ سەرەتای ژیانی خوێندکاریی خۆی دەگێڕێتەوە، هەروەها باسی شێخ مەحموود و شەڕی ئاوباریک و شاری سلێمانی و پەیوەندیی خێزانیی خۆیان بە شێخ مەحموودەوە دەکات(٤). ناهیدە باسی ژیانی سیاسیی خۆی دەکات و بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ حزبی هیوا دەگێڕێتەوە، هەروەها ئاماژە بە ژیانی خوێندن و خوێندکاری و بوون بە مامۆستایی خۆی دەکات

و بەسەرهاتەکان باس دەکات(٥).

ئەندام و چالاک بووە لە حزبی «ڕێی ڕاست» و بەشدار بووە لە دەرکردنی گۆڤاری «ترووسکە»ی زمانحاڵی حزبی ڕێی ڕاست و دواتریش پەیوەندیی کردووە بە کۆمەڵەی «ژ.ک» و حیزبی ڕزگارییەوە، هەروەها لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاری کردووە. بەگشتی ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژوویيە دەکات(٦).

بەشێک لە یادەوەرییەکانی باس لە شۆڕشی ئەیلوول و ڕووداوەکانی پەیوەست بەو قۆناغەوە دەکات کە خۆی تێیدا بەشدار بووە، بەیاننامەی ١١ی ئاداریش لەو ڕووداوە گرنگانەی مێژووی کوردە کە ناهیدە بیرەوەرییەکانی خۆی لەسەری دەگێڕێتەوە، لەگەڵ ئاماژەدان بە پەیماننامەی جەزائیر و شکستی شۆڕشی کوردی و هەڵاتنیان بۆ ئێران و دۆخی ناوخۆی کوردستان لەو کاتەدا(٧).

## د. سامیە شاکر سادق

«سێ بێ (بەستە پیازە – بەغدا - بەرلین)، بەشێک لە بیرەوەرییە سەختەکانی ژیانم»

ناونیشانی یادەوەرییەکانی «د. سامیە شاکر سادق» (مەشخەڵ)ە، ساڵی ٢٠١٨ چاپ کراوە، دەزگای چاپ و شوێنی چاپ و ژمارەی چاپی لەسەر نییە، قەبارەی کتێبەکە ١٧٢ لاپەڕەیە. سەرەتای یادەوەرییەکانی بە شیعرێک دەست پێ دەکات کە ئەوکات لە ئەڵمانیا بووە، بە بۆنەی مەرگی دایکیەوە نووسیویەتی کە دوای دوو ساڵ هەواڵی مەرگی دایکی پێ دراوە. پێچەوانەی باوی نووسینی یادەوەرییەکانی دی کە وێنە وەکوو پاشکۆ لە دوایین لاپەڕەی کتێبەکە دادەنرێت، د. سامیە لەپێش ئەوەی دەست بە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی بکات، وێنەکانی خۆی و خێزانەکانی هەر لە سەرەتای کتێبەکە داناوە(٨).

یادەوەرینووس لە دەستپێکی نووسیندا باسی خێران و باوکی دەکات کە سەرەتا لە شەقڵاوە ژیاون و ئاماژە بە هەڵوێست و ئامۆژگارییەکانی باوکی دەکات(٩). نووسەر لە یادەوەرییەکەیدا چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی و بەشداریکردنی لە ڕێکخراو کۆمەڵەکان دەگێڕێتەوە، لەگەڵ ئاماژەکردنی لە بەشداریکردنی لە چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی جیاواز لە ساڵانی پەنجا و شەست و هەفتاکانی سەدەی بیست(١٠). یەکەم کچە لە بنەماڵەکەیان خراوەتە بەر خوێندن، بەو هۆیەوە تووشی دەردەسەریی زۆر هاتووە و زۆر جار لەلایەن دەوروبەریەوە ئازار دراوە و هەوڵ دراوە ڕێگەی خوێندنی لێ بیگیرێت(١١). نووسەر سەرگوزەشتە و چیرۆکی جێهێشتن و دەرچوون لە هەولێر و سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات دەگێڕێتەوە، لە هەولێرەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ بەرلین(١٢). لە ئەڵمانیا د. سامیە دەست دەکات بە خوێندن و هەوڵی فێربوونی زمانی ئەڵمانی دەدات و خوێندنی ئەکادیمی تەواو دەکات تاوەکوو پلەی دکتۆرا(١٣). لە شوێنێکی یادەوەرییەکانیدا ئەو هەڵوێست و ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە لە کاتی جیاوازدا ڕوویان داوە و بەسەریدا هاتووە(١٤). د. سامیە بەشێک لە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ڕووداوەکانی ژیانی خۆی لە یادەوەرییەکانیدا بڵاو کردۆتەوە(١٥). لە کۆتایی یادەوەرییەکانیدا ئەو شیعرانەی بڵاو کردۆتەوە کە لە ساڵانی پەنجا و شەست و هەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیست نووسیویەتی لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، کە لە شیعری هەمەچەشن پێک دێت(١٦). یادەوەرییەکانی د. سامیە بێبەش نییە لە بەسەرهاتی خۆش و لەو بارەیەوە چەند بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە و کۆتایی بە نووسینی یادەوەرییەکانی دەهێنێت(١٧).



کورد لەو نەتەوانەیە کەمترین بەڵگەنامە و ئەرشیفی هەیە لە ڕابردوودا و یادداشت و بیرەوەرییەکان دەکرێت لانی کەم ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە بۆ داهاتوو.

درەخشان جەلال حەفید

لە ژنە ناسراوەکانی کوردە، ئەو بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی «کورتەیەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەرییەکانم» چاپ و بڵاو کردۆتەوە بە قەبارەی ٢٠٢ لاپەڕە. درەخشان جەلال حەفید بۆ ماوەیەکی زۆر و لەنێوان ساڵانی (١٩٥٢-١٩٧٤) لەناو جووڵانەوەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندا بەرپرسیارێتیی هەبووە و ئەمەش هاندەر بووە بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە(١٨). سەرەتای بیرەوەرییەکانی، بە مێژووی دەستپێکردنی جووڵانەوەی ئافرەتانی کوردستان دەست پێ دەکات، ئاماژە بە چەند ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکی ئافرەتانی کورد دەکات، لەگەڵ گێڕانەوەی چالاکییەکانیان و خەباتیان لە پێناو مافی ئافرەتان(١٩). دواتر بیرەوەرییەکانی خۆی لەناو یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەگێڕێتەوە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ساڵی ١٩٥٢، چالاکییەکانی خۆی و یەکێتیی ئافرەتان و چۆنێتیی پەیوەندیکردنی بە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە باس دەکات تا ساڵی ١٩٧٤(٢٠). دواتر دێتە سەر باسکردنی چالاکییەکانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٩١). بیرەوەرینووس بەپێی ڕیزبەند و زنجیرە و یەک لەدوای یەکی ساڵ؛ بیرەوەرییەکانی نەگێڕاوەتەوە، لە شوێنێکی دیکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ و بیرەوەرییەکانی یەکەمین کۆنگرەی نهێنیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەگێڕێتەوە. یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە دامەزراندنیەوە ساڵی ١٩٥٢ تاوەکوو ١٩٩٢، پێنج کۆنگرەی بەستووە(٢١). لەو سەردەمەدا یەکێتیی ئافرەتان گۆڤارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی دەرکردووە بە ناوی دایکایەتیی نوێ. درەخشان باسی دەرچوونی گۆڤارەکە و ئەو نووسینانەی تێیدا بڵاو کراونەتەوە، دەکات. درەخشان ململانێ و مێژووی یەکێتیی ئافرەتان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگێڕێتەوە، کە خۆی تێیدا بەشدار بووە(٢٢). درەخشان بەتەنها مێژووی یەکێتیی ئافرەتان باس ناکات، بەڵکوو یادەوەرییەکانی خۆشی لە شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دەگێڕێتەوە، ڕۆڵی ژنان و ئافرەتان لەو شۆڕشەدا ئاماژە پێ دەکات، باس لە چۆنێتیی کردنەوەی بۆنە و یادەکان دەکات لەو سەردەمەدا، بۆ نموونە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە سەردەمی پاشایەتی، هەروەها یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ژنان لە ٨ی مارت(٢٣). لە کۆتایی یادەوەرییەکانیدا بەکورتی باس لە سکرتێرەکانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەکات. دانانی وێنە لە یادەوەریدا گرنگە و بابەتەکان زیاتر ڕوون دەکاتەوە. درەخشان ژمارەیەکی زۆر لە وێنە داناوە وەک پاشکۆی کتێبەکەی کە نزیک بە ٦٥ لاپەڕەی وێنەیە، وێنەکانیش وێنەی هاوڕێ و کەسوکار و بنەماڵە و دۆستەکانیەتی کە یادەوەریی لەگەڵیاندا هەبووە، یان ئەو کەسانەی ناودار بوون و پێگەیەکیان هەبووە(٢٤).



گرنگی ئەم جۆرە بیرەوەرییانە ئەوەیە گێڕەرەوەکان هەندێك لایەن و ڕووداوی شاراوەی ژیانیان هەیە، ئاماژە پێ دەکەن و دەگێڕنەوە کە زۆر گرنگن و تەنها خۆیان دەیزانن.

بەهییە مەعرووف بەرزنجی

یەکێکی دیکەیە لە ژنە ناسراو و تێکۆشەرەکانی کورد کە بیرەوەریی خۆیان گێراوەتەوە، بەڵام ئەم خاتوونەش وەک ناهیدەی شێخ سەلام، خۆی بیرەوەرییەکانی بە دەستی خۆی نەنووسیوەتەوە، بەڵکوو یەکێک لە قوتابییەکانی بەهییە خان بە ناوی لوتفیە ئیبراهیم ساڵح وەک هەستکردنێک بە بەرپرسیارێتی، بۆ چەند جارێک سەردانی بەهییە خان دەکات و لەسەر کاغەز بیرەوەرییەکان بە بەهییە خان دەگێڕێتەوە و تۆماری دەکات(٢٥). بیرەوەرییەکانی بە ناونیشانی «هەندێک لە بیرەوەرییەکانی خاتوو بەهییە مەعروف بەرزنجی» چاپ کردووە»، کە لەلایەن «لوتفیە ئیبراهیم ساڵح» ئامادە کراوە، بە قەبارەی ١٩٦ لاپەرە، ساڵی ٢٠٠٢ لە سلێمانی بڵاو کراوەتەوە. کتێبەکە ناوەرۆک و پێرستی هەیە و ناونیشان بۆ بابەتەکان دانراوە، بەڵام لەبەرانبەر بابەتەکان ژمارەی لاپەڕە دانەنراوە(٢٦). «بەهییە مەعروف بەرزنجی» ساڵی ١٩٢٤ لە گەڕەکی شێخان لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. دایکی ناوی فاتمەی شێخ مستەفای موفتییە. لە باسی لەدایکبوونیدا بەوردی ئاماژە بە خێزان و ڕیشەی بنەماڵەکەیان و قۆناغەکانی خوێندنی خۆی دەکات(٢٧). خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٤٣ بۆ یەکەم جار وەک مامۆستا لە هەڵەبجە دامەزراوە(٢٨). سەرەتای کاری سیاسیی لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە دەست پێ دەکات لەناو یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان کە سەردانی عەبدولکەریم قاسم دەکەن، چیرۆکی گێڕانەوەی تەرمی شێخ مەحموود دەگێڕێتەوە بۆ سلێمانی، بارودۆخی ئەوکات ئاماژە پێ دەکات، هەروەها ئەو ماوەیەی لە ماوەت بووە؛ دەگێڕێتەوە(٢٩). گەڕەکی شێخان کە تێیدا لەدایک بووە و یادەوەرییەکان دەیبەنەوە بۆ ئەوێ، باسی گرنگیی شوێن و پێگەی ئەو گەڕەکە و کاریگەری لەسەری دەکات، قەتڵ و عامی ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە سلێمانی ئاماژە پێ دەکات، بارودۆخ و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە، خەبات و چالاکییەکانی خۆی و نزیکەکانی لەناو یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەتایبەت لە ساڵانی شەستەکان و دواتریش یەکێتیی ژنانی کوردستان دەگێڕێتەوە، باس لەوە دەکات لە شاخ و لە ساڵی ١٩٨٩ بە پێشنیاری هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و کافیە سلێمان ناوی یەکێتیی ئافرەتان گۆڕا بۆ یەکێتیی ژنان(٣٠). دواتر ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ باس دەکات و چالاکییەکانی خۆی و هاوڕێکانی و بەشداریی ژنان لەو ڕاپەڕینە دەگێڕێتەوە، هەروەها وەک ئەندامێکی چالاکی یەکێتیی ژنان، ژمارەیەک لەو چالاکییانە دەژمێرێت کە ئەنجامیان داوە لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ساڵانی ٢٠٠٠(٣١). بەشێک لە نووسینی یادەوەرییەکانی بۆ ئەو گەشت و سەفەرانە تەرخان کردووە کە لە ژیانیدا کردوونی و وردەکاریی چۆنێتیی گەشتەکەی و بەسەرهاتەکانی دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە: ساڵی ١٩٦٧ گەشتی کردووە بۆ ئێران،

لە ساڵی ١٩٥٩ گەشتی کردووە بۆ وڵاتی نەمسا، ساڵی ١٩٧٨ چووە بۆ سعودیە بۆ حەجکردن، ساڵی ١٩٧٧ گەشتی کردووە بۆ هەردوو وڵاتی بەریتانیا و فەڕەنسا، هەروەها گەشتی کردووە بۆ ئەستەنبوڵیش(٣٢). بەشێک لە یادەوەرییەکانی پێک دێت لە گێڕانەوەی هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستان لە ١٩٧٥، هەروەها ناوی هەندێک کەسایەتی دێنێت و بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵیان بەکورتی دەگێڕێتەوە، وەک: ڕەفیق پشدەری، مارگرێت، حەمایل خان خێزانی مەلا مستەفای بارزانی، سینەم بەدرخان و چەندانی تر(٣٣). بیرەوەرییەکانی خۆی لە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز دەگێڕێتەوە لەگەڵ باسێکی کورت لەسەر نەورۆز، باس لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەوەکەش دەکات، دوا وتەی بیرەوەرییەکانی چەند ئامۆژگارییەکە بۆ دایکان و ژنانی کورد(٣٤). ئامادەکاریی بیرەوەرییەکانی بەهییە خان واتە «لوتفیە ئیبراهیم ساڵح»، وتە و نووسین و بۆچوونی چەند کەسایەتییەکی داناوە کە لە کاتی جیاجیادا نووسراوە و وتراوە کە پەسنی بەهییە مەعرووف بەرزنجی دەکەن و ڕۆڵی گرنگ دەنرخێنن، لەوانە: ڕەفیق پشدەری، کەژاڵ ئەحمەدی شاعیر، درەخشان شێخ جەلال حەفید و چەندانی تر(٣٥).

## پرۆفیسۆر پاکزە ڕەفیق حیلمی

• پرۆفیسۆر پاکزە ڕەفیق حیلمی، کچی مامۆستا و مێژوونووس و سیاسەتمەداری ناسراوی کورد ڕەفیق حیلمی، یادەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە بە ناونیشانی «کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە»، ساڵی ٢٠٠٠ بە قەبارەی ٢٧٢ لاپەڕە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. پاکزە وەک خۆی لە سەرەتای بیرەوەرییەکانی دەیگێڕێتەوە، لە ناحیەی سووورداشی سەر بە سلێمانی لەدایک بووە «لە ئەشکەوتەکەی سووورداش»، لە ڕۆژی هەینی، لە مانگی مایسی ١٩٢٤. لەو ڕۆژەدا پاکزە لەدایک بووە، ئینگلیزەکان شاری سلێمانییان بە فڕۆکە بۆمباران کردووە(٣٦). لە ١٩٣٧ خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان لە بەغدا خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە، لە ١٩٤٨ «دار المعلمین العالیة»ی لە بەغدا تەواو کردووە لە زمانی عەرەبی، (١٩٤٩-١٩٥١) ماجستێری وەرگرتووە لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمەریکا، ساڵی ١٩٥٢ لە کۆلێجی ئاداب لە بەغدا بە مامۆستای مێژووی کۆن دامەزراوە، ١٩٥٩ بەشی زمانی کوردیی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا دامەزراندووە و بووە بە سەرۆکی بەش، لە ساڵی ١٩٦٤ بڕوانامەی دکتۆرای لە قاهیرە وەرگرتووە لە زانکۆی قاهیرە، ساڵی ١٩٦٧ مامۆستای میوان بووە لە زانستگای بەرلین لە ئەڵمانیا، ساڵی ١٩٧٠ لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆڕی زانیاریی کورد بووە، ساڵی ١٩٧٧ و بۆ ماوەی چەند ساڵێک مامۆستای میوان بووە لە چەند زانکۆیەکەی وڵاتی ئەردەن، ساڵی ١٩٨٩ لە زانستگای سەلاحەدین لە هەولێر مامۆستا بووە، ئەندام بووە لە چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی جیاواز. ساڵی ٢٠٠٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

پاکزە زۆر وێستگەی ژیانی خۆی و ئەوانەشی کاریگەرییان هەبووە لەسەری، لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە. بیرەوەرییەکانی چوار بەشە، بەشی یەکەم لە (١٩٢٤-١٩٣٧) کە بیرەوەریی سەردەمی منداڵییە، بەشی دووەم (١٩٣٨-١٩٤٩) بیرەوەریی ژیانی هەرزەکارییەتی، باسی قۆناغەکانی ژیانی خوێندنی و تا ڕۆیشتنی بۆ ئەمەریکا دەکات، بەشی سێیەم ساڵانی (١٩٤٩-١٩٥٨) باس دەکات کە لە ئەمەریکا و بریتانیا بووە، بەشی چوارەم و کۆتایی (١٩٥٨-٢٠٠٠) باس لە چۆنێتیی دامەزراندنی بەشی کوردی دەکات، هەروەها باس لە پەیوەندی

و ناسینی مەلا مستەفا و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات. پاکزە خۆی لە بارەی بیرەوەرییەکانییەوە دەڵێت: «لەم یادداشتەدا باسی هەموو ئەو کارەساتە گرنگانەم کردووە، کە پەیوەندییان بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کوردستان هەیە لەگەڵ باسی ئەو کەڵەپیاوە خەباتگێڕانەی بەشدار بوون لە بووژاندنەوە و ڕاپەڕینی گیانی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد چ بە چەک وەک شێخ مەحموود و چ بە قەڵەم وەک پیرەوەمێرد و ڕەفیق حلمی و چ بە چەک و بیری نوێی سیاسیی وەک مەلا مستەفا...(٣٧)»

## گەلاوێژ

- گەلاوێژ؛ هاوسەری ئیبراهیم ئەحمەد، یەکێکە لەو ژنە کوردانەی یادداشتەکانی خۆی نووسیوەتەوە و تۆماری کردووە، ئەوەی جێگای پرسیار و سەرنجە ئیبراهیم ئەحمەد کە خۆی لەناو ڕووداوەکاندا بووە و سەرکردەیەکی دیار و بەرچاوە لە مێژووی کورددا و جیگە و پێگەی دیاری هەبووە چ لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و چ دواتریش، کەچی یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆی نەنووسیوەتەوە و گەلاوێژی خێزانی بەم ئەرکە هەستاوە! گرنگیی یادەوەری و ئەم جۆرە بیرەوەرییانە ئەوەیە گێڕەرەوەکان هەندێک لایەن و ڕووداوی شاراوەی ژیانیان هەیە، ئاماژە پێ دەکەن و دەگێڕنەوە کە زۆر گرنگن و تەنها خۆیان دەیزانن، بۆیە بە وتن و ئاشکراکردنیان؛ ئەو زانیارییانە لە فەوتان و نەمان ڕزگار دەکەن و لە ڕاستییشدا بۆخۆی نووسینی بیرەوەری بەرپرسیارێتییە و ئێجگار گرنگە بنووسرێتەوە. گەلاوێژ بیرەوەرییەکانی خۆی بە دوو بەرگ بڵاو کردۆتەوە، بەرگی یەکەمی پێک دێت لە ٢٦٣ لاپەڕە و ساڵی ٢٠٠٩ بڵاو بۆتەوە، بەرگی دووەمیشی پێک هاتووە لە ٢١٥ لاپەڕە و ساڵی ٢٠١٣ چاپ و بڵاو کراوەتەوە و دکتۆر کەمال غەمبار پێشەکیی بۆ نووسیوە.

گەلاوێژ «لە شاری موسڵ ڕۆژی ١٩٣٠/٣٠/٦ لە ڕۆژێکی دیاری مێژووی کورددا لەدایک بووە کە شەڕی بەردەرکی سەرایە، باوکی ناوی «ساڵەح فەتاح»ە و لە عەشیرەتی «قوچە بەگی»ن، لە ناوچەی زاخۆ بە ڕەگەزیش لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون، لە سەری دایکیەوە خەڵکی ناوچەی «وان»ی کوردستانی تورکیان و دایکی ناوی «سەلیمە عەبدوڵلایە»یە، لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەناچاری و بە هۆی قورسیی ژیان و خراپیی هەلومەرجەوە هاتوونەتە کوردستانی عێراق و ئیتر نەگەڕاونەتەوە(٣٨).»

«خۆی ناوی «ساجیدە» بووە، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا و ساڵی ١٩٤٧ هاوسەرگیریی لەگەڵ «ئیبراهیم ئەحمەد» دەکات کە ئەوکات ئیبراهیم ئەحمەد تەمەنی سی و سێ ساڵ بووە، ئیبراهیم ئەحمەد خۆشی دواتر ناوەکەی لە ساجدەوە دەگۆڕێت و ناوی دەنێت گەلاوێژ، ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڤاری گەلاوێژ کە ئەوکات ئیبراهیم ئەحمەد پێکەوە لەگەڵ عەلائەدین سەجادی سەرپەرشتییان کردووە و دەریانکردووە. گەلاوێژ زمانی عەرەبی و فارسیی زانیوە. تا پۆلی یەکەمی ناوەندیی خوێندووە، کۆمەڵێک بەرهەم و نووسینی هەیە لە بواری جیاجیا. لە ڕێگەی خاڵی واتە سیاسەتمەداری ناسراو «هەمزە عەبدوڵلا»وە ئیبراهیم ئەحمەدی ناسیوە(٣٩).» «ئەوەی هاندەر و کاریگەر بووە بۆ ئەوەی گەلاوێژ بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، کاریگەریی کەسە نزیکەکانی بووە لە ژیانیدا کە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر ژیان و ڕەوشت و خوو و کردەوەکانیەوە، ئەوانیش بریتین لە خاڵەکانی: هەمزە عەبدوڵلا، موحەممەد عەبدوڵلا، دایکی، دایکی دایکی و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی هاوسەریەتی(٤٠).»

## زەکیە ڕەشید

• «شارێک لە دڵی ژنێکدا»، ناونیشانی یادداشت و بیرەوەرییەکانی مامۆستا «زەکیە ڕەشید»ە، ساڵی ٢٠١٨ بە قەبارەی ٢٥٦ لاپەڕە لە سلێمانی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. وەک لە ناونیشانی یادەوەرییەکانیدا دیارە، زەکیە یادەوەرییەکانی دەربارەی شاری سلێمانی دەگێڕێتەوە، وەک خۆی لە پێشەکیدا دەڵێت: «هەریەکەمان لە منداڵی و گەنجیماندا لە شارێکدا گەورە بووین، ئەو شارە تا مردن لە یادەوەری و دڵماندایە، من لەم کتێبەمدا باسم لەو شارە کردووە کە سلێمانییە. بەڵێ، سلێمانییەکەی جاران جیاوازە لە سلێمانییەکەی ئێستا... منیش هەوڵم داوە ئەو تایبەتمەندییانە و ڕووداوانە لەم شارەدا ڕوویان داوە، بخەمە بەر دەستی خوێنەری کورد(٤١).» زەکیە وەک خۆی چیرۆکی لەدایکبوونی دەگێڕێتەوە، لە زمانی دایکیەوە باس لەوە دەکات لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لەدایک بووە لە سلێمانی، بە چەند لاپەڕەیەک ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و هەندێک ڕووداوی پەیوەست بە ژیانی خێزانیی خۆیان دەگێڕێتەوە(٤٢). بەکورتی: هەندێک باسی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیی شاری سلێمانی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دەگێڕێتەوە. ساڵی ١٩٤٩ سەرەتای چوونە قوتابخانەی زەکیەیە، کەشی قوتابخانەی ئەو سەردەمە و باس لە هاوڕێ و مامۆستاکانی دەکات. زەکیە دواتر قۆناغەکانی خوێندن دەبڕێت و خانەی مامۆستایان تەواو دەکات و دەبێتە مامۆستا(٤٣). باسکردنی ئاووهەوای سلێمانی و گەرماوەکانی، بەشێکی تری یادەوەرییەکانی پێک دەهێنن. لە ساڵانی پەنجاکان ژیانی خوێندکاریی خۆی و خوێندنگای کچان و چۆنێتیی ئیدارەدانی ئەوکاتی سلێمانی و بارودۆخی سیاسی دەگێڕێتەوە(٤٤). وێستگەیەکی تری ژیانی مامۆستا زەکیە، تەواوکردنی خانەی مامۆستایانە لە بەغدا لە سەرەتای شەستەکان و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی و دامەزراندنیەتی وەک مامۆستا لە ساڵی ١٩٦٢، ئیدی باسی ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵانی شەست وەک شۆڕشی ئەیلول و پەیوەندیی قاسم و کورد دەکات لەگەڵ ژیانی تایبەتیی خۆی لەو قۆناغەدا و بەسەرهات و ڕووداوەکانی ساڵانی هەفتا و هەشتا دەگێڕێتەوە، هەروەها ئاماژە بە چالاکییە وەرزشی و پەروەردەییەکانی دەکات، تاوەکوو دەگات بە باسکردنی ڕاپەڕین و کۆڕەو و شەڕی ناوخۆی کوردستان(٤٥). مامۆستا زەکیە چەندین کتێبی لە بواری جیاوازدا نووسیوە و وەرگێڕاوە، جگە لە نووسینی یادەوەرییەکانی. بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لەو نامانە پێک دێن کە کوڕ و کچەکانی لە شوێن و لە ساڵی جیادا بۆ زەکیەی دایکیان ناردووە و ئەویش وەڵامی داونەتەوە. بیرەوەرییەکانی کۆتایی هێناوە بە هەندێک وێنەی مێژوویی و نوێی خۆی و خێزان و نەوەکانی(٤٦).

## جەمیلە شێخ مەحموود

• ژنێک بە ناوی «جەمیلە شێخ مەحموود» بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە بە ناونیشانی «بیرەوەرییەکانی کۆژین، ڕۆژانی کاری ڕێکخستن لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان»، ساڵی ٢٠١٧ بە قەبارەی ١٢٦ لاپەڕە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. «کۆژین» ناوی نهێنیی ئەو ڕۆژانە بووە لە ڕێکخستن و لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کاری کردووە. ئەم بیرەوەرییانە لە پێشەکییەک و سێ بەش پێک دێت. جەمیلە لە پێشەکیدا باس لەوە دەکات کە وەک کچێک یادداشتی خۆی نووسیوەتەوە کە بەشداریی کاری ڕێکخستنی سیاسیی کردووە لە شانە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

و دەڵێت: «من دەمەوێت وێنەیەکی تر و دیوێکی تری ئەو خەباتە نهێنییە بنووسمەوە کە بۆ ئێمەی کچان لەو ڕۆژگارانەدا زۆر زەحمەت و ئەستەم دەهاتە پێش چاو(٤٧).» بەشی یەکەمی باس لە لەدایکبوون و سەرەتای خوێندنی دەکات لەگەڵ ئاماژەدان بە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشی نوێ دوای ساڵی ١٩٧٥ و هەروەها تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەو سەدەمە بۆ ژن و ئافرەت، بەتایبەت بۆ کچ کە بەشداریی سیاسی بکات. بەشی دووەم باس لە چۆنێتیی ئەندامبوونی دەکات لە هەشتاکاندا لە کۆمەڵەدا، هەر لەو بەشەدا باس لە چۆنێتیی بینینی هاوڕێکانی کۆمەڵە و چالاکییەکان و ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە دەکات و ناوی ژمارەیەکیان دەبات(٤٨). بەشی سێیەم و کۆتا بەشی یادەوەرییەکانی ناو ناوە ژیانی خەباتی سیاسی، کە باسی ئەوە دەکات وەک کچێک گرفتیان هەبووە و چالاکیی سیاسی بۆیان ئاسان نەبووە، ئاماژە بە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ و دانوستانەکانی ١٩٨٤ دەکات لەگەڵ چەند ڕووداوێکی تر تا ساڵی ١٩٩٠. بیرەوەرییەکانی ژمارەیەک دۆکیۆمێنتی خۆی و وێنەی خۆی و هاوڕێیانی تێدایە(٤٩).

## مەهاباد قەرەداغی

• نووسەر و ڕۆماننووس و چالاکی بواری ئافرەتان «مەهاباد قەرەداغی»، بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە لەژێر ناونیشانی «چلچرا»، ساڵی ٢٠٠٧ بە قەبارەی ٣٧٤ لاپەڕە چاپ و بڵاو بۆتەوە. لە پێشەکیدا هۆکاری ناونانی یادەوەرییەکانی بە «چلچرا» ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەم بیرەوەرییانەم ناو ناوە چلچرا، تا بە ژمارەی «چل» ساڵەکانی تەمەنم دەرببڕم و بە وشەی «چرا»ش پەیوەندیی نێوان ناوی خۆم و کۆماری مەهاباد دەرببڕم، کە لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد ئاڵای کوردستان هەڵکرا و لە ساڵیادی دامەزراندنیدا منیش هاتمە نێو ژیانەوە و ناویان نام مەهاباد(٥٠).» بیرەوەرییەکانی لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، بەشی یەکەمی ناو ناوە «ساڵێک لە دۆزەخ» و زیندانیبوونی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ ماوەی ساڵێک لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨١) کە ئەوکات تەمەنی تەنها چواردە ساڵ بووە(٥١). مەهاباد بەوردەکارییەوە لە بیرەوەرییەکانیدا ئەوەی بەسەریدا هاتووە، دەیگێڕێتەوە. ئازارەکانی خۆی لە زینداندا باس دەکات(٥٢). بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانی ناو ناوە «چلچرا» و لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٢)ەوە دەست پێ دەکات، ئاماژە بە چۆنێتیی دووبارە دەستپێکردنەوەی خوێندن و ژیانی خوێندکاریی خۆی دەکات لە شاری کفری لەدوای زیندان. بەشێکی گرنگی بیرەوەرییەکانی مەهاباد، گێڕانەوەی یادەوەرییەکانییەتی لە شاری کفری کە خۆی تێیدا ژیاوە، باس لە چالاکی و مانگرتن و ڕاپەڕینی قوتابیان لە ساڵانی خوێندنی (١٩٨٣-١٩٨٤) دەکات و ڕۆڵی قوتابیانی کفری دەگێڕێتەوە، هەروەها ئاماژە بە قۆناغی خوێندنی خۆی دەکات لە پەیمانگای کەرکووک و بەسەرهات و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. گێڕانەوەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی، بەشێکن لە یادەوەرییەکانی ساڵی ١٩٨٦، چۆتە سلێمانی و کۆڕی شیعریی گێڕاوە(٥٣). یادەوەرینووس ساڵ لەدوای ساڵ بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە، باس لە کۆڕەو و ڕاپەڕین و ژیانکردنی لە هەولێر دەکات لەدوای ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو تا دوای ساڵانی دوو هەزار، هەروەها چوونەدەرەوەی لە کوردستان و نیشتەجێبوونی لە سوید و دواتر گەڕانەوەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ کوردستان و ڕووداوەکان و چالاکییەکانی ئەو ماوە و پەیوەندیی بە خۆیەوە باس دەکات(٥٤).

## شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی

• «چیرۆکەکانی ژنێک» ناونیشانی بیرەوەرییەکانی ژنێکی دیکەیە بە ناوی «شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی»، لە ساڵی ٢٠١٤ بە قەبارەی ٤٤٠ لاپەڕە بڵاو کراوەتەوە. شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی؛ خەباتگێڕێکی حزبی شیوعیی کوردستان و عێراقە، هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە پەیوەندیی بەو حیزبە کردووە. ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچکەی ڕواندز لەدایک بووە، لە سەرەتاوە باسی باری خێزانیی خۆیان و هەندێک دابونەریتی ناوچەی ڕواندز دەکات. لە بیرەوەرییەکانیدا باسی خوێندن و ئەو قوتابخانانە دەکات تێیدا خوێندوویەتی و ڕەوشی خوێندن لەو سەردەمەدا ئاماژە پێ دەکات(٥٥). ئەوەی مایەی سەرنج و تێبینییە لە بیرەوەرییەکانی شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی ئەوەیە لە سەرەتاوە تاوەکوو کۆتایی هیچ ناونیشانێک بۆ باسەکان دانەنراوە و ڕووداوەکان ناونیشانیان بۆ دانەنراوە! گێڕانەوەی ڕووداوە سیاسییەکان کە شوکریە تێیدا ژیاوە، بەشێکی بیرەوەرییەکانی پێک دەهێنێت، بۆ نموونە لە شوێنێکدا باسی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨ لە عێراق و پەیوەندیی بە ناوچە کوردییەکان و لە ناویشیاندا ڕەواندز دەکات، هەروەها باس لەوە دەکات چۆن ساڵی (١٩٥٦–١٩٥٧) مەلیک فەیسەڵ هاتۆتە خەلیفان و ئەمانیش بە مامۆستا و قوتابییەوە چوونەتە خەلیفان بۆ پێشوازیی مەلیک. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەست دەکات بە چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی(٥٦). دواتر باس لە بەیاننامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ دەکات و ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی خۆی و دەوروبەری لە ساڵی هەفتا و هەشتا و نەوەدەکان تا ساڵانی دوای دوو هەزار دەگێڕێتەوە(٥٧). بیرەوەرییەکانی شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی ژمارەیەکی زۆر وێنە و بەڵگەنامە لەخۆ دەگرێت و لە کۆتایی کتێبەکە هەمووی داناوە، لە کۆی ٤٤٠ لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی، ٢٠٠ لاپەڕەی وێنە و بەڵگەنامەی هەمەڕەنگ و جیاوازیی چالاکییەکانی قۆناغەکانی ژیان و خێزانییەتی(٥٨).

## ویداد خالیس ئەلقازی

• «ویداد خالیس ئەلقازی»، ژنێکی دیکەی کوردە و یادەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە بە ناونیشانی «چەند وێستگەیەکی تەمەنم»، ساڵی ٢٠١٢ بڵاو بۆتەوە بە قەبارەی ٣٩٢ لاپەڕە. ویداد لە سەرەتای بیرەوەرییەکانیدا بەم شێوەیە لە گرنگیی نووسینەوەی یادداشت و یادەوەری دەدوێت و دەنووسێت: «نووسینەوەی یادداشت، یان بیرەوەری، نیشانەیەکی شارستانییە و سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوە بۆ نووسینەوەی مێژووی هەر نەتەوەیەک، کەواتە بۆ ئێمەی کوردیش کە ڕۆژگار زۆر غەدری لێ کردووین، پێویستە ئەم دیاردە شارستانیە گەشە بکات، زیاتر ڕاستگۆیانە نووسینەوەی بیرەوەری بەرەو پێشەوە بچێت. منیش لە ڕوانگەی ئەو هەستە مەزنەی یادداشت نووسییەوە، بە پێویستم زانی بەش بە حاڵی خۆم ئەوەی دیومە و بیستوومە؛ بنووسمەوە، چونکە کە مرۆڤ بەتەمەندا چوو، هەندێ شت لەبیر دەکات. بۆیە من کە دەستم بە نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانە کرد، تەنیا و تەنیا پشتم بە زاکیرەی خۆم بەستووە و بەس...» بیرەوەرییەکانی زۆر لایەن لەخۆ دەگرێت، لە سەرەتاوە باسی خێزانەکەی و شێوازی ژیانیان دەکات، بەوردی باسی قۆناغەکانی خوێندن و ژینگەی پەروەردە و فێرکردن دەکات(٥٩). ویداد ساڵی ١٩٤٢ لە هەولێر لەدایک بووە، بەشی بایۆلۆجیی کۆلێژی پەروەردەی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵانی (١٩٥٨–١٩٦٠) بەرپرسی لیژنەی باڵای قوتابیانی بەشی کچانی هەولێر بووە، مامۆستا بووە، لە ساڵانی (١٩٦٦–١٩٧٤) لە کۆنگرە و کۆنفرانسی مامۆستایان و

ئافرەتان بەشداریی کردووە، لە ساڵی هەشتاکان ڕۆیشتووەتە دەرەوەی کوردستان و لە وڵاتی نەمسا نیشتەجێ بووە، لە ڤییەننا بەشداریی چالاکییەکانی کوردانی دەرەوەی وڵاتی کردووە، ساڵی ٢٠٠٢ بەیەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان، ساڵی ٢٠٠٥ لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان وەک کاندیدی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بووەتە ئەندام پەرلەمانی عێراق. ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق لە کۆتایی پەنجاکان و شەستەکان باس دەکات و بیرەوەرییەکانی خۆی لە بارەیان دەگێڕێتەوە، چیرۆکی چۆنێتیی هاوسەرگیریی خۆی لە ساڵی ١٩٦٥ و کە دوا قۆناغی کۆلێژی بووە؛ باس دەکات. بەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانی پێک دێت لە ڕووداوە سیاسییەکانی پەیوەست بە کوردستانەوە لە ساڵانی هەفتا تاکوو نیوەی یەکەمی هەشتاکان، واتە تا ئەو کاتەی ڕوو دەکاتە دەرەوەی کوردستان و چالاکییەکان و ڕووداوەکانی پەیوەست بە خۆی لەو ساڵانەدا دەگێڕێتەوە(٦٠). بەوردەکاری چیرۆکی چۆنێتیی ڕۆشتنیان بۆ دەرەوە باس دەکات تا گەیشتنیان بە ڤییەننا و دەست دەکات بو گێرانەوەی چالاکییەکانی و چۆنێتیی بەڕێکردنی ژیانی لەو وڵاتەدا، دواتر چیرۆکی گەڕانەوەی بۆ کوردستان و ئیشوکارەکانی باس دەکات لەگەڵ ئاماژەدان بۆ چۆنێتیی خۆکاندیدکردنی بۆ پەرلەمانی عێراق و چوونی بۆ بەغدا و بیرەوەری و ڕووداوەکانی لەو ماوەیەدا ڕوو دەدەن، دەیگێڕێتەوە. ویداد لە کۆتایی یادەوەرییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و باس لە چەند کەسایەتیی ناسراوی کورد دەکات، لەوانە: مەعرووف جیاووک و چەند کەسایەتییەکی دیکە. لە بیرەوەرییەکانیدا چەند کەسێکی جیاواز قسە لەسەر کەسایەتیی ویداد خالس دەکەن و هەڵیدەسەنگێنن، هەندێکیان بیرەوەریی خۆیان لەگەڵیدا دەگێڕنەوە(٦١).

پاشکۆی بیرەوەرییەکانیشی پێک دێت لە وێنەی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی و وێنەی ئەو بەرهەم و نووسینانەی لە کاتی جیاوازدا بڵاوی کردونەتەوە، یان وێنەی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵیدا ئەنجام دراوە، لەگەڵ هەندێک بەڵگەنامەی تر(٦٢).

## پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار

• وەرد، «بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی و دابونەریتی دانیشتووانی و دەوروبەری بە شیعر و پەخشان»، ناونیشانی بیرەوەرییەکانی ژنێکی دیکەی کوردە بە ناوی «پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار»، ساڵی ٢٠٠٧ چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم بیرەوەرییە جیاواز لەو بیرەوەرییانەی تر کە ژنانی کورد نووسیویانەتەوە، ژمارەی لاپەڕەکانی زۆر زیاترن، کە دوو بەرگە و ژمارەی لاپەڕەکانی بە پاشکۆی وێنەکانیەوە؛ ١٢٩٤ لاپەڕەیە! «مەحموود ئەحمەد موحەممەد»، ڕێکخستن و پێداچوونەوە و سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردووە. وەک خۆی لە سەرەتای بیرەوەرییەکانی کە ئاماژە بە بنچە و خێزان و بنەماڵەکەیان دەکات، ساڵی ١٩٣٠ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. پێشەکییەکی دووروودرێژی بۆ یادەوەرییەکانی نووسیوە و باس لە گرنگیی نووسینەوەی یادەوەری و مێژوو دەکات، هەروەها چەند باسێکی تر هەر لە پێشەکییەکەیدا دەکاتەوە(٦٣). بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی تەرخان کردووە بۆ باسکردن لە مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانی، لەگەڵ باسکردنی بیرەوەرییەکانی خۆی لە زۆر لایەن و ڕووەوە دەربارەی ئەو شارە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، لەگەڵ بیرەوەریی خۆی، چەندان سەرچاوەش دەهێنێت کە باسی شاری سلێمانییان کردووە، لەوانە: گەشتەکەی ڕیچ(٦٤). لە بەشی دووەمدا باسی بەشێک لە پیاو و ژنەکانی شاری سلێمانی دەکات، چ ئەوانەی پێش سەردەمی خۆی ژیاون و چ ئەوانەی دەکەونە سەردەمی خۆی و

یادەوەریی لەگەڵیاندا هەیە. لە بەشی سێیەم و دواتردا بیروباوەڕ و دابونەریتی شاری سلێمانی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو و سەردەمی خۆی دەگێڕێتەوە(٦٥). بەشی چوار و پێنج و شەش و حەوت بەوردەکاری باس لە جلوبەرگی سلێمانی و جۆراوجۆریی یارییەکان و بەشێک لەو چیرۆک و سەرگوزەشتە کۆن و نوێیانە دەکات کە باو بووە(٦٦). بەرگی دووەمی وەرد کە تەواوکەری بەرگی یەکەمە و لە بەشی هەشتەمەوە دەست پێ دەکات و ئەو بەشەی ناوی ناوە «ڕووداوی مێژوویی لە شاری سلێمانی»، لە سەدەی هەژدەمەوە دیسانەوە باسی هەندێک لایەنی سلێمانی دەکات تا سەردەمی ڕۆژگاری خۆی لە سەدەی بیستەم و هەندێک لە ڕووداوەکان بە زنجیرە دەگێڕێتەوە کە ڕوویان داوە کە ڕۆژ و مانگ و ڕێکەوتی کاتی ڕووداوەکانی نووسیوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە تا دوای ساڵانی دوو هەزار(٦٧).  بەشی نۆیەم چەند وتە و باسێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت. لە بەشی دەدا هەندێک لایەن و بەسەرهات دەربارەی گیانداران و پەلەوەر و باڵندە دەگێڕێتەوە کە چیرۆک و گێڕانەوەی جیاوازن دەربارەی ئەو جیهانە. بەشی یازدەهەم باس لە خواردەمەنی و جۆرەکانی دەکات و بیرەوەرییەکانی لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە. بەشی دوازدەهەم هۆنراوە و شیعرەکانیەتی، شیعرەکانی جۆراوجۆرن و چیرۆکی خۆی و هۆگربوونی بۆ شیعری دەگێڕێتەوە(٦٨). بەشی سیازدەهەم بابەتی فرەجۆرن، وەک: وتە و قسەی خەڵک، پەندی پێشینان، ناو کورتکردنەوە لای کوردەکان و چەند بابەتێکی تر. لە کۆتایی کتێبەکەدا کە ناوی لێ ناوە پاشکۆ، بەتایبەت باسی باوکی خۆی دەکات و هەروەها هەندێک وێنەی مێژوویی جۆراو جۆر لە کۆتایی یادەوەرییەکاندا هەیە(٦٩).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. ناهیدەی شێخ سەلام: ئەوەی لەبیرمە، ئا: چیمەن ساڵح، ١٩٩٩، ل٧.

٢. ناهیدەی شێخ سەلام: هەمان سەرچاوە، ل٧.

٣. ناهیدەی شێخ سەلام: هەمان سەرچاوە، ل٨.

٤. ناهیدەی شێخ سەلام: هەمان سەرچاوە، ل١٣-١٦.

٥. ناهیدەی شێخ سەلام: هەمان سەرچاوە، ل١٩-٢٧.

٦. ناهیدەی شێخ سەلام: هەمان سەرچاوە، ل٢٨، ٣١،٣٨

٧. ناهیدەی شێخ سەلام: هەمان سەرچاوە، ل٤٩، ٦٩، ٧١.

٨. د. سامیە شاکر سادق: سێ بێ (بەستە پیازە – بەغدا – بەرلین) بەشێک لە بیرەوەرییە سەختەکانی ژیانم، ٢٠١٨، ل٨-١٢.

٩. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل١٥-١٧.

١٠. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل٢٠-٢٤.

١١. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل٢٥-٢٦.

١٢. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل٣٨، ٤٠.

١٣. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل٥٤، ٥٧.

١٤. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل٦٠، ٦٧.

١٥. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

١٦. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل١٠٢، ١٥٢.

١٧. د. سامیە شاکر سادق: هەمان سەرچاوە، ل١٧٠.

١٨. درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە: کورتەیەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل٥.

١٩. درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە: هەمان سەرچاوە، ل٦، ٩، ١٢.

٢٠. درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە: هەمان سەرچاوە، ل٢٨، ٣٠، ٣٣ ،٣٨، ٤١، ٤٦، ٥٢.

٢١. درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە: هەمان سەرچاوە، ل٥٨، ٦٧، ٩١.

٢٢. درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە: هەمان سەرچاوە، ل٧٣، ٨١، ٨٧.

٢٣. درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە: هەمان سەرچاوە، ل٩٢، ١١٧، ١٢٥.

٢٤. درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە: هەمان سەرچاوە، ل١٣١، ١٣٥.

٢٥. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەندێک لە بیرەوەرییەکانی

خاتوو بەهییە مەعروف بەرزنجی، ئا: لوتفیە ئیبراهیم سالّح، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨-٩.
٢٦. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل٣-٥.
٢٧. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل١٣-١٩.
٢٨. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل٢٠.
٢٩. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل٢٣، ٣٢، ٣٥.
٣٠. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل٣٩، ٤٥، ٦٢، ٧٥.
٣١. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل٧٨-٧٩. ٨٢.
٣٢. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل٩٧، ١٠٣، ١١٥، ١١٧-١١٩، ١٢٦.
٣٣. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل١٢٧، ١٥١-١٦٤.
٣٤. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل١٦٥-١٦٩، ١٧٣-١٧٥، ١٧٩.
٣٥. بەهییە مەعرووف بەرزنجی: هەمان سەرچاوە، ل١٨٣-١٩٦.
٣٦. پرۆفیسۆر پاکزە ڕەفیق حیلمی: کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٥.
٣٧. پرۆفیسۆر پاکزە ڕەفیق حیلمی: هەمان سەرچاوە، ل٧.
٣٨. گەلاوێژ: بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢، ١٣، ٢٨.
٣٩. گەلاوێژ: هەمان سەرچاوە، ل٦-٧.
٤٠. گەلاوێژ: هەمان سەرچاوە، ل١١-١٤.
٤١. زەکیە ڕەشید: شارێک لە دڵی ژنێکدا، یاداشت و بیرەوەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٦.
٤٢. زەکیە ڕەشید: هەمان سەرچاوە، ل١٣.
٤٣. زەکیە ڕەشید: هەمان سەرچاوە، ل٢٨...، ٦٠...، ١٢٧.
٤٤. زەکیە ڕەشید: هەمان سەرچاوە، ل٨١-٨٣، ٩٠...
٤٥. زەکیە ڕەشید: هەمان سەرچاوە، ل١٤١...
٤٦. زەکیە ڕەشید: هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤-٢٢٥، ٢٢٧...، ٢٣٤...
٤٧. جەمیلە شێخ مەحموود (کۆژین): بیرەوەرییەکانی کۆژین، ڕۆژانی کاری ڕێکخستن لە ریزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، چاپخانەی حەمدی، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٠.
٤٨. جەمیلە شێخ مەحموود (کۆژین): هەمان سەرچاوە، ل١٥، ٢٤-٢٥، ٢٨، ٤٢، ٥٧-٥٩.
٤٩. جەمیلە شێخ مەحموود (کۆژین): هەمان سەرچاوە، ل٦٩، ٩٩.
٥٠. مەهاباد قەرەداغی: چلچرا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٨-٩.
٥١. مەهاباد قەرەداغی: هەمان سەرچاوە، ل٣٦.
٥٢. مەهاباد قەرەداغی: هەمان سەرچاوە، ل٤٢، ٥٧.
٥٣. مەهاباد قەرەداغی: هەمان سەرچاوە، ل١٧٧، ١٩٨، ٢٣٠، ٢٣٨.
٥٤. مەهاباد قەرەداغی: هەمان سەرچاوە، ل٢٦٨، ٢٩٨.
٥٥. شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی: چیرۆکەکانی ژنێک، بیرەوەرییەکانی شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی، چاپخانەی بینایی، ٢٠١٤، ل٥، ٧، ٣٦...
٥٦. شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی: هەمان سەرچاوە، ل٥٢-٥٣، ٧٨، ٩٣.
٥٧. شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی: هەمان سەرچاوە، ل١٥٤، ١٥٧، ١٧٢، ١٨٧، ٢٠٥.
٥٨. شوکریە حەمەد ئەمین ڕواندزی: هەمان سەرچاوە، ل٢٤٠...
٥٩. ویداد خالیس ئەلقازی: چەند وێستگەیەکی تەمەنم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٠،٨-١٤، ٢٣...
٦٠. ویداد خالیس ئەلقازی: هەمان سەرچاوە، ل٣١، ٥٥، ٨١، ١٠٤.
٦١. ویداد خالیس ئەلقازی: هەمان سەرچاوە، ل١٣٤، ١٥٠، ١٨٠، ١٩٤، ٢٢٢، ٢٦٣.
٦٢. ویداد خالیس ئەلقازی: هەمان سەرچاوە، ل٢٩٤...
٦٣. پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار: وەرد، بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی و دابونەریتی دانیشتووانی و دەوروبەری بە شیعر و پەخشان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٧، ل١، ٩.
٦٤. پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار: هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، ل٦١، ١٢٢.
٦٥. پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار: هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، ل١٧٧، ١٤٥، ٢٠٦...، ٣١٧، ٣٣٨...
٦٦. پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار: هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، ل٤٧٥، ٥٣١، ٥٤٦...
٦٧. پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار: وەرد، بیرەوەریم لەسەر شاری سلێمانی و دابونەریتی دانیشتووانی و دەوروبەری بە شیعر و پەخشان، بەرگی دووەم، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٧، ل٧٠٦، ٧١٦...، ٨٧٥.
٦٨. پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار: هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل٨٧٨، ٨٩٧، ٩٢٦، ٩٦٥.
٦٩. پاکیزە کاکە حەمە ئەمین عەتار: هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل١١٣٢، ١١٣٦، ١١٦٣...، ١٢٠٩، ١٢٥٩.



دەمەتەقێی گرووپی گوڵنار لەگەڵ

شەفیقی حاجی خدر؛ نووسەر و وەرگێڕ لە بارەی

# بایەخ و ڕۆڵی یادەوەرییەکان لە نووسینەوەی مێژوودا

«شەفیقی خاجی خدر» یەکێکە لە وەرگێڕە لێزان و کوردیزانەکانی ئەمڕۆی کورد، ئەو ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمی نووسینەکانەوە وەردەگێڕێت بۆ کوردی، بەشێکی زۆری بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی «شەفیقی حاجی خدر» بریتین لە بیرەوەری و یاداشتەکانی کەسایەتی و بەرپرسانی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەمە جگە لەوەی کە خۆی خوێنەر و بەراوردکارێکی بەردەوامی کتێبی یاداشت و بیرەوەرییەکانە، بەتایبەت بەراورد لەنێوان یاداشت و بیرەوەریی نووسەر و کەسایەتییە کوردەکان لەگەڵ یاداشت و بیرەوەریی نووسەر و کەسایەتییە جیهانی و بیانییەکان. لەم دەمەتەقێیەدا بەوردی جیاوازی دەکات لەنێوان یاداشت و ژانرەکانی دیکەی گێڕانەوەدا، بەوردی باس لە مەرج و پێوەر و شێوازی یاداشت و بیرەوەریی سەرکەوتوو دەکات، بەو پێوەر و مەرجانە یاداشت و بیرەوەرییە کوردییەکانیشمان بۆ هەڵدەسەنگێنێت.

**گوڵنار: بیرەوەری چییە و جیاوازییشی لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی گێڕانەوەی ئەزموونی کەسەکی چییە؟**

شەفیق حاجی خدر: بیرەوەری لەگەڵ هەر یەکێک لە بایۆگرافی و ئاوتۆبایۆگرافی و ڕۆژژمێردا، سەربردە و چیرۆکی ژیانی کەسێک دەگێڕنەوە. چەقی بازنەی هەموو ئەو جۆرە گێڕانەوانە تا ڕادەیەکی زۆر لە یەک نزیکە، لە خوردکردنەوەی هەندێ سەرەداویشدا هەر یەکن، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییان هەر لە نێواندا هەیە، ئەوسا جیاوازییەکە چ لە نووسەر بێ یان لە بابەتەکە بێ بەگشتی یان لە کاتبەندیی نێوانیان بێ. جارێ لە پێشەوە بایۆگرافیا، ژیاننامەی کەسێکە لەلایەن یەکێکی دیکەوە نووسراوە، ئەمەش خاڵیکی جەوهەریی جیاوازییەکەیە. هەڵبەتە لێرەدا بمانەوێ و نەمانەوێ جیاوازییە سەرەکییەکەیە، بێگومانیش ڕاوبۆچوونی نووسەرەکە لەسەر کەسی بابەت دێتە گۆڕێ. هەر چی ئاوتۆبایۆگرافیایە، هەر هەمان ژیاننامەیە، بەڵام لەلایەن ماخۆکە خۆیەتی.

لە ژیاننامەدا کەسی مەبەست بە هەموو دەوروبەرەکەی، بە ژینگەکەی، بە کار و بەرهەمەکانی، دەبنە سەرەداوی سەرەکیی باسوخواس، تا ڕادەیەکی زۆر بابەتیبوونی تێدایە، چونکە لەم کارەدا تەنیا پشت بە گێڕانەوەی خودەوە نابەسترێ، بەڵکوو بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و دیدار و داتا و هەموو ئەو شتانەی دەوروخولی کەسەکەیان داوە. هەر چی لە بیرەوەریدا حاڵەتەکە زیاتر لەسەر کەسی گێڕەرەوە چڕ دەبێتەوە، ئیدی چاوی ئەو بەردەبازە بۆ پەڕاندنەوەی هەموو شتە خۆیی و بابەتییەکان لە ماوەیەکی زەمەنیی دیارکراودا، یان سەبارەت بە ڕووداوگەلێکی دیاریکراو.

زۆریش وایە ژیاننامە سەرلەبەری ژیانی کەسە بەئامانجگیراوەکە دەگرێتەوە، لەوانەیە گشتگیری بە سەریدا زاڵ بێ، هەر چی بیرەوەرییە لەوانەیە قۆناغبەندیی ژیان، یان ڕووداوگەلێک زیاتر باڵکێش بێ، هەروەها لە گێڕانەوەی بیرەوەریدا لێکدانەوە و شرۆڤە وەک پاشخانێک ئامادە دەبێ. دەرەنجام و تێڕامانی تایبەت لە بیرەوریدا زیاتر دێتە پێش، ئاخر شتەکان بەسەرپێیی تێناپەڕن، چونکە بیرەوری زیاتر بە ئامانجێک دەکرێ تا تیشک بخرێتە سەر قۆناغێکی زەمەنی یان ڕووداوێکی تایبەت. هەروەها بیرەوەری زیاتر لە پرسی عیبرەت و ئاگادارکردنەوە و دەرس و پەند نزیکتر دەبێتەوە، تا نووسینەوەی ژیاننامە بە هەردوو لقەکەیەوە.

لە ژیاننامەدا، بەتایبەتی ئەوەی لەسەر کەسێک دەنووسرێ؛ ناوبانگ، دیاربوون، بەرهەمداری، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریی کەسەکە دەبێتە سەنگی مەحەک، چونکە ژیاننامە بۆ کەسانێک نییە کە لەنێو بۆتەی ئاسایی ژیان و خەڵکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەدا قاڵ ببنەوە و کاریگەرییەکی تایبەتمەند بە خۆیان نەبێ. لەم جۆرە ژیاننامەیەدا شوێنەوار و جێماوی کەسەکە، کردار و بەرهەمی

کەسەکە، حوکم بەسەر ئەوەدا دەکرێ ئاخۆ ڕەوتی ژیانەکەیان بنووسرێتەوە یان نا، پشکی شێریش زیاتر بە سیاسییەکان و زانایان و هونەرمەندان دراوە.

هەڵبەتە لەگەڵ پێشکەوتنی هزر، شێوازی گێڕانەوەی شتە تایبەتی یان ئەو شتانەی ڕەهەندی تایبەتی و گشتییان بەیەکەوە گرێ داوە، هەیە. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار؛ وردەکاری، جیاکاری و دابەشکاریی زیاتر جێگەی خۆی گرتووە، بۆ نموونە لە بەراییەوە، لەوانەیە هەموو ژانرەکانی گێڕانەوە کە تاکی نووسەر یان ئاخێوەر تێیدا چەقی بازنە بووە، لە یەک سەرچاوەوە هەڵقوڵاون، یان بە واتایەکی دیکە هەر یەک شت بووە، ئیدی ژیاننامە، بەتایبەتی هیی کەسانی دیکە، ڕووداوگەل و جوگرافیابینی لە دووتوێی گەشتنامەدا، پاشان بیرەوەریی هەموویان لە قاڵبێکدا بووە، جیاکردنەوەی ئاسان نەبووە، هەر ئەوانەش بوونەتە سەرچاوەی مێژوو، یان خۆیان بوونەتە کتێبی مێژوویی.

هەر چی ئاوتۆبایۆگرافی، دەکرێ هەندێ جار وەک مێژوو بزانرێ و دەکرێ ناوەرۆکەکەی بۆ ماددەی مێژوویی بەکار بێ، هەر چەندە ژیاننامە و بایۆگرافی ئەگەری هەیە لە هێنانەوەی ڕاستییەکان سەرچیخ بچن، ئیدی ئەرکەکە دەکەوێتە سەر بابای بایۆگرافنووس، کە بەدوای ڕاستییە مێژووییەکان و شاهیدهێنانەوە بۆ نووسینەکەی بگەڕێ.

**گوڵنار: جەنابت باس لەوە دەکەیت کە وا زۆر جار دەگونجێت ژیاننامە و بایۆگرافی لە هێنانەوەی ڕاستییەکاندا بەهەڵەدا بچن، یا زیادەڕەوی یا کەمرەوی بکەن لە گێڕانەوەدا، پێوەر و بەڵگەمان چییە کە وا یاداشت و بیرەوەرییەکانیش نەکەونە ناو هەمان هەڵە و کەموکورتییەوە؟**

شەفیق حاجی خدر: بەڵێ دەکرێ یادەوەرییش بە هەمان مەرەد بڕۆن، چونکە لەسەر بنەمای وەبیرهاتنەوەی کەسی نووسەر دادەڕێژرێ، یان کاتێک ماخۆی یادەورینووس باسی ڕووداوێک یان پێشهاتێکی زەمەنی ڕابردوو دەکا، ئەوا قسەی لەسەر نییە، تاکڕەهەندییانە باسی دەکا، هەڵبەتە لە ڕووی کاریگەری، لە ڕووی بەرتەک، لە ڕووی پێوەسەرسامبوون، یان لە ڕووی دژوەستانەوە دەیهێنێتە گۆ. لێرەدا ئەگەر نووسەرەکە زۆر وشیار نەبێ، دەکەوێتە بن باری هەستوسۆزی تاکەکەسیی خۆی، هەستوسۆزیش هەر بە یەک سەرە دەڕوا، یاخود دەکرێ ڕووداوەکە ئەوەندە گرنگ بێ زیاتر لە دیوێکی هەبێ، ئینجا بابای نووسەری یادەوەری، لەبەر هەر هۆیەک بێ دیوەکەی دیکەی ڕووداوەکەی لێ دیار نەبێ، بەم جۆرە و لە ئاکامدا دەکرێ خوێندنەوەی نووسەر بۆ ڕووداوەکە بکەوێتە نێو دەرەوەی بازنەی ڕاستیی ڕووداوەکە. خۆ ئەوەش زۆر لە گوینە کە نووسەر بەئەنقەست بۆ بەلاڕێدابردن، لە نیازپیسییەوە بۆ چەواشەکردن وەها بکا، کەواتە سەرەداوەکان لەدەست دەدا، بۆیە ئەرکی ڕاست تێگەیشتن، یان ڕاستکردنەوە دەکەوێتە سەر شانی خوێنەری جددی، هەروەها دەکەوێتە سەر شانی مێژوونووس. خۆ ئەگەر جارێکی دیکە وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا ئەم بەرسڤە لە هەندێ شوێن هەر تێکەڵ بە سەرەداوی بەرسڤی دیکە دەبێتەوە، نەخاسمە لە پرسی بابەتی و کەسەکیبوونی نووسەر، بۆیە خوێنەر زۆر جار لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە ژانرەی نووسیندا دەکەوێتە سەر دووڕیان.

**گوڵنار: تا چەند بیرەوەرییەکان شیاون وەک سەرچاوەی ڕەسەن سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ نووسینەوەی مێژووی گەلی کورد؟**

شەفیق حاجی خدر: لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: ئایا بیرەوەری بە مێژوو دادەنرێ؟ مەبەستیش لە مێژوو، نووسینەوەی مێژووە بە واتا نووسراوە ئەکادیمییەکە. لە ڕووە گشتییەکە، لەو دیوەی کە بیرەوەری باس لە زەمەنی ڕابردوو دەکا، چونکە بیرەوەری باس لە قۆناغێک یان ڕووداوێکی ڕابردوو دەکا، ئەمە بێگومان دەچێتە خانەی مێژوو

بەگشتی، بەڵام ئایا دەچێتە خانەی نووسینەوەی مێژوو، یان مێژوویەک کە مێژوونووسێک بە شێوەیەکی بابەتییانە نووسیبێتیەوە، لێرەدا چەند سەرەداوێکی دژبەر دروست دەبن. ئاخر مێژوونووسان بۆ شیکردنەوەی مێژوو، پشت بە بەڵگە و هۆکارەکانی دیکەی ڕوونکردنەوەی مێژووییەکە دەبەستن، تا ڕادەیەک بابەتی لێی دەڕوانن، هەروەها هەوڵ دەدەن لە دوو گۆشەی دژبەر یان زیاتر لێی بڕوانن. بۆیە کاتێک مێژوونووسێک باسی ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی دەکا، ئەوا هەوڵ دەدا لە هەموو ڕەهەندەکانی بکۆڵێتەوە، باسەکە هەروەک ڕووداوێکی ڕووت نەهێنێتەوە. هەر چی خاوەنی بیرەوەرییە، ئەوا زیاتر لە تاکڕەهەندیی کارانگازبوونی خۆیەوە بۆ پرسەکان دەچێ، یان بۆچوون و تێگەیشتنی ئەو دەبێتە سەنگی مەحەکی لێکدانەوە و ڕاڤەکردن، بەڕەوابینین و یان دێواندن، دیارە پشتیش بە بەڵگە بەستراوە، بەڵام بەڵگەی خود کە لەوانەیە لە هەندێک دۆخدا بەڵگەکە زۆر بەهێز بێ، بەتایبەتی کە ماخۆیەکە شاهید بووبێ بەسەر حاڵەتەکە، یان خولقێنەر یان کارتێکەری بووبێ. ئیدی بەم شێوەیە بەگشتی بیرەوەری دەبێتە ماددەیەکی خاو یان سەرچاوەیەک بۆ مێژوونووس سوودی لێ ببینی، پشتڕاستی بکاتەوە یاخود بە بەڵگە و بەندەوە ڕەتی بکاتەوە.

**گوڵنار: نەوشیروان موستەفا ئەمین لە یەکێک لە یاداشتەکتێبەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، من لە نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکانمدا مێژوو نانووسمەوە، چونکە من ناتوانم بێلایەن و سەربەخۆ سەیری ڕووداوەکان بکەم، خۆم لە ڕووداوێکدا بووبێتم و دژی لایەنێکی تر جەنگابێتم، ناتوانم سەروەری و سەرکەوتن و کاری جوان بدەمە لایەنەکەی دیکە، چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم لایەنەدا بکەین؟**

شەفیق حاجی خدر: بەڵێ، ئەم وەڵامە ڕاستگۆیەتیی خۆی دەردەخا، دەرخەری ڕەهەندە کەسەکییەکەی نووسەرە. کاتێکیش کار وەها بڕوا، کەواتە هەقە هاوکێشەکە فراژی بکرێ، ئیدی لێرەدا ئەوەی دەنووسێتەوە وەک مێژوو (مەبەست چەمکی نووسینەوەی مێژووە) لێی وەرناگیرێ، بەڵکوو وەک لایەنێک لە ڕووداوێکی مێژووی، وەک سەرچاوەیەک، کە دەکرێ مێژوونووسان بۆ ڕاستی و دروستی یان بۆ تانەدان ئاماژەی پێ بکەن. لێرەدا ڕەهەندێکی دیکەش دێتە گۆڕێ، چونکە کاتێ کاک نەوشێروان ئەم قسەیە دەکا، ئەوا مەبەستی لە نووسینەوەی سادە و ڕووتی هەستوسۆزی تاکەکەسیی خۆی نییە کە سەبارەت بە ڕووداوێکی ئاسایی بینووسێتەوە، بەڵکوو ئەو لە ئەنجامی کەسێکی دیار لە مێژووی بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەی گەلێک لە دژی زوڵم و ستەم، بە ڕەوای دەبینێ لایەنداریی خۆی لە نووسینەوەدا ڕابگەیەنێ. لێردا دوو دیوی دۆزەکە دێنە گۆڕێ، دیوی خەبات و تێکۆشانی گەلێکی ستەمدیدە لە پێناو ئازادی، دیوێکی دەسەڵاتی خۆسەپێنەر بەسەر گەل، کە لەم حاڵەتەدا ڕێژمی عێراقە. هەڵبەت لێرەدا کاتێ هەستوسۆزی نووسەر هیی گشتی و گەلەکەی بێ، ئەوا ڕاستگۆیەتیی خۆی بەدەست دێنێ.

**گوڵنار: بۆچی ئێمەی گەلی کورد درەنگ دەستمان کرد بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانمان؟**

شەفیق حاجی خدر: سەبارەت بە پرسیاری بە درەنگکەوتنی نووسینەوەی بیرەوەری لای ئێمە، هەڵبەتە وەڵامەکە دەگەڕێتەوە بۆ خودی نووسین لای ئێمە کە بە شێوەیەکی گشتی دوا کەوتووە. لای ئێمە شیعر سەرمەشق بووە، هەر چی پەخشاننووسی بوو، ئەوا تەمەنەکەی بۆ «عادات و ڕسوماتنامە»ی «مەلا مەحموودی بایەزیدی» و پاشان بۆ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دەگەڕێتەوە، ئەمەش مێژوویەکی زۆر کۆن نییە. هەر چەندە لەم دواییانەدا بە ساغکردنەوەی مامۆستایان

«دڵشاد هیوا» و «سەنا حەسەن» کتێبی «الامثال و الحکایات»، بەرگی یەکەمیان خستۆتە ڕوو، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٨١٢ دەگەڕێتەوە، ئەمەش وەرگێڕانی کتێبێکی عەرەبیی «ژان لوی ئاسۆلان دو شێرڤیل»ی فەرەنسییە، کە هەردوو مامۆستای ناوبراو خەریکی ساغکردنەوەی زیاتری ئەم گەنجینەیەن. خۆ ئەگەر ئەم کتێبەش بە سەرەتای نووسینی کوردی دابنێین، کەچی هەر کۆڵەوارین، چونکە دواتر تا دەگاتە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم و هەورازتریش، ژمارەی کتێبی کوردی هەر بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران. جا ئەگەر ئەمە دۆخی نووسین بێ بەگشتی بە هەموو بوارەکانی نووسینی پەخشانئامێز، ئەوا بێگومان دەرخەری باری کڵۆڵ و لاوازی نووسینەوەی بیرەوەرییە لای ئێمەی کورد.

مەرجەکانی بابەتیبوونی نووسینەوەی بیرەوەری، یان بە شێوەیەکی دیکە: ئەو مەرجانەی وا لە کتێبێکی بیرەوەری دەکا ببێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی، هەروەک چۆن پێشتر ئاماژەمان پێ داوە، چەند مەرجێکن، لەپێش هەموویان ڕاستگۆیی و بابەتیبوونی نووسینەکە. ئەوەی ڕاستی بێ، ناکرێ لە ماخۆی بیرەوەرینووس لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕووداوێک کە بووبێتە جێسەرنجی ئەو، بابەتی بێ. بابەتیبوون بەو مانایەی وەک توێژەرێک بەدوایدا چووبێ و هەموو لایەنەکانی لێک دابێتەوە، چونکە ئەو لە چاوی خۆی، لەژێر باندۆری هەستوسۆز بۆ باسەکە چووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە هێنانەوەی زەمەنبەندی ڕووداوەکە و بەدوایی‌یەکداهاتن و ڕۆڵگێڕە سەرەکییەکانی ڕاستگۆ و بابەتی بێ.

بەداخەوە لەبەر پرسی تەسکی ململانێی حزبی و کەسی لە ڕەوتی خەباتی سیاسییانەی کورددا، حاڵەتێکی وەهای هێناوەتە پێش کە هەندێ بارگرانیی مەیدانی لە شەڕی ناوخۆ و ملشکاندنی یەکدی لە نووسینەکانیش بەدەر بکەوێ، نەخاسمە لە بیرەوەرییەکانیشدا ڕەنگ بداتەوە. ئیدی کابرای بیرەوەرینووس خۆی لێ بووەتە پاڵەوان و خەتی ڕاست و چەپ بەسەر بەرانبەرەکەیدا دەهێنێ. هەڵبەتە ئەم کارە بەلاڕێدابردنە، نیشانەی پرسیاری گەورە و جددیی دەکەوێتە سەر، لە کاتێکدا بچێتە نێو بۆتەی گێڕانەوەی ئەڵقەی بازنەیەکی مێژوویی گشتی.

لای ئێمە هەر لەبەر باری ناجۆر، لەبەر پرسی ترس، بەداخەوە هەندێ لە بیرەوەری زۆر دواکەوتوون، واتە لە کات و ساتێکدا نووسراون یان بڵاو کراونەتەوە کە بە بەراورد بە زەمەنی پێش خۆیان باندۆرەکەیان لاوازە، هەڵبەتە ئەمەش پەیوەندیی بە ڕۆڵگێڕە سەرەکییەکان و ترس و بارودۆخی سیاسییەوە هەیە. یان هەندێک لەو یاداشتنووسانە، بیرەوەرییەکانیان بە چەندین بەڵگەنامە هاوپێچ دەکەن، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان خودی نووسینەکەی خۆیان بە بەڵگە تێدەگەن، کە پێم وایە ئەمە سەرچیخچوونە لە حوکمداندا، چونکە سەلماندن وەک بەڵگە یان نا، مافی کەسی دیکەیە کە بە شێوەیەکی بابەتییانە حوکم بدا، نەوەک ماخۆی یاداشتنووس، ئاخر لێرەدا پرسی تاکڕەهەندییانەی خۆی دەبێتە سەنگی مەحەک.

چۆن نووسینەوەی یادەوەری ڕێک بخرێتەوە، چۆن هەوڵی ئەوە بدرێ کە ماخۆکانیان هان بدرێن، چۆن ئەم بابەتە لە بوارە بەرفراوانەکەی نووسینەوەدا ببێتە کولتوور؟ هەڵبەتە هەویری ئەمە ئاوی زۆری دەوێ، چونکە ئێمە لە دۆخێکداین کە تا ئێستا خوێندنەوە لەگەڵ پێویستی و سادەیی خۆی نەبووەتە کولتوور، چ چای نووسینەوەی بیرەوەری!

**گوڵنار: تا چەند بیرەوەرییەکان شیاون وەک سەرچاوەی ڕەسەن سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ نووسینەوەی مێژووی گەلی کورد؟**

شەفیق حاجی خدر: لەژێر تیشکی

ڕوونکردنەوەی سەرووو سەبارەت بە بیرەوەری، هەروەها سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئەم ژانرە نووسینە تا چەند دەچێتە خانەی نووسینەوەی مێژوو، یاخود سەرچاوە و دەراوییێک بۆ مێژوونووسان، ئەوا بێگومان سەرەداوێکی گشتیی وەڵامەکەمان لە بەرسڤی پرسیاری پێشووتان سەبارەت بە پێناسە و ڕاڤە و بوون بە سەرچاوەی بیرەوەری دەست دەکەوێ، بەڵام بۆ ئەوەی دەقاودەق وەڵامەکەمان پڕ بە پێستی پرسیارەکەتان بێ، ئەوا هەر دەبێ بۆ جاری یەکەم و وەک ڕێسایەکی گشتی پەنا بۆ وەڵامە گشتییەکە بەرین، ئینجا دوای ئەوە بێینە سەر کرۆکی باسەکە و پەیڕەوکردنی بەسەر ڕەوشی خۆماندا.

بەڵێ، خۆ ئەگەر هاتوو لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکاندا مەرجە بابەتییەکان، هەر هیچ نەبێ ڕاستگۆیی تێدا پەیڕەو بکرێ، ئەوا دەکرێ بیرەوەرییەکان ببنە سەرچاوەیەکی باشی مێژوو. بۆ ئێمەی کورد بیرەوەری لە دوو سەرەوە زۆر گرنگە، بەڵام بە هاوکێشەی ڕێسا گشتییەکە:

یەکەمیان: لەبەر ئەوەی هەر بەڕاستی مێژووی ئێمە کەم نووسراوەتەوە، ئەوەشی نووسراوەتەوە، لە دەرەوەی بازنەی ئیرادەی خەڵکەکە نووسراوەتەوە. خۆ ئەگەر بەو پێودانگەش بڕۆین کە دەگوترێ مێژووبرەوەکان دەینووسنەوە، کەواتە مێژووی ئێمە بە دەستی ئێمە نەنووسراوەتەوە. هەڵبەتە ئەوانەی لە ڕەوتی دووروودرێژی مێژووش لە ئێمەیان بردۆتەوە، شتێک نانووسنەوە کە بەدڵی ئێمە بێ. خۆ ئەگەر لە سەردەمی هاوچەرخیشمان مێژوونووسی بیانی هاتبن و خەرمانەیەکیان لەو بوارەدا بەجێ هێشتبێ، لێرەشدا دەبێ بەوریاییەوە سەوداکەر بین، چونکە دیارە ئەو تێزە زانستییانەی بۆ ماستەر و دکتۆرا لە بواری مێژوودا لەسەر ئێمە نووسراون، پشتیان بە بەڵگەنامە بەستووە، لێرەدا خودی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکانیش لە لایەنداری بەدەر نین. ئاشکرایە بەڵگەنامەکانیش هیی دامودەزگای دەسەڵاتی براوە بوونە، هەر چەندە لەوانەیە لە هەندێ شوێن، لە ناوبردنی ڕووداو و پێشهاتە مێژووییەکان ڕاستییان تێدا بێ، بەڵام لە هۆکار و بەرەنجامدا هەر بەلای خۆیاندا شکاندوویانەتەوە. بۆیە بواری مێژوو، ڕۆچوون بەنێو کتێبە مێژووییەکاندا، کە لە دیدی ئێمەوە نەنووسراونەتەوە، ئەمە ناگەیەنێ کە وەک خۆیان وەربگیرێن یان بانگەوازی بابەتیبوونیان بۆ بکرێ. بۆیە لێرەدا پرسی هەنووکەیی حەوجەداربوونی خۆمان بۆ نووسینەوەی مێژوو دێتە گۆڕێ، کە ئەم ئاهووتە (بۆشاییە)ش بەتەواوی پڕ نەکرابێتەوە، ئەوا دەکرێ مێژوونووسمان پەنا بۆ بیرەوەرییەکان ببەن و وەک و سەرچاوە بەکاریان بهێنن.

دووەم: عادەت وایە بیرەوەرنووسەکان شایەتحاڵی ڕووداوەکانی ئەو مێژووە بن کە دەیگێڕنەوە. بێگومان ڕاستگۆیەتیی شاهیدیش سەنگی مەحەکە بۆ هەر حوکمدانێک. لێرەدا بە بەراوردکردنی بیرەوەرییە ناکۆکەکان، کاکی مێژوونووس بەئاسانی ڕاستی و دروستی یان نیازکردەی نووسەرەکەی بۆ دەردەکەوێ.

بۆیە بەگشتی بیرەوەرییەکان بە لەتەتەڵەدانیان بە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی مێژووی گەلی کورد دەناسرێنەوە، بەڵام بۆ مێژووی هاوچەرخ نەوەک دوور، چونکە لێرەدا گرفتی تازەبوونی نووسینەوە یان گێڕانەوەی بیرەوەری دێتە گۆڕێ. ئاخر لە هەموو خوێنەرێک ڕوونە کە کردەی نووسینەوە، لە نێویدا نووسینەوەی مێژوو لەنێو ئێمەدا بابەتێکی نوێکردەیە، چ جای نووسینەوەی بیرەوەری کە لەوانەیە هەر بۆ چەند دەیەیەکی پێشتر بگەڕێتەوە، بۆیە دیسان ئەو پەردە تاریکەی بەسەر مێژووی کۆن و دوورماندا دراوە، لەوانەیە بەئاسانی هەڵنەدرێتەوە.

**گوڵنار: ئایا ئەو بیرەوەرییانەی سەرکردە و کەسایەتییە کوردەکان دەینووسنەوە، تا چەند خزمەت بە مێژووی گەلەکەمان دەکەن؟**



**لەبەر پرسی تەسکی ململانێی حزبی و کەسی لە ڕەوتی خەباتی سیاسییانەی کورددا، حاڵەتێکی وەهای هێناوەتە پێش کە هەندێ بارگرانیی مەیدانی لە شەڕی ناوخۆ و ملشکاندنی یەکدی لە نووسینەکانیش بەدەر بکەوێ.**

شەفیق حاجی خدر: ئەوەی ڕاستی بێ بیرەوەری زیاتر هیی ئەو کەسانەیە کە لە ڕووداوێکی مێژووییدا دروستکەر یان کارلێکەر یان بەشدار بوون، دەکرێ بینەرێکیش، بێ ئەوەی خۆی کاریگەریی بەسەر ڕووداوەکانەوە هەبێ، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕووداوەکە یان پێشهاتە زەمەنییەکە بەسەر ئەوەوە کارانگاز بێ، بیرەوەری یان ڕوانینی خۆی بۆ ئەو ماوە زەمەنییە لە دووتوێی یاداشتدا بنووسێتەوە، یاخود کەسێک ئاگای لە ڕووداوەکان هەبێ، ڕووداوەکانیش جێگەی بایەخ بن، مقۆمقۆ و ناکۆکی لە هێنانەوەی هۆکار و بەرەنجامەکانی لێ بکەوێتەوە، ئیدی کەسەکە پێی وا بێ بۆ ڕاستکردنەوەی سەرەداوە مێژووییەکە لە دووتوێی گێڕانەوەی خۆی؛ بیرەوەرییەکە دەنووسێتەوە، ئەمانە هەمووی ئەگەرن و دەبن و مایەی تێڕامانیشن. لێ گەلۆ کاتێک پرسەکە دەچێتە نێو بازنە و جوغزێکی تەسک و دیاریکراو، بەوەی سەرکردە و کەسایەتییە کوردەکان بە نووسینەوەی بیرەوەریی خۆیان تا چەند لە ڕاژەی گەلەکەی خۆیاندا بن، بەدەر لە وەڵامە گشتییەکە کە پەنا دەباتە بەر پێوەرە ستاندارەکان، هەقە لەسەر هەندێ لایەنی وردەکاری هەڵوێستەیەک بکەین و هەم بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی بە بەڵگەوبەند و هەم بە بوێرییش تاووتوێی باسەکە بکەین.

لێرەدا شتەکە دەکەوێتە سەر ناوەرۆکی ئەوەی دەینووسنەوە، یان پێناسەی ئەوەی کێ بە سەرکردەی کورد یان بە کەسایەتیی کورد دەناسرێ. ئەرێ ئەو کەسەی بیرەوەری دەنووسێتەوە، لە چاوی گشتی بە ڕاژەی خزمەتی نەتەوەیی دەنووسێتەوە، یاخود بە چاویلکەی قەوارە و حیزب و دەستەگەری و ڕوانینی سەرکردەییانەی خۆی دەنووسێتەوە؟ چونکە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی مایەی داخە، کورد لەسەر پێناسەی کەسی سەرکردە بە شێوەیەکی بەرچاو کۆک نییە. نەتەوەی ئێمە لەم بارەیەوە بەدەر لە دابەشبوونی هۆز و تیرە و بەرەباب و تەریقەتەکانی کە زۆریان لە پاشنوو نازناوەکانین خۆیان پێ هەڵدەدەنەوە، لەڕووی سیاسییشەوە، لەبەر ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان، پاشان لەبەر فرە حزبایەتی و لەبەر دەردی براکوژییش، پرسی بابەتیبوونی یادەوەریی هەر کەسێک بە سەرکردە بناسرێ، بەجددی دێتە گۆڕێ.

کاتێکیش بیرەوەرییەکە بەدەر بێ لەو ڕەخنە و سەرنج و تێبینییانە، ئەوا بێگومان کەسی سەرکردە یان کەسایەتییەکە کاتێ ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە ئاگای لە کون و کەلەبەرەکان هەیە، وەها دادەنرێ ڕاستگۆیەتیی باشی تێدا هەبێ، بەمەش گێڕانەوە و نووسینەوەیان خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەل و بابەتی نووسینەوەی مێژوومان دەکا.

**گوڵنار: زۆر جار سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکان بەگشتی و کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکانی ئێمە، بەتایبەت نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکانیان دەخەنە دوای مردنی دۆستەکانیان، ئایا دواخستنی نووسینەوەی یاداشت، گومان ناخاتە سەر وردی و ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان؟**



لای ئێمە هەر لەبەر باری ناجۆر، لەبەر پرسی ترس، بەداخەوە هەندێ لە بیرەوەری زۆر دواکەوتوون، واتە لە کات و ساتێکدا نووسراون یان بڵاو کراونەتەوە کە بە بەراورد بە زەمەنی پێش خۆیان باندۆرەکەیان لاوازە.

شەفیق حاجی خدر: زۆر جار وایە بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکان بکەوێتە قۆناغێکی درەنگی تەمەنەوە، هەندێ جاریش دەکەوێتە دوای کۆچی دواییکردنی ماخۆی نووسەر، هەڵبەتە هۆکارەکەشی بۆ بابەتە ورووژێنەرەکە دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وەخراندنی بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکان وەک لە پرسیارەکەدا هاتووە، ئەگەر هاتوو بە هۆکاری ئەنقەست بێ، بەدەر لە پێوەری هەڵسەنگێنەری خۆی، ئەوا زیان بە ڕەوتەکە دەگەیەنێ و لەوەش خراپتر گومان دەخاتە سەر بڵاوکردنەوە. من لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بۆ دیاردەیەکی دیکەش بکەم، دیاردەیەک لەوانەیە زۆرمان دەرکمان پێ کردبێ، ئەویش ئەوەیە لە ماوەی ئەو پێنج شەش ساڵەی ڕابردوودا کۆمەڵێک بیرەوەریی هیی خەباتگێرانی سەردەمی شاخی حزبەکان بڵاو بوونەتەوە، بۆ ئەوەی لە ئاماژەپێکردنەکەمدا وردتر بم، دوای نەخۆشکەوتن و دواتر کۆچی دواییکردنی هەریەک لە بەڕێزان «مام جەلال» و «کاک نەوشیروان مستەفا»، هەندێ بیرەوەری لەدوای مردنی ئەوان بڵاو بوونەوە، بیرەوەریی کەسانێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نووسەرەکانیان بە هەوادار و لایەنگر و پێشمەرگەی لایەنەکەی ئەوان حیساب دەکران. هەڵبەتە ئەوەی ئەوان بڵاویان کردووەتەوە، بابەتی گرنگن و پەردەیان لەسەر پرسی ورووژێنەر و بە مقۆمقۆ هەڵداوەتەوە، کەچی کات و ساتی بڵاوکردنەوەیان لە سەردەمی ژیانی هەردوو سەرکردە ناوبراوەکەدا نەبووە، لە کاتێکدا باس لە سەردەمێک دەکا کە هەردوو کەسی ناوبراو؛ دەستڕۆیشتوو و کەسی یەکەم و دووەمی نێو حزب و بزووتنەوە شۆڕشگێرییە چەکدارییەکە بوون. ئیدی لێرەدا پرسەکەتان جددییەتیی خۆی دەنوێنێ، بۆ وەها کەوتۆتەوە؟ ئایا لەبەر دژبەراییەک بووە لەگەڵ خودی ئەوان، یان لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو بیرەوەرییانە و کاری نەخوازراوی ئەو سەرکردانە؟ ئایا ترس بووە لە وەلام و وەلامکاری؟ یان هەر ئەوە بووە کە دەرفەتی بڵاوکردنەوە بەڕێکەوت وەها کەوتۆتەوە؟ ئینجا لە بەرسقی ئەم پرسانەدا دەگەینە ئەوەی ئاخۆ گومان لە ناوەرۆکی ئەو بیرەوەرییانە دەکرێ یاخود نا؟ ئاخۆ دواکەوتنی ئەو بڵاوکردنەوانە زیانی لە ڕوونکردنەوەی ئەو قۆناغە مێژووییە داوە یان نا؟ وەلامی هەموو ئەو پرسە ڕەوایانە، بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی کەسی خوێنەر و بە پلەی سەرەکییش کاتێک بابەتەکە بچێتە نێو بۆتەی نووسینەوەی مێژوو، ئەوا دەکەوێتە سەر شانی کونجکۆڵی کاکی مێژوونووس.

**گوڵنار: چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بکەین بە کولتوور لەناو میللەتی کورددا برەو بە نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشت بدرێت؟**

شەفیق حاجی خدر: وەڵامی پڕبەپێستی ئەم پرسە پەیوەستە بە هەندێ سەرەداوی دیکە، کە وەک زەمینەیەکی گشتی بۆ دۆزەکە دەبێ بێتە دی و بەرچاوڕوونیی باشی هەبێ. پێش هەموو شتێک، وەک لە یەک دوو شوێنی دیکەش ئاماژەی پێ درا، پرسی نووسین لای ئێمە؛ پرسێکی نوێکرد و تازەبابەتە، لەم بارەیەوە مێژووییەکی

تا ڕادەیەک کلۆڵمان هەیە، ئاهووتە (بۆشایی) نووسین تا ئێستاش لای ئێمە زۆر بەرفراوانە و پڕ نەکراوەتەوە. ئینجا ئەگەر بێین ئەم لایەنە بەوردی شی بکەینەوە، بە پرسە هەرە سەرەکییەکە گرێی بدەین، بەوەی نووسین بۆ کێ؟ بۆ چی؟ ئەوا لە بەرسڤدا ڕەهەندی خوێندنەوە بەزەقی دێتە پێش. لێرەدا ئەم پرسە هەر دەبێ بکرێ، ئەرێ خوێندنەوە لای ئێمە لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا بووەتە کولتوور؟ ئایا دەکرێ لەگەڵ ڕەوتی خوێندنەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەراورد بکرێ؟ ئیدی زنجیرەی ئەم جۆرە پرسانە دووررودرێژە.

دەکرێ لێرەدا هاوکێشەیەکی حاشاهەڵنەگر بێتە پێشەوە، خۆی وەها بسەلمێنێ و بڵێ هەر کاتێک تایەکی هاوکێشەکە ئەوە بوو کە خوێندنەوە بپەڕێتەوە بۆ ئاستێکی بەرفراوان، بەوەی بگوترێ بووەتە کولتوور، ئەوا لە بەرانبەریشیدا نووسین هەمان ئاست بگرە بەرزتریش وەردەگرێ، ئینجا دەمێنێتەوە سەر پۆلێنکردنی نووسین، کە بابەتی بیرەوەرییش ڕەهەندە ڕاست و دروستەکەی تێدا وەردەگرێ.

کاتێکیش بەگشتی سەیری ڕەوتی هەنووکەیی خوێندنەوە بکەین، بە داخ و کەسەرەوە دەبینین هێشتا هەر لەنێو لەپی کۆمەڵە بەربژێرێکدایە، ئەو نوخبەییبوونی خوێندنەوەی جددی، کاری کردۆتە سەر بڵاونەبوونەوەی ئاستی هۆشیاری بەنێو کونج و کەلەبەری کۆمەڵگەکەمان. ترسی ئەوەش لەگۆڕێدایە ئەم نوخبەیەی بە خوێندنەوەوە سەرقاڵە و لە پاییزی تەمەندایە، ئیدی بە نەمانی ئەوان، لەوانەیە کۆمەڵێک بەها، لە نێویاندا خوێندنەوە زەبرێکی قورسی بەر بکەوێ. جا ئەوەی مەترسییەکە ئاڵۆزتر دەکا، ژانری بیرەوەرییە کە قسەی لەسەر نییە، لە دەست ئەو نوخبەیە نەچووەتە دەرێ. گەنجی ئێستامان لە بابەتی خوێندنەوەدا لەبەر شیعر و ڕۆمان، یان هەندێ بابەتی فەلەسەفی و دەروونی، کەمتر دەیپەرژێتە سەر خوێندنەوەی بیرەوەری.

بۆ چارەسەکردنی ئەو ڕەوشە نادروستەش، دەبێ هاوکێشە سەرەکییەکە بگۆڕدرێ، کارێکی وەها بکرێ کە خوێندنەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو بگشتێنرێ، خوێندنەوە لە دەستی نوخبە دەربهێنرێ و بدرێتە دەستی گشتی. خۆوەڵاتییەکی ئاسایی لەگەڵ سەرقاڵی خۆی بە کاروکاسبی خۆیەوە، وای لێ بکرێ، وەها هان بدرێ کە بە لایەنی کەمی لای لە خوێندنەوە بکاتەوە، پێوەرە هەرە کەمەکەی خوێندنەوەی بە سەردا جێبەجێ ببێ. ئەوەی تا ئێستا هەیە، بەداخەوە دڵخۆشکەر نییە. هەر دەبێ لە پەروەردەی سەرەتایی، لە ماڵ و قوتابخانە و مزگەوتیشەوە دەست بەو پێواژۆیە بکرێ، ئیدی لەم بوارەدا دەسەڵات، بەتایبەتی لە ڕێی کەرتی پەردەوەردە و ڕاگەیاندن، دەکرێ ڕۆڵی هاندەری جەوهەری ببینێ، هەڵبەت ئەمەش بە هاوکاریی نووسەر و ڕۆشنبیرانەوە دەبێ.

**گوڵنار: ئەگەر بەراوردی یاداشت و بیرەوەریی کورد بکەین بە یاداشت و بیرەوەریی خەڵکانی دیکە و بیانی، ئەو بەراوردە چۆن دەکەن؟ خاڵە هاوبەش و ناکۆکەکانیان یا لاواز و بەهێزەکانیان چین؟**

شەفیق حاجی خدر: ڕاستییەکەی من زۆر شارەزایی یادەوەریی نووسەرانی بێگانە نیم، ئەوەندە نەبێ یادەوەریی کۆمەڵێک سەرکردەی جیهانم خوێندۆتەوە، لەنێو ئەوانیشیاندا چەند دانەیەکی سەرکردە جووەکانیشم وەرگێڕاون. هەر چی بیرەوەی خۆمانەشە، ژمارەیەکی زۆرم خوێندوونەتەوە، لە نێویاندا سەرکردە و کەسی بەشدار و تەنانەت ئاساییش، بۆیە بازنەی بەراوردی من لەو بارەیەوە تا ڕادەیەک بەرتەسکە. بە حوکمی ڕەوتی مێژووش، ئەوەی بێگانەکان هەردوو ڕووی ژیان، بە هەوڵدان و شکست و سەرکەوتن تێدایە، زیاتریش سەرکەوتن، کەچی هیی لای خۆمان، لەبەر ئەوەی سەرکەوتن، سەرکەوتنی شۆڕش پێوار (غائیب) بووە، بۆیە زیاتر ژان و ناسۆر کەسی نووسەر و لە دووتوێی ئەویشدا نسکۆ و کێفەڕاتی

گەلەکەی سەرمەشقە. لێرەدا سەرسامبوون لە هیی یەکەمیان بۆ حیکمەت و کارڕاستی و بەردەوامی و سەرکەوتن و بەرهەمە، لە هیی دووەمیان بۆ خۆڕاگری و قوربانیدان و فرمێسک و عەرەق و خوێنە، دیسان بازنەی بەراوردەکە دەرفتی وەها نادا بەرچاوت زۆر ڕوون بێ. لێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی جۆری یەکەم، لەبەر هەبوونی دامەزراو، لەبەر بوونی قەوارە، لە زۆر شوێن ئەگەر پشتیشیان بە بەڵگەنامە نەبەستبێ، کەچی بەئاسانی ڕاستی و دروستیی بابەتەکەیان دەردەکەوێ، لای خۆمان ئەم مەسەلەیە لەسەر وەستانی زیاتری دەوێ.

هەر بەو بۆنەیەوە دەمەوێ شتێکی دیکەش بڵێم، دەکرێ بچێتە خانەی بەراوردکردن، بەڵام دوای پێواژۆی نووسینەوەوی بیرەوەری. لای بێگانە، ئەوانەی من خوێندوومەتەوە، تەکان و جووڵە و تەوژمی ماخۆی نووسەر لە پێشدا و لە ئانوساتی ڕووداوەکە چەند گەرموگوڕ بووە، دواتریش هەمان گەرموگوڕیی خۆی هەبووە، واتە دواتر ئەوان بەری ڕەنجی پێشتریان چنیوەتەوە، بەتایبەتییش لە یادەوریی زیندانی سیاسی، «مناحیم بێگن»یش نموونەیەکی زەقە. هەر چی لای خۆمانە، ڕاستە پێش ڕووداو و لە ئانوساتی ڕووداویش، جووڵە و تەکان هەرمێن و کارا بووە، بەڵام دواتر کەفوکوڵەکە بەرەو نیشتنەوە ڕۆیشتووە، زیاتر لە جوغزی کارایی (ئەکتیڤی) وەرگەڕاوەتە سەر حاڵەتی ناکارایی (پاسیڤی)، دەکرێ زۆر لە بیرەوەرینووسەکان، ئەوانەی زیندانی بوونە، بهێنرێنەوە.

**گوڵنار: جەنابتان لە وەرگێڕانی یاداشت و بیرەوەری و ژیانی بەشێکی زۆر لە سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئیسرائیل و جوولەکەدا دەستێکی باڵاتان هەیە، با سەرەتا بپرسم یاداشت و بیرەوەریی ئەوان بۆ ئێمەی کورد؛ چ سوودێکی دەبێت؟**

شەفیق حاجی خدر: زیاتر بە مەبەستی زانیاریی زیاتر و دەرس و پەند ئەو کارانەم کردوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کاتی خۆی نەسلی من و هیی پێش منیش زانیاری سەبارەت بە ناودارانی جیهان، یان هەر هیچ نەبێ سەرکردە و شۆڕش و جووڵانەوەوی سەرکەووتوی نەتەوەکانی دیکە، نەخاسمە هیی گەلی جوو، تێروتەسەل نەبووە. لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیمان وەرگرتووە، هەڵبەتە ناواخنەکەش کەوتۆتە بەر ڕوانینی تاکلایەنەی دەسەڵاتی عەرەبی، ئیدی کاتێ من ئەو کتێبانەم خوێندنەوە، بینیم دیوێکی دیکەیان هەیە، دەکرێ ئەم دیوە شتەکان بە شیوەیەکی دیکە بهێننە گۆڕێ، دەکرێ لە تاکتیک و شێوازی کار، لە کردنەوەی گرێکوێرەکان، لە دەرچوونی سەختانگەکانی ژیانی جووڵانەوەی ڕزگاری، لە هەوڵ و تەکانی خەڵکانی دیکە بۆ دروستکردنی قەوارەی خۆیان، لەو ڕێکارانەی گرتوویانەتە بەر و لە ئاکامیشدا بە مەرام گەیشتوون و سەرکەوتوون، تەنانەت لە ماوەیەکی پێوانەیی کورتیشدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوەو و سەرکەوتنەکانی خۆشیان پاراستووە، کەچی ئێمە لەوەتەی خۆمان دەناسین، هەر لە بەنێو کوورەی دۆزەخی ململانێی ژیانداین، بەڵام هەر شکست و کوێرەوەی بەشمان بووە، تا وای لێ هاتووە ببێتە چارەنووس و قەدەر! ئیدی کاتێ خوێنەر ئەم بیرەوەرییانە دەخوێنێتەوە، ئەوسا تێدەگا کەسانی هاوبەش لە مێژووی کلۆڵی و بندەستی و بێقەوارەیی هەن، بەڵام وەک ئێمە لە یەک قاوغ و بۆتەدا نەماونەتەوە، ئەوان مێژوویان دروست کردووە، کەچی ئێمە مێژوومان بە تراژیدیترین شێوە بە سەردا دووبارە بووەتەوە. واتە دەکرێ خوێنەر لای خۆی بەراوردێک بکا، لە ئەنجامیشدا بگاتە جۆرە هەڵسەنگاندنێک، ئەمەش لە ئاستی خۆیەوە پاڵی پێوە بنێ، بۆ ورووژاندنی پرسی ڕەخنەیی سەبارەت بەوەی ڕابردووەوە و بە چاوی گەشبینی و پێکرانیش بروانێتە ئایندە.

گوڵنار: بیرەوەری و یاداشتی کەسایەتییەکانی

جوولەکە و ئیسرائیل، تا چەند ڕۆڵی هەبوو لە نووسینەوەی مێژوو و ڕابردووی دەوڵەتی جوولەکەدا؟

شەفیق حاجی خدر: ئەو یاداشتانەی تا ئێستا من وەرمگێڕاون و بڵاو کردوونەتەوە، هیی سێ کەسی سەرکردەی دیاری مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون، کە «داود بنگۆریۆن» و «گۆڵدا مایەر» و «مناحیم بیگن» بوون. یاداشتەکانیشیان ماوەیەکی زەمەنیی زۆر هەستیار و چارەنووسسازی گەلەکەیان لە پێش و پاش جاڕدانی دەوڵەکەیان خستووتە ڕوو، هەڵبەتە یارمەتیی ڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی مێژوویی خۆیان داوە، چونکە ئەوان بە حوکمی دەستڕۆیشتوویيان لە دروستکردنی ڕووداوەکان، پەردەیان لەسەر زۆر ڕازی مێژووی هەڵداوەتەوە. ئەوەی «مناحیم بیگن» لە کتێبی «یاخیبوون»، کە باس لەو یەک دوو ساڵەی بەر لە جاڕدانی سەربەخۆیی دەکا، زۆر لایەنی نهێنیی زۆرانبازییان لەگەڵ منداتی بەریتانی و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەوان ڕوون دەکاتەوە، ئەو شتە دەردەخا کە وا ئەوان نەوەک هەر لە دژی عەرەبەکان جەنگاون، بەڵکوو لەو ساڵانەی بەر لە جاڕدانی سەربەخۆییان، دژی دەسەڵاتی بەریتانییش جووڵاونەتەوە، تەنانەت ناچاریان کردوون فەڵەستینیش جێ بهێڵن.

**گوڵنار: هەوڵی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە نائامادەیی خۆمان لە مێژووی ڕابردوومان و نووسینەوەی بەشێک لە مێژووی وڵات و میرنشین و کەسایەتییەکانمان تا چەند دەچێتە چوارچێوەی یاداشت و بیرەوەرییەوە؟**

شەفیق حاجی خدر: هەر بەڕاستی زۆر لەوەی ڕۆژهەڵاتناسان و گەڕیدەکان کردوویانە، بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچێتە چوارچێوەی گەشتنامە و بیرەوەری، لەوانەیە بە مێژووش بەسەر ئێمەیان فرۆشتبێتەوە، یان ئێمە بە لێکدانەوە و نووسینەوەی مێژوو و لێمان وەرگرتبن، ئەم بارەش بۆ کڵۆڵیی خۆمان لە بارەی مێژووی نووسینەوە دەگەڕێتەوە. هەر سەبارەت بەو پرسە، مێژوو، بەتایبەتیش لێکدانەوەکانی نوێی مێژوو سەلماندوویەتی، کە هەر خۆشیان واتە لایەنی پەیوەندیدار نەیشاردووەتەوە، کە وا وڵاتە ئیستیعمارییەکان پێشتر کەسانی سووسەکاری خۆیان لەژێر ناوی شوێنەوارناس و گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس ناردووتە وڵاتان، دواتر لەسەر بنەمای زانیارییەکانیان هەم داگیریان کردوون هەم بەگوێرەی بەرژەوەندی و دەستڕۆیشتنی خۆشیان هێڵی ڕاست و چەپیان کێشاوە و سنووریان بۆ وڵاتان داناوە. «مام هێمن» گوتەنی، ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور! بێ ئەوەی هیچ دادپەروەرییەکی ئەتنی و نەتەوەیی تێدا پەیڕەو بکەن، نموونەش؛ هێڵ دابەشی دژواری «مارک سایکس»ی بەریتانی بوو کە دواتر لەگەڵ «جۆرج پیکۆ»ی فەرەنسیدا، ئەو ڕێککەوتننامە شوومەی سایکس-پیکۆی لێ پێک هات، بە هۆیەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە بەسەر ناوچەی هەژموونی خۆیان دابەش کرد. مایەی تێبینییە هەریەک لەو دوو نابراوە؛ گەڕیدە و شوێنەوارناس بوونە، تەنانەت «مارک سایکس» بەر لە ڕاکێشانی هێڵێک بەنێو لمدا، هەم شام و هەم موسڵیشی بینیوە، بۆیە شوێنەکانیان ناسیوە و دواتر بەگوێرەی بەرژەوەندیی دەوڵەتە ئیستیمارییەکانیان دابەشیان کردووە. بۆیە پوختەی وەڵامی پرسەکەتان هەر ئەوەیە، ئەوەی زۆر لە ڕۆژهەڵاتەکان کردوویانە، دەچێتە قاڵبی بیرەوەری و گەشتنامەیەکی مەبەستدار و ناچێتە نێو بۆتەی کتێبی مێژووی بە واتا زانستییە باوەکەی. کەواتە ڕاستودروستیی ئەوان، لە سەنگی مەحەکی مەبەستە ئیستیعمارییەکانی دەوڵەتەکانیاندایە.

**گوڵنار: ڕۆڵ و هەوڵی گرووپی گوڵنار چۆن هەڵدەسەنگێنن کە ژیان و بیرەوەریی سەدان کەسی لە فەوتان پاراستووە، لە کاتێکدا زۆربەی ئەوانە بەنیاز نەبوون لە ژیانیاندا پەڕەیەک بە ناوی بیرەوەری بنووسن، یا زۆر جار خوێنەواری و دەستی نووسینیشیان نەبووە؟ ئایا هەوڵەکانی گوڵنار لە نووسینەوەی مێژوودا پشتی پێ دەبەسترێت؟**

شەفیق حاجی خدر: وەک بیستوومە تا ئێستا زیاتر لە پەنجا دیدارتان ساز کردووە، تا ڕادەیەکیش دیداری فرەڕەهەندن، کەسانێک لەو دیدارانە هەن کە بەداخەوە لە ژیانیشدا نەماون. هەڵبەتە بڵاوکردنەوەی ئەو دیدارانە ئەگەر بۆ دۆخی هەنووکەییشمان نەبێ، ئەوا بۆ ئایندە سەنگێکی باشی هەم بۆ ناسین و لێکدانەوەی ڕووداوەکان دەبێ، هەم بۆ ماخۆی قسەکانیش دەبێ. دیارە پێوەری شایستەشتان بۆ دیدارەکان داناوە، ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە. ئەوەی ئێوە کردووتانە، لەوانەیە لەکاتێک لە کاتەکان ببێتە جێگرەوەی جۆرێک لە ژیاننامەی خودی یارۆی دیدارلەگەڵکراو، چونکە مەرج نییە هەموو ئەوانەی دیدارتان لەگەڵ کردوون، بیرەوەریی خۆیان نووسیبێتەوە یان بەتەمای شتێکی وەها بن. لەم ڕووەوە ئەوەی گرنگە؛ بەردەوامیبوون و ساردنەبوونەوەیە، هەروەها پاراستنی گیانی بابەتییانەی بێلایەنیتانە لەگەڵ کەسانێک کە پێوەرەکان بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ ئیعتبارێکی پێشخەرە و پێشنۆرە بیانگرێتەوە.

**گوڵنار: لە کۆتاییدا ناوی چەند یاداشت و بیرەوەرییەکت دەخەینە بەرچاو، ئەگەر زانیاری و خوێندنەوەت هەبووە بۆ ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە، بەکورتە سەرنجی خۆتیان لەسەر بنووسە و بڵێ:**

گەشتی ژیانم – مەسعوود موحەممەد: کاتێک باسی بەرهەمێکی مامۆستا بکەین، ئەوا قسەی لەسەر نییە، هەم لایەنی زمان، هەم ڕاستیی ناوەڕۆکەکەی شایانی بیرهێنانەوە و ئاماژەپێکردنە. بۆیە پێویست نییە زۆر لەسەر ئەو کەسایەتییە ناودارە بڕۆم، بەڵام ئەوەندە هەیە کاتێ لە وەرگێڕانی کتێبی «ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟!» بوومەوە، کە تێزێکی دکتۆرای نووسەری ئەمەریکیی «بریان ڕۆبەرت گیبسەن»ـە لەسەر سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا و جەنگی سارد و عێراق و کورد لەنێوان ١٩٥٨ تا ١٩٧٥، ئەوا لە کۆتاییدا بە پێویستمان زانی چەند پاشکۆیەکی گرنگی بۆ زیاد بکەین، تا زیاتر ناوەڕۆکی کتێبەکە هەم ڕوون بکرێتەوە و هەم پشتڕاستیش بکرێتەوە. ئەوە بوو یەکێ لە پاشکۆکان هێنانەوەی چەند لاپەڕەیەکی «گەشتی ژیانم»ی مامۆستا «مەسعوود موحەممەد» بوو.

چێشتی مجێور – هەژار موکریانی: دەمێکە ئەم کتێبەم خوێندووەتەوە، لە بارەی زمان و کۆمەڵێ بەسەرهاتیش چێژی زۆرم لێ بینی.

نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش – شێرکۆ بێکەس: کاتی خۆی ئەوەی مامۆستا «موحەممەدی مەلا کەریم» لە پێشەکیی دیوانی «ناڵەی جودایی»ی «مام هێمن»دا سەبارەت بە لایەنی بەهێزی شیعر و نووسینی پەخشانئامێزدا دەریبڕیبوو، ئەوا ڕێک بەسەر مامۆستای کۆچکردووشدا جێبەجێ دەبێ.

ئەزموون و یاد – پشکۆ نەجمەدین: کاتی خۆی هەردوو بەرگی یەکەم و دووەمی «ئەزموون و یاد»م خوێندنەوە، ئەوکات بۆ من یەکێک بوو لە یادەوەرییە دەگمەنەکان کە بە کوردی نووسرابن، زیاتریش من هەر بەلای زمانی شیریندا ئەو حوکمەم بۆ خۆم داوە، بەداخەوە دەرفەت نەبووە چاپی نوێ و بەرگی تازەی ئەزموون و یادەکەی بخوێنمەوە.

بە خەونی گەورەوە کەوتینە ڕێ – مامۆستا جەعفەر: لەمێژ نییە ئەم کتێبەی مامۆستام خوێندووەتەوە، لە دیواربەندی فەیسبوکیشدا تێبینی و سەرسامبوونی خۆم لەسەر نووسیوە. یەکێک

لە تێبینییەکان کە شایانی دووبارەکردنەوەیە، خۆزگە تەواوی بەرگی یەکەمەکەی، هەروەک سەد لاپەڕەی یەکەمی، تەنیا بۆ ڕێکخراو و چالاکیی «هەڵۆی سوور» و شەهیدبوونی ملازم جوامێر تەرخان بکردبایە، یان وەک خۆی گوتەنی خۆزگە لەو بارەیەوە ڕۆمانێکی لەسەر ئەو بابەتە بنووسیایە، چونکە دیارە وەک خۆیشی لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێ کردووە، هێشتا لایەنی تاریکی ڕووداوەکە هەن، تیشکی ڕووناکییان بۆ خوێنەر نەخراوەتە سەر. جا ئەگەر یەکێکی وەک «مامۆستا جەعفەر» بە حوکمی پێگەی ئەوکاتی لەنێو ڕێکخراوەکەدا نەیکا، کێ بیکا؟

دیداری تەمەن – جەلال تاڵەبانی: «مام جەلال» تا لە ژیاندا مابوو، زۆر جار ئاماژەی بەوە داوە کە بەنیازە یادەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، دڵنیاشم لەوەی ئەو ڕۆژانە تێبینیی ڕۆژژمێرییانەی خۆی لەو بارەیەوە هەبووە، بۆیە نووسینەوەی ئەو کارەی کە نەکراوە، بە خەسارەتێکی گەورە دەژمێردرێ. لەم کتێبەی دیداری تەمەنیشدا شتگەلی زۆر گوتراوە، بەڵام هێشتا زۆر کەلێن ماوەن پڕ نەکراونەتەوە، هەر چەندە مامۆستا «سەلاح ڕەشید» لێزانانە پرسیارەکان و زنجیربەندییەکەی دارشتووە کە مایەی دەستخۆشییە، بەڵام پێم وا بێ هێشتا ناچێتە ئەو چوارچێوەیە بیرەوەرییەی کە ماخۆی پەیوەندیدار بینووسێتەوە.

(کۆیاداشت) نەوشیروان موستەفا: بەداخەوە من کۆیاداشتەکەم لەبەر دەستدا نییە و نەشمخوێندووەتەوە، بەڵکوو بەپچڕپچڕی شتێکم لێ خوێندووەتەوە، هەر بایی ئەوەندە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم شێوازی نووسینی ئەو لە بەکارهێنانی زمانێکی سادەی دەربڕی ڕستەی کورت کورت؛ زۆر مایەی سەرنجە، وا لە خوێنەر دەکا بەئاسانی گوریسی خویندنەوەی لاپەڕە و بەندەکانی بەدوای یەکدا هەڵبوێژنێ، لەگەڵ ئەوشدا تێبینییش سەبارەی بە جۆری ڕێنووسەکەی هەن. ئەمەش ڕاستییەکەی حاشاهەڵنەگرە کە یاداشتەکانی ئەو لە ڕوونکردنەوەی ئەو قۆناغە مێژووییەی باسی لێوە کردووە، بوونەتە مایەی مقۆمقۆ و لەسەربەندەهاتنی کاراکتەرەکانی دیکەش بە جیاوازیی ئایدۆلۆژیاکانیانەوە. ئەوەی بیرەوەریی ئەو تا ڕادەیەک لە هیی ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، پەلوپۆهاوێشتنە بۆ لایەنی مێژوویی، زمانەوانی، ئەتمۆلۆژی، کە هێندەی دیکەی بایەخەی یادەروەرییەکەی زیاد کردووە.

بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەی جارێکی دی نایەنەوە – جەمال نەبەز: بەداخەوە نەمبینیوە و نەمخوێندووەتەوە.

ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هیی هەمووان بوو – هەڤاڵ کوێستانی: زمانێکی ناوازە، بەدواییەکداهاتنی برگە و بەندەکان زۆر وەستایانە، تەنانەت پەنجا لاپەرەی یەکەمی ئەوەندە سەرنجڕاکێشانەیە، خوێنەر هەست ناکا بیرەوەری دەخوێنێتەوە، بەڵکوو ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە.

# دەربارەی نووسینەوەی بیرەوەری





**مستەفای سەیید مینە**

لە سەنگەسەر لەدایکبووە. بەشی کوردیی زانکۆی سەلاحەددینی تەواو کردووە. ماستەری ئەدەبی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. چەند کتێبێکی نووسیوە و وەرگێڕاوە.

بیرەوەری وەک بابەت (ژانر)ێکی ئەدەب، لەمێژە لەنێو میللەتانی دنیادا باوە و جێی خۆی گرتووە. سەرکردە و نووسەرانی جیهان بایەخی تایبەتیی پێ دەدەن و کەمیان هەیە سەرپاکی تاڵی و سوێری و ئەزموونی ژیانی خۆی رانەپازنیبێ و بە پوختەیەک پێشکەشی رۆڵەکانی گەلەکەی نەکردبێت، چونکە بیرەوەری رێگەی دوورودرێژ؛ کورت دەکاتەوە و راست و هەڵە و هەڵەنگوتنەکانی ژیان بەسەر دەکاتەوە، لە پێناوی پەندلێوەرگرتن و وەبەرهێنانی کاتدا، کە پەندوەرگرتن خەسڵەتێکی زەق و جیاکەرەوەی مرۆڤە و دیواری بەرزی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە، وەکوو دکتۆر مستەفا مەحموود دەڵێ: «مشک هەر بەو تەڵەوە دەبێت کە بابی پێیوە بووە، چونکە ئاژەڵ مێژووی خۆی نازانێت.»

مەخابن گەلی کورد لەم بوارەشدا هەر لە پاشە و تا دوای راپەڕین ئاورێکی وای لە بیرەوەری نەداوەتەوە. یەکەم کورد بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیبێتەوە، شاعیری گەورەی کورد «وەفایی»ە (١٨٣٠-١٨٩٩)، کە لەسەر داوای شێخ عەبدلقادری شەمزینی ئەو کارەی کردووە و ناوی لێ ناون «تحفه المریدین». بیرەوەرییەکان فارسین و مامۆستا موحەممەدی حەمە باقی کردوونی بە کوردی. پێم وایە «چیم دی؟»ی «ئەحمەد خواجە»ی وەزیری دارایی حوکومەتی کوردستانی سەردەمی مەلیک مەحموود، یەکەم کتێبی بیرەوەرییە بە کوردی نووسرابێت. پاشان دوای ئەو رێچکەشکاندنە، چەند کەسێکی دیکە دەستیان بەو کارە کرد.

بەر لە راپەڕین، لە پێشدا مامۆستا مەسعوود موحەممەد بە شێوازە چڕوپڕ و سەرنجڕاکێشەکەی خۆی، بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی «گەشتی ژیانم» بڵاو کردنەوە. رەنگ بێ ئەوە تاکە بیرەوەریی پێش راپەڕین بێ بە کوردی و لەدوای

دکتۆر مستەفا مەحموود دەڵێ: «مشك هەر بەو تەڵەوە دەبێت کە بابی پێیوە بووە، چونکە ئاژەڵ مێژووی خۆی نازانێت.»

◆◆◆

حەیفێ ئەو بیرەوەرییانەی بە کوردی نووسراون، زۆر زۆر بەدەگمەن هەڵە و خاڵە ڕەشەکانی خاوەنەکانیان تۆمار کردوون.

◆◆◆

پێویستە سوپاسی خاوەنی «کاروانی ژیانم» بکەین، کە زۆر خاکییانە و بەرپرسانە و زانایانە لە چەندان جێگە ڕەخنەی گەورە و توندی لە خۆی گرتووە و بەو کارەی هێندەی دیکە پایەی خۆی و بیرەوەرییەکانی بەرز کردۆتەوە.

ڕاپەڕین چەند سیاسەتمەدار و نووسەری کورد دەستیان دایە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ئەو بوارە گرنگەی ئەدەب مافی خۆی نەدراوەتێ.

بێگومان گێڕانەوەی بیرەوەری چەند بنەمایەکی هەیە، کە سەرەکیترینیان ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییە، چونکە بەبێ ئەوە، بابەتەکانی دەکەونە ژێر پرسیار و تەمومژی گومان دایاندەپۆشێت .

دیارە هیچ کەس ڕۆستەمی زاڵ و فریشتە نییە بەردەوام هەر سەرکەوتوو بێت و قەت هەڵە نەکات، هەر بیرەوەرییەک بەو نەفەسە بنووسرێت، ئامانج ناپێکێت و وەک پێویست سوودی لێ وەرناگیرێت، چونکە دەچێتە نێو جوغزی فریودان و چەواشەکاری.

بیرەوەری دەبێ بە ئامانجی سوودگەیاندن و ڕوونکردنەوەی هەندێک لایەنی تاریکی مێژوو بنووسرێت، نەک بۆ خۆهەڵکێشان و بە لارێدابردنی بیری خەڵکی، چونکە -وەکوو گوتمان- بیرەوەری بابەتێکی ئەدەبە و ڕووناکی دەخاتە سەر لایەنە بچووک و لاچەپەکانی ژیان کە مێژوو تۆماریان ناکات، بەڵام بە هەموویان دەبنە ڕێڕوونییەکی چاکی خوێندنەوە و لێحاڵیبوونی مێژوو.

حەیفێ ئەو بیرەوەرییانەی بە کوردی نووسراون، زۆر زۆر بەدەگمەن هەڵە و خاڵە ڕەشەکانی خاوەنەکانیان تۆمار کردوون و زۆربەی ئەو بیرەوەرییانە خاوەنەکانیان دەکەنە قارەمان و فریشتە... تەنانەت جاری وا بووە نووسەر وەکوو خەڵکی دەوروبەر، تەنها ڕووداوەکانی بیستوون یان دیتوون، بەڵام خۆی وەک بەشداربوویەکی کارای ئەو ڕووداوانە وێنا کردووە!

لێرەدا پێویستە سوپاسی خاوەنی «کاروانی ژیانم» بکەین، کە زۆر خاکییانە و بەرپرسانە و زانایانە لە چەندان جێگە ڕەخنەی گەورە و توندی لە خۆی گرتووە و بەو کارەی هێندەی دیکە پایەی خۆی و بیرەوەرییەکانی بەرز کردۆتەوە .


هەندێک جار بیرەوەری ئەوەندەی لکوپۆپ لێ دەبنەوە و هێندەی شتی زیادە ڕەگەڵ دەدرێت، خەریکە نێوەرۆکە بنەڕەتییەکەی ون بێت و لەنێو ئەو هەموو شتە لاوەکییەدا بەحاڵ دیارە، هەڵبەت هەندێک بابەت پێویستیان بە زێدە ڕوونکردنەوە هەیە، بەڵام نابێ ئەوە لە جوغزی چەند پەراوێزێک دەربچێت و زنجیرەی بیرکردنەوەی خوێنەر بپسێنێت.

بەش بە حاڵی خۆم، جاری وایە بیرەوەریم خوێندۆتەوە باسی ڕووداوی وای کردووە بە بیری من ڕووی داوە، کەچی خاوەنەکەی ئاوەژووی کردۆتەوە، چۆنی پێ خۆش بووە وای لێ کردووە!

هەر وا وردی و ڕیزبەندی و زمان پاراویش، لە مەرجە گرنگەکانی بیرەوەریی سەرکەوتوون کە وا دەکەن کاریگەریی لەسەر خەڵک زیاتر بێت. خۆ ئەگەر بێتوو سەرباری ئەوانە، شیعریەتیشی تێدا بەکار بهێنرێت، ئەوە هێندەی دیکە بە تام و چێژ دەبێت و لە مەبەست نزیک دەبێتەوە .

خۆشبەختانە لەو بوارەدا چەند بیرەوەرییەکمان هەن کە شیعریەتیان لێ دەچۆڕێت و کە دەیانخوێنیەوە، وا هەست دەکەی پەخشانێکی ئەدەبیی جوان یان ڕۆمانێکی نایاب دەخوێنیەوە.

بەو ئومێدەی هەر کەس بە نۆرەی خۆی لەو بوارەدا کاری شێلگیرانە بکات و کتێبخانەی کوردییش وەکوو کتێبخانەی گەلانی دیکە لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە بەو بابەتە بەنرخەی ئەدەب بڕازێتەوە و نووسەرانی ئێمەش بەوپەڕی زانایی و خاکەڕایی و دەستپاکی و بەرپرسییەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەو بابەتە گرنگەدا بکەن.


سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات و
ترس لە گێڕانەوەی ڕاستییەکان
نازم عەبدوڵڵا
لەدایکبووی ١٩٦٣.
ماستەر لە فیکری ئیسلامیی.
چەند بەرهەم و توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

فەلسەفەی مێژوو، واتە خستنە پێش چاوی کەسایەتییەک وەکوو خۆی. کاتێک ئەو پێناسەیە ڕاست دەردەچێت، ئەو کەسە ئازا بێت لەپاڵ سەروەری و کارە شکۆدارەکانیدا، هەڵە و کەموکورتییەکانیش تۆمار بکات. بەزۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووە پۆزەتیف و جوانەکان دەخرێنە پێش چاو، کە ئەمەش لەباتیی ژیاننامە و پێناسەی کەسەکە، دەبێتە پیاهەڵدانی کەسەکە. مرۆڤ خۆ فریشتە نییە تەنها بریتی بێت لە جوانی و چاکە و سەرکەوتن، لەگەڵ ئەوەدا دیوی شکست و هەڵە و کەموکورتییشی هەیە. ئەوانەی مێژووی خۆیان دەنووسنەوە، پێویستە ئەوەندەی لە ئایین و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا جێی دەبێتەوە، ڕاستگۆیانە باسی هەردوو دیوی چاک و خراپی ژیانیان بکەن، بۆیە نابێ بە ناوی ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە باس لە کارە خراپ و ئاکارە نابەجێ و ناپەسەندە شاراوەکانی بکات، بەڵکوو ئەوانە ئەگەر شاراوە بوون، پێویستە سەری هەڵنەدرێتەوە، هەروەها شوکری خوا بکات کە نهێنیی هەڵنەماڵیوە و خەڵکی بە عەیب و عارەکانیانی نەزانیوە، چونکە هەندێک هەڵە وەکوو لوغم وایە یەک جار پێتدا دەتەقێتەوە، ئیتر دوای ئەو جارە ناتوانیت لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا سینگ دەرپەڕێنیت و بڵێیت من هەم! لەو حاڵەتانەدا بۆ دەستکردن بە ژیانێکی تازە، باشترین شت جێهێشتنی ئەو شوێنەیە بۆ شوێنێکی دوور لەو کۆمەڵگەیە، تا ژیانێکی تر دەست پێ بکات.

بەڵام هەندێک هەڵە و کەموکورتی و شکستی سیاسی و فەرهەنگی و زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەن ناکرێت باس نەکرێن، ئەو مێژووی ژیانانەی بریتین لە پیاهەڵدان و باسکرنی سەرکەوتن و سەروەری و خاڵە پۆزەتیڤەکان، لە هەمان کاتدا خاڵە نێگەتیڤ و شکستەکانی شاردۆتەوە، بەتایبەت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر ئەوەی وەکوو وڵاتە پێشکەوتووەکان خاوەن سیستم و هوشیاریی سیاسیی پێویست نییە. چەندین بەڵگەمان لەبەر دەستە، ئەگەر کەسەکە زۆر زۆریش سەرکەوتوو بووبێت، دەتوانیت بڵێیت ئەوە ٦٠-٧٠٪ ی ژیاننامەکەی ڕاستە، ئەوی تری پێلێهەڵبرین و زیادەڕۆییە. لە مێژوودا هەمیشە سەرکەوتووەکان دانیان بە هەڵە و شکستی خۆیاندا ناوە، لە کاتێکدا ئافرەتێک لە مارەییدا بە بەڵگەی ئایەتی: **[وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا]**(١)، ڕەخنەی لە عومەری کوڕی خەتاب گرت -خودا لێی ڕازی بێت-، لە وەڵامدا وتی: «خودایە، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم، هەموو کەس لە عومەر شارەزاترە(٢)!»

ئیبنو کەسیر دەڵێت ئیسنادەکەی بەهێزە. لە ڕایەکەی خۆی پەشیمان بۆوە، یان دەیفەرموو: **«إن أحب الناس إليّ من أهدى إليّ عيوبي»**، واتە: «خۆشەویستترین کەس بەلامەوە، ئەو کەسەیە خەوش و نەنگییەکانم بەدیاری بۆ دەنێرێتەوە.»

یان لەناو سەرکردەکانی جیهاندا، سەرکەوتووەکان باسی کەموکورتیی خۆیان کردووە. ئەوەی بەدی دەکرێت مهاتما گاندی و نێلسۆن ماندێلا لە ژیاننامەکانیاندا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە و ئازایانە، هەردوو دیوی شکست و سەرکەوتنی ژیانی خۆیان باس کردووە.

چەند هۆکارێک هەیە کە سەرکردە سیاسییەکانی وڵاتەکانی ئێمە خۆیان لە باسکردنی هەڵە و کەموکورتییەکانیان دەپارێزن:

هۆکاری یەکەم: ئەگەر کاراکتەرەکانی لای ئێمە باسی خاڵە لاوازەکانیان بکەن، لەباتیی ئەوەی بە

سەرڕاست و ڕاستگۆ بناسرێن، بەرانبەرەکانیان لە وێستگە جۆراوجۆرەکاندا، خاڵە لاواز و شکستەکانیان دەکەن بە کوتەکێک و دەیکێشن بە تەوقی سەریاندا. ئەم جۆرە دابونەریتەی وڵاتی ئێمە، هاندەر نین خەڵکی ئازایانە باسی کەموکورتییەکانی خۆیان بکەن.

هۆکاری دووەم: ئەوانەی ژیاننامەی خۆیان دەنووسن، خاڵە بەهێزەکانیان ئەوەندە بەرچاوی خەڵکیان نەگرتووە، تا بە باسکردنیان؛ شکستەکانیان زیان بە پێگەکانیان نەگەیەنێت، یان لەباتیی ئەوەی بیکەن بە ڕەخنە بە سەریانەوە و بێمتمانە بن پێیان، لەپێش چاوی خەڵکی گەورە ببن و دەوروبەری بڵێن مرۆڤ قابیلی هەڵەیە، بۆیە ئێستا بە باسکردنی هەڵەکانیان متمانەمان زیاتر دەبێت. بۆیە لەبەر ئەم هۆیە، زۆربەی کات سەرکردە و کەسە دیارەکانی وڵاتانی ئێمە، ناحەز و بەرانبەرەکانیان هەڵەکانیان تۆمار دەکەن، جاری وا هەیە ئەوانیش بە پێچەوانەی خۆیان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژییەکی تایبەت و کۆنەقین، تەنها باس لە خاڵە نێگەتیڤ و شکستەکانیان دەکەن، دیسان ئەمەشیان وەکوو ئەوی تر ڕێژەیەکی کەمی ڕاست دەردەچێت، خۆ ئەو کەسە شەیتان نییە چاکەیەک یان خاڵێکی پۆزەتیڤی نەبێت. بە واتایەکی تر: هەردوو شێوە باسکردنەکە لە ناوەند و توێژینەوە ئەکادیمی و زانستییەکاندا، جێگە متمانە و پشتپێبەستن نین.

هۆکاری سێیەم: ئەو سەرکردانەی کە چاونەترسانە باسی هەڵە و کەموکورتیی خۆیان دەکەن، وەکوو وڵاتە دیموکراسییەکان، ئەوەندە لە سیستمی دەسەڵاتدا نامێننەوە تا خەڵکی لێیان بێزار بن و بیکەن بە خاڵی لاوازیان و لە وێستگەکاندا بیانشکێنن، یان لە ترسی پێگەی سیاسی و حیزبییان نەوێرن باسی لێوە بکەن، یەکێکی وەکوو ماندێلا تەنها چوار ساڵ لە دەسەڵاتدا بوو، دوای ئەوە خۆی بە ویستی خۆی دەسەڵاتی جێ هێشت.

لای خۆشمان هەندێک کەسایەتیی ئایینی و ئەدەبی و فیکری و ڕۆشنبیری بەکەمی باسیان لە نهێنی و کەموکورتیی خۆیان کردووە، وەکوو: م. مەلا موحەممەدی گەورەی کۆیی لە تەفسیری قورئانەکەیدا، لە ڕاڤەی ئایەتی **[إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَن تُفَنِّدُونِ]**(٣)، باسی خۆشەویستیی باوکی بۆ کچێک دەکات، یان م. هەژار موکریانی لە چێشتی مجێوردا لە باسی فەلسەفەی دیالکتیکیدا دەڵێت: من هەڕی لە بڕی ناکەم، هەروەها دکتۆر موستەفا زەڵمی لەو بوارەدا جێدەستی دیارە.

ئامانج لە ژیاننامە؛ پیاهەڵدان یان لەکەدارکردنی کەس نییە، بۆیە نابێ هیچ هەڵوێستێکی لەسەر بنیات بنرێت.

هەموو کەسێک لە ژیانیدا، هەندێک نهێنیی تایبەتیی سیاسی یان کۆمەڵایەتی لای خۆی گل دەداتەوە، لەوانەیە قۆناغێک نەیەتە پێشێ بتوانێت باسیان بکات، جاری وا هەیە لەگەڵ خۆی دەیباتە ژێر گڵ. هەندێک لە شارەزایانی مێژوو ڕایان وایە هەر ڕووداوێک پازدە ساڵی بەسەردا ڕۆیشت؛ دەبێت بە مێژوو، بەڵام هەندێک بابەت و پڕوپاگەندەی هەواڵگریی وەکوو: پەیوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل چۆنە؟ تا چەندێک ڕاستە؟ ئەم پەیوەندییانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە و لە کوێ کۆتاییان پێ دێت؟ یان پەیوەندیی قاعیدە بە ئەمەریکاوە چۆنە؟ ئایا لەسەر بنەمای دوژمنی دوژمنم کە ئەوان دژ بە ڕووسیا لە ئەفغانستان دەجەنگان، ئەمەریکا یارمەتییانی داوە، یان ڕێککەوتنێکی ستراتیژی

بوونی هەبووە؟ پاشان بۆ دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، مانگی هەنگوینییان لەگەڵ ئەمەریکادا تەواو بوو، هاوکێشەکە پێچەوانە بۆوە؟ یان ئەو ڕایە ڕەگ و ڕیشاڵەکەی لە کوێوەیە کە دەوترێت ئەمەریکا پشتیوانی سەرهەڵدانی قاعیدە بووە، یان ئەوان کارئاسانییان بۆ تەقاندنەوەی بورجەکان کردووە؟ یان داعش دروستکراوی ئەمەریکا بووە؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر، دەبێ بەڵگەنامە مێژووییەکان وەڵامی ڕاستیان بدەنەوە کە سەرچاوەیەکی باشن بۆ زانیاریی مێژوویی، بۆ نموونە وەکوو ویکلیکس کە ئەمەریکییەکان لێی بێزارن؟ لەوانەیە ئەوانەی لەو ڕووداوانەدا بوون، لە یاداشتنامەکانیاندا بتوانن بەشێکی بدرکێنن، یان هەندێک جار هەندێک لە وڵاتان دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ بڵاوی دەکەنەوە.

یان هەندێک بابەت هەیە باسکردنی لەوانەیە کۆی ژیاننامەکە بخاتە ژێر پرسیارەوە، چۆن باسنەکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو وەکوو خۆیان زیانی هەیە، بە هەمان شێوە چی هەبووە هەمووشی باس بکەیت، زەرەری هەیە.

جگە لەوانەی باس کران، ئەو کەسانەی پابەندی ئایینن، دەبێت لە کاتی نووسینی مێژوو و فەلسەفەی ژیاندا ئاگاداری سنوورەکانی خودای باڵادەست بین و بیانپارێزین: **[إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا]**(٤).

ئامانجیش لێی، شارەزابوون و پەندوەرگرتن بێت لە هەڵە، یان کارە چاکەکانی ڕابردوو، تاکوو ببێت بە خزمەتێکی موتەوازیعانە بە ڕابوونی ژیان بەگشتی و هۆشیاریی ئیسلامی بەتایبەتی. ئەوەی باش بوو و پێکانی ئامانجی تێدا بوو، شوکری خودای لەسەر بکرێت، ئەوەش هەڵە و کەموکورتی بوو، لە پێشدا داوای لێبوردن لە خودا بکرێت و پاشان لە خوێنەران.

پەراوێزەکان:

١- النساء: ٢١
٢- تەفسیری ئیبنو کەسیر، بەرگی ٢/ل٢٤٣.
٣- یوسف: ٩٤
٤- النساء: ١

# ئیسلامییەکان و نووسینەوەی بیرەوەری

کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە جیاوازەکانی بوارەکانی مەعریفە، بیرەوەرییەکان دەبنە یەکێك لەو سەرچاوانە. نووسینەوەی بیرەوەری؛ مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام شێوازی نووسینەوەی؛ جۆراوجۆر و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. زۆر جاریش کەسی نووسەر گرنگیی بە بوارێك داوە و زۆرتر لەسەری وەستاوە. کاتێك دەمانەوێت وێنایەکی مێژووی دێرینی کوردستان بکەین، ناکرێت گەشتەکەی زەینەفۆن لەیاد بکەین. لە قۆناغی پاش هاتنی ئیسلام، گەڕیدە و جوگرافیناسەکان زانیاریی پڕبایەخمان پێ دەدەن، هەروەك لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخیش، هەندێك کەسیی جیاوازی سیاسی، سیخوڕ، بازرگان و... هتد، بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان هێندەمان زانیاری پێ دەدەن کە بە زۆر لایەنی شاراوەی ئەو قۆناغە ئاشنامان دەکەن، ئەگەر ئەو بیرەوەرییانە نەبووایە، کەلێنێکی مەعریفیی گەورە لە تێگەیشتن لە ڕابردوومان بە تەواوی بوارە جیاوازەکانی دروست دەبوو.



**ئیدریس سیوەیلی**

ماستەری لە بواری پەروەردە، دە بەرهەمی چاپکراوی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، پانزە توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە، ئەندامی دەستەی راوێژکاری گۆڤاری خاڵ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری جۆرناڵ ـە.

لە چركەساتێكی درەنگدا كەسایەتییەكانی كورد وەخۆ كەوتوون و بیرەوەرییەكانیان نووسیوەتەوە، كەم بوون ئەوانەی هەستیان بە گرنگیی نووسینەوەی بیرەوەرییەكانیان كردووە، سەرەتا سیاسی و سەركردە و ڕێبەری شۆڕشەكان دەستیان بە نووسینەوەی بیرەوەری كردووە، لەم چەند ساڵەی دواییش كەسانی توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵگە بیرەوەرییەكانیان نووسیوەتەوە، بەڵام لەناو ئەمانەدا ئیسلامییەكان كەمترین پشكیان هەیە، ئەوانەی بیرەوەرییەكانیان نووسیوەتەوە؛ لە پەنجەكانی دەست تێناپەڕن.

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەوە، وردە وردە بیری ئیخوان موسلیمین پێگەی خۆی لە باشووری كوردستان داكوتا، سەرەتای ئەم بیرە لەناو دوو چینی كۆمەڵگەی كوردی جێپێی خۆی كردەوە، ئەوانیش ژمارەیەك قوتابیی زانكۆ و چەند زانایەكی ئایینی بوون، بێگومان بۆ ئەو دەمە ئەو دوو چینە بەئاگا بوون و ئاستی هۆشیارییان بەرز بووە، چاوەڕوان دەكرا بەشێكی بەرچاویان بیرەوەری و ئەزموونی خۆیان بنووسیایەتەوە، بەڵام لە واقیعدا ئەوە بەدی ناكرێت، هەر چەندە حەسەن بەننا وەكوو كەسی یەكەمی ئیخوان لە میسر و موحەممەد مەحموود سەوافیش وەكوو كەسی یەكەمی ئەو قوتابخانەیە لە عێراق بیرەوەریی خۆیان نووسیوەتەوە و بڵاویان كردووەتەوە، بەڵام ئەندامانی كورد لەناو ڕێكخستنی ئیخوان لەو ڕووەوە ئیلهامیان لە ڕێبەرەكانیان وەرنەگرتووە.

جێگەی خۆیەتی بپرسین: بۆچی ئیسلامییەكان لە نووسینەوەی بیرەوەری كەمتەرخەمن و گرنگییان بەو بوارە نەداوە؟ بە بڕوای من، زیاتر لە هۆكارێك لەپشت ئەم كەمتەرخەمییەیە و هەندێكیان تاكەكانی تریش تێیدا هاوبەشن كە لێرەدا بەكورتی دەیخەینە ڕوو.

یەكەم: تاكی ئیسلامی هەندێك جار بە پاساوی دونیانەویستی و ئەوەی كە ئەم بۆ خوا كار دەكات و چاوەڕێی هیچ پاداشتێكی دونیایی نییە، نایەوێت كارەكانی دونیای باس بكات، بەمەش لە دیدی ئەو تاكەدا نووسینەوەی بیرەوەری و ئەوەی كردوویەتی، ڕەنگە جۆرێك لە گۆڕان لە نییەتی خواویستی بۆ دونیاویستی لێك بدرێتەوە، زۆر جاریش ئەو پاساوە دەهێنرێتەوە كە كاری خێرخوازی و چاكە تا بە نهێنی بكرێت، پاداشتی باشترە و مرۆڤ دوور دەكەوێتەوە لە ڕیابازی، ئەمیش كارەكانی كە بە پلەی یەكەم لە بانگەوازدا خۆی دەبینێتەوە، بە كارێكی تەواو ئایینی دەزانێت و لەبەر پارێزگاری لە پاداشت؛ ناخوازێت باسی بكات. زۆر جار ئەو دەقانەی كە باس لە نهێنیی خواپەرستییە تاكییەكان دەكات، ئەو گشتاندنی بۆ دەكات بۆ كاری ڕێكخراوەیی و حیزبی، ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێك تا ئەوەی كردوویەتی، نەینووسێتەوە.

دووەم: شێوازی نهێنی باڵی كێشاوە بەسەر كاری سیاسی و ڕێكخراوەیدا، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو واقیعە سەركوتكارییەیە كە ڕژێمە یەكلەدواییەكەكانی عێراق پەیڕەوییان لێ كردووە. ڕەوتی ئیسلامی بە درێژایی ئەو قۆناغە بە شێوازی نهێنی كاری كردووە و نەیاری حكومەت بووە، زۆر جاریش ڕووبەڕووی ڕاوەدوونان و تەنگپێهەڵچنین بووەتەوە، كاری نهێنییش ئەوە دەخوازێت كە چی بەڵگەنامەیە؛ بشاردرێتەوە و هیچ نەكەوێتە دەستی حكومەت، تەنانەت خودی كەسەكان هیچ نووسراوێكیان هەڵنەگرت تا نەبێتە بەڵگە بەدەست دەسەڵاتەوە بۆ تۆمەتباركردن و سزادانیان، نابێت هیچ بیرەوەرییەك بنووسرێتەوە، چونكە ئەمە دەبێتە هۆی ئاشكراكردنی كار و ناوی هەڵسووڕێنەران، ڕەنگە ئەمە بۆ سەردەمێكی دیاریكراو بەتایبەت حكومەتی بەعس تا ڕادەیەك پاساو بێت، بەڵام بۆ دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بەو شێوەیە نییە. بەڵام تاكێك دەیان ساڵ لەسەر ئەو قەناعەتە پەروەردە بووبێت، زەحمەتە بەئاسانی بتوانێت دەسبەرداری ببێت و بیرەوەرییەكانی بنووسێتەوە.

نووسین خوليا و سەليقە و بەهرەيە، لەوانەيە كەسێك كە لەناو ڕووداوەكاندا بووە و ويستيشی هەبێت بۆ نووسينەوەی بيرەوەری و كەرەستەی پێويستيشی لەبەر دەست بێت، بەڵام نەبوونی بەهرە و سەليقەی نووسين وا بكات دەستبەرداری ئەو ويستە ببێت.

سێيەم: هەستنەكردن بە گرنگيی نووسينەوەی بيرەوەری و ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە و خستنەبەردەست نەوەی نوێ، تەنانەت هەندێک جار و لای هەندێک کەس جۆرێک لە بەرگی پيرۆزی بە بەری کاری ڕابردوو و کەسايەتييەكانی براوە، بە ڕەوای نابينن هيچ ڕەخنەيەكيان لێ بگيرێت. نووسينەوەی بيرەوەری و بڵاوكردنەوەشی، ئەو ڕابردووە دەخاتە بەردەم نەشتەری خوێنەر، ڕەنگە ئەم ترسە لای هەندێک بە جۆرێک بێت ئەو قەناعەتەی لا دروست كردبێت كە دەستبەرداری نووسينەوەی بيرەوەری ببێت.

چوارەم: نەبوونی گيانی ڕەخنەقبووڵكردن. نووسينەوەی بيرەوەری لەوە تێدەپەڕێت ژياننامەی كەسيی نووسەر بێت، لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەكاندا كەسانی تر تێكەڵ دەبن كە لەگەڵ كەسايەتيی سەرەكی و نووسەری بيرەوەری هاوڕێ و هاوكار بوون، بيرەوەرييش پێويستی بە خستنەڕووی ڕاستييەكان و شەنوكەويان هەيە، لەوانەيە تاكی ئيسلامی نەيەوێت باسی دۆستەكانی بكات و ڕەخنەيان لێ بگرێت و دڵيان برەنجێنێت، دواجار بۆ خۆدەربازكردن لەمە، نەنووسينەوەی بيرەوەرييەكان بە باشتر دەزانێت لە نووسينەوە و بڵاوكردنەوەی.

پێنجەم: بەكولتوورنەبوونی نووسينەوەی بيرەوەری، وێڕای ئەوەی نووسينەوەی بيرەوەری لەناو كورددا درەنگ دەركەوتووە، هێشتا ئەوەش نەبووەتە كولتوور كە كەسايەتييەكان بيرەوەرييەكانی خۆيان تۆمار بكەن، ئەمەش پەيوەستە بە ئاستی هۆشياری و هەستكردنی تاكەكان بە نووسينەوەی بيرەوەری، كەسايەتييە ئيسلامييەكانيش لەم ڕووەوە كەمتەرخەمن و هەستيان بە گرنگيی بيرەوەرييەكان نەكردووە.

شەشەم: نەبوونی سەليقە و سوودوەرگرتن لە كەرەستەكانی بەر دەست بۆ نووسينەوەی بيرەوەری. نووسين خوليا و سەليقە و بەهرەيە، لەوانەيە كەسێک كە لەناو ڕووداوەكاندا بووە و ويستيشی هەبێت بۆ نووسينەوەی بيرەوەری و كەرەستەی پێويستيشی لەبەر دەست بێت، بەڵام نەبوونی بەهرە و سەليقەی نووسين وا بكات دەستبەرداری ئەو ويستە ببێت.

حەوتەم: نەبوونی دەزگا و ناوەندێک كە گرنگی بە نووسينەوەی بيرەوەری بدات، بەلای كەمەوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ديدارەوە كەسايەتييەكان بێنێتە قسە و ڕێگوزەری ژيانيان تۆمار بكات، بەمەش دەبێتە هاوكار بۆ ئەوانەی سەليقەی نووسينيان نييە، يان حەزی نووسينەوەی بيرەوەرييان نييە، ئەوەی لە ژيانيان ڕووی داوە؛ نەفەوتێت و بمێنێتەوە.

ئەوەی لەم چەند خاڵەدا خرانە ڕوو، وەک بەربەستێک وان لەبەردەم نووسينەوەی بيرەوەرييەكان، دەكرێت هيممەت بكرێت و بە دروستكردنی ناوەندێكی تايبەت بە تۆماركردنی بيرەوەری بەسەر زۆرێک لەو كۆسپانەدا زاڵ بين، بەمەش بەشێكی مێژوو و ژياننامەی كەسايەتييەكان لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار دەكرێت.

# هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ **یاداشت و بیرەوەرییەکانی کورد**





**م. فارووق موحەممەد**

لەدایکبووی ١٩٧٧، سلێمانی. ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، زانکۆی سەڵاحەدین (٢٠١٣). خاوەنی بەرهەمێکی چاپکراو و چەند توێژینەوەیەکی زانستی بڵاوکراوەیە.

## گرنگیی نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکان

لە ماوەکانی ڕابردوودا نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکان لەلای کورد تا ڕادەیەکی باش لەچاو ڕابردوو لەلای تاکی کورد گرنگیی پەیدا کردووە، بە شێوەیەکی بەرچاو خوێنەری کورد گرنگی بە خوێندنەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکان دەدات.

بێگومان ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە بەشێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی کورد پێک دەهێنن و بوونەتە کەرەستەیەکی خاوی پڕبایەخ بۆ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد، لەلایەن توێژەران بەگشتی و بەتایبەت بۆ توێژینەوەی مێژوویی لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی و شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕووداو و هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کورد لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی کورد لە سەدەی بیستەم و بەتایبەتی لە نیوەی سەدەی ڕابردوو بەدواوە. بە جۆرێک هەر توێژینەوەیەک لەسەر ئەو قۆناغە مێژووییە گرنگەی کوردستان، بەبێ سوودوەرگرتن لەو یاداشت و بیرەوەرییانەی نووسراونەتەوە، نەک هەر کار و توێژینەوەیەکی ناتەواو دەردەچێت، بەڵکوو ئەستەمە بتوانرێت ئەنجام بدرێت و توێژەر لە میانەیدا بتوانێت خوێندنەوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن بۆ ڕووداوەکان بکات و بگات بە چەند ئەنجامێکی ڕاست و دروست.

لەبەر ئەوەی ئەو بیرەوەرییانە بەگشتی لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراونەتەوە کە خۆیان کادێری مامناوەند و پلە باڵا و بەرپرس و سەرکردەی دیاری پارتە سیاسییەکانی کورد بوون و بە جۆرێک لە جۆرەکان دروستکەر و کاراکتەری سەرەکیی ئەو ڕووداو و مێژووەن کە دواجار مێژووی کورد پێک دەهێنێت، بەشێکیان ڕۆژانە یاخود دواتر ڕووداوی ئەو ڕۆژانانەیان دۆکۆمێنت کردووە کە خۆیان دروستکەر یاخود گەواهیدەری زیندووی ئەو ڕووداو و مێژووە بوون.

ئەگەرچی هەریەک لەوانە باس لە ژیانی ڕۆژانە و چالاکیی کەسی و ئەو ڕووداوانە دەکەن کە خۆیان تێدا بەشدار بوون و یاخود هاوکات ڕوویان داوە و تۆماریان کردووە، بەڵام دواجار یاداشتی ئەو کەسانە دەبێتە بەشێک لە مێژوو و ئەرشیفی نەتەوەیەک کە لەلایەن تاکەکانی ئەو نەتەوەیە تۆمار و ئەرشیف کراون، بەتایبەتی لە نەبوونی دامەزراوەیەکی تایبەت بە ئەرشیف لە کوردستان یاخود پارتە سیاسییەکانی کورد. ئەگەر پارتێکیش نووسراو و بەڵگەنامەکانی ئەرشیف کردبێت، دواجار هەر بوونەتەوە بە ئەرشیفی کەسی و کەسی یەکەمی ئەو پارتانە یاخود ئەو کەسانەی ئەرشیفەکەیان لای خۆیان هەڵگرتووە و پاراستووە، بۆ نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان سوودیان لێ وەرگرتووە و لە پاشکۆی یاداشتە کتێبەکانیاندا ئەو دۆکۆمێنتەیان بڵاو کردۆتەوە.

## نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەری وەك بەرگری لە خود

لەگەڵ ئەوەی هەریەک لەوانە لە گۆشەنیگای خۆی و ناوچەکەی خۆی و بینینی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان، هەندێک جار ئەو بیرەوەرییانە وەک بەرگرینامەیەک لە خودی نووسەری بابەتەکە و ڕەوتەکەی دەبینرێ، بە شێوەیەک نەنگی و هۆکاری ڕووداوە نەخوازراوەکان لە ئەستۆی خۆی دادەماڵێت و دەیخاتە ئەستۆی بەرامبەرکەی و هاوکات ڕۆڵی ئیجابی و دیاری خۆی لە سەرکەوتنەکاندا دەخاتە ڕوو وەک کەسێکی بەهێز و سەرەکیی دەستکەوت و سەرکەوتنەکان.

هەروەها هەندێک جار بەکار دەهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر کەس و ڕەوت و لایەنی بەرامبەر و شکاندنی، یاخود چەند لەو یاداشت و بیرەوەرییانە لە وەڵامی ئەوانی تردا نووسراونەتەوە و وەک پەرچەکردار و هێرشی کردۆتە سەر بەرامبەر و وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە پێی وایە وەک تۆمەت ئاڕاستەی کراوە، کە ئەم هێرشکردنە سەر یەکتر و ناوزڕاندنە لە بیرەوەرییەکاندا بەڕوونی دەبینرێن. ئەگەرچی ئەوە لایەنێکی نەرێنیی ئەو

یاداشت و بیرەوەرییانەیە، بەڵام بە بەراوردکردن و تاووتوێکردنی ئەو نووسینە دژبەیەکانە، توێژەر دەتوانێت دوای رەخنەگرتن و تاووتوێکردنیان بەپێی رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی تا رادەیەک بگات بە راستی و دروستیی رووداوەکان.

شایانی باسە هەندێک لە نووسینەوەی یاداشتەکانیاندا لە کاتی ئاماژەکردن بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی هەستیاردا، بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە مامەڵەیان کردووە، وێڕای ئەوەی ئاماژەیان بە رووداوەکە کردووە، بەڵام ناوی کەسەکەیان نەهێناوە، یاخود بە شێوەی نووسینی پیت ئاماژەیان بە ناوی کەسەکە کردووە، ئەگەرچی هەندێکی تر بەو شێوەیە مامەڵەیان نەکردووە. هەورەها زۆر کەمن ئەوانەی بتوانن لە نووسینی بیرەوەرییەکاندا دان بە هەڵە و کەموکورتیی خۆیاندا بنێن، تەنانەت ئەگەر ئەو هەڵەیە بەئەنقەستیش نەبووبێت، بەڵکوو بە هۆی نەپێکانی هەڵوێست یاخود دەرکردنی بڕیارێکەوە بووبێت کە ئەنجامەکەی بە خراپ شکابێتەوە.

لە لایەکی ترەوە هەندێک لەوانەی یاداشت و بیرەوەرییەکانیان لەم چەند ساڵەی رابردوودا نووسیوەتەوە، لەبەر ئەوەی خاوەنی بەرژەوەندیی کەسی و بازرگانیی تایبەت بە خۆیانن، بە روون و راشکاوی ئاماژەیان بە رووداو و ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ لایەنی بەرامبەر نەداوە و هەوڵیان داوە هاوسەنگی رابگرن و دڵی کەس و لایەنە باڵادەستەکان نەرەنجێنن و بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیان نەخەنە مەترسییەوە.

## شێوازی نووسینەوەی یاداشتەکان

هەموو ئەوانەی کە یاداشتەکانیان نووسیوەتەوە، لە رووی ئاستی رۆشنبیری و خوێندەوارییەوە جیاوازن، ئەوەش لە نووسینەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک هەندێک لەوانە بە شێوازێکی جوان و چێژبەخش و بە زمانێکی پاراو و ئەدەبیی جوان نووسراونەتەوە کە تاکی خوێنەر لە خوێندنەوەیان ماندوو نابێت و بگرە چێژ لە خوێندنەوەیان وەردەگرێت و لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام دەبێت.

بەڵام هەندێک لەو یاداشتانە بە زمانێکی رەکیک و ناخۆش و دارشتنێکی نارێک و پڕ لە هەڵەی زمانەوانی نووسراونەتەوە، بە جۆرێک بەئاسانی واتا و مەبەست نادەن بەدەستەوە و بە شێوەیەکی ناپێویست درێژەی بە نووسینەکە داوە، بەوەش خوێنەر لە خوێندنەوەیان زوو ماندوو دەبێت، تەنانەت هەندێک لەو یاداشتانە دابەشکاری و باس و تەوەری کەمی لەخۆ گرتووە و بەبێ پسانەوە لە یاداشتکردنی بابەتەکان؛ بە شێوەیەکی تێکەڵ بەردەوام بووە.

## کەسانی سەر بە هەموو لایەنەکان وەك یەك گرنگییان بە نووسینەوەی یاداشتەکان نەداوە

بە شێوەیەکی گشتی زۆرینەی ئەوانەی بیرەوەرییەکانیان نووسیوەتەوە، لە چەند لایەنێکی سیاسیی دیاریکراون، بە جۆرێک لایەنی سیاسی هەیە جگە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا نەبێت، هیچ کەسێکی دیاری یاداشت و بیرەوەرییەکانیان تۆمار نەکردووە، کە ئەوەش وا دەکات بەشێکی بەرچاو لە مێژووی پارتەکەی و ئەو شۆرشەی ئەو لایەنە بەرپای کردووە بە ناروونی و نادیاری بمێنێتەوە، ئەوە جگە لەوەی ئەو دیاردەی نەنووسینەوە یاخود نەتوانینی نووسینەوەی بیرەوەرییەکان گومانی زۆر هەڵدەگرێت.

وێڕای ئەوەی ئەو یاداشتانەی تا ئێستا نووسراونەتەوە، تا سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان هاتوون و قۆناغی خەباتی چەکداریی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد دەگرنەوە، بە واتایەکی تر: ئەزموونی حکومرانیی هەرێمی کوردستانی نەگرتۆتەوە و ئەوانەی لە جومگە گرنگ و هەستیارەکانی ئەزموونی حکومرانیی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدا بوون، لەدوای راپەرین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان نەنووسیوەتەوە و بڵاو نەکردۆتەوە.

# چەند سەرنجێك دەربارەی
# بەرهەمی کوردناسەکان





**عادل سدیق عەلی**

ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، خاوەنی چوار بەرهەمی چاپکراو و ژمارەیەک توێژینەوەی بڵاوکراوەیە.

بەو پێیەی کە گەلی کورد لە مێژووی دوور و نزیکی خۆیدا خاوەنی دەوڵەتی یەکگرتووی خۆی نەبووە (جگە لە ماددەکان)، زۆر کێشە و گرفتی گەورەی بۆ سازاوە و سازێنراوە لە ڕابردوودا، یەکێک لەو بابەتانە؛ نووسینەوەی مێژووەکەیەتی لەلایەن بێگانەکانەوە، ئەڵبەتە ئەمەش هۆکاری زۆر و جۆراوجۆری خۆی هەیە، لەسەروو هەموویانەوە ئەوەیە کە خۆی کەمتەرخەم بووە لە نووسینەوە و تۆمارکردنی ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی گەل و وڵاتەکەی خۆیدا.

ڕەنگە ژێردەستەیی و نەخوێندەواری و کەمتەرخەمی، لە دیارترین هۆکارە بەرچاوەکانی نەنووسینەوە و تۆمارنەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییە مێژووییەکانی بن لە ڕابردوودا، بەو هۆیەشەوە زیانێکی گەورەی بە پاشخانی مێژوویی و فەرهەنگیی خۆی گەیاندووە، هەر ئەم حاڵەتەش وای کردووە لەسەر دەستی داگیرکەرانی کوردستان ڕووبەڕووی ئەو ژمارە زۆرە لە کارەسات و تراژیدیا ببێتەوە، جیا لەوانەش نەنووسینەوە و تۆمارنەکردنی گۆڕانکارییەکان وای کردووە هەر زوو ڕووداو و کارەساتەکانی بیر بچێتەوە و وەک پێویست پەندیان لێ وەرنەگرێت. قسە و زانیاریی لەم ڕووەوە زۆرە و مێژووش سیخناخە لە نموونەی ئەو جۆرە زانیارییانە.

ئەوەی لێرەدا ئێمە بەکورتی دەمانەوێت ئاماژەی بۆ بکەین، بەرهەمی ئەو مێژوونووس و نووسەر و گەڕیدە و مسیۆنێر و پیاوە سیاسی و سەربازی و ئیدارییانەیە، کە لە بارەی کوردەوە نووسیویانە یاخود بەشێکی نووسین و بەرهەمەکانیان تەرخان کردووە بۆ کورد و ناوچە کوردستانییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا.

ئەڵبەت نکۆڵی لە گرنگی و بایەخی بەرهەمی ئەو جۆرە خەڵکانە ناکرێت بۆ نووسینەوەی مێژووی گەلەکەمان، چونکە کاتێک کورد خۆی لەبەر هەر هۆکارێک بێت بە ئەرکی خۆی هەڵنەساوە، ئەوە بەرهەمی ئەو ناکوردانەن کە بوونەتە سەرچاوە بۆ ئێمە و دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین بۆ شیکارکردنی مێژووی قۆناغە جیاوازەکانی گەلەکەمان، جا چ لە ناوخۆ بێت یاخود لە دەرەوەی خاکەکەی. خۆ ئەگەر بەرهەمی ئەو خەڵکانە نەبوونایە (سەرباری کەموکورتییان)، ئێمە زۆر زیاتر لە ئێستا لە نائاگاییەکی قووڵدا دەژیاین سەبارەت بە مێژووی گەلەکەمان، بۆیە لەو ڕووەوە بەرهەمی کوردناسەکان سوودێکی زۆر گەورەیان بە ئێمە گەیاندووە، ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و ناتوانرێت نکۆڵیی لێ بکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، کاتێک تۆ بە ئەرکی سەرشانی خۆت هەڵناسیت، دەبێ ئەوە باش بزانی خەڵکانی تر ناتوانن یاخود نازانن ئەرکەکانی تۆ وەک خۆی ئەنجام بدەن، بۆیە هەر جۆرە کەموکورتییەک لەو ڕووەوە جا بەمەبەست بووبێ یاخود بێ مەبەست، دەبێ بە ئاسایی وەربگیرێت.

کوردناسەکان، ڕۆژئاوایی بن یاخود ڕۆژهەڵاتی، لە ڕابردوودا زانیاریی جۆراوجۆر و گرنگیان لە بارەی کورد و خاکی کوردستانەوە بۆ تۆمار کردووین، بەڵام ئێمە کاتێک دەمانەوێت سوود لەو بەرهەمانە وەربگرین، دەبێ بەر لە هەر شتێک سەرنج بخەینە سەر خودی کەسەکە، کێیە؟ بۆچی هاتووە؟ کەی و بۆ کوێ ڕۆیشتووە و سەردانی کردووە؟ جۆری ئەو زانیارییانە چین کە تۆماری کردوون؟ ئامانج لە تۆمارکردنی زانیارییەکان چی بووە؟ کێ و چی لەپشت هاتنیانەوە بووە بۆ کوردستان؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری دیکە کە دەبێ توێژەری ورد و وریا لەبەرچاویان بگرێت و زانیارییەکانیان شەنوکەو بکات و بیانخاتە بەر دیدی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندیان بۆ بکات، ئەوجا سوودیان لێ وەربگیرێت.

ڕوونتر بڵێین، بەرهەمی کوردناسەکان سەرباری بایەخی مێژووییان بۆ ئێمە، بەڵام لە هەڵە و کەموکوڕی بەدەر نین، دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:



بەشێکی زۆری کوردناسەکان یەکەم جاریان بووە بێنە کوردستان، یاخود بەر لە هاتنیان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە کورد و کوردستان نەبووە، ئەوەش وایکردووە بکەونە زۆر هەڵەی مێژووییەوە.

١. شارەزانەبوون لە ناوی شار و هەرێم و گوندەکان و بە هەڵە تۆمارکردنیان. دووتوێی کتێبە مێژووییە کۆن و نوێکان سیخناخن لەم جۆرە حاڵەتانە، زۆر جار هەڵەکان بە شێوەیەکن توێژەر تووشی هەڵە دەکەن یاخود کاتێکی زۆری دەوێت هەتا بابای لێکۆڵەر هەڵە مێژووییەکانی ئەوان ساغ دەکاتەوە، ئەویش دوای تەماشاکردن و بەراوردکردنی زانیارییە تۆمارکراوەکان لەسەر هەمان بابەت.

٢. جیاوازی زمان و گۆڕانکارییە خێراکان جا چ پەرەسەندنی زمان بێت یاخود گۆڕانی سیاسی و کارگێڕی، وایان کردووە کە نووسەرە بێگانەکان نەتوانن ناوی هەرێم و شوێنە جیاوازەکانی کوردستان وەک خۆیان بنووسن و تۆماری بکەن، ئەم حاڵەتە زۆر بەڕوونی لە بەرهەمی بێگانەکاندا بەدی دەکرێت، ئێمەش باش ئەوە دەزانین کە لە ڕەوتی مێژوویدا گۆڕانی زۆر بەسەر ناوی هەرێم و شار و گوند و ڕووبار و چیاکانی کوردستاندا هاتووە، هەروەک بەشێک لەو گۆڕانکارییانە جگە لە پەرەسەندنی زمانی کوردی خۆی، پەیوەندیی بە زمانی ئەو حکومەت و دەسەڵاتدارە بیانییانەوە هەیە کە سەردەمانێک حوکمڕانی بەشێک یاخود تەواوی خاکی کوردستان بوون.

٣. شارەزانەبوون و ئاگادارنەبوون لە فەرهەنگ و مێژووی کورد و زمانەکەی. بەشێکی زۆری کوردناسەکان یەکەم جاریان بووە بێنە کوردستان، یاخود بەر لە هاتنیان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە کورد و کوردستان نەبووە، ئەوەش وای کردووە بکەونە زۆر هەڵەی مێژووییەوە لە کاتی تۆمارکردنی زانیارییەکاندا.

٤. زۆر جار ئەو کوردناسانە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو هاتوونەتە کوردستان، بۆیە تەنها کاریان لەسەر ئەو لایەنە کردووە کە خۆیان ویستوویانە، بە نموونە ژاک ڕیتۆڕێ وەک مسیۆنێر، مێجەرسۆن لە سەرەتادا وەک جاسووس و دواتر وەک حاکمی سیاسیی سلێمانی، ڕیچ وەک نوێنەر و دیپلۆماتکارێکی بەریتانی سەردانی سلێمانی و سنەی کردووە و مینۆرسکی وەک نوێنەری دیاریکردنی هێڵی سنووری ئێرانی-عوسمانی... هتد.

٥. داگیرکەرانی کوردستان بەرچاوڕوون و ڕێنوێنیکەری کوردناسەکان بوون. لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەت نەبووە، بەڵکوو پاشکۆی دەوڵەتاکانی ئێرانی و عوسمانی بووە، زۆربەی جار ئەو دەوڵەتانە خەڵکانێکیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی هاوڕێیەتیی بابای گەڕیدە یاخود گەشتیار یان پیاوانی سیاسی یاخود سەربازی بکات بە مەبەستی چوونیان بۆ ناوچەکانی کوردستان. پێشتریش دەسەڵاتداران وێنەیەکی ناشیرینی کۆمەڵگەی کوردییان نیشانی ئەو خەڵکانە داوە و هەر چی خراپە هەیە داویانەتە پاڵ کورد و ناوچە کوردییەکان.



نەبوونی دەوڵەتی کوردی، زیانی لەبننەهاتووی بە گەلی کورد گەیاندووە، لێکەوتەی نەرێنیی زۆر و جۆراوجۆری لەسەر جێ هێشتووە، هەندێك لەو لێکەوتانە هەتا ئەمڕۆش دامەنی بەر نادەن.

٦. هەندێکی زۆر لە بەرهەمی کوردناسەکان، سەرەقەڵەمن و وردەکارییان تێدا نییە. هەندێک لە کوردناسەکان بە ڕێبواری یاخود بۆ کارێکی تایبەتی هاتوونەتە کوردستان یاخود پیایدا تێپەڕیون و زۆر تێیدا نەماونەتەوە، بۆیە زانیارییەکانیان لە سەرەقەڵەم تێپەڕ ناکات و وردەکاریی زۆریان تێدا نییە سەبارەت بە ناوچەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی، ئەوەش وا دەکات زانیارییەکانیان کرچوکاڵ بن و سوودێکی ئەوتۆیان نەبێت.

٧. تایبەتمەندیی گەلی کورد و ناوچەکەیان لەبەرچاو نەگرتووە، بە چاوی ئەورووپا تەماشای ناوچەکەیان کردووە. بێگومان هەر گەل و میللەتێک مەحکوومە بە ژینگەکەی، زانایانی کۆمەڵناسیش گوتوویانە: مرۆڤ هیچ نییە، جگە لەوەی بەرهەمی ژینگەکەی خۆی نەبێت. بەڵام زۆرێک لە کوردناسەکان بەتایبەتی ئەورووپییەکان، لە چاویلکەی ئەورووپای پیشەسازی و خاوەن شارستانیەتەوە تەماشای کۆمەڵگەی کوردییان کردووە، بەبێ ئەوەی شیکارییەکی ورد بکەن بۆ ئەو ڕەوشە ناهەموارەی کە کورد بە درێژایی ئەو چەند سەد ساڵەی ژێردەستەیی ئێرانی و عوسمانی پێیدا تێپەڕیوە.

٨. بەشێک لە کوردناسەکان میراتی مێژوویی و فەرهەنگی کوردییان بە موڵکی داگیرکەرانی کوردستان لەقەڵەم داوە. خۆ ئەگەر بابای کوردناس یان نووسەر سەر بە گەلانی سەردەستەی کوردستان بووبێ، ئەوە هەر مەپرسە (هەندێکی کەمیان نەبێت).

٩. زمانی کوردییان نەزانیوە، بەڵکوو لە ڕێی ڕێبەر و وەرگێڕەکانیانەوە زانیارییەکانیان وەرگرتووە، بێگومان ئەوەش گرفت لە گواستنەوەی زانیارییەکان و تۆمارکردنیاندا دروست دەکات، ئەوەش وا دەکات نووسەر نەتوانێت قووڵایی بە نووسین و لێکۆڵینەوەکەی ببەخشێت.

١٠. هەندێک لە کوردناسەکان هەڵوێست و کاری تاکەکەسێک یان خێڵێک یان گرووپێکیان گشتاندووە بەسەر کۆی کۆمەڵگەی کوردیدا، بە شێوەیەک هەندێکیان کوردیان وەک گەلێکی کێوی و دڕندە و دوور لە شارستانیەت وێنا کردووە.

١١. بەشێکی زۆریان هۆکاری دواکەوتوویی کوردیان گەڕاندووەتەوە بۆ خودی گەلی کورد خۆی، لە کاتێکدا دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتیی خۆیان بواریان نەداوە یاخود نەیانویستووە گەلی کورد چاوی بکرێتەوە، بەڵکوو ویستوویانە کورد هەر بەو دواکەوتوویییەی بمێنێتەوە.

١٢. زۆر جار شارەزانەبوونیان لە مێژوو و جوگرافیای کوردستان؛ وای کردووە بەشێک لە گەلی کورد یاخود پارچەیەکی خاکی کوردستانیان بە بەشێک لە خەڵک و خاکی داگیرکەرانی کوردستان لەقەڵەم داوە، بە نموونە هەندێک لە کوردناسەکان لوڕەکان بە کورد نازانن، هیی

واشیان هەیە هەورامییەکان بە پێکهاتەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەی کوردی تەماشا دەکەن... هتد.

١٣. هەندێک جار کوردناسەکان بەمەبەستەوە زانیاری و ڕاستییە مێژووییەکانیان شێواندووە و بەو شێوەیە تۆماریان کردووە کە خۆیان ویستوویانە یاخود لێیان ویستوون، بەتایبەتی لە لێدان و تێکشکاندنی کەسێتیی تاکی ڕۆژهەڵاتی و نیشاندانی تاکی مسوڵمان وەک خەڵکانێکی چەوسێنەر و دڵڕەق و بێبەزەیی بەرامبەر کەمەنەتەوایەتی و ئایینییەکانی کوردستان.

هەروەک دەستێکی باڵایان هەبووە لە دنەدانی مەسیحییەکانی کوردستان لە دژی جووڵانەوە کوردییەکان، هاندانی ئاسووری و ئەرمەنەکان لە دژی جووڵانەوەکانی بەدرخان پاشا و یەزدان شێر و شێخ عوبەیدوڵڵا؛ نموونەیەکی دیاری ئەم حاڵەتەن، بە شێوەیەک پیاوە سیاسی و سەربازییەکانی ئەورووپا، بەتایبەت ئینگلیز و ڕووس و فەڕەنسییەکان، ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی نێوان کوردی مسوڵمان و ئەو کەمینە ئایینی و نەتەوەییانەی کە لە کوردستاندا دەژیان، ئەوە لە کاتێکدا بەپێی زانیارییە مێژووییەکان و بەڵگە سەلمێنراوەکان، بەر لە هاتنی ئەوان ئەو کێشانە لەنێوان کورد و ئەو پێکهاتانەدا نەبووە.

ماوەتەوە بڵێین، هەڵە و کەموکوڕیی بەرهەمی کوردناسەکان هەر چییەک و هەر چۆنێک بن و بەمەبەست یاخود بێ مەبەست بن، ئەوە بەرهەمی ئەوانە و هەر ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێ، گرفتەکە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی بە کورد خۆیەوە هەیە، چونکە ئەوان بێگانەن و تۆ دەبێ خەمی خۆت بخۆی. با ئەوەش بڵێین، هەندێک جار ڕادەی دڵسۆزیی ئەوان گەیشتووەتە ئەوەی کە بەدوای کەمترین زانیاریدا بگەڕێن لەسەر کورد و ناوچەکانی کوردستان کە سوودێک بە نووسین و بەرهەمەکانیان بگەیەنێت، بەڵام کوردەکە خۆی کەمتەرخەم بووە، بە نموونە؛ کاتێک ڕیچ داوای سەجەرەی بنەماڵەی بابان لە مەحموود پاشای میری بابان ئەکات، مەحموود پاشا ئەو بابەتە ئەوەندە بە گرنگ نازانێ، پێی دەڵێ مێژووی بنەماڵەکەی ئێمە زۆر نییە، هەمووی سەد ساڵێک دەبێت و ئەوەندە شتێکی گرنگ نییە. وەڵامێک کە بۆ ڕیچ مایەی شۆکە! چۆن دەبێت میری میرنشینێک ئاگاداری مێژووی حکومڕانیی میرنشینەکەی خۆی و بنەماڵەکەی نەبێت!

سەرباری ئەوەش ڕیچ هەر کۆڵ نادات لە سۆراغکردنی سەجەرەی بنەماڵەی بابان، هەتا ئەو کاتەی ناونیشانی کەسێکی بۆ دەدەن لە شاری سلێمانی کە ئەو هەندێک زانیاریی لەو بارەیەوە لەلایە. ئەوە لە کاتێکدا گەشتنامەکەی ڕیچ (١٨٢٠)، لە سەرچاوە هەرە گرنگ و بەرچاوەکانە بۆ شارەزابوون و نووسینەوەی مێژووی بنەماڵە و میرنشینی بابان و بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی شاری سلێمانی... هتد.

لەوەش زیاتر، ئەو کەرەستە و ماتریاڵانەی کە هەیبووە؛ نرخی نەزانیوە و فەوتاندوونی، ئەوە کوردناسەکان بوون بەتایبەتی ئەورووپییەکان بەشێک لەو کەرەستانەیان پاراستووە، بەرهەمێکی گرنگی مێژوویی وەک «شەرەفنامە»، ئەوان پاراستوویانە و دواتر چاپیان کردووە و بڵاویان کردووەتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێین نەبوونی دەوڵەتی کوردی، زیانی لەبنەهاتووی بە گەلی کورد گەیاندووە، لێکەوتەی نەرێنیی زۆر و جۆراوجۆری لەسەر جێ هێشتووە، هەندێک لەو لێکەوتانە هەتا ئەمڕۆش دامەنی بەر نادەن. نەبوونی زانیاریی پێویست لەسەر مێژووەکەی، لە زیانە قەرەبوونەکراوەکانی ئەم حاڵەتەن. لەم ڕووەوە، بە تێڕوانینی ئێمە فاکتەرە خودییەکان زۆر لە فاکتەرە بابەتییەکان زیاتر زیانیان بە گەلی کورد و پاشخانە مێژوویی و فەرهەنگییەکەی گەیاندووە.

# بایەخی گێڕانەوەی مێژوویی
# لە کتێبی «کاروانی ژیانم»دا





**ڕێدار ئەحمەد**

١٩٧٤ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، بکالۆریۆس لەیاسا، ماستەر لەیاسای ئیسلامی، سەرپەرشتیار چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی. زیاتر لەبیست کتێبی لەبواری نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕاندا چاپ بووە.

گومانی تێدا نییە گێڕانەوە مێژووییەکان گرنگی و بایەخی تایبەتیان هەیە، دەبنە کەرەستەیەکی خاو بۆ نووسینەوەی مێژووی هەر سەردەمێک، بەتایبەت کاتێ کەسی گێڕەرەوە خۆی لەو سەردەمەدا ژیابێت، بە بەشداربوون یان بینین شاهێدی ڕووداوەکان بووبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ژیاننامەی سەرکردە و نووسەر و ڕووناکبیران سەرچاوەیەکی پڕبایەخن. کەسانێک هەن دێنە ژیان و چەندین ساڵ تەمەن دەکەن، زۆر جار تەمەنێکی درێژ، بەڵام لەپاش خۆیان هیچ جێدەستێک بەجێ ناهێڵن، لە بەرانبەردا کەسانێک هەن نەک تەنها جێکەوتە و کاریگەرییان بۆ مرۆڤەکانی سەردەمی خۆیان هەیە، بەڵکوو ناو و ناونیشان و بەرهەمیان لەپاش خۆشیان هەر کاریگەریی دەبێت، زەڵمی واتەنی «عومرێکی پان و کورتیان دەبێت، نەک درێژ و تەسک».

جیاوازیی ئەم دوو جۆرە مرۆڤە لە شێوازی ژیان و ئامانج و ئەو نەهامەتی و کۆسپانەیە کە هاتووەتە ڕێگایان، لەگەڵ چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوە و زاڵبوون بەسەر کۆسپەکاندا. هەست دەکەم هێشتا خوێنەری کورد وەک ئەوەی پێویستە بەم زانا گەورەیەی ئاشنا نەبووە، هۆکاری ئەم باش نەناسینە زۆرە، لێی دەگەڕێم بۆ کات و دەرفەتی دیکە، ئەوەی گرنگ بێت لە ئێستادا چۆن بتوانین خوێنەری کورد بە لایەنە شاراوەکانی ژیانی دکتۆر مستەفا زەڵمی –خوا لێی خۆش بێت– ئاشنا بکەین، بەتایبەتی لەڕێی قوڵبوونەوە لەژیاننامەکەی.

## کاروانی ژیانم

«کاروانی ژیانم» ناوی ئەو کتێبەیە کە دکتۆر مستەفا زەڵمی ژیاننامەی خۆی تێدا تۆمار کردووە، پێم وایە یەکەمین دەروازە بۆ خوێنەری کورد بەباشی بەم گەورە زانایەی ئاشنا ببێت، خوێندنەوەی ئەم کتێبەیە کە تا ئێستا سێ جار چاپ کراوە و ئێستا چاپی چوارەم دەکرێت.

بۆ ئەوەی خوێنەران زانیارییەکی پوختیان سەبارەت بەم کتێبە هەبێت، هەوڵ دەدەم بەکورتی و پوختی شتێکی لە بارەوە بنوسم.

ئەم کتێبە لە چوار بەشی سەرەکی و پاشکۆیەک پێک دێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە سەرەتای ژیانی و خوێندنی وەک فەقێ لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستاندا (١٩٢٤-١٩٤٥).

بەشی دووەم تایبەتە بە ژیانی وەک مامۆستایەکی ئایینی پاش وەرگرتنی بڕوانامەی زانستە شەرعییەکان، کە ناوی ناوە ژیانی مەلایەتیم (١٩٤٦-١٩٥٥).

بەشی سێیەم تایبەتە بە ژیانی لەناو سوپادا وەک ئیمام تابوور (١٩٥٥/١٠/٨-١٩٧٢/٨/٢٠).

چوارەم بەش باس لە ژیانی وەک مامۆستای زانکۆ دەکات و ناوی ناوە ژیانی زانکۆ (١٩٧٥-٢٠٠٨).

لە کۆتاییشدا پاشکۆیەک هەیە تایبەت بە پاش گەڕانەوەی بۆ شاری هەولێر.

ئەم کتێبە ٨٧٤ لاپەڕەیە، بەوردی نووسراوە، پێویستی بەوە هەیە بەوردی بخوێنرێتەوە تا خوێنەر بەباشی لێی تێبگات. «کاروانی ژیانم» گەورەتر لەوەی تەنها ژیاننامەی دکتۆر مستەفا زەڵمی بێت، تۆماری مێژووی ئەو سەردەمەیە بە خاڵە باش و ئەرێنی و خراپ و نەرێنییەکانیەوە.

زەڵمی تەنها لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ئەو سەردەمەی خۆیەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕووداوەکان ناکات، بەڵکوو بەپێی ئەو ڕووداو و کەسایەتی و بابەتانەی پەیوەندارن پێیەوە؛ هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات، بابەتییانە و بوێرانە و ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی لە بارەیانەوە دەخاتە ڕوو.

لە بارەی نەهامەتییەکانی ژیانیەوە، دکتۆر موستەفا زەڵمی دەڵێت: «بەڕاستی باوەڕ ناکەم لە سەدەی بیستەمدا کەس هەبێ هێندەی من ناخۆشی و ناهەمواریی خوێندنی دیتبێ(١).»

لەم کتێبەدا زەڵمی خۆی وەک پاڵەوان و بێ هەڵەوپەڵە وێنا ناکات، لە هەر جێگایەکدا دەگاتە

سەر هەڵەیەک کە ئەنجامی دابێت؛ هەڵوێستەی لەسەر دەکات، سەرزەنشتی خۆی دەکات، لە پێگەیەکی وەها بەرزەوە بۆ رۆڵەکانی میللەتەکەی دەنووسێت، بێباکە لەوەی هەڵە و کەموکورتییەکانی ژیانی هیچ لە پێگەی کەم بکاتەوە.

## داننان بە هەڵەکانی ژیانیدا

نهێنییەکی سەرکەوتنی کەسایەتیی مامۆستای زەڵمی لە تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانیدا، بوێرییەتی لە داننان بە هەڵەکانیاندا، لەم بارەیەوە کتێبی «کاروانی ژیانم» باشترین شاهێدە. چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو: لە دوو جێگای کتێبی کاروانی ژیانمدا باسی مارەبەجاشی کردووە، ئەو کاتەی مەلا بووە بەو جۆرە دوو جار تەڵاقی چاک کردووەتەوە، جارێک لە زەڵم و جارێک لە سەرسیان، «لە ماوەی ژیانمدا هەڵەی زۆرم کردووە، هەندێکی لەبەر ئەوە بووە دوای یەکێکی تر کەوتووم وام زانیوە قەت هەڵە ناکات، بەم جۆرە دوو جار مارەبەجاشم کردووە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعی -خوا لێی رازی بێت-، یەکەمیان ساڵی ١٩٤٦ لە دێی زەڵم، دووەمیان ١٩٤٧ لە سەرسیان(٢).»

یەکێکی تر لەو هەڵانەی لە ژیاننامەکەیدا دانی پێدا دەنێت، ئەو کاتەی بوومەلەرزە لە زەڵمی داوە و ماڵی مامۆستا زیانی مادییان پێ گەیشتووە، هادی چاوشلی مدیرناحیەی خورماڵ دەبێت و بەپێ دەچێت بۆ زەڵم بۆ قەرەبووی مامۆستا، دەڵێت: «کاتێک گەیشتنە ئەوێ، من دەرسم دەوتەوە. لە حوجرەی فەقێیەکان دانیشتن ئاو و دۆیەکی ساردیان خواردەوە، من ویستم دەست لە دەرسوتنەوەکە هەڵگرم، ئەویش وتی: پێم خۆشە گوێ بگرم، دەرسەکە تەواو بکە. لەو کاتەدا دەرسی «منهاج»م دەوتەوە لە فقهی شافعیدا، بابەتی وانەکە ئەوە بوو کە مرۆڤ بە چی «فاسق» دەبێت. یەکێک لەو شتانەی لە کتێبەکەدا نوسرابوو، هەر کەسێک سەری خۆی ڕووت بکات، «فاسق» دەبێت.

کاتبەکەی مدیر وتی: باشە، خۆ مدیر بەگیش سەری ڕووتە!

وتم: تۆش و مدیر بەگیش هەردووکتان فاسقن، چونکە سەرتان ڕووتە.

مدیر هیچ تێک نەچوو، زەردەخەنەیەک گرتی، ئینجا بە دواکەوتوویی من پێکەنی.

تێنەگەیشتنم لە ئاینی ئیسلام؛ ئەو بێئەدەبییەی پێ کردم لەبەردەم دڵسۆزێک کە سەعاتەڕێیەک بەپێ بەو گەرمایە هاتووە بۆ ئەوەی بزانێت بوومەلەرزەکە چەند زیانی لێ داوم، بۆم ببژێرێت.

کاتێک کە ئەم وتە ناشیرینە و چەند شتێکی کاتی تێنەگەیشتن و دواکەوتوویی خۆم بیر دێتەوە، لە تەریقیدا هەموو گیانم ئەبێت بە ئاو.

ڕەحمەتی خوا لە شافیعی کە فەرموویەتی:

**كلما أدبني الدهر أراني نقص عقلي**

**وكلما أزددت علما زادني علمي بجهلي**

من کە پێیان دەوتم دوانزە عیلمە، نەمدەزانی بۆچی ئەوەندە دواکەوتوو بووم، نەمدەزانی کە ئیسلام تەماشای دیمەنی ئینسان ناکات، بەڵکوو تەماشای دڵ و دەروونی، هەروەک پێغەمبەری خوا -دروودی خوای لەسەر بێت- دەفەرموێت: «إن الله لا ينظر إلى صوركم وإنما ينظر إلى قلوبكم»، واتە: خوا تەماشای دیمەنتان ناکات، بەڵکوو تەماشای دڵ و دەروونتان دەکات.

هەروەها شێخی سەعدی دەڵێت: «درویش صفت باش کلاه تتری دار.»

واتە: با ڕەوشتت هیی پیاوی باش بێت و کڵاوی تەتەر بکە سەرت. دەکات(٣).»

لەم بارەیەوە نموونەی دیکە لە چەندین شوێنی کتێبی «کاروانی ژیانم»دا بەرچاو دەکەوێت، ئەمە لەلایەن ڕاستگۆییەوە.

لە بواری مێژوویشدا «کاروانی ژیانم» تۆمارێکی دەوڵەمەندی ڕووداوەکانی سەردەمەکەیەتی، لەم ڕووەوە دوو بابەت دەخەینە ڕوو:

## بابەتی یەکەم:
## ئەو ڕووداوانەی لە سەردەمی ئەودا ڕوویان داوە و لە کاروانی ژیانمدا باسی کردووە

### یەکەم: گێڕانەوەکان

لە کتێبی «کاروانی ژیانم»دا، دکتۆر مستەفا زەڵمی لە کەسانی نزیک لە خۆی هەندێک ڕووداو دەگێڕێتەوە کە جێی هەڵوێستەلەسەرکردن و پەندلێوەرگرتنە، نموونەی ئەم گێڕانەوانە: «شێخ بەشیر، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەمین عامی ئەوقافی هەولێر بوو، دەگێڕێتەوە کە لە ساڵەکانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ قوتابی بووە لە کۆلیجی حقووق، هاوڕێیەکی هەبوو ئەندامی حزبی شیوعیی عێراقی بوو، بەشداریی خۆپیشاندانەکانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی دەکرد، دەچووە سەر شانی قوتابیان و هوتافی دژی ڕژێم و سەرۆکوەزیران «نووری سەعید» ئەدا.

دوای تەواوکردنی کۆلێج زۆری هەوڵ دا دابمەزرێ، بێسوود بوو، چەند کەسێک ڕێنماییان کرد کە داواکارییەک بنووسێت و بچێت لەسەر ڕێگای هاتوچۆی نووری سەعید بوەستێت و پێشکەشی بکات.

داواکارییەکەی نووسی و لەسەر ڕێگاکەی وەستا. کە هات، پێی وت: پاشا، دەخیلتم! ئەویش لەگەڵ خۆی سواری ئۆتۆمبێلی دەکات و دەیبات بۆ ماڵی خۆی، پاشان لێی پرسی: چیت ئەوێ؟ وتی: دەرچووی کۆلیجی حقووقم و دوو ساڵە تەواوم کردووە، کەسم نییە، خۆم و پیرەدایکێکم هەیە، ئەویش نەخۆشە، ناتوانم داوودەرمانی بۆ بکرم، داوای دامەزراندنیش دەکەم، لە هیچ شوێن دامنامەزرێنن.

پێی وت: برۆ دەست و چاوت بشۆ.

داوای لە «دایکی صەباح»ی خێزانی کرد خواردنی بۆ ئامادە بکات، چونکە نە پاسەوانی هەبوو، نە خزمەتکار.

لەو کاتەدا کە خەریکی نانخواردنە، نووری سەعید دەچێت و لەناو دۆلابێک وێنەیەک دەردەهێنێت و تۆزێک سەیری دەکات، ئینجا دەیخاتەوە شوێنی خۆی.

پاش نانخواردن، نووری سەعید فەرمانی پێ کرد کە بچێتە سەر مێزێک و هوتافەکانی جاران بدات کە دەیوت: «نووری سەعید قۆندەرە و ساڵح جەبر قەیتانە»، ئەویش قایل نەبوو ئەمە بکات، بەڵام نووری سەعید زۆری لێ کرد و ئەویش ناچار چووە سەر مێزەکە و هوتافی دا و هاواری دەکرد، نووری سەعید و خێزانەکەشی چەپڵەیان لێدەدا.

دوای تۆزێ داوای لێ کرد دابەزێت، ئینجا پێی وت: ڕۆڵە، نە من بووم بە قۆندەرە و نە ساڵح جەبر بوو بە قەیتان... تۆ گەنجیت، چیت لە سیاسەت و حزبی شیوعی داوە.

دەستی خستە ناو گیرفانی و دە دیناری ئەو کاتەی دەرهێنا و پێی دا و پێی وت: بەیانی برۆ دەستێک جلوبەرگی نوێ لەگەڵ جووتێک قۆنەرە بکڕە، پیرەدایکیشت ببە بۆ دکتۆر.

ئینجا لێی پرسی: تۆ دەتەوێت ببی بە چی؟ لە وەڵامدا وتی: مدیرناحیە.

وتی: باشە، بەیانی بڕۆ بۆ لای وەزیری ناوخۆ، بۆ ئەوەی داتبمەزرێنێ.

کاتێک چوو بۆ وەزارەت، پێیان وتبوو کە دەبێ بەڵگەنامەی «عدم محكومیە» بێنێت، ئەویش بە هۆی ڕابردووی لەگەڵ حیزبی شیوعیدا، جارێکی تر گەڕایەوە لای نووری سەعید لە ئەنجوومەنی وەزیران و پێی وت: داوای «عدم محكومیە»م لێ دەکەن!

وتی: برۆ بە وەزیری ناوخۆ بڵێ من هەویەم نووری سەعیدە(٤).»

**دووەم: پێشبینی و هەڵسەنگاندنی بۆ سەردەمەکەی**

مستەفا زەڵمی وەک لە کتێبی «کاروانی ژیانم» دەردەکەوێت، تەنها لە بواری خوێندنی یاسا و شەریعەتدا کەسێکی لێهاتوو نەبووە، بەڵکوو پێشبینی و هەڵسەنگاندنی ورد و قووڵی بۆ ڕووداوەکانی سەردەمەکەی هەبووە و بوێرانە خستیوویەتیە ڕوو، بۆ ئەمەش نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

«ڕۆژێک قوتابییەکی کورد هات بەدوامدا، وتی کاک حەبیب لەلایەن شۆڕشەوە هاتووە لە عێراقەوە، لە ئۆتێل «شبرد» دابەزیوە کە ئوتێلێکی گەورە بوو لەسەر ڕووباری نیل، داوای کوردەکان دەکات، بە من و کاک دکتۆر فوئادی وت با بێن بۆ لام. کاتێک چووین، دەبینم کوردە دڵسۆزەکان نزیکەی (٢٠) کەس دانیشتوون، لەپێش هەموویاندا مام جەلال، چونکە ئەو کاتە ئەویش بۆ ماوەیەک لە قاهیرە بوو، لەو کاتەدا جەنگ لەنێوان ڕژێمی عێراق و شۆڕشگێڕانی کوردستان دەستی پێ کردبوو، شای ئێران یارمەتییەکی زۆری کوردەکانی ئەدا، هەموو شتێکی بۆ ئامادە کردبوون بۆ بەردەوامییان لەسەر جەنگ لەگەڵ سوپای ڕژێمی عێراق کە ئەمەش پەیوەندیی هەبوو بە سیاسەتی ئەمریکاوە.

کاک حەبیب وتارێکی دوورودرێژی دا بۆمان، وتی: ئێستا شای ئێران خۆی بە کوردێک دەزانێت و بۆ مافی کورد هەوڵ دەدات، لەسەر بیروباوەڕی «ئاری»یەتی دەڕوات، ئێستا پێی دەوترێت «ئاریا میهر». ئێمە سەدی سەد بەسەر ڕژێمی عێراقدا سەر دەکەوین بە هۆی شای ئێرانەوە و مافی خۆمان لە چوارچێوەی عێراقدا دەچەسپێنین، بەسەر سوپای ڕژێمی عێراق و ڕژێمی سوشیالیستی بەعسی زاڵ دەبین.

کاتێک لێ بووەوە، وتی: کێ پرسیاری هەیە با بیکات.

منیش وتم: بە ناوی برادەرانەوە کە هەموومان خۆمان بە دڵسۆزی کورد دەزانین، پرسیارێکت لێ دەکەم: هەر ڕۆژێک شای ئێران لەگەڵ سەددام حوسێن ڕێک کەوتن و دەستیان کردە ملی یەکتر، ئەو کاتە کێتان هەیە پشتی پێ ببەستن بۆ ئەوەی شۆڕشەکە بەردەوام بێت، وەک جاران نەکەوینە کۆسپی سەرلێشێواوییەوە؟ وتم: لاولاو کە پێچ ئەخوا بە دارێکدا، ئەگەر دارەکەیان بڕییەوە، ئەویش ئەکەوێتە بەر پێ.

وتی: موستەحیلە، ئەم دووانە ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەن بە یەکتر و ئاشت ببنەوە، چونکە دوژمنایەتییەکەیان زۆر قووڵە.

وتم: کاک حەبیب، تۆ ئەندامێکی لە مەکتەبی سیاسی، دادەنرێیت بە مرۆڤێکی سیاسیی کورد، سیاسەت لەم جیهانەدا لەگەڵ بەرژەوەندی دەگەڕێ و دەگۆڕێ، هەر کات بەرژەوەندیی ئێران و عێراق پاڵی نا بەم دوو کەسەوە نزیکیان بخاتەوە، دەست دەکەنە ملی یەکتر، لەسەر حیسابی گەلە بێکەسەکەمان.

وتی: بەڵێ هەیە، پشتیوانی ترمان هەیە، ئەو کاتەی ئەم مەحاڵەی تۆ هاتە دی، ئێمە پشتیوانی ترمان هەیە کە نەیەڵێت وەک لاولاو دارەکە ببڕێت و بکەوینە سەر زەوی و پێمان پیا بنێن وەکوو تۆ دەڵێیت.

وتم: ئێمە؛ ئەم قوتابییانە هەموومان خۆمان بە دڵسۆزی کورد دەزانین، بۆیە هاتووین بۆ لای تۆ، دەتوانین بزانین پشتیوانەکەی ترمان کێیە لە جێی شای ئێران کە هەر کاتێک عێراق و ئێران ڕێک کەوتن، یارمەتیمان بدات؟

وتی: ئەوە هەر «قیادە» دەیزانێت.

وتم: ئێمە هەر ئەوەمان دەوێت کە ببێت، ئیتر زۆر گرنگ نییە کە ئێمە بیزانین.

مام جەلال و برادەرەکانی تر ئەم پرسیارەیان



هەموو مانگێکی نەبرد وتەکەی من هاتە دی. پشتیوانەکەی کورد -وەك كاك حەبیب وتی-، لە جەزائیر لەگەڵ سەددام لە ١٩٧٥/٣/٦ دەستیان کردە ملی یەکتر و رێککەوتننامەی جەزائیریان مۆر کرد.

زۆر زۆر پێ خۆش بوو.

بەداخەوە پاش ئەوە، هەموو مانگێکی نەبرد وتەکەی من هاتە دی. پشتیوانەکەی کورد -وەک کاک حەبیب وتی-، لە جەزائیر لەگەڵ سەددام لە ١٩٧٥/٣/٦ دەستیان کردە ملی یەکتر و رێککەوتننامەی جەزائیریان مۆر کرد، کورد وەک لاولاوێک چووبێت بە درەختێکدا، درەختەکە ببڕنەوە و ئەویش لەگەڵیدا بکەوێتە سەر زەمین، هەر وا کوردەکە بەسەرلێشێواوی مایەوە، هیچ پشتیوانییەکی نەبوو لە جێی «شا»دا یارمەتیی کورد بدات، وەک کاک حەبیب بە ئێمەی وت کە هەیە و قیادە دەیزانێت.

### رێککەوتننامەی جەزائیر

لەپاش مانگێک لەدوای کۆبوونەوەکەمان کە لەگەڵ کاک حەبیب کەریم؛ رێککەوتننامەی جەزائیر ئەنجام درا، لەپێش ئەم رێککەوتننامەیە بە هەفتەیەک کاک «د. فوئاد مەعسوم» وتی: مامۆستا موحەممەد ئیسماعیل کە بەڕێوەبەری زانیاریی کوردستانی عێراقە، چووە بۆ فەرەنسا «زماله» وەربگرێت بۆ قوتابییە کوردەکان، بەیانی بۆ هەمان مەبەست دێت بۆ قاهیرە، تۆ بچۆ لە فڕۆکەخانە پێشوازیی بکە، کاتژمێر هەشتی ئێوارە دەگاتە ئەوێ. منیش لەو کاتەدا رۆیشتم و لەوێ پێشوازیم لێ کرد و هێنام بۆ شوێنەکەی خۆم، بۆ بەیانی لە باڵەخانەکەی کە شوقەکەی منی تیادا بوو، شوقەیەکمان بۆ ئەویش گرت، بەڵام بە شەو هەر لەلای من دەخەوت.

ئینجا کاک «دکتۆر فوئاد» پەیوەندیی هەبوو بە «عبدالرحمن فريد»، پێی وتم سەرۆک ئەنوەر سادات دەڵێت پەیام بنێرن بۆ مەلا مستەفا با وەفدێک بنێرێت بۆ ئەو کۆنگرەیە کە لە جەزائیر دەکرێت، کە شای ئێران و سەددام بەشداریی تیا دەکەن.

هەواڵەکە نێردرا بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا، بەڵام ئەو هیچ بایەخێکی پێ نەدا.

ئەو رۆژە کە رێککەوتننامەکە ئیمزا کرا لەنێوان عێراق و ئێران، بۆ رۆژی دووەم بەیانی زوو لە خەو هەڵسام ئێزگەی لەندەنم کردەوە، هەواڵی رێککەوتننامەکەی بڵاو کردەوە، لە پاشدا کاک موحەممەد ئیسماعیل لە خەو هەڵسا و وتی دەنگوباس چییە؟ وتم: دەنگوباس ئەوەیە شای ئێران هەمووتانی هەڵخەڵەتاند و ئێستا بنەما و بنچینەی کوردی لەبن هەڵوەشاند و نەتەوەی کوردی برد بە قوڕدا.

ئەویش قسەکەی زۆر پێ ناخۆش بوو، وتی: قسەی وا چۆن ئەکەیت؟ وتم: بە ماوەیەکی زۆر نزیک هەموو شتێکت بۆ روون دەبێتەوە و دەزانی کە هەموو قسەکانم راستە.

لە هەمان رۆژدا کاتژمێر (١٠)ی پاش نیوەڕۆ کاک دکتۆر فوئاد هات، ئەویش هەواڵەکەی بیستوو، زۆر بەپەرۆشەوە گێڕایەوە، بە منی وت: دەچم بۆ



## هەر گەلێك كە توانیویەتی كیانێ بۆ خۆی دروست بكات، لەسەر بنەما (مبدأ) جووڵاوەتەوە، ئەو بنەمایە كردوویەتی بە یەك پارچە بەرامبەر بە دوژمنی خۆی وەستاوە، بەڵام كورد هیچ كاتێك ئەوەی نەبووە.

لوبنان -لەوێ بنکەیەکی شۆڕشی لێ بوو- بۆ ئەوەی بزانم شۆڕشەکەمان چیی لێ هاتووە، ئەو کاتە لە لوبنانەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

لەپاش دوو ڕۆژ تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی: بەداخەوە هەموو شتێک تەواو بوو، شۆڕشەکەمان کوێر بوو، پێشمەرگە چەکەکانی تەسلیمی سوپای عێراق کردووە، شای ئێران بە مەلا مستەفای وتووە: بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن، بچن لەگەڵ سەددام ڕێک بکەون، ئیتر یارمەتیتان نادەم و نایەڵم لە خاکی مندا بمێنن.

وا دەردەکەوێت بنچینەی کارەکە ئەمریکا بووبێت، کە ویستی سوپای عێراق لە دەستی شۆڕشی کورد ڕزگار بکات و بیکات بەگژی سوریا یان ئێراندا.

ساڵی (١٩٨٠) کتێبێک بە ناونیشانی «کیسنجر والصراع الدولی» دەرچوو، چەند لاپەڕەیەکی لەسەر کورد و ڕێککەوتننامەی جەزائیر تیا بوو، کیسنجەر ئەو کاتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە، لە کتێبەکەیدا نووسیبووی: کۆنگرێسی ئەمریکی لە کاتی کۆبوونەوەیدا بە کیسنجەری وت: ئەو ئیشەی کە بەرامبەر کورد کردووتانە لە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، شتێکی ناڕەوا و بێڕەوشتی نەبوو؟ لە وەڵامدا وتبووی: بەڵێ، بێڕەوشتی بوو، بەڵام ئێمە پێغەمبەرەکان نین بەدوای ڕەوشتدا بگەڕێین.

کوردی ساویلکە هەر وا نەیزانیوە دۆست و دوژمنی خۆی لە یەک جیا نەکردۆتەوە، هەردەم دوژمن هەڵیخەڵەتاندووە و ئیشی خۆی پێ کردووە، ئینجا چەپۆکێکی داوە بە سەریدا.

نووسەرێکی ئەمریکی دەڵێت: «بۆچی کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە نەبووە بە هیچ، لەگەڵ ئەوەی دوو هەزار ساڵ پێش زایین گەلێکی ئازا و زاڵ بووە بەسەر گەلەکانی تردا لە باکووری عێراق وەک ئاشوورییەکان و سۆمەرییەکان و ئەوانی تر؟»

ئەم نووسەرە خۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە، دەڵێت: هەموو گەلێک کە قەوارەیەک بۆ خۆی دروست دەکات، پێویستی بە چوار مەرج هەیە:

یەکەم: خاک و ئاوێکی هەبێت لەسەری دانیشێت، نەچووبێتە سەر خاک و ئاوی یەکێکی تر. کورد ئەمەی هەبووە، هەمیشە دوژمن هاتۆتە سەر خاکی ئەو، ئەو نەچۆتە سەر خاکی یەکێکی تر.

دووەم: بەڕێوەبردنێکی هەبووبێت بەپێی ئەو ڕۆژە کە تیایدا ژیاوە. کورد هەردەم ئەمەشی هەبووە، بەپێی ژیانی ڕۆژی خۆی لە هەموو چەرخێکدا.

سێیەم: حسابێکی بۆ دوژمن کردبێت، هەردەم ئامادە بووبێت بۆ بەرگری لە خۆی و لە خاکەکەی لە دژی دوژمنەکانی. کورد هەردەم ئەمەی بووە، کاتێک جەنگاوە لەگەڵ دوژمنەکەی؛ زاڵ بووە بەسەریدا، بەڵام خیانەتی خۆی وای کردووە کە دوژمنەکەی خۆی زاڵ بێت بەسەریدا، بۆ نموونە دەڵێت:

ئیبراهیم پاشای بابان شاری سلێمانی ڕووەو شارستانێتی و پێشکەوتن برد، لەبەر ئەوە والیی بەغدا ئەوەی بە مەترسی لەقەڵەم دا، سوپایەکی بەهێزی نارد لە تورک و عەرەب بۆ سەر سلێمانی و گرتنی ئیبراهیم پاشا. کاتێک ئیبراهیم پاشا بەمەی زانی، هێزێکی برد لە دەربەندی بازیان بەرهەڵستی کرد، بۆ ماوەیەک دوژمنەکەی نەیتوانی لەو دەربەندە زاڵ بێت بەسەر کوردەکاندا و ڕووەو سلێمانی بڕوات، ئینجا سوڵتانی ئەستەمبوڵ بە براکەی ئیبراهیم پاشای وت کە ناوی «عبدالرحمن پاشا» بوو: ئەگەر بچیت لە دواوە لە براکەت بدەیت، ئێمە دەتکەین بە پاشا لە جێگای ئەو. ئەویش هێزێکی هێنا لە دواوە هێرشی بردە سەر براکەی و هێزەکەی لە پێشەوەش تورکەکان و عەرەبەکان یارمەتییان دا تا ئیبراهیم پاشایان شکاند.

نووسەرەکە دەڵێت: ئیبراهیم پاشا ئەوەندە ڕق چووە دڵیەوە، دەمی پڕ بوو لە کەف و چەکەکەی دا بە بەردێکدا و وتی: ئەگەر براکەی خۆم پشتم نەشکێنێت، هیچ وەختێک دوژمن ناتوانێت بەسەرمدا زاڵ بێت.

چوارەم: هەر گەلێک کە توانیویەتی کیانێ بۆ خۆی دروست بکات، لەسەر بنەما (مبدأ) جووڵاوەتەوە، ئەو بنەمایە کردوویەتی بە یەک پارچە بەرامبەر بە دوژمنی خۆی وەستاوە، بەڵام کورد هیچ کاتێک ئەوەی نەبووە، بۆیە هەردەم دواکەوتوو بووە. کورد کە لەگەڵ دوژمنەکەی جەنگاوە، یەکگرتنەکەی لەسەر بنچینەی حزبایەتی یان ئاغایەتی یان شێخایەتی بووە، ئەم سێ شتە سەرکردایەتیی کردووە، لەبەر ئەوە هەردەم پارچە پارچە بووە یەکی نەگرتووە، بۆیە لە کاروانی ژیان هەردەم بەجێماو و دواکەوتووە(٥).»

## بابەتی دووەم

## ئەو ڕووداوانەی بەشداریی تێیاندا کردووە و لە کاروانی ژیانمدا باسی کردووە

**(شۆڕشی چواردەی تەممووزی ١٩٥٨ وەک نموونە)**

دکتۆر مستەفا زەڵمی یەکێک بووە لە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان (ضباط الاحرار)، لە (١٩٥٥/١٠/١٨ز) لە فەوجی (٣)ی لیوای (١٩) لە جەلەولا دامەزراوە، عەبدولسەلام عارف فەرماندەی فەوج بووە، عەبدولکەریم قاسم فەرماندەی لیوا بووە، بۆیە ئاشنایەتیی نزیکی لەگەڵ ئەو دوو سەرکردە و سەرکردە دیارەکانی دیکەی ئەو شۆڕشەدا هەبووە و بەشداریی کاراشی تێدا کردووە، گێڕانەوەکانیشی وەک شاهێدییەکی زیندووی بەشداری ڕووداوەکان؛ بایەخی تایبەتیان هەیە.

لە بارەی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە دەڵێت: «لەپێش چوونمان بۆ ئوردن، بۆ ماوەی مانگێک لە «H3» ماینەوە، عبدالسلام عارف سێ خێمەی گەورەی لێک دا و مزگەوتێکی سەفەری لێ پێک هێنا، بە منی وت بەرنوێژیمان بۆ بکە و جومعەشمان بۆ بکە. یەکەم جومعە زۆر لە ئەفسەرەکانی لیواکە هاتبوون بۆ نوێژ، منیش بەبێ ئەوەی بترسم لە پاشەڕۆژ، خوتبەیەکی ئایینی و سیاسیم خوێندەوە، چونکە ئەو کاتە تا حەدێک ڕێگای قسەکردن هەبوو، لە وتارەکەمدا هێرشم کردە سەر ئەفسەرەکان و وتم: ئێوە لەبەر بەرژەوەندیی خۆتان، بیر لە بەرژەوەندیی عێراق ناکەنەوە و بیر لەوە ناکەنەوە وڵاتەکەتان ڕزگار بکەن لەدەست داگیرکەر. بەم جۆرە خوتبەکەم لەسەر ئەو باسە بوو.

شەو کاتژمێر (١٠)، عەبدولسەلام ناردی بەشوێنمدا، گومانم کرد لێپرسینەوەم لەگەڵ بکات لەسەر وتارەکەم، کاتێ چوومە ناو خەیمەکەیەوە، مێزێکی لە بەردەمدا بوو، قورئانێکی لەسەر بوو، ئاماژەی بۆ کرد و پرسیی: ئەوە چییە لەسەر ئەو مێزە؟

وتم: قورئانە.

وتی: لەبەر ئەوەی متمانەم هەیە پێت، سوێندت

نادەم، بەڵام لە ئەمڕۆوە وا دابنێ ئەندامێکی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانیت.

وتم: شانازی دەکەم بەوەی پەیوەندی بکەم بە ئێوەوە، بەڵام دەبێت بزانم ئێوە ئامانجتان چییە و ئەرکی سەر شانی من چییە؟

وتی: ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ڕژێمی پاشایەتی بگۆڕین بۆ کۆماری و حکومەتێکی ئیسلامی پێک بهێنین کە جیاوازیی نەبێت لەنێوان کورد و عەرەبدا، ئەرکی تۆ لای ئێمە ئەوەیە کە تۆ بە هۆی ئەوەی جبە و عەمامەت لەبەردایە، کەس گومانت لێ ناکات، کاتێ نامە یان کتێبێکی نهێنیمان بۆ دێت، تۆ دابەشی بکە بەسەر ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا. منیش داواکەیم قبووڵ کرد، چونکە ئەوە ئامانجی هەموو موسڵمانێکی پاک و نیشتمانپەروەرە. بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە وتی، پاش ئەوەی کە گەیشتە سەر کورسیی دەسەڵات، هەمووی بەپێچەوانەوە جێبەجێ کرد، یەکەم دوو ئیشی گەورەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، بوو بە نائیبی قائدی قواتی مسەلەحە، هەوڵی دا عێراق بکات بە هێلکەیەکی پاککراو، بیخاتە دەمی میسرییەکان و عێراقی وا تێک دا کە ئێستاش ئەناڵێنێ بەدەست ئەنجامەکانی ئەو تێکدانەوە. دەرکەوت ئەگەر پێغەمبەر –دروودی خوای لەسەر بێت– عەرەب نەبووایە، ئەو ئیمانی پێ نەدەهێنا. زۆر ئیشی ڕەگەزپەرستانەی کرد، بۆ یەکەم جار ویستی کوردەکان بخەڵەتێنێ و بانگی کردن بۆ برایەتی و پێی ئەوتن «یا ابناء محمد». لە پاشان زۆر پیاوماقوڵی کوردی زیندانی کرد. جارێکیان لە کولیەی عەسکەری کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵ ئەفسەرەکاندا، منیش ئامادە بووم تێیدا، وتی: دەست ئەخەمە ناو دەستی شەیتان بۆ لەناوبردنی دوژمنانی عەرەب (مەبەستی کورد بوو)، هەروەها وتی ئاخر بستی لوتکەی شاخەکانی شیمالی عێراق هیی عەرەبە.

ئەفسەرێکی گەورە کە جێگەی بڕوا بوو، وتی: عبدالسلام عارف ئەفسەرە گەورەکانی کۆ کردەوە لە شوێنێکی نهێنیدا و منیشیان (واتە ئەو کەسەی کە بۆی گێڕامەوە) لەگەڵدا بووم، وتی: ئەمەوێت کیمیاوی بکەم بەسەر ئەو شاخانەدا کە کوردە چەکدارەکانی تێدایە.

ئەفسەرەکە وتی یەکێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە پێی وت: ئەگەر کیمیاوییەکە بکەین بەسەر شاخەکاندا، هەندێکی ئەچێتە خاکی ئێرانەوە و ئەو کاتە ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان شکاتمان لێ دەکات. ئەگەر بکرێت بە بنی شاخەکانیشدا، ئەوا زۆر لە ژن و منالی بێتاوان ئەکوژرێن. عبدالسلام وتی: من لە هەردوو لاوە کیمیاوییان بەسەردا ئەکەم، با ئێران هەر شکاتی خۆی بکات. ئەو مناڵانەشی کە کیمیاوی ئێمە ئەیانکوژێت، ئەگەر بمێنن و سبەی گەورە ببن، ئەوانیش دەبنە موتەمەرید.

ئەمە نموونەیەکە لەو ئامانجانەی کە هەیبوو، بە پێچەوانەی بەڵێنەکانیەوە کە توانیی چەند کەسێکی وەکوو منی پێ بخەڵەتێنێت.

بەم شێوەیە بوومە یەکێک لە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان(٦).»

## ئایا زەڵمی هەموو شتێکی لە کتێبی «کاروانی ژیانم»دا وتووە؟

بێگومان نەخێر. ئەوەی زەڵمی خۆی لەقەرەی نەداوە، باسکردنی هەندێ خزمەت و خەباتی خۆیەتی بۆ گەلەکەی. لێرەدا لە کتێبی «کاروانی ژیانم» دوور دەکەومەوە و نامەیەکی تایبەتی مامۆستای قەدرگران عەبدولڕەقیب یوسف دەخەمە ڕوو:

«مامۆستای بەڕێز دکتۆر مستەفا زەڵمی

ڕێز و سڵاوی زۆر

داوای تەمەن درێژی و تەندروستی بۆتان دەخوازم.

بە هۆی کاک مەسعوودی کوڕتانەوە کە برادەرێکی دڵسۆزمە، داوای ئەو دیدارە دەنگییەم لەگەڵ بەڕێز کەمال محی الدین کردبوو کە تێدا

ئاماژە بۆ خەباتی نهێنیی گەورەتانی کردووە.

بەڕاستی نەمدەزانی ئەو دەورە شێرانەتان دیوە لە بەغداد لە کاتی بەعسدا، وام زانی تەنیا زانایەکی مەزنی. دیارە خۆتان دەوری خۆتان بزر کردوە، دەنا دەبا لە کەمەوە یەک بەرگە کتێبتان نووسیبایە لە بارەی ئەو خەباتە سیاسییەی خۆتان و هەڤاڵەکانیشتان.

ڕۆژانی ٨ و ١٥ و ١٨ ئەیلوولی ٢٠١٤، دیدارم تۆمار کردووە لەگەڵ کاک کەمال، کە بەوە بۆم دەرکەوت مەخزەنێکی گەورەی زانیاری و بیرەوەرییە و بیری یەکجار تیژە، بەڵام تەمەنی درێژ بێ یاداشتی خۆی نەنووسیوە و چەند هانیم داوە بنووسێ؛ نانووسێ، وەک چۆن سیاسییە پێشینانمان نەیاننووسیوە و نرخی مێژوویان نەدەزانی و مێژوویەکی گەورەیان لەگەڵ خۆیان بردە ژێر گڵ.

شۆڕشی سی ساڵەی کورد، تەنیا سی لاپەڕە لە مێژووی گەورەی خۆی بە ناوی «مێژووی شۆڕش»ەوە نەنووسیوە کە نیشانەی دواکەوتنە، نەنووسینی ئەو خەبات و ماڵوێرانییە کە لە ژمارتن نایەت، خەیانەتە لە مێژووی کورد.

احمد شوقی کە بە ئەسڵ کورد بووە، وتوویەتی لە بەحری «رمل»:

**مثل قوم نسوا تاريخهم**
**كلقيط عي فى الناس انتسابا**
**أو كمغلوب على ذاكرة**
**يشتكي من صلة الماضي انقضابا**

بەڕێزم پەلە بکە لە نووسینی یاداشتی خۆت، ئەگەر تاقەتت نییە بە قەڵەم بنووسی، تەسجیلێک لەتەنیشتی خۆت دانێ و شریتەکانیش ئەرزانە و هەر چی هاتە بیرت، تۆمار بکە با بە زنجیرەش نەبێ قەیدی نییە، هەم دەنگت دەمێنێ و دەنگیش بەڵگەنامەیە و هەم کەسانی وەک کاک مەسعوود شریتەکان دەخەنە سەر کاغەز.

بەدوورودرێژی بنووسە و هیچی بەجێ مەهێڵە، تا باسی سەگێکی تۆپییش بنووسە، نەڵێی شتی بێکەڵکە.

«ابو الحسن المدائني» کتێبی «الظراطين»ی نووسیوە و ابن الجوزي «اخبار الحمقى والمغفلين»ی نووسیوە.

بەدیقەت بنووسە، وەک دیقەتی «عصام الدين» لە حاشییەکانی سەر «سيوطي».

هانی کەمالیش بدە با یاداشتی خۆی بنووسێ، یاداشت تاریخەکی بەنرخە.

کەمال دەڵێ دەترسم یاداشتی خۆم بنووسم، پیریایەتی ترسنۆکی کردووە، ترسی لە کێ و بۆچی؟ دەبا کەمال بەردەوام ئیلهامی ئازایەتی وەرگرێ لە هەردوو برا «قوچ پاشا» و عوسمان پاشای کۆیە. قوچ پاشا بەرانبەر نادر شا و بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانییش لە قەلای هەولێردا و عوسمان پاشاش لە شاخی «ئاوەگرد» بەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی.

تۆش لەپاڵ «قەڵای زەڵم» گەورە بووی و ئیلهامی ئازایەتیت وەرگرتووە لە هەردوو میری ئەردەڵان لە قەڵای زەڵم سوهراب و خان ئەحمەد خان.

باوەڕ ناکەم ئەم دێڕە شیعرەی «زهير بن ابی سلمی» شاملت بکە:

**سئمت تكاليف الحياة ومن يعش**
**ثمانين حولا –لا ابالك– يسأم**

بەڕێزم، ئەم مەوادانەم بۆ جەنابت نارد:

١. دیداری کاک کەمال محی الدين کە باسی ئەو خەباتە نهێنییەی ئێوە و هەڤاڵانتان بەکورتی کردووە، دەنگی ئەویشم داخلی سایتەکەم کردووە کە جارێ نەکەوتووە کار، ڕۆژانی ٨ و ١٥ و ١٨ی ئەیلوول ٢٠١٤ دیدارم بە دەنگی ئەو تۆمار کردووە، ئەمەیی ڕۆژی (١٨-٩)ە.

٢. وتارێکم لە بارەی شوێنەوارەکانی دۆڵی زەڵم.

٣. دانەیەک لە یاداشتی «کەمپینی ١٧ ملیۆن کەسی بۆ پاراستنی شوێنەوار و کولتووری شارستانیی کوردستان».

یاداشت نووسینی منە و زۆر بەقووڵی چوومە

نێو تاریخ و بۆ جاری یەکەم لەم یاداشتەدا «لغز»ی نەنووسینی مێژووی کورد لەلایەن کوردەوە هاتووەتە شیکردن لەلای منەوە و لە سایەی بیرمەندی مەزن و «واضع علم الاجتماع»؛ ابن خلدون.

ئومیدەوارم تا (ل٩٦) لە یاداشتەکە بخوێنی، تا بزانی کاربەدەستە جاهلەکانی هەرێم چۆن مێژوو شوێنەوار و کولتووری شارستانیی کوردستانی باشوور بەئەنفالکردنیان داوە لە ماوەی ئەم (٢٣) ساڵەدا.

**لەگەڵ رێزم**
**عبدالرقیب یوسف**
**٢٠١٥/٩/١(٧)**

دێمەوە سەر قسەکانی بەرێز کەمال محی الدین کە بۆ مامۆستا عبدالرقیب یوسفی کردووە و تێیدا ئاماژە بە کارەکانی لیژنەی رێکخستنی نهێنیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە شاری بەغدا دەکات لە ساڵی (١٩٩٩) تا ساڵی (٢٠٠٣) و دەڵێت: «لیژنەکە بریتی بوو لە دکتۆر مستەفا زەڵمی و عەقید محەمەد ئەمین دەربەند فەقەرەیی و زەعیم روکن سەردار عەلی خۆشناو کە صەدام ئیعدامی کرد و من (کەمال محی الدین ئەسعەد) سەرۆکی لیژنە بووم.»

لە بەشێکی تری نامەکەدا باس لە دەستگیرکرانی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی رێکخستن دەکات و کەمال محی الدین دەڵێت:

«تا ماوم قەرزاری ئەوم (مەبەستی سەردارە)، چونکە ئەگەر ئیعترافی کردبا، من و ماڵ و منداڵم هەموو ئیعدام دەکرا، پێم وت «مامۆستا عبدالرقیب یوسف پرسیار دەکات»: دکتۆر مستەفا زەڵمییش هەر وا ئەویش ئیعدام دەکرا، وتی بەڵێ بەڵێ، دکتۆر مستەفا ئێستا قاچی شکاوە و ئەو لە هەولێرە، پێم وت ئەوە زانایەکی کوردی گەورەیە، وتم ئافەرین دکتۆر مستەفا زەڵمی کە لەو زروفە نهێنییە خەباتی کردووە، وتی مامۆستای زانکۆ بوو(٨)».

لە راستیدا کتێبی «کاروانی ژیانم» زیاتر لەمە خوێندنەوە هەڵدەگرێت، هیوادارم بەم گوڵچنە توانیبێتم رۆشنایی بخەمە سەر لایەنێکی گەشی.

## پەراوێزەکان:

١- کاروانی ژیانم، مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، چاپی سێیەم، نووسینگەی تەفسیر، ٢٠١٦ هەولێر، لا٣٩.
٢- هەمان سەرچاوە، لا٢٤٢.
٣- هەمان سەرچاوە، لا٢٥٥.
٤- هەمان سەرچاوە، لا ٤٦٦
٥- هەمان سەرچاوە، لا ٦٢٩
٦- هەمان سەرچاوە، لا ٤٧٣
٧- پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی تاقگەیەکی نەسرەوت، رێدار ئەحمەد، هەولێر ٢٠١٦، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم، لا٣٥-٣٧.
٨- سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨.

# بیرەوەرییەکانی مەولود باوەمراد

## (٤١) ساڵ لەناو ڕابوونی ئیسلامی و
## (٢٥) ساڵ لە سەرکردایەتیی یەکگرتوودا



بەشی یەکەم

**مێژوو وانەگەلێک فێری مرۆڤ دەکات، کە هۆشیارتر و بەتواناتر بێت بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی گونجاوتر.**

**«عەبدولڕەحمان مونیف»**

(جاری وا هەیە مرۆڤ لە وێستگەیەکدا هاوڕێیەکی تەمەنی بۆ ئەزموون دەبێت، کە چەندە خۆپەرەست و بێمروەتە، بەڵام تازە تەمەن فرسەتی گەڕانەوە بۆ سەرەتا و دەستپێکردنی ئەزموونێکی تر نادات، کەسی سەنگین و خاوەن کەسایەتی بەناچاری دەبێت تاڵییەکان قبووڵ بکات و لە بڕینی ڕێگای ژیان بەردەوام بێت، ئەم ناچارییە پێوەری ئەو کەسانە نییە کە لە هەموو ژیانیاندا ناتوانن دۆستی کەس بن و هەموو کەس بەقەدەر بەرژەوەندییەکانیان دۆستیانە، ئەمڕۆ تۆ و سبەی کەسێکی تر.)

تا ئێستەش وەڵامی ئەو پرسیارەم لا نییە، کە چۆن و بۆچی و بە چ هۆ و پاڵنەرێک هەر بەو مێردمناڵییە ئالوودەی پەتای دنیای سیاسەت بووم؟

با دەستپێک لەو دیمەنە سیاسییەوە دەست پێ بکەم کە یەکەم جار لەبەر چاومدا نمایش بوو: لەبیرمە لە کاتی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا، لە مەیدانی بازاڕی هەڵەبجەدا دەستم بە دەستی باوکی ڕەحمەتیمەوە بوو، لەناو قوڕولیتەی مەیدانەکەدا حەشاماتێکی زۆری عەسکەر لەناو زیلدا و خەڵکێکی زۆری مەدەنیی شارەکەش لەناو مەیدانی چوار ڕیانی شارەکەدا کۆ بووبونەوە، درووشمی برایەتیی کورد و عەرەبیان دەوتەوە، عەسکەرەکانیش هەلهەلەیان دەکیشا، کەسێک بە عەگاڵ و عاباوە و کەسێکی تر بە جامەدانی و جلی کوردییەوە لەسەر چەمچەی لۆرییەک دەستیان لەناو دەست نابوو، لە خوارەوە ژاوەژاوێکی زۆر و غەڵبەغەڵبێکی بێئەندازە ئاپۆڕای خەڵکەکەی ڕووپۆش کردبوو، کەسێکی کورتەباڵای گۆشتن وەرەقەیەکی سپیی بە دەستەوە بوو، ناوە ناوە هوتافی دەدات و چەپڵەڕێزانی بەدوادا دەهات، تا ئێستەش ئەوەندەیم بەم شێوەیە لەبیرە: «من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش دەوێت، مژدەی شەفەقی لێ دەردەکەوێت». دواتر لە ڕێگەی چوونی ڕۆژانەم بۆ «حوجرە»، زۆر جار ئەم پیاوەم دەدییەوە، ماڵی لەنزیک گەڕەکی خۆمان بوو، هەر ئەوەش وای کرد ئەو هوتافەیم بیر بمێنێ.

باوکی ڕەحمەتییشم توند دەستی گرتبووم، دەیویست بەرەو سەرتاشخانەی وەستا تۆفیقی دەلاک بمبات، بەڵام ئاپۆڕای خەڵک و سەیارە ڕێگەیان نەدەدا، منیش ئەبڵەق ماوم بە سەرنجدانی ئەم دیمەنانەدا، ئەمە یەکەم دیاردە و دیمەن و ڕووداوی سیاسی بوو کە لە زیهنمدا جێگیر بوو، وەک وێنەی بێ تێگەشتن و دەلالەت و مانا.

## ڕووبەڕوو لەگەڵ سیاسەت وەك ژەهر

مێردمناڵێکی پۆلی دووی ناوەندی بووم لە قوتابخانەی شارەزووری کوڕان، تۆزە خۆشنووسییەک فێر بووبووم، لە یادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی عێراقدا -ڕێکخراوێکی قوتابیان و لاوانی حزبی بەعس- مامۆستای بیرکاری بانگی کردم بۆ قاعەی قوتابخانە و وتی: وەرە ئەم شیعارانە لەسەر ئەم کارتۆنانە بنووسە. لەبیرمە یەکێک لە شیعارەکان ئەم بەیتە شیعرەی «ئەحمەد موختار جاف» بوو: بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمن...، هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە، شیعرەکە خۆی «دوژمنتانە»یە.

مامۆستایەکی تا ڕادەیەک باڵابەرزی مووزەردی پێست سپی، هاتە قاعەکە و سەیرێکی کردم شیعارەکان دەنووسم، بە عەرەبی وتی: عافیە خطك زین، من الجماعة؟ مامۆستای بیرکاری وەڵامی دایەوە، ووتی: ان شاءلله

تکون، طالب مؤدب و ذكي. کە لە نووسینەکان بوومەوە، فەرمانبەرێکی قوتابخانەکە هات بە دوامدا و وتی: لە ئیدارە بانگت دەکەن. کە ڕۆشتم، ژوورەکە تەنها ئەو مامۆستا عەرەبەی لێ بوو کە ناوی «فالح» بوو، بە کوردی وتی: بەخێر بێیت، دانیشە. ڕاستەوڕاست مامۆستای بیرکاری بەدوای مندا هاتە ژوورەوە، -من لەبەر ئەوەی پێش چوونە قوتابخانە و لە دەوامی سەرەتاییشدا لە حوجرە قورئانم خەتم کردبوو، کتێبی لوغەتنامەی ئەحمەدی و بەشی عیباداتی «فتح القريب»م خوێندبوو، شتێک لە کلماتی عەرەبییەکە حاڵی دەبووم- فالح دەستی بە قسەکردن کرد و مامۆستای ماتماتیکیش تەرجەمەی دەکرد و وتی: کوڕم، من دەزانم تۆ لە خێزانێکی جووتیاری زیرەکی، سەورەی بەعس لە پێناوی هەزارەهای وەک ئێوەدا هاتووە، بۆ ئەوەی تموحەکانتان بێنێتە دی، پاشەڕۆژێکی باشتان هەبێت، دڵی خۆتان و خێزانەکانتان خۆش بکەن، من وا دەبینم تۆ یەکێکی لەوانە کە پێویستە سەورە خەمت بخوا، دەبێت تۆش لەپاڵ سەورەدا بیت، لەگەڵ برادەران بیت -مەبەستی یەکێتیی قوتابیان- بوو... هتد. منیش جۆرێک لە شڵەژان و هەڵبزرکانم تووش بوو، هەستم بە ئیحراجبوونێکی زۆر کرد، مامۆستای بیرکاری وەک فریادڕەس فریام کەوت، وتی: ان شاء الله من خۆم دوایی قسەی لەگەڵ دەکەم. دواتر هیچ قسەوباسێکی لەو بارەوە لەگەڵ نەکردم، چونکە دەیزانی وەک قوتابییەکی ئاسایی بێباک و بێخەبەر و بێئاگا نیم لە یەکێتیی قوتابیان، بەڵکوو زۆر دژیان بووم و هەندێ جاریش گاڵتەجاڕیم پێ دەکردن، ئەوانیش هەڕەشەیان لێ دەکردم کە قسەکانم دەگەیەننە بەرپرسی یەکێتیی قوتابیانی ناوەندییەکەمان. ئەو ساڵەی پۆلی دووی ناوەندی مەعفووی عام بووم، مامۆستا «حافز ئەنوەر مائی» بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو.

## یەکەم تۆماری خەباتی سیاسی

پۆلەکانی خوێندنی ناوەندیم هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتاکانی دەرکەوتنەوەی هێزی پێشمەرگە و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، پاش کارەساتی ڕێککەوتنی جەزائری نێوان عێراق و ئێران بە میانگیریی «هواری بۆمیدین»؛ سەرۆکی ئەوکاتی جەزائر لە (٦/ ٣ /١٩٧٥) و هەرەسپێهێنانی شۆڕشی گەلی کورد، بە هەموو حەز و ئارەزوویەکی خۆرسکەوە سەرم بە هەوای نەتەوایەتی گەرم بوو. لە پۆلی «سێی ناوەندی»، ساڵی ١٩٧٨ لە قوتابخانەی ناوەندیی شارەزوور، بە هۆی خۆپیشاندانێک لە دژی بەعەرەبیکردنی بابەتەکانی کۆمەڵایەتی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی) لە ڕێپێوانی ڕۆژی نیشتمانیی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا، هەموو قوتابیان و مامۆستایانی قۆناغە جیاوازەکانی شارەکەیان هێنابووە دەروازەی شار، بەندە و ژمارەیەکی تر لە قوتابیانی پۆلەکەمان، لەناو ڕێپێوانەکەدا خۆپیشاندانێکی بچووکمان ساز کرد، بە دەنگی بەرز درووشمی «ئێمە کە کوردین، لەلامان وایە زمانی کوردی زۆر بێهاوتایە»مان دەوتەوە، تا گەشتە سروودی ئەی ڕەقیب. ئەو ڕۆژەی پێنجشەممە و جومعە بەسەر چوون، ڕۆژی شەممە هێزێکی ئەمنیی هەڵەبجە ئابڵووقەی قوتابخانەکەمانیان دا، مامۆستایەکی عەرەبی ڕەشتاڵەی سمێڵ قایم بە ناوی «عەبدولهادی» کە لێپرسراوی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان بوو لە مونەزەمەی حزبی بەعسی شاری هەڵەبجە، هاتە پۆلەکەمان وەرەقەیەکی بە دەستەوە بوو، ناوی ژمارەیەک لە قوتابییەکانی خوێندەوە و وتی: وەرن بۆ ئیدارە. بەندە لەگەڵ (٥) قوتابیی تری هەمان پۆل و قوتابخانە لە ١٢/٢ لەناو قوتابخانەدا دەستگیر کراین. پاش دوو سەعاتێک مانەوە لە بەشی ئەمنیی ناو بینایەی ئەوسای قایمقامیەتی هەڵەبجە، لە ڕۆژێکی باراناویی سارددا ڕەوانەی

مدیریەتی ئەمنیی سلێمانی کراین، ئەوکات بەرامبەر کارگەی جگەرەی سلێمانی بوو. بە چەندین واسیتە و دەستەوداوێبوونی کەسوکارمان، دوای بیست ڕۆژ ئازاد کراین. ئەوکات لە عێراق ڕەشبگیریی شیوعییەکان بوو، «ملازم محسین» کە پیاوێکی بە ڕەگەز فەڵەستینی و ئەفسەری دەزگای ئەمنیی عێراق بوو لە سلێمانی، لەپاش سەعات (١٠)ی شەوەوە دەهاتە ناو ژووری بەندکراوەکان، تا بەیانی دەیان کەسی تا نزیک مەرگ لە شیوعییەکان و لە ڕێکخستن و هەواداری حزبە سیاسییە کوردییەکان ئەشکەنجە دەدا.

وڵاتی ئیرانیش لە گەرمەی شۆڕشی ئیسلامیدا بوو، ڕۆژانە هەواڵی خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکان و کوشتار و تەقینەوە و بڵاوبوونەوەی پەیامەکانی «ئیمام خومەینی»، دنیای ئەوکاتی بە خۆیەوە خەریک کردبوو.

لە ڕۆژەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئیراندا، شەو و ڕۆژ موتابەعەی هەواڵەکانی شۆڕش و دوا گۆڕانکارییەکانیم دەکرد، زۆر کەیفم بە سەرکەوتنی شۆڕش دەهات، گوێم لە سروودەکانی شۆڕش دەگرت، تا ئەو ڕادەی ئەگەر ئیمام خومەینی ئامۆزای باوکیشم بووایە، هەر ئەوەندەم خۆش لە سەرکەوتنی دەهات...


مێردمناڵێکی قسەڕەوان، گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی شیعر و چیرۆک دەخوێنمەوە، ژمارەیەک هاوڕێی هەواداری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانم لەدەورن، وەک سەردەستەیان دەردەکەوم، گوێ لە قسەم دەگرن، بەو عەقڵ و ئاستەی ئەوکات لە پیاسە و چوونەدەرەوەمان بۆ دەوربەری شار باسی کوردایەتی و جارجارەش باسی مارکسیەت و زەرووڕەتی بۆ شۆڕشی گەلەکەمان دەکەین. من بە مەسەلە مارکسییەکە قائیل نەدەبووم، دەچوومەوە سەر ئەسڵی مەسەلەی دین، خودا و خەلقی مرۆڤ و جیهان و... هتد، برادەرەکانم بەوە ڕووبەڕووم دەبوونەوە، کە لە ئیسلامدا خەباتی نەتەوایەتی نییە, باسی چینایەتی نییە, سیستمی ئابووری و عەدالەتیی کۆمەڵایەتی نییە, سەرەنجام وێستگەی گفتوگۆ دەگەشتە ئەو جێگەیەی هەمووومان لەسەری کۆک بووین، هەر کەسە و بیروباوەڕی خۆی، گرنگ ئەوەیە پشتگیری لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بکەین.

ماوەیەک بوو لە نوێژ و ڕۆژو تەوەللا بووم، باوکی ڕەحمەتیم یەک دوو جار بە دایکی ڕەحمەتیمی وتبوو: ئەم کوڕە بۆ نوێژەکانی ناکات؟ خەریکی چییە؟ دایکیشم پەیامەکەی دەگەیاند و منیش دەمموت: انشاء الله دەیکەم، دواجار باوکم – کە زۆری خۆش دەویستم، بەمناڵی قورئانی چاپ و بەرگ جوانی بۆ دەکڕیم و کتێبی شیعریی بۆ پەیدا دەکردم لەوانە: دیوانی مەولەوی کە نەمدەزانی بیخوێنمەوە، دەیوت ڕۆڵە لەبەرا حونجەی کە و دوایی بیخوێنەرەوە- پەتی مۆڵەتی نوێژنەکردنی منی کورت کردەوە و ڕووبەڕوو پێی وتم: ئەگەر نوێژ نەکەیت، دەبێت لەم ماڵە بڕۆیت. منیش بەڵێنم دایە، بەڵام بەو خێراییەش دەستم نەدایە.

## پابەندی بە ئیسلام و سەرئێشەیەکی نوێ

کە بڕیارم دا دەست بە نوێژکردن بکەمەوە، سەردانی یەک دوو مەکتەبەم کرد بە مەبەستی کڕینی کتێبی ئایینی، یان باشترە بڵێم ئیسلامی، یەکێک لەو کتێبانە ناوی «دور الدين فی حياة الانسان» بوو، دانراوی «محمد مهدی ئەلئاصفی»، زۆرم سوود لێ بینی، ئەم پیاوە عالمێکی شیعیی عێراقی بوو، لە ڕێبەرانی حزبی دەعوەی عێراق بوو، دواتر بوویە باڵی مەرجەعیەتی ئیمام خومەینی، پاشتر لە حزبی دەعوە جیا بوویەوە.

سەرەتای ساڵی خوێندنی پۆلی چواری ئامادەییم بوو لە ئامادەیی هەڵەبجەی کوڕان، زۆر گەرم و توند خووم دابووە نوێژکردن، لە مزگەوتی مەرحوومی مامۆستا مەلا ساڵحی گەورە لە گەڕەکی کانی عاشقان ئامادەی نوێژەکان



**لە ڕۆژەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا، شەو و ڕۆژ موتابەعەی هەواڵەکانی شۆڕش و دوا گۆڕانکارییەکانیم دەکرد، زۆر کەیفم بە سەرکەوتنی شۆڕش دەهات.**

دەبووم، لەگەڵ هاوڕێ پابەند بە دینەکانی قۆناغی سەرەتاییم بوومەوە هاوڕێ، یەکێک لەوانە برای بەڕێز مامۆستا «موحەممەد ڕەئووف» بوو.

سەرئێشەکە لێرەوە دەستی پێ کرد، بە هەر کەسی ناسراوی دینداری موعتەبەر دەگەشتم، سەری زمان و بنی زمانم ئەوە بوو: «ئیسلامەتی وا نابێت، دوایی هەموومان و ئیسلامیش دەچینە ژێر پرسیاری مێژوو، دەبێت حزبێک. جەماعەتێکی ئیسلامیی ڕێکخراو هەبێت بەرگری لە مافی ڕەوای ئەم میللەتە بکات! بەرنامەی ئیسلام لە چیی کەمە، وا ناتوانێت بەم ئەرکە هەستێت و بەشدار بێت لە شۆڕشی گەلی کورددا؟» چەندین شتی تری لەم بابەتە. هەموو دەیانوت ڕاستە و بێدەنگ دەبوون، وەک بڵێی دەیانویست بڵێن: ئەم بەردە گەورەیە هیی هەڵگرتن نییە، تۆش دەفری قسەکردنی ئەم کارە گەورەیە نیت.


زۆر جار دەچوومە حوجرەی فەقێکانی مزگەوت، ئەوکات بەڕێز مامۆستا «نازم عەبدوڵڵا کە دواتر بوویە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی، لەوێ دەیخوێند، لەوێش هەمان ئەم قسانەم دەکرد.

تازە ناوی مەرحوومی کاک ئەحمەدی موفتیزادەم بیستبوو، بە شریتی تەسجیل گوێم لە دوو وتاریشی گرتبوو، لەبەر ئەوەی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی ئەوقافی ئیسلامیی تەواو کردبوو، زۆر دەمێک بوو بە ناوی ئیخوان موسلمین ئاشنا بووم، دەمزانی جەماعەتی «ئیخوان موسلمین» لە هەڵەبجەدا هەیە، کەسایەتییەکانیم دەناسین، دەشمزانی مەرحوومی «مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز» ڕابەریانە، بەڵام وەک کۆمەڵەیەکی پابەندبوونی دینداری و ڕوحی و ئەخلاقی لە ئیخوانبوون تێگەشتبووم و وەهاش سەیرم دەکردن.

بەهەرحاڵ، لە زۆر جووڵان و ئەملا و ئەولاکردنمدا کۆمەڵەیەکی ئیسلامیی نەتەوەییمان لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستا و کەسی هاوتەمەنی خۆمدا پێکەوە نا، یەکێک لەوانە بەڕێز مامۆستا «عەبدولڕەحمانی مەرحوومی مامۆستا مەلا عوسمان بوو -ماوەیەک پێوەی سەرگەرم بووم، سەرگەورەمان کۆنەئیخوانێکی تەوەللا بوو بە ناوی مامۆستا «موحەممەد حەمە وەیس» یادی بەخێر.

### قەدەرێکی ئاڕاستەکراو

شەوێک چووم بۆ ماڵی دراوسێیەکمان، جەنابی مامۆستا «مەلا سدیق عەبدولعەزیز»یش لەوێ بوو کە ئەویش هەر دراوسێمان بوو، لە قۆناغی سەرەتاییدا مامۆستام بوو -خودای گەورە سەربەرز و عاقیبەت خێری بکات-، مامۆستا بیست دەقیقەی تەواو بێبڕانەوە و وەستان قسەی بۆ کردم دەربارەی ئیسلام و خودا و ئاخیرەت و... هتد، ناوە ناوەش لە قسەکانیدا باسی زوڵملێکراویی میللەتی کوردی دەکرد و دەیوت خۆشت الحمدالله ژیر و زیرەکی، ئاماژەی بە خوێندنەوەی چەند کتێبێک لە



**مامۆستا سدیق لەو قۆناغەی تەمەنی ئێمە و لەو دۆخەی عێراق و کوردستاندا، هەناسەیەکی گەرمی متمانەبەخۆبوون و ئومێد و دڵگەرمی و ئایندەگەریی بە رۆحتدا دەکرد.**

بواری ئیسلام و زانستدا بۆ کردم.

تومەزە من بێخەبەر لەوەی مامۆستا قەرەوڵی لە جووڵە و قسە و ڕەفتارەکانم گرتووە و موتابەعەم دەکات، لە مزگەوت و لە حوجرە و چەند کەسی ڕاسپاردبوو کە هاوڕێیەتیم بکەن.

لەم ماوەیەدا لەبەر ئەوەی جارجارە ئامەشۆی مزگەوتی شافیعیم دەکرد، بەڕێز مامۆستا «فازل حەیدەر» کە پێشتر دەمناسی؛ بوویە دۆستێکی نزیکم، لە ماوەی زیاتر لە ساڵێک چەندین جار پیاسەی دەرەوەی شارمان بە هەرچوار تەرەفی شاردا دەکرد، زۆر جار لە ماڵی ئێمەوە دەستی پێ دەکرد و لە ماڵی ئەوان کۆتایی دەهات. دواتر زانیم ئەم پیاسە لەگەڵکردنە بەرنامەکراوە، لە مەنهجی ئیخواندا ئەم پرۆسەیە بە فەترەی مصاحەبە ناوزەد کراوە.

زۆر بەکورتی، ڕۆژێکیان پێش بانگی مەغریب، جەنابی مامۆستا سدیق لە ژێرخانی حوجرەی فەقێکانی مزگەوتی مامۆستا مەلا ساڵحدا پێی وتم: ئەو تەنزیمە ئیسلامییەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت؛ هەیە و کار دەکات، ئیتر پێویست بەملا و ئەولا ناکات و خۆت مەشڵەژێنە، من متمانەم بە عەقڵ و سەلیقەی تۆ هەیە، ئەمە سرێکە کەس بە کەسی نالێت، دەبێت بیپارێزی، منیش کە چاوەڕێی ئەو قسەیەم لە مامۆستا نەدەکرد، زۆر شڵەژام، هەستم کرد دەموچاوم گەرم بوو، بە جۆرێک ڕووم نەدەهات سەیری مامۆستا بکەم، هەر ئەوەندەم وت: زۆرم پێخۆشە و انشاء الله هاوکار دەبم و قسەکانی بەڕێزت دەپارێزم. ئیتر نەمتوانی بپرسم ئەم ڕێکخستنە ناوی چییە؟ نە پرسیم کێ ڕابەرایەتیی دەکات؟ نە پرسیم کار و ئامانجی چییە؟ هیچ، بە دڵخۆشی و دڵگەرمی ئەو شەوە تا بەیانی بیرم لە ڕستەکانی قسەکانی مامۆستا دەکردەوە. لەو ڕۆژە بەدوا، بەندە هەفتانە و کەمتر یان زۆرتر لە خزمەتی مامۆستادا لە مزگەوتی مامۆستا مەلا ساڵح لە کاتی پێش بانگی نیوەڕۆ یان بە شەو لە ماڵی خۆیان پێکەوە دادەنیشتین. من هێشتا قسەی هاوڕێ کۆمەڵەکانم لە زەیندا مابوو، بۆیە داوام کرد هەندێ کتێبی ئابووریی ئیسلامیم بۆ پەیدا بکات. چەند سەرچاوەیەکی باشی بۆ پەیدا کردم.

مامۆستا سدیق لەو قۆناغەی تەمەنی ئێمە و لەو دۆخەی عێراق و کوردستاندا، هەناسەیەکی گەرمی متمانەبەخۆبوون و ئومێد و دڵگەرمی و ئایندەگەریی بە ڕۆحتدا دەکرد، دنیایەک لە هەستی هەبوونی خۆت و شانازیبەخۆکردن و خۆبەشتزانینی پێ دەبەخشیت، بەردەوام لە هاندان و غیرەتنانەبەر ماندوو نەدەبوو، لەگەڵ مامۆستا سدیق هەستت بە دیوارەکانی میانەی تەمەن و خوێندەواری و پێگەی کۆمەڵایەتی نەدەکرد، بە جۆرێک یەکڕۆحیی دروست کردبوو، هەستت دەکرد تۆ ئەویت و ئەویش تۆیە، هەموو ئەمانە هاوکات بوون لەگەڵ وریایی و ئاگالەخۆبوون و هەڵنەخلیسکان و حسابکردن بۆ ئەگەری مەترسییەکان.

دواتر زۆربەی کەسەکانی بەردەم ئەم ڕۆحیەت

و هەناسەیە جێگەی بەرچاو و دیاریان هەبوو لەناو حزبەکان و ڕێکخراوەکان و دامودەزگەی فەرمیی حکومەت و ژیانی سیاسیی کوردستاندا، لە نموونەیان: مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی، بەندە، مامۆستا موحەممەد ڕەئووف، مامۆستا مەلا نازم عەبدوڵڵا، مامۆستا خەلیل ئیبراهیم، مامۆستا مەلا موحەممەد مەلا عومەر، مامۆستا ئارام قادر، کاک سمکۆ غەفوور، کاک توفیق کەریم، کاک ئیکرام کەریم، کاک ناصح مەلا ساڵحی ڕەحمەتی و زۆری تر.

هەبوون ئەم شێوازە ڕەفتار و کارکردنەی مامۆستا سدیقیان لا پەسەند و دروست نەبوو، تانەیان لێ دەدا، بەڵام ئەگەر سەیری کار و کردەی کەسێتیی خۆیان بکەیت، ڕەنگە لە هەموو ژیانی ئیخوانبوونیاندا نەیانتوانیبێت قەناعەت بە تەنها دوو کەس بکەن لەسەر ئەم ڕێبازە و لەدەوری خۆیان و کۆمەڵەکەی کۆ بکەنەوە، هەمیشە تەقلیدگەرا بوون و کەچی قەدەریش یاریان بووە...

لە ڕۆژێکی مایسی ساڵی ١٩٧٩دا کۆبوونەوەی تایبەتم لەگەڵ مامۆستا سدیق هەبوو لە ماڵی خۆیاندا، وتی: ئەم کۆبوونەوانە؛ کۆبوونەوەی تەنزیمی ئیخوانە، لەمەوبەدوا لەگەڵ دوو کەسی تر کە دەیانناسیت و ڕەفیقتن، پێکەوە کۆ دەبینەوە. پاش ئەو جارە، کۆبوونەوەکان بوون بە چوار کەسی جەنابی: مامۆستا سدیق و مامۆستا ئەحمەد شافعی و بەندە و مامۆستا موحەممەد ڕەئووف، دواتر ئەو ساڵە بە ساڵی دەستپێکردنی کاری ڕێکخستن و کاری سیاسیی ئەم کۆمەڵەیە دەستنیشان کرا.

مامۆستا جگە لە ئێمە، ژمارەیەک کەسی تری بەتەمەنتر و خاوەن خێزان و پیشەی لەگەڵ بوون، وەک مامۆستا و مەلا و کەسی کاسبکار و... هتد، لە کۆبوونەوەکاندا باسی دەکردن، ئەرک و کارێک بەوان بکرایە، بڕیاری سپاردنی پێیان دەدرا.

لە تەمووزی هەمان ساڵدا بەیاننامەیەکی دەستنووسمان بڵاو کردەوە، تیایدا هاتبوو ئێمە کاری ڕێکخستنمان دەست پێ کردووەتەوە، بەردەوام دەبین تا ئەو کاتەی سەرکردایەتیی ئیخوانی عێراق بڕیاری دەستپێکردنەوەی کاری ڕێکخستن دەدات، ئێمە سەربازی گوێڕایەڵ دەبین و کارەکەی خۆمان ڕادەستی سەرکردایەتیی ئەو کاتەی کاری ڕێکخستنی عێراق دەکەین.

هەر لەو ماوەیەدا بڵاوکراوەیەکمان بە دەستنووس بڵاو دەکردەوە بە ناوی «ڕۆشنبیر»، بەندە بە کاربۆن چوار نوسخەی یەکەمم دەنووسی، برایانی تر بە هەمان ڕێگە نوسخەی تریان لەبەر دەنووسییەوە و بەناو ئاستێک لە ئەندامانمدا بڵاو دەکرایەوە بە ناوی بڵاوکراوەی کۆمەڵەکە، زۆرمان هەوڵ دا ڕۆنیۆیەک یان تابیعەیەک پەیدا بکەین، سەرکەوتوو نەبووین، چونکە بەبێ مۆڵەتی حکومەت نەدەفرۆشران و هەبوونی لای هەر کەسێک؛ یاساخ بوو.



# دیدار لەگەڵ ڕووناك ئەحمەدموختار جاف[1]

له ڕۆژانی جەژندا کەسوکاری باوکم ئەهاتن دەرگای ژوورەکەیان ئەکردەوە و ئەچوونە ژوورەوە و تێر ئەگریان بەسەر جلوبەرگەکانی باوکمدا

ئامادەکردنی: عادل سدیق عەلی

ساڵانێکە بەپێی توانا خەریکی نووسینەوەی لاپەڕەکانی مێژووی هەڵەبجەم، لەو ماوەیەدا بۆم ڕوون بووەتەوە وەک تەواوی مێژووی گەلی کورد، زۆر ئەڵقەی نهێنی و شاراوە و نەزانراو هەن کە تا ئێستا نووسەران و توێژەران لێی بێئاگان، ژیانی تایبەتیی شاعیری جوانەمەرگ ئەحمەد موختار و ڕازی کوشتنی ئەو، ساڵانێکە بۆ من جێگای پرسیارن. دەمێکە بەدوای ئەوەوەم کە دەرفەتی ئەوەم بۆ بڕەخسێت دیدار لەگەڵ کچەکانی ساز بکەم، تا کەمێک لە وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتیی باوکیان لە یادەوەریی ئەوان بهێنمە دەرەوە و بیخەمە سەر پەڕی کاغەز. بۆ ئەم بابەتە، شەمە خانی کچی دەیتوانی هاوکارێکی زۆر باش بێت، چونکە کچی گەورەی باوکی بوو، جگە لەوەش زۆر ڕاز و شیعری بڵاونەکراوەی باوکی لە بیرەوەریدا هەر مابوون، بەڵام ئەو شانسەم نەبوو، چونکە من ئاگاداری کاتی گەڕانەوەکانی ئەو نەبووم بۆ کوردستان و هەڵەبجە، ساڵی ٢٠١٣ش ئەو لە وڵاتی ئوردن کۆچی دوایی کرد، بەڵام دوو جار حەمیدە خانی خوشکیم لە سلێمانی دیوە و چاوپێکەوتنم لەگەڵی ساز کردووە، لەو چاوپێکەوتنانەدا بۆم ڕوون بوویەوە کە ناوبراو زانیارییەک کە جێگای باس بێ و نوێ بێت؛ لەلای نییە. مایەوە ڕووناک خانی کچی کە نزیکەی چوار دەیەیە لە لەندەن ئەژی، جارێک هاوڕێیەکم کە ناسراویشمانە، پێی ڕاگەیاندم کە ئەو پارێزەری تایبەتی مناڵەکانی ئەحمەدموختارە و بەو بۆنەیەوە دۆستایەتیی نزیکی لەگەڵیاندا هەیە، منیش لە ڕێگەی ئەوەوە ساڵانێکە چاوەڕێی دەرفەتێکم کە لە نزیکەوە ڕووناک ببینم. نزیکەی سێ هەفتەیەک بەر لە ئێستا لە ڕێگەی زەنگێکەوە پێی ڕاگەیاندم کە ڕووناک و جوانی کچی بە سەردانێکی کورت هاتوونەتەوە بۆ کوردستان و ئێستا لە هەولێرن، بەڵام پێناچێت سەردانی سلێمانی و هەڵەبجە بکەن، چونکە خێرا دەگەڕێنەوە، من تکام لێ کرد ئەگەر بۆ یەک کاتژمێریش بێت بیانبینم، باش بوو بە کارێک هاتنە سلێمانی و منیش لە یەکێک لە ئوتێلەکانی شاری سلێمانی دەرفەتی بینینی ئەوم بۆ ڕەخسا، ئەگەرچی دیدارەکە زۆر کورت بوو. ئەو ماوەیەش کە پێکەوە گفتوگۆمان کرد، چەند جارێک زەنگیان بۆ لێدان، چونکە بڕیار بوو بۆ نانی ئێوارە لەوێ بن. دیدارەکە ئەم کۆمەڵە زانیارییەی لێ شین بوو کە لێرەدا خستوومانەتە ڕوو.

من ناوم ڕووناک ئەحمەدموختار جاف کوڕی عوسمان پاشای جاف کوڕی موحەممەد پاشای جافە، دایکیشم ناوی فاتمەیە، کچی مەلا غەفووری(٢) هەورامان بووە، واتە باوکی دایکم هەورامی بووە و مەلاش بووە، بەڵام من مەلا غەفوورم نەدیوە. دایکم دوو خوشکی هەبوو کە ئەوانیش بریتی بوون لە: کافیە و ئامینە، کافیە لە سلێمانی و ئامینەش لە هەڵەبجە شوویان کردووە، براش تەنها مەلا نەجمەدینیان هەبوو، کە لە ماڵی ئێمە دادەنیشت. من ساڵی ١٩٣١ لە هەڵەبجە لەدایک بووم.

## خێزانەکانی ئەحمەدموختار جاف

باوکم لە ژیانی خۆیدا سێ ژنی هێناوە، ئەوانیش بریتی بوون لە: حەبەخان (حەبیبە عەلی کەریم(٣))، ڕەعنا خان، فاتمە خان، بەڵام ئەو سێ ژنە لە یەک کاتدا نەبوون، خێزانی یەکەمی حەبیبە کە بە حەبە خان ناسرابوو، لە بابانەکانی سلێمانی بووە، پێشتر خێزانی مەحموود پاشای جافی (١٨٤٦-١٩٢١) مامی بووە(٤)، دوای مردنی مەحموود پاشا، وتوویانە بە باوکم مارەی بکات، چونکە خێزانی پاشای مامی بووە و وتوویانە با کەسێک لە بنەماڵەی خۆمان (بەگزادەکانی جاف) مارەی بکاتەوە، موڵکێکی زۆری بۆ بەجێ ماوە، باوکیشم تەمەنی (٢٣ بۆ ٢٤) ساڵ بووە و کاتی ژنهێنانی بووە، حەبە خان گەورە بووە و باوکم زۆر حەزی لێ نەکردووە و نەیویستووە، وەک بیستووشمە

باوکم نزیکی نەکەوتووەتەوە و هەروەک خۆی ماوەتەوە. حەسەن فەهمی کوڕی عەلی بەگی مەحموود پاشا کە کوڕەپوورم (ناهیدە(٥)) بوو، هەموو جارێک ئەهات بۆ لای بۆ ماڵی ئێمە و سەری لێ ئەدا و بەگەرموگوڕی هەواڵی ئەپرسی، لەبەر ئەوەی مەحموود پاشا باپیری بوو. خۆم چەند جار بیستوومە کە پێشتر خێزانی مەحموود پاشا بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵی نەبوو، هیچ وەرەسەیەکی نەبوو، ئاگاداری ئەوەش نیم کە برا و خوشکی هەبووبێت. من ئەو باوەژنەی خۆم دیوە لە ماڵی پاشا، ژنێکی قەڵەوی سووروسپی بوو، گەورە ببوو، هەمیشە جگەرەی ئەکێشا، لەبەر ئەوەی منداڵی نەبوو، ئێمەی خۆش نەئەویست.

## هۆکاری ڕقی حەبەخان

حەبە خان باوەژنمان بوو، منداڵی نەبوو، ئەوان نیوەڕوان ئەخەوتن و ئیسراحەتیان ئەکرد، خزمەتکار باوەشێنی ئەکردن، ئێمەش منداڵ بووین و حەزمان لە یاری بوو، نەدەنووستین، ئەیگوت ئارام بگرن، دانیشن، بۆ نانوون، منیش منداڵ بووم ئەمگوت من ناتوانم ئارام بگرم و حەزم لە یارییە، ئەویش ئەیگوت یاخوا پێنەگەن، منیش ئەمگوت تازە پێگەیشتووم. ئێمە لە تارمەکانی ماڵی پاشا کە چوار دانە بوون، یاریمان ئەکرد. من و ئەفراسیاب و غاندی و شەمەخان بانگمان ئەکرد: حەبە خان حەبە خان، ئەها ئێمە چەند گەورە بووین و پێگەیشتووین! بەو شێوەیە ڕۆژانە ئەوە کار و پیشەمان بوو.

ئەوەش بڵێم ماڵی پاشا زۆر شتی عەجایبی تیا بوو، ئەنواع کریستاڵ و شووشەوات و بابەتی جوانکاریی ماڵەوەی تیا بوو، بەڵام حەبە خان هەمووی بەخشی بە کەسوکارەکەی و لەناوی بردن.


خێزانی دووەمی باوکم ناوی ڕەعنا خان(٦) (١٩٢٨ مردووە) بووە، باوکی ناوی حاجی فەتاحە، لە سلێمانی دانیشتوون و شووی بە باوکم کردووە(٧). ڕەعنا دوای چەند ساڵێک لە هێنانی، تووشی نەخۆشیی سیل بووە و کۆچی دوایی کردووە. لەدوای خۆی، کوڕ و کچێکی لێ بەجێ ماوە، کە ئەوانیش بریتین لە: ئەفراسیاب(٨) و شەمسە خان(٩). شەمسە کچی گەورەی باوکم بوو، دوای مردنی داکیان، حەبە خان ئەم منداڵانەی بەخێو کردووە و گەورەی کردوون.

خێزانی سێیەمی باوکم کە ناوی فاتمەیە (١٩٩٨/١/١١ مردووە)، دایکی ئێمەیە. کاتێک باوکم دایکمی مارە کردووە، ڕەعنا خان کۆچی دوایی کردووە. فاتمە سێ منداڵی هەبووە، کە ئەوانیش بریتین لە: غاندی(١٠)، ڕووناک، حەمیدە(١١). من و غاندی دوو ساڵمان نێوانە، بەڵام حەمیدەی خوشکم لە سکی دایکمدا بووە باوکم شەهید کراوە (١٩٣٥/٢/٦)، سێ مانگ دوای کۆچی دوایی باوکم، لەدایک بووە. دایکیشم لە ساڵی ١٩٩٨ لە بەغداد لە ماڵەکەی ئێمەدا کۆچی دوایی کرد.

باوکم ساڵێک بەر لە کۆچی دوایی ئاهەنگی خەتەنەسوورە، کە ئەوکات باو بوو، کردووە بۆ ئەفراسیاب و غاندی برام، هەفەیەک شایی و هەڵپەڕکێ بووە بەو بۆنەیەوە. من منداڵ بووم ئەو ڕووداوەم بەبیر نایەت، بەڵام وێنەیەکم لایە باوکم لە پشتیەوە لەسەری نووسیوە: ئەمە وێنەی خەتەنەسوورەی هەردوو کوڕەکەم ئەفراسیاب و غاندییە لە ساڵی ١٩٣٤. باوکم بە دەستی خۆی ئەو یادگارییەی لەسەر نووسیوە، ئێستا ئەم وێنەیە لای منە، ئەفراسیاب سێ ساڵ لە من گەورەترە.

## کوشتنی باوکم

من ڕووداوی کوشتنی باوکم بەبیر نایەت، لەبەر ئەوەی من زۆر منداڵ بووم، تەنها ئەوە نەبێت کە ئێمە خاڵێکمان هەبوو ناوی مەلا نەجمەدین بوو، لە ماڵی ئێمە ئەژیا، چونکە کە باوکم شەهید کرا، دایکم زۆر گەنج بوو، لەبەر ئەوە ئەو خاڵەم هات بۆ لای ئێمە، دایکیشم چونکە جاف نەبوو، خزمان زۆریان



**باوکم جگە لەمانە، تەبیعەتێکی دیکەی هەبوو بەدڵی خزمان و بەگزادەکان نەبوو، ئەو لەگەڵ خەڵکی هەژار و سادەدا دائەنیشت و نانی لەگەڵ ئەخواردن و قسە و سوعبەتی لەگەڵ ئەکردن.**

خۆش نەدەویست، ئەیانگوت بە دایکم برۆ شوو بکەرەوە، ئێمە منالّەکان بەخێو دەکەین، بەڵام دایکم قایل نەئەبوو، ئەیگوت منالّی خۆم نادەم بە کەس و خۆم بەخێویان ئەکەم.


ئەو رۆژەی باوکمیان هێنایەوە، غاندیی برام لە جۆلانەدا بوو، خزمەتکارێکمان هەبوو؛ پیاوێکی زۆر باش بوو، ناوی تۆفیق بوو، خەڵکی گوندە دەڵەمەڕی نزیک هەڵەبجە بوو، هەتا ئەم ساڵانەی دواییش هەر سەری لێ دەدایین، جۆلانەکەی غاندیی رائەژەند. خاڵە نەجمەدین بانگی منی کرد، وتی رووناک برۆ بۆ ئەو تارمەی ئەوبەرەوە (مەبەستی تارمەی کۆشکەکەی مامە تاهیرم بوو کە بەرامبەر بە کۆشکی پاشا بوو)، هەر کات جەنازەیەکیان هێنا، هەواڵم بدەرێ، وتم جەنازە چییە؟ وتی دارێکە لەسەر شان هەڵئەگیرێت. هەرکە هات، هەواڵم بدەرێ. دوای ماوەیەک تەماشام کرد دارەکەیان هێنا، ژنان قژیان ئەڕنی و لە خۆیان ئەدا و پیاوان قوڕیان ئەپێوا، منیش بەڕاکردن رۆیشتم و هەواڵەکەم بە مامم گەیاند. تۆفیق کێشای بە سەریدا و دەستي کرد بە گریان و هاوار و ئاغا رۆ ئاغا رۆ، خاڵم پێی گوت: بەسە، ئەو منالانە ئەترسن، ئەوان نازانن مەسەلە چییە! ئەویش بێدەنگ بوو. ئەوەشم لەبیرە ئافرەتێک کە ناوی سافیە بوو لە جافەکان بوو، بەڵام نازانم خەڵکی کوێ بوو، لە رۆژانی پرسەکەی باوکمدا زۆر ئەگریا و لە خۆی ئەدا و بە شیعر ئەیلاواندەوە و ناوی مردووەکانی ئەهێنا و بە باڵای باوکمدا هەڵیئەگوت.

لەبیرمە ژوورێک هەبوو لە ماڵی پاشا، هەمیشە دەرگای داخرابوو، تەنها رۆژانی جەژن ئەیانکردەوە، لەناو ئەو ژوورەدا دۆشەکێک راخرابوو، لەسەر دۆشەکەکە جلە خوێناوییەکانی باوکم بە سەرپێچێکەوە راخرابوو لەسەری، دەمانچە و تفەنگەکەشی لە تەنیشتیەوە دانرابوو، کە تەماشات ئەکرد، وەک ئەوە وا بوو باوکم خۆی راکشابێت. لە رۆژانی جەژندا کەسوکاری باوکم ئەهاتن دەرگای ژوورەکەیان ئەکردەوە و ئەچوونە ژوورەوە و تێر ئەگریان بەسەر جلوبەرگەکانی باوکمدا، ئەو دیاردەیە هەتا ساڵانێکی زۆر دوای مردنی باوکم هەر بەردەوام بوو. من هەر ئەوەندە مردنی باوکم لەبیرە.

دوای ئەم رووداوە، ئێمە کۆشکەکەی تاهیر بەگی مامامان جێ هێشت و رۆیشتینەوە بۆ ماڵی پاشا، حەبە خانی باوەژنم لەوێ ئەژیا، ماڵی پاشاش زۆر گەورە بوو، لە سەرەوە (٢٢) ژوور بوو، ئەوانەشی کە وەک خزمەتکار لە ماڵی ئێمە کاریان ئەکرد؛ چەند خێزانێک بوون، لە قاتی خوارەوەی کۆشک ئەژیان، زۆربەیان هەر لەوێ ژنیان هێنا و شوویان کرد، منالّەکانیان هەر لەوێ بوون.

## هۆکاری کوژرانی باوکم

باوکم کوڕێکی گەنج بوو، نائیب بوو لە پەرلەمانی عێراق، شاعیر و کوردپەروەر بوو، بە دڵ کورد بوو، ئەوکات حوکمڕانی ناوچەی هەڵەبجەش بەدەست بەگزادەکانەوە بوو، دوای ئەوەی باوکم ئەبێ بە نائیب، حامید بەگی ئامۆزامان و برازای



# من هیچ شیعرێکی باوکم لا نییە کە بڵاو نەکرابێتەوە، بەڵام شەمە خانی خوشکم بەو پێیەی کە کچی گەورەی باوکم بوو، شیعری لا بوو.

باوکم ئەبێ بە قایمقامی هەڵەبجە.

حکومەتی عێراقی کە ویستوویەتی قانوونی عەشائیری کۆتایی پێ بهێنێت و ئیدارەی دەوڵەت بچەسپێنێت، باوکم بەو پێیەی نائیب بووە، خزمان وتوویانە ئێمە نامانەوێت قانوونی عەشائیری لا ببرێت و مۆزەفی بێگانە بێتە هەڵەبجە، بۆیە داوایان لە باوکم کردووە کە ئیعتیراز بگرێت. لە ڕاستییشدا جگە لە پێگەی جاف، کوردپەروەریی باوکم و شیعرە سیاسییەکانی و مەسەلەی ویژدانەکەی لەو هۆکارانە بوون کە وای لە حکومەت کردووە دڵی بداتەوە و بیکات بە قایمقام و دواتریش نائیب لە حکومەتی عێراقدا.

باوکم جگە لەمانە، تەبیعەتێکی دیکەی هەبوو بەدڵی خزمان و بەگزادەکان نەبوو، ئەو لەگەڵ خەڵکی هەژار و سادەدا دائەنیشت و نانی لەگەڵ ئەخواردن و قسە و سوعبەتی لەگەڵ ئەکردن. ئەو خزمەتکارانەی کە لە ماڵی بەگزادەکاندا بوون، لە کاتی نانخواردندا بەپێوە ڕائەوەستان و بۆیان نەبوو دابنیشن. یەکێک لەو کەسانەی کە زۆر سەری لەم کولتوورە سوڕ ئەما، نیازی هاوسەرم بوو. ئەو خەڵکی هەولێر بوو، دوای ئەوەی کە شووم پێ کرد، ڕۆژێکیان نانمان ئەخوارد، وتی رووناک من ناتوانم نان بخۆم و ئەم خزمەتکارانە بەپێوە بن، منیش وتم ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە، وتی ئاخر بۆ تۆ ئاساییە، بۆ من ئاسایی نییە.

با ئەوەش بڵێم لە دنیای عەشائیریدا شتێک هەیە کە گەورەکان پێیان ناخۆشە کەسێکی لە خۆیان منداڵتر دەربکەوێت و ببێ بە شت، بۆیە لە سەرەتاوە کە باوکم چوویە دەرەوە، بڕیار بوو خەڵکی زۆری لەگەڵدا بێت، بەڵام وا دەرنەچوو، تەنانەت عیززەت بەگی برای کە برای دایک و باوکی بوو، لەگەڵی نەچوویە دەرەوە.

باوکم لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە لەگەڵی بووە، چووەتە دەرەوە و ڕۆیشتووە بۆ خاکی ئێران، چاوی بە ڕەزا شا کەوتووە و هۆکاری چوونەدەرەوەکەی بۆ باس کردووە، ڕەزا شا پێی گوتووە برۆ ماڵ و منالّت بێنە بۆ ئێران و لێرە دانیشە، بەڵام باوکم قایل نەبووە و وتوویەتی چۆن ماڵ و منال ئەهێنم بۆ ئێران، هەر لە وڵاتی خۆم ئەبم. دوای ماوەیەک باوکم زۆر بێتاقەت ئەبێ و بیری منالەکانی ئەکات، ڕۆژێک ئەڵێ بە هاوڕێکانی ئەمەوێت سەرێکی منالەکان بدەم، نامەی نووسیوە بۆ پوورە ناهیدە کە ئەیەوێت سەر لە منالەکانی بدات و خواردنی بۆ ئامادە بکەن. شەو کە گەڕاوەتەوە، ناهیدەی پوورم پێی گوتووە ئەحمەد بەگ تۆ ئەمری گرتنت هەیە، ئێستا حکومەت بزانێت گەڕاویتەتەوە، ئەتگرن. بۆیە دانەنیشتووە لە ماڵەوە، ڕۆیشتووە بۆ ئاشی مەحموود یارەویس کە ئەکەوێتە خوارووی شارەوە، نانەکەی لەوێ خواردووە، ئەو شەوە هەتا بەرەبەیان منداڵەکانی لا بووە، دواتر شیعرێکی نووسیوە بۆ پورم وتوویەتی من ئەمشەو بە چەقەنەی ئاشەکە خەوم لێکەوتووە. ئەو پارچە شیعرە لەناو دیوانەکەیدا نییە و لەناو چووە.

دواتر شار بەجێ ئەهێڵێت. لە کاتی پەڕینەوەدا

لە ئاوی سیروان، بنکەیەکی پۆلیس لەسەر سنوور بووە لەنزیک گوندی مۆردین کە دەڕوانێت بەسەر ئاوی سیرواندا. ئەو شەوە مانگەشەویش بووە، کە پۆلیسەکان تەقەیان لێ ئەکەن، باوکم پێوە ئەبێت، دیارە ڕووداوەکە بە بەرنامە بووە، باوکم خێرا بە یەکێک لە چەکدارەکانیدا نامەیەکی ناردووە بۆ د. جۆرج کە یۆنانی بووە و لە هەڵەبجە دانیشتووە و هاوڕێی نزیکی باوکم بووە کە فریای بکەوێت، بەڵام لەنزیک گوندی حەسەنئاوا (ئەم گوندە ئێستا تێکەڵ بە شار بووە) دەیگێڕنەوە، چونکە خەبەر درابوو بە حکومەت، ئەوکات زۆر قسە هەبوو کە کێ خەبەری داوە بە حکومەت، بەڵام ئێمە نازانین کێ ئەو هەواڵەی داوە بە حکومەت، ئەمانەی کە دەیڵێم؛ لە دایکم و باوەژنەکەم (حەبە خان) بیستوومانە. بیرمە ئەوکات ناڵێم ڕق، بەڵام شتێکمان لە دڵدا بوو بەرامبەر بە خزمان لەسەر مەسەلەی کوشتنی باوکم.

## خوێندن

من تا پۆلی پێنجی سەرەتاییم لە هەڵەبجە تەواو کردووە، بۆ پۆلی شەش؛ تاقیکردنەوەی دەرەکیم ئەنجام دا و سەرکەوتوو بووم، چونکە لە هەڵەبجە پۆلی شەش نەبوو. دواتر عیززەت بەگی مامم بۆ خوێندنی ناوەندی، من و ئەفراسیابی برد بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خۆیان، لەوێ خوێندنی ناوەندیمان تەواو کرد. دوای مردنی عیززەت بەگ، ئێمە ڕۆیشتین بۆ بەغداد.

## ململانێ لەسەر نائیبی

کاتێک حامید بەگ و حەسەن فەهمی بەگ و ئەنوەر بەگ بوون بە نائیب لە پەرلەمانی عێراق لەبری باوکم، ئەفراسیاب تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، بەگزادەکان بوون بە دوو بەش، من و ئەفراسیاب بووین بە لایەنگری کامیل چادرچی کە ئەوکات ئەنصاری سەلامی هەبوو.

ئەوان ئەفراسیابی برامیان کاندید کرد بۆ نائیبی، ئەفراسیاب زیاتر ڕووی لە خەڵک بوو، ئێمە زیاتر مامەڵەمان لەگەڵ جووتیار و وەرزێر بوو، بەپێی بەرهەم؛ بڕی خۆمان لە جووتیار و وەرزێرەکانمان وەردەگرت، بەڵام ئەوان ئەوەی دیارییان کردبوو؛ لە وەرزێرەکانیان وەردەگرت. ئەوان ئەم مامەڵەی ئێمەیان پێ ناخۆش بوو.

بەڵام دواتر لەژێر فشاردا ئەفراسیاب ناچار کرا کە بکشێتەوە لە کاندیدی و ئەو پارەیەی کە داینابوو بۆ کاندیدبوون، ڕاکێشێتەوە کە بڕی (١٠٠) دۆلاری ئەوکات بوو. ئەفراسیاب وتی پاشەکشە ئەکەم، وتم نەکەی، ئەیانەوێت وەک باوکمت لێ بکەن. لە کۆتاییدا ئەفراسیاب پارەکەی ڕاکێشایەوە.

بیرمە هەر ئەو ڕۆژانە پۆلیسەکان هاتن، من جلی کوردیم لەبەردا بوو بۆ دەعوەتێک ئەڕۆیشتم، لە دواوە قۆڵیان گرتم و کراسەکەمیان دڕاند. معاونی پۆلیس کە ناوی «مەعروف سمۆ» بوو، پێی وتم: تۆ و ئەفراسیابی برات باشتان کرد ئەم کێشەتان دروست کرد. وتم: باشە، سبەی یەک ئەبینینەوە و قسەی لێ ئەکەین. بۆ سبەینێ معاونەکەیان بانگ کرد و گواستیانەوە بۆ شوێنێکی تر.

## شووکردن

من لە هەڵەبجە شووم کرد بە کوڕێک بە ناوی نیازی عومەر ئەمین، نیازی خەڵکی هەولێر بوو، ماستەری لە ئەندازیاریدا هەبوو، تازە خوێندنی تەواو کردبوو لە قاهیرە گەڕابوویەوە. چۆنیش ئەم پیاوەم ئەناسی؟ پوورە کافیەم لە سلێمانی شووی کردبوو بە پیاوێک بە ناوی عەلی ئاغا، پیاوێکی ئەندازیار هاتوچۆی ئەکردن ناوی سەیید عەبدوڵڵای خانەقا بوو، سەیید عەبدوڵڵا خزمی عەلی ئاغا بوو، عەبدوڵڵا ئێمەی ئەناسی، نیازیش کە گەڕابووویەوە کرابوو بە ئەندازیاری مەنتیقەی شیمالی، سەیید عەبدوڵڵا هاوڕێی ئەو بوو، باسی ماڵی ئێمەی بۆ کردبوو کە چەند خانوویەکی عەجاییبیان هەیە، دیارە باسی منیشی بۆ کردبوو، لەو کاتەشدا نیازی گەڕاوە بۆ ژن، سەیید عەبدوڵڵا

هەموو بەهارێک ئەهات بۆ ماڵی ئێمە لە هەڵەبجە، جارێکیان تەلەفۆنی کرد، وتی سبەی دێین بۆ هەڵەبجە بۆ ماڵی ئێوە و هیچی تری نەگوت. منیش باسی تەلەفۆنەکەم گێڕایەوە بۆ ئەفراسیابی برام.

ڕۆژی داهاتوو کە هاتن کوڕێکیان لەگەڵ بوو، ئێمە لەگەڵ خزم و کەسوکار تێکەڵ بووین، بەڵام لەگەڵ بێگانە دانەدەنیشتین. کاتێک لە سەیید عەبدوڵڵام پرسی ئەم کوڕە کێیە لەگەڵتان؟ وتی هاوڕێی منە و ناوی نیازییە، خەڵکی هەولێرە و لە قاهیرە ماستەری ئەندازیاریی تەواو کردووە، باسی ماڵی ئێوەم بۆ کردووە، حەزی کردووە لە نزیکەوە ماڵی ئێوە ببینێت. منیش تەلەفونم کرد بۆ ئەفراسیاب، وتم: میوانەکان گەیشتوون و کەسێکیان لەگەڵە من نایناسم. ئەفراسیاب گەڕایەوە، دوای نانخواردنی ئێوارە ئەوان هەستان و ڕۆیشتن، نەمانزانی ئەو کوڕە کێیە و بۆ چ مەبەستێک هاتووە، بەڵام بیرم نەچێت ڕۆژێکیان ئەفراسیابی برام پێی گوتم: ڕووناک، ئەگەر ڕۆژێک ویستت شوو بە کەسێکی دەرەوەی خزمان بکەی؛ پێم بڵێ، من ڕێگریت لێ ناکەم.

دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، شەمە خانی خوشکم هات بۆ لای دایکم و تووڕە بوو، وتی ئەو کوڕە بۆ سەیری ڕووناک هاتووە و ئێوە ئاگاداری هەموو شتێکن، وا دیارە لە سلێمانی ڕووناکی بینیوە و قسەی لەگەڵ کردووە و بەڵێنی پێ داوە شووی پێ بکات، منیش وتم نە دایکم و نە من ئاگاداری هیچ شتێک نین. هۆکاری ناڕەزایەتیی زیاتری شەمە خان ئەوە بوو کە ئەو پیاوە جاف نییە و لە بەگزادەکان نییە، من یەکەم کەس بووم کە شووم بە بێگانە کرد، ئەوان خەمیان بوو، ئەیانگوت ئەم پیاوە خاوەن موڵک نییە و مووچەخۆرە، کێ بە مووچە ئەژی؟ وا دیارە ئەو چاوی بڕیوەتە موڵک و ماڵی ئێمە.

دواتر کە من شووم بە نیازی کرد، نەمتوانی لە هەولێر بمێنمەوە، بۆیە ڕۆیشتین بۆ بەغداد، نیازی وازی لە فەرمانبەری هێنا و کاری قۆنتەراتی ئەکرد، ئێمە ژیانمان زۆر باش بوو لە بەغداد. کە شۆڕشی ١٤ی تەممووز ڕووی دا و یاسای چاکسازیی زەویوزار دەرچوو، خزمان موڵکی وەهایان نەما، زۆربەیان لە بەغدا هاتنە ماڵی ئێمە و لەوێ دانیشتن. ئێمە کارمان زۆر باش بوو، نزیکەی (٥٧) ساڵ لە بەغداد ماینەوە.

## منداڵەکانم

من خاوەنی دوو منداڵم، شوان کە جەڕڕاحە و دکتۆرێکی زۆر ناودارە لە لەندەن، تەمەنی (٥٨) ساڵە، جوانی کچیشم ئەندازیارە و لە بەغداد شووی کردووە بە کوڕێک بە ناوی کاوەی حەمەسەعید خەفاف، ئەویش ئەندازیارە، کاوە لە بنەڕەتدا خەڵکی سلێمانییە و خێزانەکەیان زۆر زۆر دەوڵەمەند و ناودار بوون، ئەوانیش ئێستا لە لەندەن دادەنیشن.

## چوون بۆ بەریتانیا و بینینی لۆنێت سۆن

ئێمە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا عێراقمان بەجێ هێشت و لە لەندەن گیرساینەوە. لە سەرەتاشدا پارەمان خەواندبوو، بەڵام دوای چوار ساڵ ئیقامەمان وەرگرت. لەو کاتەوە ئێمە لە لەندەن ئەژیین. جەلالی حامید بەگی ئامۆزاشم هەر لەوێ بوو، جەلال وتی ڕۆژنامەنووسێک هەیە ئەڵێ ژنەکەی مێجەرسۆن لە ژیاندا ماوە. شێری کە ڕۆژنامەنووسەکە بوو، لەگەڵ جەلال چووبوون بۆ لای لۆنێت و پێیان ڕاگەیاندبوو کە کوڕەزایەکی عادیلە خانم لێرەیە، سەرەتا بڕوای نەکردبوو، وتبووی زۆرم پێ خۆشە کە بیبینم، مەوعیدیان بۆ سەردانەکەی من وەرگرتبوو. لۆنێت گوتبووی ئەگەر هات بۆ سەردانم، با یاپراخ و کەبابم بۆ بێنێت. جگە لە ناوی ئەو دوو خۆراکە، ناوی پشیلەشی لەبیر مابوو.

لۆنێت ماڵی لە برایتن بوو، کە سەعات و نیوێک لە لەندەنەوە دوورە و لەسەر دەریایە. ئەوەش بڵێم ئێمە کەماڵ میراودەلی کە ڕۆژنامەنووس

بوو، لەگەڵمان بوو. ڕۆژێک کەماڵ میراودەلی و شێری هاتن بەدوای مندا و بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ لای لۆنێت، پیر ببوو، لەسەر عەرەبانەیەکی کەمئەندامی بوو، شەبقەیەکی لە سەردا بوو، ژنێک خزمەتی دەکرد (لە بەریتانیا کەسە بەتەمەنەکان خزمەتکاریان بۆ دابین دەکەن کە چاویان لێیان بێت. ئەگەر ژن بێ، ژن و ئەگەر پیاو بێ، پیاو خزمەتی دەکات). کە چووین بۆ لای و منی بینی، باوەشی پێدا کردم و ئەملا و ئەولامی ماچ کرد، وتی ئەزانی تۆ زۆر لە عادیلەخان ئەچی، منیش وتم زۆر کەس وام پێ ئەڵێن، وتی بۆچی هاوسەر و منداڵەکانت لەگەڵ خۆت نەهێناوە؟ وتم بۆ جارێکی دیکە.

نزیکەی سێ سەعات گفتوگۆمان کرد، باسی ئەوەی بۆ کردم کە چۆن یەکەم جار خانمی دیوە، ئەوکات ئەو تەمەنی بیست ساڵ بووە، ئەڵبەت پێشتر (١٩٠٩) مێجەرسۆنی هاوسەری چووەتە ماڵی خانم و چەند مانگێک لە ماڵیان بە ناوی نهێنی و خۆگۆڕینەوە ماوەتەوە و فێری کوردییەکی باش بووە، دواتر ڕۆژێک تاهیر بەگ لە کاتی تاوڵەکردندا ڕووی ڕاستی سۆنی بۆ دەرکەوتووە، سۆن لەوەبەدوا هەڵەبجەی جێ هێشتووە، دواتر کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی نووسیوە، لەو کتێبەدا بەوردی باسی ماڵی خانم و هەڵەبجەی کردووە.

دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ باشووری کوردستان، سۆن بوو بە حاکمی سیاسی سلێمانی. کاتێک ژنەکەی بە سەردان هاتووە بۆ لای بۆ عێراق، چووە بەدوایدا، دواتر بردوویەتی بۆ ماڵی خانم، خانم پێشوازییەکی گەرمی لێ کردوون و ڕێزی لێ گرتوون. لۆنێت لەو دیدارەدا باسی هەڵەبجە و ماڵی خانم و شێوازی ژیانی ئەوان و شێوەی دانیشتنی خانم و هەڵسوکەوت و شێوەی داگیرساندنی جگەرە و پێشکەشکردنی لەلایەن خزمەتکارەکانی و کێشانی ئەکرد، هەروەها باسی پەنجەکانی خانمی ئەکرد کە هەموویان موستیلەیان تێدا بووە. خانم دەستێک جلی کوردی کە لە ئاوریشم بووە؛ پێشکەش کردووە، ئەویش وێنەی پێوە گرتووە. ئەوەشی گوت کە خانم جگە لەو جلانە، گوڵێکی ئەڵماسی جوان و کۆمەڵێک شتومەکی گرانبەهای بەدیاری پێ داوە.

لە کۆتاییدا گوتی: وەسیەتم کردووە دوای خۆم ئەم خانووە بدەن بە منداڵی هەڵەبجە، چونکە ئەویش وەک هەر بەریتانییەکی تر وەسیەتی کردبوو، خانووەکەی کە موڵکی خۆی بوو، دوای خۆی بیبەخشن بە منداڵانی هەڵەبجە.

دوای ئەم گفتوگۆیانە، ئێمە ڕۆیشتین. دوای سێ ڕۆژ لۆنێت تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی: ڕووناک، ئەم جارە کە هاتیتەوە، هاوسەر و منداڵەکانت لەگەڵ خۆت بهێنە، بەڵام نە کەباب بێنە، نە یاپراخ، من مۆکسەیەنت بۆ دروست ئەکەم، بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونمەوەیە، من تەمەنم ئەبێت بە (٩٥) ساڵ. ئەوەی کە باسی ئەکەم، لە ساڵی ١٩٩٤دا بوو.

دوای سێ ڕۆژ شێری تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی: ڕووناک، هەواڵێکی ناخۆشم پێیە بۆت! وتم: چی بووە؟ وتی: شێری کۆچی دوایی کرد. بەڵام وتی لە کاتی تێکچوونی بارودۆخی تەندروستیدا، لە ڕێگادا کە بەرەو نەخۆشخانە بردوویانە، دەستی خزمەتکارەکەی گرتووە و تیوویەتی هیچ شتێکی عادیلە خانمم لا نەماوە کە بیدەمەوە بە ڕووناک (چونکە دز چووبوویە سەر ماڵیان و هەموویانی بردبوو)، تەنها شتێک کە زۆر بەبایەخە لەلام، سینییەکی زیوییە لە خێزانەکەمەوە بۆم بەجێ ماوە، پەیمانم بدەرێ کە بیدەی بە ڕووناک. خزمەتکارەکە دواتر سینییەکەی بۆ هێنام.

دواتر شێری تەلەفونی بۆ کردم، وتی: ڕووناک، ڕێوڕەسم بۆ لۆنێت ساز ئەکەن، حەز ئەکەم ئامادە بیت. منیش وتم: داوای لێبوردن ئەکەم ناتوانم، لەوێ وێنەم ئەگرن، منیش لەسەر سەفەرم بۆ عێراق، لەبەر ئەوە بۆ من خراپە و جێگای مەترسییە، وتی ئاساییە. سەبارەت بە چارەنووسی خانووەکەش، ئەو کاتەی کە لۆنێت مرد، خەڵکی کورد هێندە زۆر نەبوو

لەو وڵاتە، مەگەر کەسێک لە ڕێگەی حکومەتەوە هاتبێت. ڕۆژێک لە لەندەن بانگهێشتی ئاهەنگێکی ژن مارەبڕین کراین، برادەرێک لە ئاهەنگەکەدا هات بۆ لام کە ناسراوی ئێمە بوو، بە ئیشارەت دەستی ڕاکێشا بۆ دوو کەس، وتی ئەوانە ئەناسی، وتم بەڵێ، وتی ئەوانە دەستیان کێشاوەتە ناو ئەو میراتەی کە لۆنێت بۆ مناڵانی هەڵەبجەی دانابوو. ئیتر شتەکە ون بوو، دواتر کە ئێمە هاتینەوە و لێرە هەواڵمان پرسی، وتیان ئێمە ئاگامان لە شتی وا نییە و نەمانبیستووە، واتە خانووەکە فرۆشرا و خورا.

سەبارەت بە سینییە زیوییەکەش، بەر لە سێ ساڵ گەڕاینەوە بۆ ئێرە و لەگەڵ هوشیاردا ڕۆیشتین بۆ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، من گوتم وشیار ئەو سینییە زیوینە بگرە شووشە (لەبەر ئەوەی ڕەش نەبێتەوە) و بیهێنە بۆ مۆنۆمێنتەکە.

## دەستە جلەکەی خانم

ئەو دەستە جلەی عادیلە خانم پێشکەشی لۆنێتی کردووە، لای کە سێکە بە ناوی دارا عەتا، کە بازرگانێکی کوردە و خەڵکی شاری سلێمانییە و ئێستا لە گوندی ئەمەریکی دادەنیشێت لە هەولێر. دارا کاتی خۆی کە زانیویەتی ئەو جلەی خانم لەلای لۆنێتە، چووە بۆ لای، پێی گوتووە کە ئەو مۆزەخانەی جلوبەرگی کوردی ئەکاتەوە، داوای جلەکانی لە لۆنێت کردووە، ئەویش پێشکەشی کردووە. لە ڕاستیدا لۆنێت لە کاتی دیدارەکەمدا لەگەڵی ئەوەی بە من گوت کە جلەکانی داوە بە دارا عەتا (عەتار). منیش نزیکەی (١٠) ساڵێک پێش ئێستا کە هاتمەوە بۆ ئێرە، لە سلێمانی کوڕێکم ناسی کە ناوی پشتیوان گوڵپی بوو، وتی من ئەتوانم دەرفەتی ئەوەت بۆ برەخسێنم هێرۆ خان ببینی، بەڵام ڕووداوێک هاتە پێشەوە ئەو دیدارە سەری نەگرت. پشتیوان گوتی: مۆزەخانەی جلوبەرگی کوردی کراوەتەوە، جلوبەرگی زۆر کەسایەتیی دیاری کوردی تێدایە، مەعقول نییە جلی خانمی تیدا نەبێت. من و پشتیوان بەیەکەوە ڕۆیشتین، فیعلەن جلی زۆر کەسایەتیی کوردی تێدا بوو، لەوانە: حەپسە خانی نەقیب. دواتر بیستم کە شاناز خانی خوشکی هێرۆ خان داوای جلەکانی خانمی کردووە، بەڵام گوتوویانە قۆڵێکی کراسەکەی نەماوە، ئەویش گوتوویەتی ئاساییە، بەڵام وا دیارە کارەکە سەری نەگرتووە.

## شیعری باوکم

من هیچ شیعرێکی باوکم لا نییە کە بڵاو نەکرابێتەوە، بەڵام شەمە خانی خوشکم بەو پێیەی کە کچی گەورەی باوکم بوو، شیعری لا بوو. لێرەدا جوانی کچی کە لەم دیدارەدا بەشدار بوو، گوتی: لەم ساڵانەی دواییدا کە شەمە خان نەخۆش بوو، من ساڵانە ئەڕۆیشتم بۆ لای، شەمە خان شیعری زۆری باپیرمی لەبەر بوو، ئەیگوت من بەمناڵی ئەم شیعرانەی باوکم لەبەر کردووە و لە دیوانەکەیدا نین. من بەشێک لەو شیعرانەم لە مۆبایلەکەمدا نووسییەوە و خەزنم کرد. ئەگەرچی من زمانی کوردیم نەخوێندووە و نووسینەکەشم خراپە، بەڵام هەر چۆنێک بێت هەر خۆم فێر کردووە. بەداخەوە کاتێک تەلەفۆنەکەم گۆڕی، هەموو ئەو شتانەی کە تێیدا بوو بە شیعرەکانیشەوە، لەنێو چوون. ئەوەش کارەساتێکی گەورە بوو، زۆرم خەفەت خوارد.

## پێگەی ژن لەناو بەگزادەکاندا

ژن لەناو بەگزادەکانی جافدا زۆر ئازاد بوو، عەبا و پەچە نەبوو. ناهیدەی پوورە گەورەم کە خێزانی عەلی بەگی مەحموود پاشای جاف و دایکی حەسەن فەهمی بەگی جافە، لە ماڵی خۆیانەوە کە لەنزیک سەرای کۆنی شار بوو، ئەهات بۆ ماڵی پاشا، وەک چۆن پاپا لەسەر تەختە هەڵئەگیرێت، چوار پیاو ئەچوونە ژێر تەختەکەی و لەسەر شان هەڵیانئەگرت و ئەیانهێنا بۆ ماڵی ئێمە. هەمیشە جلی کوردییشی لەبەردا بوو.

## جوولەکەکانی هەڵەبجە

هەموو جوولەکەکانی هەڵەبجە ئەهاتن لە حەوزی ئاوەکەی ماڵی پاشا ئاویان ئەبرد، ئەوان لەلای خەڵکی شار زۆر خۆشەویست بوون، لە کاتی جەژنی کەپرەشینەدا هەموو ماڵێکیان سینییەک خواردن کە یەکێکیان قاپێکی پڕ لە ناوکە کولەکە و بادەم و چەرەسی تر بوو، ئەنارد بۆ ماڵی ئێمە، سینییەکە دائەپۆشرا.

بیرمە ئێمە خزمەتکارێکمان هەبوو ناوی ڕەسووڵ بوو (ئەو خزمەتکارانەی کە منداڵەکانیان بەخێو دەکرد، پێیان دەگوتن لەلە)، ڕەسووڵ منی ئەکرد بە باوەشیەوە و ئەیبردم بۆ گەڕەکی جوولەکان. ڕەسووڵ کڵاویکی سپیی لە سەر بوو، سەڵتەیەکی لەبەر دابوو، سەڵتەکە پێیان ئەگوت شیعرییە، لە سەرەتای گەڕەکەکە دایدەنام و دەیگوت لێرەوە ئیتر خۆت برۆ، من ئەمگوت ناڕۆم، باخەڵی سەڵتەکەی تەقەی ئەهات، ئەیگوت پارەیە، کە من دەستم بۆ برد، وتی نەکەی ئەوە هەمووی پارچە شووشەیە، بۆ ئەوە کردوومەتە باخەڵم جوولەکەکان وا بزانن پارەیە، جوولەکەکان هاتنە دەرەوە وتیان چۆن درۆ لەگەڵ کچی ئەحمەد بەگ ئەکەی، منیش وتم کە ڕۆیشتمەوە بە دایکم ئەڵێم فەلاقەی بکات. ئەوەش بڵێم کچیکی جوولەکە هەبوو لە هەڵەبجە، زۆر جوان بوو، ناوی شێوە بوو، هەمیشە کوڕان باسیان ئەکرد.

## کۆتایی

لە کۆتاییدا دەڵێم من هیچ بەڵگە و دۆکیۆمێنتێکی باوکم لەلا نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە هەڵەبجە پارچەیەکە لە من، باوک و باپیرانم و کەسوکار و تەنانەت گەنجیی خۆشم لە هەڵەبجە بووە و بردوومەتە سەر. کاتێک هەڵەبجە کیمیاباران کرا، بۆ من وەک ئەوە وا بوو کیمیاییان بەسەر جەستەمدا کردبێت.

## پەراوێزەکان

١. جیا لەم چاوپێکەوتنە، بۆ دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر لەسەر بنەماڵەی ئەحمەدموختار جاف، سوودێکی زۆرم لە هاوڕێم «عوسمان ساڵح مەحموود» کە پارێزەری تایبەتیی ماڵی ڕووناک خانە؛ وەرگرتووە، بەتایبەتی بەشنامەی یاسایی (قسام القانونی) بنەماڵەکە، کە وردەکاریی زۆری تیادا خراوەتە ڕوو، وەک ناوی سیانی و ساڵی لەدایکبوون و مردنی هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان.

٢. لە قەسامەکەیاندا بەم شێوەیە ناوی سیانی نووسراوە: فاتمە غەفوور موبارەک.

٣. ١٩٣٤/٧/١ مردووە. تێبینیی ئەوە دەکرێت، ئەوانەی لە نیوەی یەکەمی ساڵدا لەدایک بوون لە فەرمانگەکانی باری شارستانی، ١/١یان وەک ڕۆژ و مانگی لەدایکبوونیان بۆ دیاری کردوون، ئەوانەشیان کە لە نیوەی دووەمی ساڵدا لەدایک بوون، ٧/١یان وەک ڕۆژ و مانگی لەدایکبوون بۆ دیاری کردوون، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە ئەو خەڵکانە لە کاتی خۆیدا ناسنامەی باری شارستانییان بۆ منداڵەکانیان دەرنەکردووە، بەڵکوو ماوەیەکی زۆر دوای لەدایکبوونی منداڵەکانیان ناسنامەیان بۆ دەرکردوون، لەو کاتانەشدا بیریان چووە کە منداڵەکانیان لە چ ڕۆژ و مانگێکدا لەدایک بوون، لەوە دەچێ ئەوە هەر بابەتیش نەبووبێت بەلای دایک و باوکەکانەوە.

٤. بۆ من ئەم زانیارییە جێگای گومان بوو، بۆیە پەیوەندیم بە د. حەسەن جافەوە کرد، ناوبراو گوتی: من شتی وام نەبیستووە. بۆ دڵنیابوونەوەش پەیوەندیی بە خەڵکانیکی بەتەمەنی خۆمانەوە دەکەم کە لە ژیاندا ماون و دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە، دوای چەند کاتژمێرێک د. حەسەن پەیوەندیی پێوە کردمەوە و لە ڕاستیی زانیارییەکە دڵنیای کردمەوە.

٥. دوای مردنی عەلی بەگی مەحموود پاشا، ناهیدە شووي کردووەتەوە بە کەریم بەگی فەتاح بەگی ئامۆزای، حەسەن فەهمی لە عەلی بەگە نەک کەریم بەگ.

٦. لە قەسام شەرعیی بنەماڵەکەیاندا بەم شێوەیە ناوی نووسراوە: ڕەعنا ساحێبقڕان. بەو پێیەش بێت

ناوبراو لە ساحێبقڕانەکانی سلێمانی بووە.

٧. شاکر فەتاح کە لە ١٩٣٠/٨/٢ بە گەشتێک لە پێنجوێن بووە، لەوێ چاوی بە ڕەعنا خان کەوتووە و بەم شێوەیە باسی کردووە:ماڵەکانی پێنجوێن لەسەر شێوەی پلیکانە بە قەد شاخەکەدا هەڵچووبوون. کە لە پردەکە دەپەڕینەوە، چاومان بە تەلارێک دەکەوت (کە خانوویش بوو)، ساباتێکی بە سەرەوە بوو، بەیانیان کە دەچووینە لای تافاوەکە، پەردەیەکی سپیمان دەدی دەدرا بەسەر ساباتەکەدا، بۆ بەربەستکردنی هەتاوەکە لە هاتنەناوەوە. لەوێدا ژنێک دەنووست، هەموو کاتێک لە بەردەم و دەوروپشتیدا کارەکەر و نۆکەر دانیشتبوون، چاوەڕوانی فەرمانێکی بوون. ئەم ژنە کە ئێواران لەسەر ئەم سەربانە، لەسەر تەختێکی دۆشەک قەدیفەی مۆر ڕەنگ دادەنیشت، وای لێ کردین کە دەنگوباسی بپرسین و بنچینەیشی دەربخەین. دواتر زانیمان ناوی «ڕەعنا خان»ە و کچی حاجی فەتاحی هەڵەبجەییە، کە لە شاری سلێمانییەوە هاتووە بۆ ئەوێ. ئێستە ژنی ئەحمەد بەگی پاشایە، کە برای عیززەت بەگی وەسمان پاشای جافە، لە هەڵەبجەوە هاتووە بۆ پێنجوێن، بۆ سەردانی زەویوزارەکانیان و سەرپەرشتیکردنیان. خۆمان ڕانەگرت، چووینە لای. بە نەوازشێکی زۆرەوە لەبەرمان هەستا، بەڕاستی ژنێک بوو، هەروەک لە بەرگا سەربەست بوو، لە قسەکردنیشدا سەربەست بوو، ئافرەتێکی ژیر و زرنگ بوو. هەر چی قسەیەکی دەکرد، لە مێشکێکی تەواوە دەهاتە دەرەوە. کچێکی هەبوو ناوی شەمسە خان بوو، لە تەمەنی دە ساڵیدا بوو. لەبەر نەبوونی خوێندنگای کچان، خستبوویە خوێندنگای کوڕانی هەڵەبجەوە. لەئەندازەبەدەر سەربەست و ئازا بوو، خانمیش بە بۆنەی ئەوەوە گەلێک باسی خوێندنگای لەگەڵا کردین. (ئاوێنەی ژیانم، کتێبی یەکەم لە سەرجەم بەرهەمەکانی شاکر فەتاح، ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٦٨).

٨. لە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٠/١٦ کۆچی دوایی کردووە، خێزانەکەشی کە ناوی «پاکیزە ئەحمەد ئەمین»ە، لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٢/١٨ کۆچی دوایی کردووە. سێ منداڵیان هەبووە بە ناوەکانی: ئەحمەد، کانی، ڕاز.

٩. شەمسە خێزانی ئەنوەر بەگی کوڕی جەمیل بەگی کوڕی عەلی بەگ بووە و لە ١٩٩٠/٧/٢ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام شەمسە خان لە ٢٠١٣/١٠/١ لە عەمانی پایتەختی ئوردن کۆچی دوایی کردووە. پێنج مناڵیان هەبووە بە ناوەکانی: (شەهریار، بەختیار، هوشیار، جوان، دڵخواز، ئاواز).


١٠. غاندی لە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٢٠ کۆچی دوایی کردووە، خێزانەکەشی؛ ئاواز عەلی ئەحمەد (عەلی بەگی ئەحمەد بەگی ڕیشێن) لە ٢٠١٣/٦/٢٤ کۆچی دوایی کردووە. سێ منداڵیان هەبووە بە ناوەکانی: ئەحمەد، ئەڵوەند، ژاڵە.

١١. لە ئێستادا تەنها ڕووناک و حەمیدە لە ژیاندا ماون، ڕووناک لە لەندەن دادەنیشێت و حەمیدەش لە گوندی عەواڵی نزیک ناحیەی بەکرەجۆ لە پارێزگای سلێمانی. خاڵێکی تر کە جێگای هەڵوێستەلەسەرکردنە ئەوەیە، لە قەسامی بنەماڵەکەدا ساڵی لەدایکبوونی ڕووناک بە ١٩٣٠ و حەمیدە بە ١٩٣٧ دیاری کراوە، لە کاتێکدا هەردووکیان هەڵەن، چونکە ڕووناک وەک خۆی دەڵێت: لەگەڵ غاندیدا دوو ساڵیان نێوانە، غاندییش ساڵی ١٩٢٩ لەدایک بووە، کەواتە دەبێت ڕووناک ساڵی ١٩٣١ لەدایک بووبێت. هەر چی سەبارەت بە حەمیدەیە، سێ مانگ دوای کۆچی دوایی باوکی لەدایک بووە، باوکیشی لە ١٩٣٥/٢/٦ کوژراوە، کەواتە دەبێت حەمیدە لە مانگی ئایار یاخود حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووبێت نەک ساڵی ١٩٣٧.

گرفتەکەش لەوەوە دەست پێ دەکات کە تاکی کورد لە ڕابردوودا لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت زوو نەچووە بەدەم دەرهێنانی ناسمەی باری شارستانییەوە و لە کاتی خۆیدا ناسنامەی بۆ منداڵەکانی دەرنەهێنانەوە، بۆیە دواتر کە ناسنامەیان دەرهێناوە، لە دیاریکردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەدایکبووندا تووشی ئەو کێشەیە بوون، هەروەک پارێزەرەکەشیان قسەی بۆ من کرد، ئەوان کار لەگەڵ ئیشی تۆماری ڕەسمیدا دەکەن.



# بابەتی گشتی



# جیهانبینیی نوورسی بۆ ژیارەکان

نوورسی لە سەربەنی جیهانبینییە قورئانییەکانەوە لە ژیار و شارستانیەتییەکان ڕاماوە و لەویێوە هەستاوە بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی هەردوو ژیاری ئیسلامی و خۆرئاوا، بۆ ئەم مەبەستەش لە چەندەها شوێنی پەیامەکانیدا قسەی لەسەر ئەو پرسە کردووە. بە هەمان شێوەی «تێگەیشتنی بۆ مێژوو»، ژیاریشی لەنێو بازنەی چاودێریی خواییدا داناوە و لەویێوە هەستاوە بە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی. لێرەوە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ئەو بۆچوونانە چڕ بکەینەوە:

ژینۆ عوسمان ئەحمەد

## یەکەم: مرۆڤ وەك چەقی ژیارەکان

ئەگەر لە مێژووی ئەورووپیدا و لە سەردەمێکی درەنگی وەک سەردەمی ڕێنسانسدا مرۆڤ وەک تاک بە خودی خۆی ئاشنا بووبێت و لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی و سەردەمەکەی بۆ سەلماندنی خۆی کەوتبێتە ململانێیەکی توندەوە، ئەوە لە ئیسلامدا هەر لە سەرەتاوە جەخت لەسەر تاکێتیی (الفردانیة) مرۆڤ کراوەتەوە و تەنانەت مرۆڤ دەبێتە چەق و جەمسەری گۆڕان و ژیارەکان، بەڵام مرۆڤ لەنێو بازنەی قەدەری خوداییدا هەنگاو دەنێت و ژیارەکان دروست دەکات. بەلای نوورسییەوە مرۆڤ لە کاروانێکی دوورودرێژی لاوازییەوە بەرەو بەهێزبوون و کەماڵبوون هەنگاو دەنێت، تا ئەو هەنگاوانەش لە خودا نزیکی بکاتەوە، ئەوە زیاتر شکۆمەندتر دەبێت، تەنانەت خودا ڕێزی مرۆڤی بەسەر گەردوون و بەشێکی زۆری بەدیهێنراوەکانی تردا جێگیر کردووە. بە واتایەکی تر: خودا بەشی زۆری بەدیهێنراوەکانی بۆ مرۆڤ بەدی هێناوە. لە سەربەنی قورئانەوە سەرەڕای ئەوەی مرۆڤی بە جوانترین شێوە بەدی هێناوە، نوورسییش بەو ڕاستییە گەیشتووە کە مرۆڤ نیشانەیەکی دانایی خوداییە بۆ بوونی هەموو گەردوون.

نوورسی وای دەبینێت مرۆڤی بڕوادار لەنێوان بازنەی چاودێریی خوداییدا ئازادە و بژاردە بە دەستی خۆیەتی و خاوەنی بەشێکی هەڵبژاردنە و ئەم بەشەش خاوەنداریەتیی دروستکردنی نییە و تەنها پیشەیەکی ژیانە. قەدەر بابەتێکە کە ڕاکردن و بەرپرسیارنەبوون لێی شتێکی مەحاڵە، بەڵکوو قەدەر بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤە لە بەخۆنازین و لەخۆباییبوون. لەبەر ئەوەشە باوەڕبوون بە قەدەر چووەتە ناوبابەتەکانی ئیمان، بەڵام بەش و هەڵبژاردنی چووەتە ناو بابەتی بیروباوەڕەوە، بۆ ئەوەی ببێتە گەڕێنەرەوەی لە خراپەکان، نەک ئەوەی ببێت بە سەرچاوەیەک کە ببێتە هۆی ڕۆچوون لە خراپە و فیرعەونبووندا. بۆیە نوورسی بە جیاواز دەڕوانێتە تێروانینەکانی خاوەن ئیمان بۆ بابەتی قەدەر و بەشی هەڵبژاردن و لەنێوان ڕوانینی خاوەن غەفڵەت و گومڕایی بە شێوەیەک کە خاوەنی ئیمان هەموو ڕووداوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ خودا و باوەڕی وایە هەموو ڕووداوەکان لەژێر ویستی خودایە و خراپییەکانیش دەداتە پاڵ ئەو بەشە هەڵبژاردەیەی کە پێی دراوە، لەبەر ئەوە قەزا و قەدەر لەلای نوورسی بەئیجباری بڕیاری لەسەر نادرێت، بەڵکوو جووڵەی مرۆڤ و هەڵبژاردە و ئازادی و هەوڵەکانی سنووردار ناکات، لە بەرامبەریشدا دروستکردن و هێنانەبوونی لە نەبوونەوە پێ نادات، بەڵام لاریی نییە لەوەی کە قەزا و قەدەر بە یەکگرتنی کاری مرۆڤ و هەڵبژاردەکانی لەگەڵ چاودێری و ویستی خودایی دروست دەبێت.

## دووەم: گەردوون، گۆڕەپانی ژیارەکان

بەلای نوورسییەوە، گەردوون گۆڕەپانی ژیارەکانە و بەڵگەیەکی ئاشکرای بوون و یەکتایی خودایە. مرۆڤ بە هۆی تێڕامانی لە گەردوون، بە «چاودێریی خودایی» ئاشنا دەبێت. ئەو هاوسەنگی و تەواوکارییە بێوێنەیەی لە گەردووندا بەدی دەکرێت، ئەوە لەسەر مرۆڤ پێویست دەکات کە لە پێناو بونیادنان و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و دامەزراندنی ژیار و شارستانێتی لەگەڵ یاسا ئەزەلییەکانی گەردووندا هاوتەریب بڕوات.

لەم ڕوانگەیەوە نوورسی پێی وایە ئەوانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕێگەیەک دەگرنە بەر و بزووتنەوەیەک دادەمەزرێنن، گەر لەگەڵ ئەو یاسا ئەزەلییانەی گەردوون بەرێوە دەبەن؛ گونجاو نەبێت، ئەوا جگە لە خراپەکاری و تێکدان، ئەنجامێکی تریان لێ چاوەڕوان ناکرێت! بەپێچەوانەشەوە، گەر بزووتنەوەی مرۆڤ لە ژیاندا لەگەڵ یاساکانی گەردووندا ڕێک بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا،

ئەوە ڕەهەندی قووڵ و تێڕامان و بیرکردنەوە بە مرۆڤەکان دەبەخشێت و لە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی سروشت و یاسا ئەزەلییەکان و دواتر بەستنەوەیان بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانەوە، وا دەکات هەستانەوەیەکی گشتگیر بۆ ژیارەکان فەراهەم بێت.

نوورسی دەڵێت: «ئەو کەسەی دەیەوێت سەرکەوتوو بێت، دەبێت لەگەڵ یاساکانی خودا یەکلایی ببێتەوە و یاسا ئەزەلییەکان بزانێت و لەگەڵ بابەتە کۆمەڵگەییەکان خۆی بگونجێنێت، ئەگەرنا وەڵامی دەداتەوە بەوەی کە سەر ناکەوێت و بێدەنگی دەکات. دواتر بەوەی گەر یاسا گشتییە بەردەستەکان پەیڕەو نەکات، ئەوە هەڵدەدرێتە بیابانی نەبوونەوە. لەوانەیە ئەمە هۆکاری تێگەیشتن و وەستانی نوورسی بێت لەسەر توێژینەوەی ژیارە پێشووەکان و هۆکارەکانی بوون و پێشکەوتن یان لاوازبوون و کەوتنیان، کە هۆکارەکەشی بریتییە لە زۆرداریی مرۆڤ و لادانی لە ڕێگەی سوننەتە خوداییە گەردوونییەکان و بەرەنگاربوونەوەی یاسا و ڕەوشتە ئەزەلییەکانی گەردوون.

### سێیەم: بەڵگە گەردوونییەکان

ئەویش ئەو بەڵگانەن کە ئاماژە بە بوونی هەموو دروستکراوەکان دەکەن، بەو دەربڕینەی کە هەریەک لە بەدیهێنراوەکان بەڵگەن لەسەر بوونی بەدیهێنەر، کە پێنووسی ویستی خودا لەسەر پەڕەکانی گەردوونی فراوان نووسیویەتیەوە.

### چوارەم: سوننەتە خوداییەکان لە گەردووندا

ئەو ویستە دروستکارییەیە کە پەیوەندیی بە یاساکانی سروشت و نهێنییەکانیەوە هەیە، لەو نەریتە بەردەستانەی کە هۆکار و کاردانەوەیان پێکەوە دەبەستێتەوە. بە دەربڕینێکی تر: مەبەست لە سوننەتەکان، ئەو یاسایانەیە کە خودا لەم گەردوونەدا دایناوە و گەردوونیشی بەم یاسایانە ملکەچ کردووە، تا ببێتە دەسەڵاتدارێک بەسەر گەورە و بچووکدا، وەک بەڵگەیەکی چاودێریی خودایی بەسەر دروستکراوەکانیەوە. قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات کە پێشکەوتن؛ یاسا و سوننەتی خۆی هەیە، هەروەک چۆن دواکەوتن بە هۆی نەبوونی ئەم یاسا و سوننەتانەیە، لەبەر ئەوەی «پێشکەوتن» هیوا و خەونی تەمبەڵ و خەووتوەکان نییە، هەر چەندە نییەتیشیان پاک بێت و بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیشیان باش بێت(١).

### پێنجەم: ڕێگای زانینی سوننەتە گەردوونییەکان

لە سەرەتادا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە هەندێک هەن وا دەبینن «فەلسەفەی مێژوو» بوونی نییە، بەڵام چەند هەوڵێک لەلایەن فەیلەسووفەکان و مێژوونوسەکان و کۆمەڵناسەکانەوە، بۆ تێگەشتنی هۆکارەکانی دروستبوونی ژیارەکان و لەناوچوونیان هەن. هەر چەندە ئەوان توێژینەوەگەلێکی پڕبایەخیان بەرهەم هێناوە، بەڵام وەک پێویست نەگەشتوونەتە ئەو ئاستەی بتوانن لێکدانەوەیەکی «تەواو» و «ڕاست»ی بزووتنەوەی مێژوو بکەن، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوە بێت کە ئەوان لەنێو مێژوودان. واتە «هێز»ێک دەتوانێت پەی بە یاساکان بەرێت، کە لەسەرووی ئەو یاسایانەوە بێت. بۆیە بەلای نوورسییەوە گرنگیی قورئان لە ئاشناکردنی ئەو یاسایانە بە مرۆڤ دەردەکەوێت، واتە ئەوە قورئانە کە «فەلسەفەیەکی تەواو و ڕاست»ی بزووتنەوەی مێژوو هەیە.

### چەند نموونەیەك لە سوننەتە خوداییەکان

هەندێک لە سوننەتە خوداییەکان هەن کە خودا لە کتێبە پیرۆزەکەیدا بۆ تێگەشتن و بەدەستهێنانی سوننەتە گەردوونییەکان ئاماژەی پێ داوە، لەوانە:

١. سوننەتە بێلایەنەکان: ئەو سوننەتە گشتییانەن

که خودا به شێوەیەکی یەکسان و لەسەر بنەڕەتی «مرۆڤبوون»، نەک «باوەڕ» و «کوفر»، به مرۆڤەکانی دەدات، ئەمەش لەسەر بنەڕەتی «هەوڵ و تێکۆشان» و «ڕاستی و دروست»ی شێوازەکان.

٢. سوننەتەکانی خودای گەورە له جیاوازیی بوون: ئەمەش ئەو یاسا و سوننەتانە دەگرێتەوە بۆ هەر کەسێک که هەوڵ بدات هەموو مرۆڤایەتی بکاتە یەک، یاخود ئوممەتێک که ئەنجامەکەی شکست دەبێت، بۆیە یەکێک له سوننەتەکان، بوونی جیاوازییە لەنێوان مرۆڤەکاندا.

٣. سوننەتی خودا له دەستاودەستکردن: ئەمەش بەریەککەوتنە، واتە سەرکەوتن به گەلێک نەدراوە بەبێ گەلەکانی تر. زۆرێک له مێژوونووس و فەیلەسووفان بڕوایان به بەدوايیەکداهاتنی ژیارەکان هەبووە، هەتا گەیشتنە ئەو ڕاستییەی که گومانی تێدا نییە ئەمە سوننەتی خودایە له دروستکراوەکانیدا، ئەگەرنا مرۆڤایەتی تەنها یەک ژیاری دەناسی و دەمایەوە، ئەمەش وای دەکرد مرۆڤ له تاریکیدا بژی.

٤. مەرجەکانی جێنشینبوون لەسەر زەوی: وەک یەکێکی تر له سوننەتە خوداییەکان، که تایبەتە به دروستبوونی دەوڵەتەکان و لەناوچوونیان وەک چەند هۆکارێکی گرنگ و جەوهەری. خوداش له قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بەم هۆکارانە داوە، به هۆی ئەوەی جێنشینبوون لەسەر زەوی به ئیمان و کردەوەی چاک دەبێت.

٥. پابەندنەبوون به سوننەتە خوداییە گەردوونییەکان، که هۆکاری لەناوچوونی ئوممەتەکانە: ئەمەش ئاماژەدانە بەوەی که هۆکاری لەناوچوونی ژیارەکان، تەنها هۆکار بۆ کۆتاییهاتنیان کوفر و گوناهکاری و زوڵم و سەرپێچییەکانە.

٦. ڕۆچوون له دیاردەکانی خۆشگوزەرانیی لەڕادەبەدەر: که بریتییە له میهرەبانیی خودای گەورە بۆ مرۆڤەکان. که نەیویستووە هەموو ڕۆزییەکانی لێ وەربگرێتەوە، چونکە دەبووە هۆی تێکچوونیان لەسەر زەویدا، بەوەی هەندێک گەل و نەتەوە و دەوڵەت به هۆکاری ڕۆچوونیان له ئارەزووەکانیان و خۆشگوزەرانیی لەڕادەبەدەر؛ لەناو چوون.

لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت که چاودێریی خودا له چوارچێوەی فیکری ئیسلامی، سیفەتێکی گشتگیری هەیە و بیرباوەڕ و ئیمانە دامەزراوەکەی لەسەر بناغەی هێز و دانایی خودای تاک و تەنها دەوەستێت. هەر چەند نوورسی له بیرمەندە ئیسلامییەکان شتی وەرگرتووە، بەڵام له هەموویان زیاتر له ڕاڤەکردنی ڕۆڵی چاودێریی خودا له گەردوون و دروستکراوەکانیدا گشتگیرتر بووە(٢).

ژیاری ڕۆژئاوا

«ژیاری ڕۆژئاوا» وەک ژیارێکی هەژمووندار بەسەر جیهان بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی جێگەی سەرنج و قسەلەسەرکردنی زۆر له بیرمەند و زاناکان بووە، نوورسییش وەک کەسایەتی و زانایەکی ئیسلامیی لێهاتوو، هەر زوو بەوردی به چاوێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵوێستی خۆی دەربارەی ئەو ژیارە لەنێو پەیامەکانیدا دەربڕی.

نوورسی پێی وا بوو فەلسەفەی ئەم ژیارە نوێیەی ئەورووپا بریتییە له هێز و بەرژەوەندی و سوود، به مەبەستی کارکردن لەسەر ستوونی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکان و پێداگریی دەکرد لەسەر دەستووری ژیان و ڕەگەزپەرستی و لایەنە نەرێنییەکان، بۆ تێرکردنی خواست و هەوا و ئارەزووەکانی دەروونی مرۆڤ(٣).

هۆکارەکانی پێشکەوتنی ئەورووپا بریتی بوو له زیرەکییان له بەرەوپێشبردنی مەدەنیەت و ئەو دیزاینەی که پەیڕەویان دەکرد، وای کردبوو گەلەکان یەکگرتوو بن، سەرەڕای گەشەی فیکر و مەعریفی که به شێوەیەکی پراکتیکی پەیڕەویان دەکرد، ئەمە جگە له بەرهەمهێنانەکانیان له بواری پیشەسازیدا وەک وەڵامێک بۆ زیادبوونی دانیشتووان. پاشان کەوتبوونە کێبڕکێ لەو سوود و دەسکەوتانەی

بەدەستیان دەهێنا و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرد، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاری و فراوانیی بوارەکان، زیاتر بەرەوپێشەوەی بردبوون(٤).

هەموو ئەمانەش یارمەتیدەر بوون بۆ پێشکەوتن و یارمەتیدانی بازرگانی و ناساندنی وڵاتەکەیان، پاشان بیرۆکەی نوێ بۆ دروستکردنی چەک، پاشان هێزی کڵێسە وەک خاڵێکی بنەڕەت کە تاکەکان پشتیان پێ دەبەست(٥). نوورسی لەسەر هەمان بنەڕەتی «ئیمان» و «کوفر» لە پەیوەندیی نێوان ژیارەکان دەڕوانێت، هەر بۆیە کاتێک باس لە پەیوەندیی ژیاری ئیسلامی و ژیاری ڕۆژئاوا دەکات، ڕاستەوخۆ لەسەر بنەڕەتی «ئیسلام» و «مەسیحیەت» تێڕوانینەکانی گەڵاڵە دەکات و لەو ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندنەکانی دەخاتە ڕوو.

بەلای نوورسییەوە ئەو جیاوازییەی لەنێوان ژیاری کافران و ژیاری باوەڕداراندا هەبوو، ئەوە بوو ژیاری کافران سامناکییەکی ئاوەژووی هەبوو، بەو واتایەی ڕووی دەرەوەی ڕازاوە بوو، بە پێچەوانەی ڕووی ناوەوەی شێواو و ترسناک بوو، بەڵام ژیاری باوەڕداران ژیارێکی پڕ جوانی بوو، کە دیوی ناوەوەی لە ڕووکاری دەرەوەی بڵندتر بوو، ئەمەش بە خۆشەویستی و هاوکاری کە لە ناخ و ناوەرۆکیدا بوو(٦).

هەروەها جیاوازیی بنەڕەتی ئیسلام و ئایینەکانی تر لەوانە مەسیحیەت، بریتییە لەوەی بناغەی ئیسلام یەکتاپەرستییە و پشت بە هۆکار و هۆ ناوەندییەکان نابەستێت و لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەوانە هیچ نرخ و بەهایەکیان لە بواری دروستکردن و بەدیهێناندا نییە(٧).

بەڵام لە مەسیحیەتدا بە پێچەوانەوە بە هۆی ئەو بیری «کوڕایەتی»یەی پەسەند کراوە، گرنگی و بایەخ بە «هۆکارەکان» دەدات و لەخۆباییبوون و خۆبەگەورەکردنی مرۆڤ ناشکێنێت، بەڵکوو بەشێکی پەروەردگارێتیی خوا بە ڕاهیبەکان دەسپێرێت.

ئەم خۆسەپاندنەی ژیاری ئەورووپاش ببووە زاڵبوونی بیر و فەلسەفەی ماددی و کاریگەرییەکانی لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر مرۆڤ دروست دەکرد و کاروبارە مەعنەوییەکانی لە بیر و هزری مرۆڤدا نامۆ کردبوو(٨).

لەبەر ئەوە نوورسی ئەورووپا دەکاتە دوو بەش و بە دوو ئەورووپا ناوی دەبات: یەکەمیان: ئەو ئەورووپایەی ڕێچکەی ئایینی ڕاستەقینەی مەسیحیی وەرگرتووە و بەمەش خزمەتی بە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ گەیاندووە، لە ڕێگەی ئەو زانست و پیشەسازییانەی لەسەر بناغەی ویژدان و دادگەری دامەزراون.

دووەمیان: ئەو ئەورووپایەی بە هۆی فەلسەفەی سروشت و ماددییەوە، خراپیی شارستانێتییەکەی بە چاکە دادەنێت و لەم ڕێیەوە مرۆڤایەتی بەرەو نەفامی و گومڕایی و بەدبەختی بردووە. هەر بۆیە نوورسی ڕوو لە ئەورووپای دووەم دەکات و دەڵێت: «تۆ هەڵگری فەلسەفەی ڕێنوێکەر و شارستانیەتی زیانبەخشیت، پاشانیش بانگەشە بۆ ئەوە دەکەیت بەختەوەری لەمەدایە(٩).»

هەروەها هۆکارەکانی زەرەرمەندیی ئەورووپای دووەم دەخاتە ڕوو، بەوەی ئەورووپا بەتەواوی سەرەتاکانی مەسیحیەتی لێ دابڕێنراوە و بەرهەمەکانی پیشەسازی بەکار دەهێنرێت بۆ دژایەتیکردنی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی دروستکردنی تەقەمەنی و جەنگ(١٠).

لەم سەربەنەوە نوورسی پێداگریی دەکرد لەسەر ڕەتکردنەوەی ژیاری ڕۆژئاوا، بە شێوەیەک دژایەتیی هەموو بزووتنەوە ڕۆژئاواییەکانی دەکرد کە ئەوکات تورکیای گرتبۆوە، چونکە پێی وا بوو فەلسەفەی ئەم ژیارە؛ دڵەڕاوکێ و گومان لە ژیاری ئیسلامدا بڵاو دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی بۆ موسوڵمانان دەکرد کە سوود لە پێشکەوتنە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوا وەربگرن و لە بونیادنانی کۆمەڵگەی موسوڵماناندا بەکاری

بهێنن(١١).

نوورسی پێی وا بوو دوورەپەرێزیی ئەورووپا لە ئایین، بۆتە هۆی بەردەوامیی ئاژاوە. ئەوەشی یارمەتیی داوە بۆ زاڵبوون، بریتین لە:

- هێمنی و سەربەخۆیی لە وەرگرتن و دەستلێهەڵگرتنی هەموو شتێک.
- توندی و سەرسەختی.
- گەشەکردنی هزر و زانین و ڕووکردنە پیشەسازی.
- هاوکاری و بەدواداچوون لە ڕێگەی هۆکارە یارمەتیدەرەکانی وەک ئاو و کانزاکان(١٢).

نوورسی وەسفی ئەورووپا دەکات و دەڵێت: «ئەی ئەو ئەورووپایەی وازتان لە ئایینی مەسیحیەت هێناوە و دوور کەوتوونەتەوە و ڕۆچوون لە گێلی و گومرایی، بەم زیرەکییە کوێرەت کە وەک دەجال وایە، بارودۆخێکی دۆزەخییانەت پێشکەش بە ڕۆحی مرۆڤ کردووە و لەدوای درکپێکردن بەم بارودۆخەش کە چارەسەری نییە، مرۆڤ لە شوێنە بڵندەکانەوە هەڵدەداتە شوێنە تاریک و قووڵەکانەوە، بۆ نزمترین پلەی ئاژەڵ و هیچ چارەسەرێکیش بۆ ئەم دەردە کوشندەیە نییە، تەنها بارە سەرنجڕاکێشەکانت نەبێت کە دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی هەست و هۆشبردنێکی کاتی و جوانی و خشڵ و ڕازاوەییەکانت بە هیلاک دەچن لە چارەسەرکردن...(١٣)»

بۆیە باس لە نەتەوەکانی ئاسیا دەکات کە شوێن ئەورووپییەکان کەوتوون و چاویان لێ دەکەن، کە بە «چاولێکەری کوێرانە» ناوی دەبات کە ئەنجامەکەشی سووکایەتی و گاڵتەجاڕییە(١٤).

نوورسی ئەوەی پشتڕاست دەکردەوە کە سەرچاوەی وڵاتە ئەورووپییەکان ڕەگەزپەرستییە، بۆیە ئامانجیان لەیەکترازان و پارچەپارچەکردنی گەلانی موسوڵمانانە، بۆ ئەوەی بەئاسانی دەستیان بەسەردا بگرن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نوورسی چەند داواکارییەکی خستبووە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی:

- خوێندنەوە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی و ئەو دەوڵەتانەی کە حوکمی وڵاتەکانیان کردووە، بۆ شیکردنەوەی مێژوو و هۆکاری ڕووخاندنی ئەم دەوڵەتانە تا ببێتە وانەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو، چونکە کارکردن لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی؛ هیچ واتایەکی نەبوو لای نوورسی جگە لە زەرەرمەندی.
- پشتبەستن بە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان، بەو پێیەی بیرۆکەی ئیسلام لەگەڵ ڕەگەزپەرستیدا ناگونجێت، پاشان وەڵامدانەوەی ئەو بانگەشانەی کە هانی ڕەگەزپەرستیی دەدا.
- خستنەڕووی برایەتی و یەکسانی و یەکگرتن و بروابوون بە خودا لە ئیسلامدا وەک جێگرەوەیەک لەبریی ڕەگەزپەرستی، پاشان گەڕانەوە بۆ ڕاستگۆیی ئیسلام و شەریعەتەکەی.
- دۆزینەوەی ڕاستی و دوورکەوتنەوە لە ڕەگەزپەرستی و ڕەتکردنەوەی هەموو جیاکارییەک لەنێوان ڕەگەز و چینەکاندا(١٥).

ڕەنگە ئەو پێنج ڕێسایەی نوورسی وەک ڕێگای پەیوەندیکردن لەگەڵ ژیاری ڕۆژئاوادا، باشترین دەق بن کە تێڕوانینەکانی نوورسی و هەڵوێستی بەرامبەر بە ژیاری ڕۆژئاوا دەخاتە ڕوو. ئەوانیش بریتین لە:

ڕێسای یەکەم: جیاکاری، لەبریی گشتگیرکردن لە حوکمدان بۆ کەسانی تر و سوودمەندبوون لێیان. نوورسییش بۆچوونی بەرامبەر ڕۆژئاوا بە شێوەکی زانستی دامەزراو بوو، بە پشتبەستن بەو ڕاستییەی کە دوو بەش لە ئەورووپادا هەیە، ئەویش ئەورووپای سوودبەخش و ئەورووپای زیانبەخش. بۆیە چاکی و خراپییەکانی جیا دەکردەوە.

ڕێسای دووەم: گرنگیی جیاکردنەوەی بازنەی مامەڵەکردنەکان لەگەڵ ژیاری ڕۆژئاوا، بە کارکردن بە ڕێسای خۆشویستن و ڕقلێبوونەوە لە ڕێی خودا، لەسەر بناغەی هەموو سیفەتە ئەرێنییەکانی کەسەکان بۆ سوودمەندبوون لێیان بێ ئاوڕدانەوە

لە خاوەنەکانیان.

ڕێسای سێیەم: وەرگرتنی ڕوونی و وازهێنان لە لێڵی. بەو پێیەی شەریعەتی ئیسلام تەنها پێوانەیە بۆ دیاریکردنی باش و خراپییەکان لە ژیار و گەلەکاندا، لەگەڵ هەموو ئەوانەی بەرەنگاری شەریعەت و دابونەریتەکان نابنەوە، بەڵکوو شیاوی ئەوەیە سوودی لێ وەربگیرێت، هەموو ئەوەش کە بەرەنگاری دەبێتەوە؛ ڕەت بکرێتەوە.

ڕێسای چوارەم: جۆراوجۆریی شێوازەکانی گفتوگۆکردن لە ڕێگەی بەریەککەوتنی ژیارەکان، لە ڕێگەی جۆراوجۆریی بۆچوون و شێوازەکانی قسەکردن دەربارەی ژیاری ڕۆژئاوا، بە شێوەیەک کاتێک باس لە بێتاوانیی تاکێکی ڕۆژئاوایی دەکات، پشت بە قەناعەتپێکردن وەک هۆکارێک بۆ گفتوگۆکردن دەبەستێت، کاتێکیش بەرەنگاری چەوتییەکانی ڕۆژئاوا دەبێتەوە، دەکەوێتە بەراوردکردن لەنێوان بناغەکانی ژیار و یاسادانانی ماددی و بناغەکانی یاسای قورئان، کاتێکیش زیانەکانی ژیاری ڕۆژئاوا دەسەلمێنێت لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی، وەک قوتابیی فەلسەفە و قوتابیی قورئان.

ڕێسای پێنجەم: جووڵەی هاوبەشی گشت مرۆڤایەتی لە گفتوگۆکردن لەگەڵ بیرمەندەکانی ژیاری ڕۆژئاوا، بە مەبەستی لێکتێگەیشتن و هاوکاریکردن لەنێوان تاکەکان و گەلەکاندا. گەورەترینی ئەم بەهایانەش بریتییە لە پارێزگاریکردن لە سەرەتاکانی ئیمان و بناغەکانی دادپەروەری و نەگۆڕانی زانست و جوانییەکانی سروشت. بۆیە نوورسی توانیویەتی بەتەواوی درک بە ژیاری ڕۆژئاوا بکات و لەسەر چاکی و خراپییەکانی بوەستێت و لە ڕێگەی هەردوو لایەنەوە، لایەنی ئیمان و زانست و ڕۆح و ڕەوشت و لایەنی ماددی و مرۆڤاییەتییەوە ئەو بناغە گەورانە و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ڕێک بخات(١٦).

## ژیاری ئیسلامی

لە دیدی نوورسیدا خاڵی پشتپێبەستنی ژیاری ئیسلامی بریتییە لە «ڕاستی» لەبریی «هێز» کە دەبێتە هۆی «دادپەروەری و هاوسەنگی»، واتە «باشی» لەبریی «سوود» کە دەبێتە هۆی «خۆشەویستی و ڕاکێشان»، ئەو بەستەرەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە؛ «ئایینی و نیشتمانی و کارە» لەبریی «ڕەگەزپەرستی»، ئەمەش دەبێتە هۆی «برایەتییەکی پوخت و ئاشتی و دووریی وڵات لە دەستدرێژکاری دەرەکی»، دەستووری ژیانیش بریتییە لە «هاوکاری» لەبریی «ململانێ»، هاوکاریکردنیش دەبێتە هۆی «پشتگیریکردن و یەکێتی» و «ڕێنمونی» لەبریی ئارەزوو، بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتدارێک بەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی مرۆڤایەتیی دەکات، ڕێنمونییش دەبێتە هۆی «بەرزکردنەوەی مرۆڤایەتی بەرەو کەماڵی»، بۆیە ڕێنوێنی ئارەزووەکان و ململانێ خۆییەکان سنووردار دەکات و ڕۆحیش دڵنیا دەکات و تامەزرۆی بەرزی دەکات. لەبەر ئەوە نوورسی بە گرنگترین بناغەکانی ئیسلامی دادەنێت و بانگەشەی شەریعەت دەکات و جەختی لەسەر دەکاتەوە. پاشان باسی ژیاری ڕۆژئاوا دەکات کە بناغەی گەشەکردن و بنیادنانە لەسەر فەلسەفەی بێئایینی و بیری بتپەرستی و بەدڕەوشتی. بەڵام ژیاری ئیسلامی کە نوورسی ئاماژەی پێ دەدات وەک جێگرەوەی مەدەنیەتی ڕۆژئاوا، کە بناغەکەی بینا کراوە لەسەر حیکمەتی قورئان و ئەوەی قبووڵیەتی لە ڕاستی وەک خاڵێکی پشتپێبەستن لە ژیانی کۆمەڵایەتی(١٧).

نوورسی بناغەکانی ژیاری ڕۆژئاوا و ئیسلامی بەم شێوەیە دیاری کردووە:




بۆیە نوورسی بەرامبەر ژیاری ڕۆژئاوا لەنێوان ڕەتکردنەوە و قبوولکردنی بێمەرج؛ هەڵوێستێکی ناوەندگیرییانەی گرتووە، بە شێوەیەک توانای ڕەخنەگرتنی بابەتییانەی هەبێت لەسەر بناغە مەدەنییەکانی و بۆچوونی قورئان پێش دەخات بۆ بناغە مەدەنییە ئیسلامییەکان، لەبری بناغە مەدەنییەکانی ژیاری ڕۆژئاوا.

بۆیە ئەم دەستوورە و بناغانەی ئەم مەدەنیەتە سەردەمیانەیە پشتی پێ دەبەستێت، وای لێ کردووە بەدوور بێت لە باشییەکان، وەک لەوەی ٪٢٠ی مرۆڤایەتی دڵخۆشییەکی دەرەکیی پێ دەبەخشێت و ئەوەی کە ماوە فرێی داوەتە ناو بێتاقەتی و دوودڵی و دڵەڕاوکێکانیەوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەموو ژیارێک بۆ مانەوە و گەشەکردنی، پێویستی بە پایەی مەعنەوی و ماددی هەیە. ژیاری ڕۆژئاواش پایە و بزوێنەری لەسەر ماددەگەرایی ڕاوەستاوە و لە ڕێگەی «هێز» و «سوود» و «ڕەگەزپەرستی» و «ململانێ»وە بەردەوامی بە مانەوەی خۆی داوە.

ژیاری ئیسلامییش لای نوورسی لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا و جێبەجێکردنی سوننەتەکان، لە پێناو «بەرزکردنەوەی مرۆڤایەتی بەرەو کەماڵبوون»، پشتی بە «دادپەروەری و هاوسەنگی» و «باشی» و «خۆشەویستی» و «برایەتییەکی پوخت و ئاشتی و دووریی وڵات لە دەستدرێژکاری دەرەکی» و «هاوکاری» و...هتد؛ بەستووە.

## پەراوێزەکان پەراوێزەکان:

١. أشرف عبدالرافع الدرفلي: البعد الأيماني في فلسفة الحضارة عند الأيمام بديع الزمان سعيد النورسي، الطبعة الأولى، القاهرة، دارسوزلر، ٢٠١٥، ص١٢٧ و دواتر.

٢. نفس المصدر، ص١٣٢ و دواتر.

٣. بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی، وتەکان، ل٥٩٧.

٤. عشراتي سليمان: النورسي في رحاب القران و جهاد المعنوي في ثنايا رحلة العمر، الطبعة الثانية، القاهرة، شركة سوزلر، ٢٠١٠، ص٣٦٩.

٥. محمد بكور، مصدرالسابق، ص١٦.

٦. بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی، مەسنەویی نووری، ل٢٧٦.

٧. بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی، مەکتووبات، ل٥٤٤.

٨. بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی، وتەکان، ل٧٠٨.

٩. بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی، بریسکەکان، ل٢٢٨-٢٢٩.

١٠. احسان قاسم صالحي . أديب الدباغ . أجيرأشيوك: سعيد النورسي عملاق الفكر الدينى في العصر الحديث، الطبعة الاولى، القاهرة، دارالنيل، ٢٠١١، ص١٣٤.

١١. د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاق: بزووتنەوەی نوورچی لە تورکیای هاوچەرخدا، و: ئیدریس سیوەیلی، دۆسێی ئیسلام، ژ(٨)، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ئابی ٢٠٠٨، ل٩٠.

١٢. بەدیعووزەمان سەعیدی نوورسی، داوەرییەکان، ل٨٨-٨٩.

١٣. احسان قاسم صالحي . أديب الدباغ . أجيرأشيوك: مصدرالسابق، ص١٣٥-١٣٦.

١٤. بەدیعووزەمان سەعیدی نوورسی، مەکتووبات، ل٥٤١.

١٥. عمادعبدالله الشريفين، مفهوم العنصرية و مرتكزات علاجها في كليات رسائل النور لبديع الزمان سعيد النورسي، جامعة الشارقة،العدد(٢)، شارقة، ديسمبر٢٠١٣، ص١٠٥-١١٤.

١٦. د. يوسف حمداوي: موقف النورسي في الحضارة الغربية دراسة في منهج العلاقة و الأسس الحضارية، الطبعةالأولى، القاهرة، دارسوزلر، ٢٠١٨، ص٤٥-٦٢.

١٧. أشرف عبدالرافع الدرفلي: مصدر السابق، ص٢٧٨.

١٨. يوسف الحمداوي: مصدر السابق، ص٨٤.

## سەرچاوەکان


١. أشرف عبدالرافع الدرفلي: البعد الأيماني في فلسفة الحضارة عند الأيمام بديع الزمان سعيد النورسي، الطبعة الأولى، القاهرة، دارسوزلر، ٢٠١٥، ص١٢٧ و دواتر.

٢. بەدیعوززەمان سەعید نوورسی: سەرجەمی پەیامەکانی نوور وتەکان، فارووق رەسووڵ یەحیا، ب١، چ١، تهران، مهارت، ٢٠٠٤، ل٥٩٧.

٣. عشراتي سليمان (الدكتور): النورسي في رحاب القران و جهاد المعنوي في ثنايا رحلة العمر، الطبعة الثانية، القاهرة، شركة سوزلر، ٢٠١٠، ص٣٦٩.

٤. محمد بكور: تفسير التاريخ عند النورسي، مجلة حراء، العدد (٤٦)، القاهرة، دارالنيل، فبراير ٢٠١٥، ص١٦.

٥. بەدیعوززەمان سەعید نوورسی: سەرجەمی پەیامەکانی نوور مەسنەوی نووری، فارووق رەسووڵ یەحیا، ب٨، چ١، تهران، مهارت، ٢٠١٨، ل٢٧٦.

٦. بەدیعوززەمان سەعید نوورسی: سەرجەمی پەیامەکانی نوور بریسکەکان، فارووق رەسووڵ یەحیا، ب٣، چ١، تهران، مهارت، ٢٠٠٦، ل٢٢٨ و دواتر.

٧. ابراهیم خەلیل ئەلعەلاق (دکتۆر): بزووتنەوەی نوورچی لە تورکیای هاوچەرخدا، ئیدریس سیوەیلی، دۆسێی ئیسلام، ژ(٨)، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ئابی ٢٠٠٨، ل٩٠.

٨. بەدیعوززەمان سەعید نوورسی: سەرجەمی پەیامەکانی نوور داوەرییەکان، فارووق رەسووڵ یەحیا، ب٦، چ١، تهران، مهارت، ٢٠١٢، ل٨٨ و دواتر.

٩. احسان قاسم الصالحي . أديب أبراهم الدباغ . أجيرأشيوك: سعيد النورسي عملاق الفكر الديني في العصر الحديث، الطبعةالأولى، القاهرة، دارالنيل، ٢٠١١، ص١٣٥ و دواتر.

١٠. عمادعبدالله الشريفين: مفهوم العنصرية و مرتكزات علاجها في كليات رسائل النور لبديع الزمان سعيد النورسي، جامعة الشارقة، العدد (٢)، شارقة، شارقة، ديسمبر٢٠١٣، ص١٠٥ و دواتر.

١١. يوسف حمداوي (الدكتور): موقف النورسي في الحضارة الغربية دراسة في منهج العلاقة و الأسس الحضارية، الطبعةالأولى، القاهرة، دارسوزلر، ٢٠١٨، ص٤٥ و دواتر.

تا بەهەڵە لە

# بووژانەوەی هزری ئیسلامی

تێنەگەین

فەرهاد قادر ئۆمەر

وەک دەزانن ئەمڕۆ بابەتی بووژانەوەی هزری ئیسلامی لە ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکاندا، بەتایبەتییش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆتە بابەتی گەرموگوڕی ڕۆژانە و کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ دەگیرێ، لەو نێوەندەشدا کەسانی ناحاڵی هەندێ بەئەنقەست و هەندێکیش بەنەزانی وشەی لە ڕستە هەڵترازاو هەڵدەدەنە نێو باسەکە و بە پێشنیاری سەیروسەمەرە ئیسلام نمایش دەکرێت، وەک ڕێبازێکی ئیستیهلاکی و مۆمیاکراوی مێژوویی دابڕاو لە ژینگە و ژیان کە ئەمەش دەرئەنجامی ڕۆژێک و دووان نییە، بەڵکوو دەمێکە بە هۆی گەلێک هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەوە دووچاری ئەو دۆخە نەخوازراوە بووە کە تەواو دابڕاوە لە کەژاوەی کاروانێک کە نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵێکە لە پێشینە ڕەسەنایەتییەکەی خۆی دەرچووە، لە زەمەنێکدا کە هزری ئیسلامی بە میتۆدێکی عەقڵی زیندوو لەنێو جەرگەی جاهیلیەت و نافامییەتدا لەدایک بووە و بەربەستی کولتووره نەخوازراوەکانی شکاندووە، بە شێوەیەک توانیویەتی وەرچەرخانێکی دەگمەن لە دنیادا بێنێتە دی و تەکانێک بداتە بزاڤی مێژوو...

ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەخوازێ کە ڕۆشنبیرانی موسڵمان بە هەمان گڕوتین تەکان بدەنەوە بەر خۆیان، بە میکانیزمێکی تازە و بە هزر و بیری زیندوو لەژێر ڕۆشنایی میتۆدێکی نوێی شیکردنەوەی دەق و تێزەکانی ئیسلام بە جۆرێک لە جۆرەکان کە لە دەقێک بۆ دەقێکی تر شێواز و پەیوەستی نوێ لە ڕەگەزەکانی لێکۆڵینەوەدا بهێنێتە کایەوە و تروسکاییەک لە ئاسۆ و ڕوانینێکی زانستییانە و شموولییانە بێتە ئاراوە کە بتوانێت ڕابردووی پڕ ڕۆشنایی بکاتە کەرەستەیەک بۆ بنیاتنانی ئایندە. بەمە هەموو ئەو دید و بۆچوون و بیروباوەڕە بێبنەمایانە پووچەڵ بکەنەوە کە دەیانەوێ ئیسلام لە چەند بەندوباو و کۆمەڵە وشەیەکی وشک و بێبایەخ لە دەفر و قاوغێکی ووشکهەڵاتوو دەرببڕێن. لەوەوە دەتوانرێ خوێنەر ئاشنا بکرێتەوە بە واتا و مەدلوولی ڕاستەقینەی ئیسلام، بەدەر لە واتای ڕووکەشانەی دەق. لێرەدا ئەرکی ڕووناکبیرانی موسڵمان سەخت و دژوارتر ئەبێ و پێویستە لە ئاستی سەردەمەکەدا بن. نابێ بە هیچ کلۆجێ لە هەنگاوهەڵێنان و دەستدانان لەسەر زامەکان دوودڵی بنوێنن و ڕووکەشانە و ساویلکانە بیر بکەنەوە بە پاساوی پیرۆزی ئایین، چونکە یەکێک لە پاساوە دیارەکانی لاوازیی هەوڵی زیندووگەری لە هزر و بیری ئیسلامی لەو دەق و تێزانەی کە ڕێی تێدەچێ؛ بکەوێتە بواری خۆنوێکردنەوە، ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی تەندروست بۆ دەقەکانی قورئان نییە، یاخود هۆشیاریی تەواو نییە بە چۆنیەتیی پراکتیزەکردنی دەقەکان، بەڵکوو کەوتووینەتە ژێر کاریگەریی کولتوورێکی ئایینیی تەقلیدییانەی نامۆی ئایدیای ئیسلامی. ئەم تێگەیشتنە ناتەندروستە بە درێژایی مێژوو کاریگەریی نێگەتیڤانەی هەبووە لەسەر ئایندە و داهاتووی پەیڕەوانی ئایینی و مایەی گرفت بووە بۆ هەموو ئەوانەی کە نوێنەرایەتیی ئەو ئایینەیان کردووە لەنێو کۆمەڵگادا.

ئەو تێزەی سەرەوە بەر لەوەی خوێندنەوەیەکی ئایینی بێ، کە دوورە لە هزر و بیری ڕەسەنی ئیسلامی، زیاتر گوزارشت لە ترسێکی مێژوویی دەکات لە پرۆسەی خۆسازدانەوە کە ئایینە ئاسمانییەکانی بەر لە ئیسلام ڕووبەڕووی بوونەوە، سەرئەنجام شکڵ و سیمای ئایینی ئاسمانییانەیان بە سەرەوە نەما. بۆیە لە بابەتێکی ئەوەها گرنگ و پڕبایەخدا کە لە بنەڕەتدا ترس زاڵە نەک چ بنەمایەکی دیکە لە ڕەهەندەکانی ڕۆشنگەری، هەموو ئەمانە و گەلێک پاساوی



تازەگەرایەتی لـــە ئیسلامدا، خوێندنەوەیەکی بەگڕوتینە و ئامانج لە ژێرخانی هزری ئیسلامی دەگرێ لە پێناو وەڵامدانەوەی سەرجەم پرسیارەکانی مرۆڤی هاوچەرخ.

تریش، هەمیشە ڕێگر و ئاستەنگ بوونە لەبەردەم ڕەخساندنی زەمینەسازی و گەشەکردنی هزر و بیری تەندروست بۆ ئایین و خوێندنەوەی کۆدەکانی بەپێی سروشتی ئادەمیزاد لەنێو نەوەی تازەپێگەیشتوودا. هەر بۆیە لەم دیدەوە و بەو تێگەیشتنە سەردەمیانە دەڕوانینە پرۆژە زیندووگەرییەکانی گشت بزاڤە هزری و فکرییەکان لە بنیاتنانەوە و دارشتنەوەی هزر و بیری مرۆڤ لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ. زیندووگەریەتییش بەش بە حاڵی خۆی دەیەوێ بە عەقڵی تازە زیندوویێتی و چالاکی بە بیرکردنەوە و تێڕامان بە تایبەتمەندیەتیی خۆی ببەخشێت، لەوێوە واتا و مەدلوولی خۆی لە ژیانی ئەمڕۆدا دەنوێنێ کە ئاراستەکەی یا ئەوەتە بەرەو داهێنان و نوێبوونەوە هەنگاو هەڵئەگرێ، یاخود بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە کە ئەویش دروستکردنەوەی خودە لەسەر هەمان پاشخان و بە هەمان نەفسی پێشووی تەقلیدئاسا. لێرەدا دەتوانین بڵێین نوێبوونەوەش لەو ئاراستەیەی کە بەهرەوەر دەبێت لە سەرچاوە ڕەسەن و بنەما سەرەکییەکانی ژیان و گەیشتۆتە ئاستێکی وا کە بوونێکی کاریگەرانە لە کایەی هزری بخولقێنێ و بتوانێ هاوبەشیی گوتارێکی شارستانێتیی نوێ بکات، گەلێ جار لە ڕێچەکەی ئاسایی خۆی لا دەدات و بە ئاراستەی هەڵچەرخان و لاربوونەوەی پووچ و بێمایە دەچێ بە ئەندازەیەکی دیار. لەو

پێودانگەوە دەبینین ئێستاکە لە جیهانی ئیسلامیدا دەنگ بەرز دەبێتەوە و بانگەشەی زیندووگەری لە هزری دینی دەکەن. ئەگەرچی دەنگەکان تەبا و کۆکن وەک بنەمایەکی هزری و فکری، بەڵام لە ناوەرۆکدا ڕای جیاواز و هەمەڕەنگ هەیە، کە خودی چەمکی زیندووگەرایی بە قورس دەبینرێ. بۆیە کە دەربارەی زیندووگەری دەدوێین، دەبێ پێشدەستییەک هەبێ لە ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە لە چوارچێوەی گشتیی ئایینی ئیسلام. زیندووگەری لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، کۆپیی قۆناغێک لە قۆناغەکانی ڕابردوو نییە، هەروەها بناغەدانانی هزر و بیرێکی تازەبابەتیش نییە، یاخود بووژانەوە و گیانوەبەرهێنانەوەی هزر و بیر و نەریتێکی کۆنینە، بەڵکوو بریتییە لە پرۆسەیەکی تێکهەڵکێشراوی زیندووی نێو هزر و ئایدۆلۆژیایەکی دامەزراو، لە پێناو پەیبردن بە نهێنییەکانی و گەشەپێدانی بەپێی وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی ڕۆژگار. بەو پێیە دەتوانین بڵێین تازەگەرایەتی لە ئیسلامدا، خوێندنەوەیەکی بەگڕوتینە و ئامانج لە ژێرخانی هزری ئیسلامی دەگرێ لە پێناو وەڵامدانەوەی سەرجەم پرسیارەکانی مرۆڤی هاوچەرخ. بە واتایەکی دیکە: ئامانج لە زیندووگەریی خستنەڕووی پرۆژەنووسراوێکی شارستانیانەی ئیسلامییە کە پرۆسەی گێڕانەوەی سەرجەم پێداویستییەکانی



چەندان ڕەوتی هزری سەری هەڵداوە کە لەسەر ئیسلام دێنە هەژمار و لە ئاست چارەسەری کێشە هزرییەکاندا نین. بۆیە داڕشتنەوەی هزر و بیری ئیسلامی لە چوارچێوەی زمانێکی نوێ زەرووره.

ژیان بگریتەوە، نەک بزاڤێکی لە ژینگە و ژیان دابڕاوی تیۆری پەتی.

لەمەوە دەتوانین بڵێین مەبەست لە زیندووگەری لە هزر و بیری ئیسلامیدا ئەوە نییە کە کۆک و لەبار و سازاو بین لەگەڵ سەرجەم هزر و بیروبۆچوونەکانی دیکە بەبێ بنەما و ڕێسایەک، یاخود داهێنانی دەقی تازەی ئایینی بێت کە ئایین بە پێوەری هاوچەرخ هەڵبسەنگێنین بە پاساوی دوانەکەوتن لە دونیای پێشکەوتووخواز. مەعلومە لای هەمووان کە ئایین پێوەرە نەک پێداویستیی سەردەم، ڕۆڵی ڕووناکبیرانی موسڵمانیش لەم نێوەندەدا پەیبردنە بە شرۆڤەی دروست بۆ دەقەکانی ئایینیی دوور لە دەستاودەستی و قوربانیدان بە ئایین، چونکە قوربانیدان بە ئایین لە پێناو قایلکردنی کەسانێک، یاخود هەوڵدان بۆ گونجاندنی لەگەڵ هەر بیرۆکەیەکی نوێ، یاخود بەکارهێنانی دەقەکانی ئایین بۆ سازان لەگەڵ ژینگە و ژیانی داتەپیو... ئەمە فاتیحا خوێندنە لەسەر ئایین و پشوودانێکی هەمیشەیی نەخوازراویشە نەک زیندووگەری.

ئەوی ڕاستی بێت پێویستە ئێمە دەرک بەو هەقیقەتە بکەین کە لۆژیکی ئەمڕۆ جیاوازە بەراورد لەگەڵ دوێنێ، ئەمڕۆ ئێمە بە قۆناغێکی گواستنەوەی سەخت تێپەڕ دەبین، وەک بەشێک لە جیهاندا وەبەر شەپۆلی ئەو عەولەمەیە کەوتووین کە هەموو دونیای تەنیوەتەوە و کاریگەرییەکەشی زاڵە بەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیان و بۆتە مایەی مشتومڕی نێوان نەوەی نوێ و نەوەی کۆن. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا، چەندان ڕەوتی هزری سەری هەڵداوە کە لەسەر ئیسلام دێنە هەژمار و لە ئاست چارەسەری کێشە هزرییەکاندا نین. بۆیە داڕشتنەوەی هزر و بیری ئیسلامی لە چوارچێوەی زمانێکی نوێ زەرووره، زمانێک کە دەوروبەرەکە لێی تێبگات و بێ هەڵە بە چەمکی بووژانەوەی هزری ئیسلامی ئاشنا بێت لە چوارچێوە و پانتایی دیدی ئیسلامی و گوزارشت لە پرۆژەیەکی هاوچەرخی ئیسلامی بکات، تاوەکوو ڕۆڵەی موسڵمان ناچاری وای لێ نەکات بیروباوەڕی نامۆ بێت لە دامەزراندنی دید و بۆچوونەکانی دەربارەی ژیان و بوونەوەر و گەردوون. لە هەمان کاتدا هاوخواست بێت لەگەڵ ئەو سەردەمەی بەیەکەوەژیان و کارتێکردن و تێکەڵبوونی کولتووری شارستانییەکان کە مرۆڤی موسڵمان بە هیچ کلۆجێ ناتوانی خۆی لێ پەراوێز بگرێ، بەپێچەوانەوە ئەم ڕەوتەی ئەمڕۆ لەئارادایە، بێبەزییانە دەستاڕێاسا موسڵمان دەهاڕێت و هزری ئیسلامی تووشی قەیران دەکات. بەمەش نەیارەکانی ئایین تەواوی ئامانجەکانیان دەپێکن لەوەی موسڵمانان داماو و قەتیس بمێنن لە گۆشەیەکی نائومێدیدا، کە گیانی زیندەگیی تیا بمرێنن.



# ئیلحاد و ئەخلاق

## ئەگەر خواوەند ئەفسانە بێت
## ئەوا هەموو شتێك ڕێپێدراو دەبێت!

نووسینی: ئیسماعیل عەرەفە. وەرگێڕانی: د.مەریوان حمە دەروێش

## «ئەگەر خواوەند بوونی نەبووایە، ئەوا هەموو شتێك ڕێپێدراو دەبوو.»

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

ڕەنگە هیچ گفتوگۆیەک (دیبەیت) دەربارەی بابەتی بێباوەڕی (ئیلحاد) و باوەڕبوون (ئیمان) بە خودا تێنەپەڕیبێت بەبێ تاووتوێکردنی بابەتی ئیلحاد و ئەخلاق و پرسیار دەربارەی ئەوەی ئایا لە تواناادا هەیە کە بنیات لەسەر نەبوونی خوا؛ زەمینەیەکی ئەخلاقی دابمەزرێنرێت یان نا؟ لە گفتوگۆ (دیبەیت) بەناوبانگەکەیدا لەگەڵ بانگخواز حەمزە ئەندریاس تزۆرتزیس پرسیار لە فیزیایی مولحیدی بەناوبانگ لۆرەنس کراوس کرا: «بۆچی زیناکردن لەگەڵ خەڵکانی مەحرەمدا بە هەڵە دانراوە؟» لە وەڵامدا دەڵێت: «بەلای منەوە ڕوون نییە کە هەڵە بێت(١)!» ئەم وەڵامەی بە شێوەیەکی گەورە لەلایەن جەماوەرەوە ڕەت کرایەوە.

زۆرێک لە ئیمانداران –ئەگەر هەمووشیان نەبێت– پێیان وایە کە ئینکاریکردنی بوونی خودا، ئینکاریکردنی بوونی بنەمایەکی بابەتییە بۆ ئەخلاق، ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە مرۆڤ حەوجێ و پێویستیی بە مەرجەعیەتێکی ئەخلاقی هەیە کە ژیانی بۆ ڕێک بخات و ڕاستییە ئەخلاقییەکانی بۆ بچەسپێنێت، تاوەکوو لەسەر ئەم بناغەیە ژیانێکی ڕێک و ڕاست بنیات بنێت، لە بەرامبەردا مولحیدەکان ئەمە ڕەت دەکەنەوە و بوونی خودا بە پێویست نازانن بۆ بنیاتنانی سیستمێکی ئەخلاقی و پێیان وایە کە مرۆڤ لە توانایدایە کە پێوانەکارییەک (میعیاریە–نۆرماتیڤ)ی ئەخلاقی بنیات بنێت کە بناغە بۆ دادگەری و ڕاستێتی و خێر دابرێژێت.

سەرەتا با بزانین ئەخلاق چییە؟ ئایا بەبێ پەنابردنە بەر خودا، بە کردەیی دەکرێت سیستمێکی ئەخلاقی دابمەزرێنرێت؟ ئەو ئەخلاقە کامەیە کە دەکرێت تەنها لەژێر سایەی ئەقڵی مرۆییدا بنەخشێنرێت؟

## ئەخلاقی بابەتییانە چییە؟

کەریمە دوزیی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی «ئەخلاق لەنێوان ئایینە ئاسمانییەکان و فەلسەفەی ڕۆژئاوادا»، وای دەبینێت کە ئەخلاقناسی زانستێکە «لەو شتانە دەکۆڵێتەوە کە پێویستە لە ڕەفتاری مرۆڤدا هەبن، نەک ئەوەی کە هەیە(٢).» ئەخلاق وا جیهان نابینێت بەو حاڵ و شێوەیەی کە هەیەتی، بەڵکوو بەهیوای ئەوەی کە «باشترین» و «تەواوترین» و «چاکترین» بێت؛ لێی دەڕوانێت. کەواتە ئەخلاق بەهای ئەبستراکت (ڕووت – موجەڕەد)ە و مەرج نییە لە زەمینی واقیعدا بەرجەستە بێت. بەتەنیا لەبەر ئەم خاڵەشە کە زانستی ئەزموونکاری شکست دەهێنێت لەوەی کە سیستمێکی ئەخلاقیی بابەتییانە ببەخشێتە مرۆڤ، چونکە زانستی ئەزموونکاری؛ دونیا وا بەدیار دەخات و ڕاڤەی دەکات کە لە واقیعدا هەیە، باس لەودیوی دونیای نامادد‌ی (واتە میتافیزیک) ناکات، هەر بۆیە ئەخلاق پەیوەندیی نییە بە بواری زانستی ئەزموونکاری.

بەڵام ئەو پێودانگ (نۆرم – میعیار)ە چییە کە ئەخلاق لەسەری وەستاوە؟ ئەخلاق لەسەر یەکێک لەم دوو پێودانگە وەستاوە: یەکەم: ڕوانینی خودی (زاتی)ی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک یان کۆمەڵگەیەکە. دووەم: ڕوانینێکی بابەتییە کە بنەمایەکی تۆکمە بۆ ئەخلاق دادەنێت کە لە واقیعی دەرەکیدا و لە دەرەوەی ئەقڵ و تێگەیشتنی ئێمە دێتە دی، هەر بۆیە لە خودی خۆیدا شتێکی ڕاست و دروستە ئەگەر کەسیش بڕوای پێ نەهێنابێت(٣). ئیلحاد –هەر کات بیەوێت– بنەما ئەخلاقییەکانی خۆی لەسەر پێوانەکاریی (نۆرماتیڤ – میعیارییە) خودی نەک بابەتی بنیات دەنێت، بەڵام کێشەی ئەو پێوانەکارییە ئەوەیە کە ڕێژەییە نەک ڕەها (موتڵەق)، واتە سیفەت و حوکمە بەهائامێزەکان بەپێی تێڕوانینە جیاوازەکان دەگۆڕێن، هەروەها

بنەما ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگاکانیش جیاواز دەبن بە هۆی جیاوازیی کولتوور و ئایدیۆلۆجیا و سیاقی مێژوویی. هەر بۆیە بەرئەنجام و کۆتایی هەر مولحیدێک کە بنەما ئەخلاقییەکانی لەسەر پێوانەکاریی خودیی ڕێژەیی دارشتووە، ئەوەیە کە مەرجەعیەتێکی کۆتایی چەسپاو و ڕەهای نییە کە لە کاتی جیاوازبوونی ڕا و بۆچوونە بەهائامێز و ئەخلاقییەکاندا بۆی بگەڕێتەوە. توێژەر «عەلی عەبدولڕەحیم»یش وای دەبینێت کە چەمکی ڕێژەییبوون لەلای مولحید «لە ڕووی مەنتیقییەوە وا دادەنرێت کە پێکەوەگرێدراو و توندوتۆڵە و هیچ بوار و ڕێیەک نییە بۆ ڕەتکردنەوەی(٤)»، ئەمەش بە واتای ئەوە دێ کە مولحید هیچ بنەمایەکی ڕەسەنی نییە کە ئەخلاقی لەسەر بنیات بنێت.

## ناپێوانەکاری و ئیلحاد

هەر لەم چوارچێوەیەدا فەیلەسووفی بوونگەرا (وجوودی)ی مولحید؛ جان پۆڵ سارتەر دان دەنێت بەم کێشەیەدا و دەڵێت: «کەسی بوونگەرا (وجوودی) تووشی دژواریی (ئیحراجی)ەکی گەورە دەبێت ئەگەر خواوەند بوونی نەبێت، چونکە لە نەبوونی ئەودا هیچ توانایەک نابێت بۆ دۆزینەوەی بەهاکان لە دونیای ڕووناکدا(٥).» لەبەر ئەمەشە دەبینین کە مولحیدی بەناوبانگ ڕیچارد دۆکینز لەگەڵ بێباوەڕییەکەیدا ڕێک و ڕاستە و پابەندیشە بە مەبەست و ئامانجەکانیەوە و بەڕەهایی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە هەر سیفەتێکی بەهادار بخرێتە پاڵ بوونەوەر، دانیش دەنێت بە کێشەی ڕێژەییبوونی ئەخلاقدا و دەڵێت: «لەم جیهانەدا نە شەڕ هەیە و نە خێر، ئەوەی هەیە؛ تەنها گوێپێنەدانێکی کوێرانەی بێبەزەییە(٦)».

بەڵام توێژەری ئەمەریکی؛ دیڤد بێرلینسکی کە ئەگنۆستییە (نازانم - لائەدری: کە ڕێبازێکی فەلسەفییە و شوێنکەوتووانی پێیان وایە کە بابەتە ئایینی و غەیبییەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە بوونی خودا، ناڕوونن و ناکرێت بزانرێن و مەعریفە دەربارەیان هەبێت، هەر بۆیە بەو جۆرە کەسانە دەوترێت: نازانم، لائەدری، ئەگنۆستییەکان و ئەمانە نە بڕوایان بە خودا هەیە و نە ئینکاریی بوونیشی دەکەن)، بەم شێوەیە وتەکەی دۆستۆیڤسکی کە دەڵێت: «ئەگەر خواوەند بوونی نەبووایە، ئەوا هەموو شتێک ڕێپێدراو دەبوو»، ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەگەر ئەرکە ئەخلاقییەکان بە ئیرادەی خوا بڕیاریان لێ نەدرابێت و لە هەمان کاتیشدا ڕەها نەبن، ئەوا بەسادەیی (ئەوەی پێویستە ببێت) بریتی دەبن لەوەی کە پیاوان و ژنان بڕیاریان لێ داون، چونکە ئیتر هیچ سەرچاوەیەکی تر بۆ حوکمدان بوونی نابێت. ئایا ئەمەش ڕێگایەکی تر نییە بۆ وتنەوەی هەمان ئەو وتەیەی کە دەڵێت مادام خودا بوونی نییە، ئەوا هەموو شتێک ڕێپێدراو دەبێت(٧)؟»

توێژەر سامی عامری تەرکیز دەخاتە سەر ناپێوانەکاریی لۆجیکی ئیلحاد و ئەو بەڵگە هێنانەوەیەی مولحیدەکانیش هەڵدەوەشێنێتەوە کە گوایا بوونی شەڕ و خراپەکاری لە دونیادا بەڵگەیە لەسەر ستەم -یان نەبوون-ی خودا، ئەم توێژەرە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شەڕ و خراپە لە خودی خۆیدا بوونی نییە، بەڵکوو وەسفکردنی شتێکە کە پێویستە هەبێت، یانی حوکمدانێکی بەهائامێزە بۆ بوون، واتە هەروەک ئیبونولقەیم ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: «بوونی شەڕ و خراپە لەناو کاروبارەکانی بوونەوەردا؛ خرانەپاڵ و خستنەسەرە، نەک ئەو کاروبارانە لە خودی خۆیاندا شەڕ و خراپ بن(٨)». پاشان ئەوە ڕاست نییە کە تێگەیشتنێکی ڕێژەیی گوماناویی ملکەچ بۆ ڕاوبۆچوون بکرێتە بەڵگە و بخرێتە پێش تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی ڕەهای لەسەر دڵنیایی (یەقین) وەستاو. ڕێسایەک هەیە دەڵێت: ئەوەی بە ئەگەر بۆی دەچیت، بە بەڵگەهێنانەوە پووچ و بەتاڵ دەبێتەوە(٩). «سامی

عامری»ی توێژەر بە چەند وشەیەکی ساکار کۆتایی بە ڕەخنەکەی دێنێت و دەڵێت: «کاتێک کە شەڕ و خراپە دەبێتە جێگای جیاوازی لە زەوق و سەلیقەدا، ئەوا دەبێتە تەنها ڕایەک، نەک ببێتە ڕاستییەک کە بەربەرەکانێی بوونی خودای پێ بکرێت(١٠)».

## هەوڵەکانی ڕزگارکردن... ئیلحاد چی بیانوویەکی هەیە بۆ بوونی ئەخلاق؟

فەیلەسووفی ئەمەریکیی ئەگنۆستی (لائەدری، نازانم)؛ تۆماس نەیجڵ لە کتێبەکەیدا (ئەقڵ و گەردوون: بۆچی تێڕوانینی ماددیی داروینیزمی نوێ بۆ سروشت نزیکە لەوەی تەواو ناڕاست بێ) وای دەبینێ کە سێ ڕەگەز هەن جیهانبینیی ماددی دەستەوسانە لەوەی ڕاڤەیان بکات، ئەوانیش: ئاگایی (وەعی) و پەیبردن (دەرکپێکردن، إدراک) و بەها ئەخلاقییەکان. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم (واتە تۆماس نەیجڵ) ئیماندار نییە، هەر بۆیە دان نانێت بە بوونی پێکهاتەی سەرووسروشتی (ناماددیی، میتافیزیکی) لەم دونیایەماندا، بەڵکوو لە تێڕوانینێکی ماددیی نوێوە هەوڵ دەدات باس لەمە بکات، تاوەکوو بتوانێت بیانووی بابەتی پێشکەش بکات و لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینە ماددییەدا هەنجەت بۆ کاری ئەخلاقیی مرۆیی بهێنێتەوە(١١).

لە هەر حاڵێک بێت، مولحیدەکان لە هیچ کاتێکدا دەستەوسان نەبوون لەبەرامبەر ئەو ڕەخنانەی ئیماندارەکان لێیان دەگرن، بەڵکوو چەندین بناغەدۆزی (تأصیل) بۆ مەرجەعیەتی ئەخلاق دادەهێنن و لە چوارچێوەیەکیشدا دایاندەنێن کە پێویستیان بە بەدیهێنەری گەردوون نەبێت. دکتۆر عەبدوڵڵا شەهری وای دەبینێت کە بوێرانەترینی ئەو هەوڵانە و لە هەموویان برەوپێدراوتر(١٢)، هەوڵەکەی مولحیدی بەناوبانگ «سام هاریس»ە لە کتێبەکەیدا بە ناوی «دیمەنی ئەخلاقی: زانست چۆن دەتوانێت بەها مرۆییەکان دیاری بکات؟»، لەم هەوڵەیدا دەیەوێت وای پیشان بدات کە هەر شتێک خۆشگوزەرانی و دڵخۆشی بۆ مرۆڤایەتی بێنێتە دی، ئەوە ئەخلاقییە(١٣). لە دەستپێشخەرییەکی گرنگیشدا «کوامی»ی فەیلەسووف تێڕوانینی هاریس بۆ ئەخلاق لەم دێڕەدا کۆ دەکاتەوە و دەڵێت: «لە ڕاستیدا ئەوەی هاریس لە کۆتاییدا پێی گەیشتووە، زۆر لە مەزهەبی سوودگەرایی (نەفعی، پراگماتی) دەچێت، کە هەڵوێستێکی فەلسەفییە و دوو سەدە دەبێت سەری هەڵداوە(١٤).»

بەڵام بۆچوونە لاستیکییەکانی وەک دڵخۆشی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەوە ناشێن بکرێنە مەرجەعیەتێکی ڕەها کە خودێتیی مرۆیی تێبپەڕێنێت، چونکە هەر پسپۆڕێک و هەر مرۆڤێک ڕاوبۆچوونی خۆی هەیە، ئەوەی کەسێک بە دڵخۆشی دەیبینێت، لای کەسێکی تر دڵتەنگییە، ئەمەش جارێکی تر بە مانای ڕێژەییبوونی ئەخلاق دێت، تەنانەت خودی سام هاریس هەندێک جار کوشتن وەک کارێکی ئەخلاقی دەبینێت، ئەو وای دادەنێت کە «هەندێک لە بیروباوەڕەکان زۆر ترسناکن، تا ئەو ئاستەی کە دەکرێت کوشتنی خەڵکانێک کە هەمان ئەو بیروباوەڕەیان هەیە؛ کارێکی ئەخلاقی بێت(١٥)». ئەو بیروباوەڕانە کامانەن؟ بۆچی لەچاو بیروباوەڕەکانی تردا کەم و بێنرخن؟ بۆچی ڕۆحکێشان (کوشتن)ی باوەڕدارانی خۆی؛ ڕاستە و کوشتنی خەڵکی تر هەڵەیە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، هەر بۆیە ناگونجێت بکرێنە ڕێسایەکی ئەخلاقیی ڕەها، لەبەر ئەمەشە فیزیایی بەناوبانگی مولحید «ستیڤن وەینبێرگ» پێی وایە کە تیۆرە ئەخلاقییەکەی هاریس تەواو بێنرخە و دەشڵێت من وای دەبینم کە: «چەمکی خۆشگوزەرانیی مرۆڤ و بەکارهێنانیشی لەلایەن هاریسەوە، تەواو هیچ و بێمانان(١٦)».

بەڵام فەیلەسووفی ئەمەریکیی مولحید؛ جەیمس ڕاچێلز لە کتێبەکەیدا (لە ئاژەڵەکان دروست کراون: شوێنەوارە ئەخلاقییەکانی داروینزم) ئەوە ڕوون

دەکاتەوە کە خواستی روانینی داروینزم بریتییە لە وەلانان و دوورخستنەوەی ئەو بۆچوونە تەقلیدییەی ئینسان کە پێی وایە خۆی (واتە ئینسان) گرنگ و سەنتەرە لە گەردووندا، پاشان دان بەوەدا دەنێت کە «ئەگەر هاتوو هەردوو بیرۆکەی کەرامەتی مرۆیی و تایبەتبوونی مرۆڤ لە دروستبووندا وەلا بنرێت، ئەوا ئەوکات پرسیار لە بارەی ئەوەی کە بەدیلی ئەم ڕوانینە ئەخلاقییە چییە، پرسیارێکی قورس دەبێت(١٧)». پاشان ئەم فەیلەسووفە بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو بەدیلە دەخاتە ڕوو و ناوی ناوە «خودیبوون (زاتیبوون)ی ئەخلاق» و لە بەشێکی تەواوی کتێبەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە. بەڵام –سەرەڕای هەموو ئەمانە- بۆچوونەکەی خۆی وا خستووەتە ڕوو کە تەنها «بیردۆزە» و «ڕوانین»ێکە(١٨). واتە ئەم ئەخلاقە لەناو بازنەی خودیبووندا دەخولێتەوە، بەبێ ئەوەی هەندێک پێودانگی بابەتی هەبن کە پشتیان پێ ببەسترێت وەک چوارچێوەیەکی ئەخلاقی بۆ «هەموو گوفتار و ڕەفتارێک» کە پێویستە بە شێوەیەکی ڕەها هەبن، بەمەش دیسان دەگەڕێینەوە بۆ هەمان کێشەی یەکەم کە ڕێژەییبوونی ئەخلاقە.

## ئەخلاقی مولحیدەکان چییە؟

شتێکی ڕوونە کە لای مولحیدەکان دەستوورێکی ئەخلاقیی جێگیر یاخود مەرجەعیەتێکی بەهائامێزی ڕەها بوونی نییە، پاشان پابەندبوون بە بنەما و پێداویستییەکانی ئیلحاد وا لە مولحید دەکات کە لەناو ڕێژەییەکی بێکۆتای بەهاکاندا بگلێت و بتلێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە مولحیدەکان بڕوا بە هەندێک کاری ئەخلاقی بێنن کە زۆر شۆکهێنەرە، وەک لێدوانەکەی لۆرەنس کراوس سەبارەت بە زیناکردن لەگەڵ خەڵکانی مەحرەمدا کە لە گفتوگۆکەیدا لەگەڵ حەمزە ئەندریاس تزۆرتزیس وتی: «بەلای منەوە ڕوون نییە کە هەڵە بێت!»

بەڵام ڕیچارد دۆکینز لە چریکە (تویت)یەکدا لە تۆڕی تویتەردا ڕایگەیاندووە کە مندالّلەباربردن کارێکی ئەخلاقی و ڕێگەپێدراو (مەشروع)ە ئەگەر ئازاری لەگەڵدا نەبێت، بیانووەکەشی بۆ ئەم وتەیەی ئەوەیە کە دەڵێت: «مرۆڤبوونی کۆرپە لە سکی دایکیدا، لە بەرازێکی پێگەیشتوو کەمترە(١٩)». بە هۆی ئەم لێدوانەیەوە دۆکینز ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توند بووەوە و هەوڵی دا لە چەند چریکە (تویت)یەکی دواتردا مەبەستەکەی ڕوون بکاتەوە، بەڵام چریکە (تویت)کانی بە لێڵی و ناڕوونی مانەوە.

لە هەمان چوارچێوەدا، مولحیدی ئوسترالی و مامۆستای فەلسەفەی ئەخلاق؛ پیتەر سینگەر وای دەبینێت کە سێکسکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵان و چوارپێیەکاندا کارێکی سروشتی و قەبووڵکراوە ئەگەر هیچ جۆرە ئازارێک بە ئاژەڵەکە نەگەیەنێت، ئەویش لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕەی لەنێوان ئاژەڵەکان و مرۆڤدا هەیە، بەلای ئەو سینگەرەوە: «بە هیچ شێوەیەک هەڵە لەمەدا نییە، بەڵکوو کارێکی سوپاسکراویشە کاتێک دەبێتە مایەی چێژوەرگرتنی هەردوو لا، واتە ئاژەڵ و مرۆڤ(٢٠)». ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە هەموو مولحیدەکان نائەخلاقین؟ بێگومان نەخێر، فرانک تورێک دەڵێت: «من ناڵێم مولحیدەکان نازانن، بەڵکوو دەڵێم ئەوان ناتوانن بیانوو (تبریر) بۆ ئەخلاق بهێننەوە. بەڵێ، ئەوان دەتوانن بەڕەوشتەوە ڕەفتار بکەن و دەشتوانن حوکم لەسەر هەندێک کردەوە بدەن بەوەی ئەخلاقییە یان نائەخلاقییە، بەڵام ناتوانن ڕێسایەکی بابەتییانە بۆ حوکمە ئەخلاقییەکانیان دەستەبەر بکەن. جا هەر کام لەم کارانە بێت: هۆلۆکۆست، لاقەکردن (دەستدرێژیکردن)، سەربڕینی منداڵان، یان خواردنی گۆشتی مناڵان، ئەوە مولحیدەکان پێوەرێکی بابەتییان لا نییە بۆ حوکمدان لەسەر هەریەک لەو کارانە(٢١)». عەلی عیززەت بیگۆڤیجیش دانی بەمەدا ناوە و دەڵێت: «مولحیدگەلێک هەن ئەخلاقیان هەبێت، بەڵام ئیلحادی خاوەن ئەخلاق بەدی ناکرێت(٢٢)».

## سەرچاوەکان:


1. *Atheist Lawrence Krauss on Incest.*
٢. كريمة دوز، الأخلاق بين الأديان السماوية والفلسفة الغربية، ص٤١.
٣. هشام_عزمي، الإلحاد للمبتدئين: دليلك المختصر في الحوار بين الإيمان_والإلحاد، ص ١٧٢.
٤. علي عبدالرحيم، أصحاب الحق: دراسة في نقد التنظيمات الإسلامية، ص٩٦.
5. *Jean-Paul Sartre: Basic writings, (New York: Rutledge, 2001), P.32.*
6. *Richard Dawkins, River Out of Eden: A Darwinian View of Life, P.133.*
7. *David Berlinski: The Devil's Delusion: Atheism and It's Scientific Pretensions, P. 19, 40.*
٨. ابن القيم، شفاء العليل في مسائل القضاء والقدر والحكمة والتعليل، ص٣٦٥.
٩. سعود_العريفي، منهج الاستدلال بالمكتشفات العلمية على النبوة والربوبية، ج١٩.
١٠. سامي عامري، مشكلة الشر ووجود الله، ص٦٤.
١١. Thomas Nagel, Mind and Cosmos.
١٢. عبدالله الشهري، ثلاث رسائل في الإلحاد والعلم والإيمان، ص٢٣٨.
13. *Science can answer moral questions by Sam Harris.*
14. *The Moral Landscape – By Sam Harris.*
15. *Sam Harris, The End of Faith, pp. 52-53.*
16. *Moving Naturalism Forward: Day 2, Morning, 1st Session.*
17. *James_Rachels, Created From Animals: The Moral Implications of Darwinism, P.173.*
18. *Ibid.*
19. *Richard Dawkins tweets on abortion.*
٢٠. الالحاد وجماع الحيوانات – الملحد بيتر سينغر.
21. *Frank_ Turek, Stealing _ From God: Why Atheists Need God to Make Their _Case.*
٢٢. علي عزت بيجوفيتش، الإسلام بين الشرق والغرب، ص١٧٥.



# کاریگەریی حەزی بەکاربردن

## لە پێکهاتنی کۆمەڵگای نوێدا

نووسینی: شەریف موراد . و: د. ئیسماعیل سەیید ئیبراهیم

ڕیگمۆنت باومان؛ کۆمەڵناسی دیاری پۆڵەندی، لە میانەی شیکردنەوەی زیادبوونی حەزی بەکاربردن لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی سەردەم لەم چەند دەیەی دواییدا، دەڵێ: ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەموو مرۆڤێک بە سروشتی خۆی بەکاربەرە، هەر لە دێرزەمانەوە ئەم حەزی بەکاربردنەی هەبووە، بە مەبەستی تێرکردنی پێویستی و ئارەزووەکانی. بۆیە گرنگیدانمان بە بەکاربردن شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو کردەی بەکاربردن و تێرکردن؛ سیمای سروشتیی مرۆڤە و زۆر پێش سەرهەڵدانی ئابووریی سەرمایەداری و پیشەسازیی نوێ و بازاڕە زەبەلاحەکان هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، دیاردەیەکی نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەم سەردەمەدا کە پێشتر وێنەی نەبووە لە بەکاربردنی کاڵاکان لای مرۆڤ، ئەویش دیاردەی کۆمەڵگای بەکاربەرانە، یان بە دەربڕینێکی تر: کۆمەڵگای بازاڕکردن.

## کۆمەڵگای بازاڕکردن

ئەوە شتێکی نوێ نییە لەم دیاردەیەدا کە قەبارەی بەکاربرردنی کاڵا گەورە بووە، چونکە ئەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان چالاکییەکە تاک ئەنجامی دەدات بەپێی پێویستییەکانی، ئەگەرچی لە کۆمەڵگاشدا بیکات، بەڵکوو ئەوەی نوێیە لە کۆمەڵگای بازاڕدا –دیاردەیەکە لەم سی ساڵەی دواییدا بەدی دەکرێت– ئەوەیە بەکاربردنی کاڵا وەک پێوەرێک سەیر دەکرێت بۆ خۆشگوزەرانی یان دەکرێتە پێوەری بەرەو خۆش گوزەرانی چوون.

کۆمەڵگای بازاڕکردن بە بۆچوونی فەیلەسووفی فەرەنسیی «ئاڵتۆسێر»: "کۆمەڵگایەکە تاکەکانی ناچار دەکات»، ڕایاندەهێنێت لەسەر بەکاربردن لە سەرەتا تا کۆتایی، هەروەها کۆمەڵگایەکە لە ڕوانگەی توانای بەکاربردن و کڕینەوە یان هەڵسوکەوت و شێوازی بەکاربردنیانەوە حوکم بەسەر تاکەکانیدا دەدات.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەم کولتووری بەکاربردنە بەستراوەتەوە بە بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی و ئابووریی کۆنەوە، بەڵام بەرگێکی نوێی لەبەر کراوە و ناو نراوە «لیبرالیزمی نوێ»، ئەمەش ئایدۆلۆجیایەکە لەسەر بنەمای تایبەتکردنی هەموو پرۆژەکانی دەوڵەت دامەزراوە، هەروەها کردنەوەی بانکە لۆکاڵییەکان بە ڕووی زاڵبوونی بێگانەدا و یەکسانیی تەواو لەنێوان کۆمپانیان ناوخۆیی و بیانییەکاندا، هەروەها ئازادیی گواستنەوەی قازانج و سەرمایە بۆ دەرەوە و لابردنی هەموو ئاستەنگەکانی بەردەم بازرگانیی ئازاد، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا لیبرالیەتی نوێ مۆرکێکی ئابووریی کردەیی پێوەیە، بەڵام ئەو پاڵنەرێکی بەهێزە لەپشت پەرەپێدانی ئەم کولتووری بەکاربردنە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کۆمەڵگاکان لە زۆرێک لە وڵاتاندا لەسەر شێوەی کۆمەڵگای بازاڕ، یان کۆمەڵگای بازاڕکردن.

ئەوەی جێگای سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە زۆرێک لە شیکردنەوە سیاسی و ئابوورییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بەتایبەتی لەم دواییەدا کە هەوڵێکی جیهانیی بەتین هەیە بۆ ئەوەی زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفەرقیا و وڵاتانی کەنداو بکرێنە «تەویلە و کۆزی لیبرالیزمی نوێ»، مێژووی ئەم شیکردنەوانەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش بەهاری عەرەبی، بەڵام دوای پاشەکشەی شۆڕشەکان و پەککەوتنی جووڵانەوەکان و پاشەکشەی فشاری جەماوەری دژی دەسەڵات، ئەم تێڕوانین و شیکردنەوانە ئاماژە دەکەن بۆ سەرلەنوێ زیاتربوونی هەوڵی دامەزراوە ئابووری و سیاسییە نێودەوڵەتییەکان بەم ئاڕاستەیەدا.

لێرەدا پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە: دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمپانیا گەورەکان و ئاڕاستە سیاسییەکان کە پەیڕەوی لیبرلیزمی نوێ دەکەن، چۆن هەژموونی خۆیان بنیات دەنێن و زاڵی دەکەن بەسەر پانتاییەکی فراواندا لە جیهانی ئەمڕۆدا؟ هەروەها هۆکاری بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی خێرایان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

## ليبراليزمى نوێ: دەسەڵاتێکى بێناو

زۆرێک لە بیرمەندان و ڕەخنەگرانی ئایدۆلۆجیا بەتایبەتی پێیان وایە کە هەر ڕێبازێکی بیرکردنەوە بۆ ئەوەی پەرە بستێنێت لە واقیعدا، دەبێت تۆرێکی تێر و تەواو لە چەمک و مانا بنیات بنێت، بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستێت بۆ بەڵگەی بوون و پێویستێتیی خۆی، ئەم بەڵگەیەش دەبێت سەرچاوە بگرێت لەو پاڵنەر و بەها ڕەسەنەکانی مرۆڤبوونمان و ڕەنگدانەوەی حەزە تاکەکەسی و کۆمەڵییەکانمان بێت. کاتێک پاساو و بەڵگەی بوون سەرنجڕاکێش دەبن و لەسەر بنەمای بەهێز دادەمەزرێن لە ڕووی مێژوویی و جیهانییەوە، ئەوا پێ بە پێ ڕەگ دادەکوتن لەناو فیترەت و ڕاوبۆچوونماندا بە شێوەیەک کە وا دەردەکەون کە چەمک و واتای بەڵگەنەویستن و ناکەونە ژێر ڕەخنە و لێپرسینەوەوە.

نووسەری بەریتانی «جۆرج مۆنبیوت» نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەهێنێتەوە و دەڵێت: وای دابنێ کە خەڵکی لە یەکێتیی سۆڤیەت هەر هیچیان نەبیستووە لە بارەی شیوعیەت و پلاندانانی مەرکەزییەوە، بۆچی؟ چونکە ئەوە ڕێبازی ژیانیان بووە هەر لە سەرەتاوە، کاتێک هاتوونەتە ژیانەوە ئەم ڕێبازە لە ژیاندا پەیڕەو کراوە و ئەوانیش وایان زانیوە کە ئەوە سروشتی ژیانە. کاتێک چەمکە ئایدۆلۆجییەکان باڵ دەکێشن بەسەر ژیانماندا، سەرچاوەکەیان نادیارە بەنیسبەت زۆرینەی خەڵکەوە، وە کاتێک لە قسەوباسدا باسیان دەکەیت، زۆر ئاسایی وەردەگیرێن.

لێرەوە بیرمەند و مێژوونووسی ئابووری «دیڤید هارڤی»، ئاماژە بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیە دەکات کە دامەزرێنەرانی بیری لیبراڵیی نوێ بەدەستیان هێنا لە بیناکردنی چەمک و تێزە ئایدۆلۆجییەکانیان لەسەر زاڵترین و گرنگترین بەها و پاڵنەرە ئینسانییەکان، وەک بەهای ئازادی و کەرامەت و حەزی موڵکداری و جیاوازبوون، هەڵبژاردنەکەیان ڕاست و دانایانە بوو تا ڕادەیەکی زۆر، چونکە ئەم بەها و پاڵنەرانە بەریان پێ ناگیرێت و توانای کێشکردن و قەناعەتپێکردن و جووڵەی سیاسییان هەیە.

پێ بە پێ و لە کاتێکی پێوانەییدا نیولیبراڵیزم لە واقیعیدا گەشەی سەند، بە شێوەیەک وامان لێ هات کە بەئاستەم واب زانین بیرێکی سیاسییە، بەڵکوو وا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە شتێکی بەڵگەنەویستە و هیچ ڕەخنەیەک ئاراستەی باکگراوندە مەعریفییەکەی ناکرێت، جا لەبەر نەزانین بێت یان بەهێزی و خێرایی بڵاوبوونەوەی بێت لە هەمان کاتدا.

بێگومان نیولیبراڵیزم ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە تا ئێستا لە خوڵقاندنی قەیرانی ئابووریی جۆراوجۆردا لە جیهاندا، وەک: قەیرانی دارایی ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨، گواستنەوەی سامان و دەسەڵات بۆ دەرەوەی بازنەی سیاسی دیموکراسی لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا، هەرەسهێنانی لەسەرخۆی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و فێرکردن، بڵاوبوونەوەی بێکاری، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێلانەبوونی منداڵان، پەتای دابڕان لە کۆمەڵگا، هەرەسهێنانی سیستمە ژینگەییەکان و لە کۆتایی هەموویاندا دەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ.

بەڵام ئێمە وا سەیری ئەم دیاردانە دەکەین کە قەیرانگەلێکن بە جیاجیا و دابڕاو لە یەکتری سەر هەڵدەدەن، بێ ئەوەی هەست بەوە بکەین کە هەموویان پاڵنراون یان بەرهەمی هەمان ئەو فەلسەفە تۆکمە و بەیەکالکاوەن کە پێشتر ناوێکی هەبوو، بەڵام ئێستا خۆی حەشار داوە و مومارەسەی دەسەڵات دەکات، ئێستا هیچ هێزێک نییە بەهێزتر بێت لەو، دەسەڵاتی بێ ناو و ناونیشان خۆی دەنوێنێت.

## سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی خەیاڵ

**یان ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم دەسەڵاتە نوێیە چییە؟**

کولتووری نیولیبرالیزم لەسەر گریمانەیەکی سەرەتایی دادەمەزرێت، ئەویش ئەوەیە کێبەرکێکردن (المنافسە) تاکە سیمایە کە پەیوەندیی مرۆڤایەتی دیاری دەکات، ئەمەش لە میانەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی هاوڵاتی کە کۆمەڵێک بەکاربەرن و هیچی تر، وەکو سیمایەکی سەرەکیی کۆمەڵگای بازاڕکردن، کە لای نیولیبرالیستەکان هاوڵاتیان بەئازادانە دەتوانن بژاردەکانیان لە کڕین و فرۆشتندا بەرجەستە بکەن نەک بەوەی دەنگ بدەن بە کاندیدێک یان بەرنامەیەکی سیاسی بەو شێوە تەقلیدییەی کە باوە لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا، ئەمەش دەبێتە پرۆسەیەک کە تێیدا زۆرزانەکان دەبنە خاوەن دەستپێشخەری و داهێنەر و ئەوانی تر دەبنە بێتوانا و کەسی ناشایستە.

بۆیە نیولیبرالیزم جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بازاڕ» نەک «دەوڵەت» ئەو مەیدانەیە کە هەموو چالاکی و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان لەخۆی دەگرێت و چارەسەری هەموو گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەکات.

لیبرالیزمی نوێ بە شێوەیەکی گشتی هەوڵ دەدات بۆ زیادکردنی ڕۆڵی بازاڕی ئازاد لە ڕێکخستنی ژیانی ئابووریدا و کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە چاودێریی هاوڵاتیان و بنیاتنانی تۆڕی هاوکاریدا، بە شێوەیەک بەرنامەی حکومەت دەبەستێتەوە بە گەندەڵی و وێنای فەرمانبەری حکومەت بەوە دەکات کە تەمبەڵ و بێتوانا و ناچالاکن، لە بەرامبەردا هەوڵ دەدات کەرتی تایبەت و قازانج کۆکردنەوە بەرز بنرخێنێت، پەرە بە پشتبەستن بە خود و کولتووری تاکەکەسی دەدات، ئەوە لای تاکەکان جوان دەکات کە بەدوای قازانج و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانەوە بن بەبێ گوێدانە هیچ بەندوبارێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، بەڵکوو تەنها ڕازیبوونی بەکاربەر و موشتەری بەلایەوە گرنگ بێت، ئەمەش هەمووی بە پێوەری ئازادیی کەسەکان دادەنێت.

ئەم خەیاڵە کۆمەڵایەتییەی کە نیولیبرالیزم هێناویەتی، لە هەموو جیهاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کردووە بە جیاوازیی سیاسەت و گوتاری سیاسیی دەوڵەتان لەسەر ئاستی نیشتمانیی وڵاتەکانیان، بۆیە وەکوو ئەنجامێکی هەژموونی نیولیبرالیزمی جیهانی وا دەردەکەوێت گوتار و نموونەی «دامەزراوەیی بازاڕ» دزەی کردووەتە ناو هەموو بوارەکانی تری ژیانی هاوچەرخ، ڕاگەیاندن و کولتووری گشتی ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە دەبێت ئێمە هەریەکەمان ڕۆحی پێشەنگبوون و خاوەنداریمان هەبێت و هەموو کاتێک ئامادە بین بۆ قۆستنەوەی هەل و خۆڕاهێنان لەگەڵ باری نوێدا، وە هەوڵدان تەنها بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆت کارێکی ئاساییە و دەوڵەمەندی و سامانی زۆریش تەنها بۆ کەسە داهێنەر و خاوەن بیرۆکە سەرکەوتووەکانە.

ئەم جۆرە لە خەیاڵی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەیە وای کردووە کە ئایدۆلۆجیای نیولیبراڵی لەناو سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵناسیدا بچەسپێت و ببێتە نموونەی چاولێکەری، تەنانەت لای ئەو کەس و لایەنانەش کە نیولیبراڵی زەرەری لێ داون.



# ئایینپەروەری

## دیاردەی مرۆیی لەمێژینە

ئیمداد تەها

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا یەکێک لەو بابەتانەی زۆرترین قسەوباسی لێوە کراوە، بابەتی ئایین بووە.

وشەی دین: لە زمانی عەرەبیدا بە واتای ملکەچبوون و گوێڕایەڵیکردن بۆ شتێک دێت. هەروەها هاتووە بە واتای ئەوەی ڕێباز و بەرنامەیەک بگریت و بە هۆیەوە خواپەرستی بکەیت(١).

کەواتە ئایین: ئامرازێکە، بەندەکان بە هۆیەوە بەندایەتی بۆ خودای خۆیان دەکەن. دینداری، بەرجەستەکردن و پیادەکردنی فەرمان و داخوازییەکی خودایە، بەپێی تێگەشتن لێیان و ڕەخساویی بواری جێبەجێکردنیان.

دین، دانراوی خودای گەورەیە و دینداری، تێکۆشان و هەوڵی بەندەکانە. بۆیە دینداری لەسەر ئاستی تاکەکان، بە شێوازی جیا جیا ڕەنگ دەداتەوە(٢).

شارەزایان باس لەوە دەکەن کە وا مرۆڤ بەو شێوەیە دروست کراوە، کە وا لە ناخ و ویژدان و خودی خۆیدا حەزی بە دینداری هەیە و لە بنەڕەتەوە لەگەڵی هاتووە و بە سروشتی خۆی؛ ئاییندۆستە. شارەزایان باس لەوە دەکەن مرۆڤ بەخودی بە ئایینپەروەری وەدی هێنراوە و مرۆ و ئایین دوو شتی لێک جیا نەبوون و لەوەی بەندەکان لەسەر زەوین، بۆ بەڕێکردنی ژیان و چۆنیەتیی ڕەفتارکردن، پێویستیان بە بەرنامە و پرۆگرامێک هەبووە کە ئەو بەرنامەیەش بریتییە لە ئایین.

هەروەها زانایانی بواری مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆجیا) وتوویانە: دینداری یەکێک بووە لە بابەتە بنەڕەتی و ڕەسەنەکانی مرۆیی، هەر چەندە جیاواز بوون لە لێکدانەوەیان بۆ دینداری و هەموویان بە یەک جۆر دیندارییان نەکردووە و جیاواز بوون تێیدا.

بێدینی زۆر بەکەمی بینراوە و ئەگەر شتێکی وەهاش ڕووی دابێت، بارێکی نالەبار و کتوپڕ بووە، هاتووە بەسەر سروشتی مرۆییدا و بەزوویی تێپەڕیوە. دینداری زاڵ دەبێت بەسەر کەسێتیی بەندەکاندا و کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەتوارەکانیان و سەرەنجامیشی لە دوارۆژدا دیاری دەکات. ئارەزووی دینداری دەبێتە هۆی دوو شت لە بەندەکاندا: بڕواهێنان و ملکەچبوون.

لە کاتێکدا کۆمەڵە شتانێک دەبینێت لەنێو دونیای ماددیدا کە توانای تێگەشتن و لێکدانەوەی نییە بۆیان، وای لێ دەکات کە وا بڕوا بە هێز و کارتێکەرێکی دەرەکیی لەوە بەهێزتر بهێنێت و لێکدانەوە و واتاکانی لێوە وەربگرێت و پێویستی و کەموکورتییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە.

تەماشای ئەو پیاوچاکە بکە کاتێک گفتوگۆی لەگەڵ گەلەکەی دەکرد بۆ ئەوەی بڕوایان پێ بهێنێت، دەیفەرموو: **[وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (٢٢) أَأَتَّخِذُ مِنْ دُونِهِ آلِهَةً إِنْ يُرِدْنِ الرَّحْمَنُ بِضُرٍّ لَا تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلَا يُنْقِذُونِ (٢٣) إِنِّي إِذًا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٢٤) إِنِّي آمَنْتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ] (يس: ٢٢-٢٥).**

ئەو دەیەوێت لە ڕێگەی دیاریکردنی سەرەنجامی خۆی و فریاکەوتنی خودای گەورە بۆی کاتێک تووشی ناسۆرێک دەبێت و بتەکانیش دەستەوسانن و هیچیان پێ ناکرێت، عەقڵیان بجووڵێنێت و پێیان بڵێت ئەو دیندارییەی ئەوان هەڵەیە و ئەوەی ئەم ڕاستە. هەروەها زانایان باسیان لەوە کردووە کە وا دیاردەی دینداری؛ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بووە نەک تاککەسی، لە شێوەی ئەتوارێکی کۆمەڵایەتیدا دەرکەوتووە کە وا هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە پابەندی بوون و ژیانی کۆمەڵگەکان لەژێر کۆمەڵە ئاکار و ئەتوارێکی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوە چووە کە وا لە دینەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەروەها زانستی شوێنەوارناسی ئەوە دەردەخات کە وا دینداری کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە بەسەر ژیانی خەڵک و ڕۆشنبیری و داهێنانەکانیانەوە. لە ڕووی جلوبەرگ و پۆشاک و خواردن و ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانی

شارستانیەت، هیچ شارێک نابینیت شوێنەوارێکی تێدا بێت و شارستانیەتێک وێنا بکات، وێنەیەکی تێدا نەبێت گوزارشت لە خودای ئەو میللەت و گەلە بکات کە بونیادیان ناوە. ئەمە سەرباری پەرستگا بەجێماوەکان، کە گوزارشت لە دینداریی خەڵکان دەکەن. بەتایبەت ئەمە لەو ئایینانەدا هەیە کە دروستکراوی مرۆیین، کە وا وێنەی خوداکانیان دەکێشن و لە وێنە و پەیکەرێکدا گوزارشتی لێ دەکەن.

پیرۆزی بە پەیکەر و پەرستگاکانیان دەبەخشن، جوانی و ڕازاوەیی و تۆکمەیی شارستانیەتییەکەیان پیشان دەدەن. بەڵام ئایینە ئاسمانییەکان بەپێچەوانەوە زیاتر مەیلیان بەلای ئەوەدا بووە کە وا کێشە و گیروگرفتەکانی بەندەکان چارەسەر بکەن، وەک لەوەی پەیکەریان پێشکەش بکەن و هەوڵیان داوە لایەنی گیانی و ڕەوشتییان برەو پێ بدەن، تاوەکوو لە ڕێگەیەوە ژیانێکی ئاسوودە و دروست بەڕێ بکەن.

مێژوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە وا دینداری دیاردەیەکی مرۆیی بووە و نکوڵیی لێ ناکرێت، لەنێو هەموو چەرخەکاندا هەبووە، هەر لە چەرخی دەشتەکیبوونەوە تاوەکوو شارستانیەت، لە بارودۆخی پێشکەوتوویی و دواکەوتووییشدا هەر هەبووە.

بەڵکە لە هەندێک باردا دوورکەوتنەوە لە دینداریی دروست، بووەتە هۆکاری دواکەوتوویی و بۆ دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ ئەو ڕووداوانەی ڕوویان داوە، مرۆڤ هەوڵی داوە لە ڕێگەی بڕوابوون بە ئەودیو سروشت وەڵامێکی دەست بکەوێت و دڵ و دەروونی خۆی پێ ئارام بکاتەوە و لەم پێناوەشدا چەندین وێنەی خەیاڵی و جادووگەری هاتوونەتە گۆڕێ. هەروەها گریمانەی پێکدادانیان کردووە لە جیهانی گیاندا لەنێوان خراپە و چاکەدا، هەندێک جار خودای چاکە و هەندێک جاریش هیی خراپەی تێدا سەر دەکەوێت.

زمانی نەتەوە و گەلەکانیش کۆمەڵە ڕستە و دەربڕین و گێڕانەوە و بەسەرهاتێکیان تێدایە، کە وا گوزارشت لە هەبوونی دین دەکەن تێیاندا.

دەربارەی دینداری کە سروشت و خەسڵەتی مرۆڤبوونە، ئیبن قەییم دەیچوێنێت بە شیر خواردنەوە و دەفەرموێت: هەروەک چۆن منداڵ کاتێک لەدایک دەبێت لەسەر ئەو سروشتەیە کە وا شیری دایکی بخوات و ئەگەر هیچ کۆسپێک و ڕێگرییەک نەبێت لە شیرپێدانیدا، بە هەمان شێوە ئەگەر هیچ کۆسپێکیش نەبێت ڕێگەی دینداریی لێ بگرێت، ئەوە دەبێتە کەسێکی دیندار هەروەک چۆن دەبێت بە شیرەخۆرە(٣).

## سەرهەڵدانی یەکەمین دینداری

بەپێی گێڕانەوەی قورئان، یەکەمین خەڵکانی سەرزەوی کەسانێکی ئایینپەروەر بوون لەسەر ڕێبازی ڕاست و لەپاش تێپەڕینی ڕۆژگار؛ ئایینپەروەریی خراپ هاتووەتە گۆڕێ.

خودای گەورە دەفەرموێت: [**انَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللَّهُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ**] (البقرة: ٢١٣).

هەروەها گێڕدراوەتەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە دەفەرموێت: نێوانی ئادەم و نوح؛ ١٠ سەدە بووە، هەموویان لەسەر ئیسلام بوون، لەپاش ئەمە جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە و خودای گەورە پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردوون.

پێشەوا تەبەری لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: بەڵگەی قورئانی پیرۆز؛ دیار و ئاشکرایە، کە وا ئەوانەی خودای گەورە هەواڵی داوە لە بارەیانەوە کە یەک نەتەوە بوون، مەبەست پێی ئەوەیە یەک نەتەوە بوون لەسەر ئایین و بیروباوەڕی ڕاستی خودایی، بەبێ ئەوەی بێباوەڕ

بن بە خودای گەورە و هاوبەشی بۆ بڕیار بدەن(٤).

بەم شێوەیە لە سەرەتاوە بەندەکان کۆمەڵێکی سەرگەردان نەبوون، لە سەرەتای دروستبوونیشەوە کۆمەڵێکی هیچنەزان و دەشتەکی و دوور نەبوون لە زانست و ڕۆشنبیری و ئایین، وەک خەڵکانێک دەیڵێن.

خودای گەورە بەندەکانی درووست کردووە بە ئارەزووی دینداریيەوە و لەسەر سروشتی دینداری. خودای گەورە دەفەرموویت: **[فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ]** (الروم: ٣٠).

ئیبن کەسیر لە شرۆڤەیدا دەفەرموویت: خودای گەورە بەندەکانی دروست کردووە لەسەر سروشتی خوداپەرستی و ئیسلامەتی(٥).

پاشان بابەتی لادان و گۆڕانکاری لە ئایینپەروەری دەکرێت بە دوو جۆرەوە: ئەو کەسانەی کە وا ئارەزووی هەوەسبازی و تاوان زاڵ بووە بەسەریاندا، گۆڕانکارییان لە دینداریاندا کردووە و تووشی تاوان بوون. ئەمانە بۆخۆیان دەزانن کە وا لە بەشێک لە دین لایان داوە و تاوانبار بوون، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر لەسەر ئایین ماون. لە ئەنجامدانی ئەم کارانەشیاندا، بۆخۆیان ناڵێن ئێمە دینداری دەکەین و ئەم کارانە بە دینداری هەژمار ناکرێت. بەشێکیش جۆرێک لە دیندارییان بۆ خۆیان داناوە و کۆمەڵە کارێکیان کردووە تاوەکوو بە هۆیەوە بگەنە خودای گەورە، ئەمەیان پێی دەوترێت داهێنان و زێدەڕۆییکردن لە دیندا (البدع والغلو فی الدین).

زۆرینەی ئایینە دەستکردەکان کە وا باس لە هەبوونی خودایەک یان چەند خودایەک دەکات جگە لە خودای گەورە و هێز و دەسەڵات و شەریعەتێکی دەدەنە پاڵ و خۆیانی پێوە پەیوەست دەکەن و ملکەچی دەبن، بە چاولێکەری و ئەنجامدانی داهێنانی زێدەڕۆیی لە ئایینە ئاسمانییەکان ئەمەیان کردووە و بەم دەرەنجامە گەشتوون.

سەلمێنراوە کە وا ژینگە و دەوروبەر؛ کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر ڕەوشی دینداری، بۆیە هەمیشە ئیسلام هەوڵی داوە کە وا ژینگەیەکی ئیمانی دروست بکات و کۆمەڵگەیەک بونیاد بنێت کە وا لە بەند و بنەما ئایینییەکاندا بێتەوە و بگونجێت.

گومانی تێدا نییە کە وا هەموو کەسێک کوڕی ئەو کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژی، هەر کاتێک درووشمە ئایینییەکان لە کۆمەڵگەدا برەویان پێ درا و بەهەند وەرگیران و بوون بە بەشێک لە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە؛ کاریگەریی دەبێت لەسەر تاکەکان.

هەروەک چۆن پێغەمبەر -درووەدی خودای لێ بێت- لە فەرموودەیەکیدا ئاماژەی بەمە کردووە لە زوهرییەوە دەڵێت: سەعیدی کوڕی موسەیەب هەواڵی پێ داوم لە ئەبو هورەیرەوە کە وتوویەتی پێغەمبەر -درووەدی خودای لێ بێت- فەرموویەتی: «ما من مولود إلا یولد علی الفطرة فأبواه یهودانه وینصرانه ویمجسانه کما تنتج البهیمة بهیمة جمعاء هل تحسون فیها من جدعاء؟» واتە: «هەموو لەدایکبوویەک لەسەر فیترەت لەدایک دەبێت، بەڵام دایک و باوکی دەیکەن بە جوو، گاور، ئاگرپەرست، هەروەک چۆن ئاژەڵێک بێچوویەکی ساغ و سەلامەتی دەبێت و هەموو ئەندامانی جەستەی تەواوە و کەموکورتیی تێدا نییە، بەڵام دواتر بە هۆی هۆکارێکەوە نارێکیی تێ دەکەوێت(٦).

پاشان ئەبو هورەیرە بۆخۆی ئەو ئایەتەی قورئانی لەسەر ئەمە کردە بەڵگە و فەرمووی: ئەو ئایەتە بخوێننەوە کە خودای گەورە دەفەرموویت: **[فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ]** (الروم: ٣٠).

هەموو ئایینەکان هەوڵیان داوە کەشوهەوایەک دروست بکەن و کۆمەڵگەیەک بونیاد بنێن کە وا کاتێک تاکەکان چاو هەڵدێنن بە بینینی ئەو درووشمە باو و دابونەریت و شێوازی جلوبەرگ و پۆشین و خواردنە تایبەتە گۆش بن و لەسەری

پەروەردە ببن و کاریگەریی هەبێت لەسەریان.

تەنانەت ژینگە و کۆمەڵگە عەلمانیەتەکانیش کە نرخ بۆ هیچ ئایینێک دانانێت، ئەوە ئەو ژینگە و کۆمەڵگە ڕووپۆشێکی ئارەزووبازی و ماددەگەرایی دەپۆشێت. هەروەها شارەزایان هاتوون ئایینپەروەری و دینداریيان کردووە بە چەند جۆرێکەوە، کۆمەڵە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێک کراوە کە تێیدا باس لە جۆرەکانی دیاردەی دینداری دەکات. چەند جۆرێک باس کراوە: «التدين الشعبی»، کە مەبەست پێی ئایینپەروەریی باوی نێو کۆمەڵگە و زۆرینەی خەڵکە. هەروەها «التدين الرسمی»، کە مەبەست پێی ئەو دینداریيەیە کە وا لەلایەن دەسەڵاتێکەوە دەسەپێنرێت و بۆ مەبەستێکی دیاریکراوە. هەروەها «التدين الطائفی»، کە وا باس لە تێڕوانینی ڕێبازێکی تایبەتیی ئایینی دەکات(٧).

## لێکدانەوەیەك دەربارەی فەرموودەی فیترەت

ئیبن حەجەر دەفەرمووێت: ڕێبازی دروست لە واتاکردنی ئەم فەرموودەیەدا ئەوەیە کە وا بێباوەڕی لە بنەچەی بەندەکانەوە نییە و بنەچەیان ئیسلامەتی و موسوڵمانبوونە، بێباوەڕبوونیش بە هۆی هۆکارێکی دەرەکییەوە ڕوو دەدات، خۆ ئەگەر ئەو هۆکارە نەبێت، ئەوە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

زانایانی پێشین لێکدانەوەی زۆریان کردووە بۆ ئەم فەرموودە و ڕاجیایی هەبووە لە نێوانیادا دەربارەی واتای «الفطرة»، بەڵام دیارترین واتای ئەوەیە کە مەبەست پێی ئیسلامە.

بەپێی وتەی خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا کە دەفەرمووێت: «فطرة الله...»، هەروەها بەپێی ئەو فەرموودەی دیکە کە پێغەمبەر -دروودی خودای لێ بێت- لە خودای گەورەیەوە دەگێڕێتەوە، فەرموویەتی: «أني خلقت عبادي حنفاء كلهم فاجتالتهم الشياطين عن دينهم».

هەندێکیش لە زانایان فەرموویانە واتای ئەوەیە کە وا هەموو لەدایکبوویەک وەدی هێنراوە لەسەر ئەو بارەی تێی دەکەوێت، ئەگەر کافر ببێت، ئەوە خودای گەورە زانیویەتی و بە کافری دروستی کردووە، ئەگەر موسوڵمانیش ببێت لە سەرەنجامدا، ئەوە خودای گەورە بە موسوڵمانی بەدیی هێناوە.

بەڵام ئەم بۆچوونە بەوە وەڵامی دراوەتەوە کە وا ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئەوە هیچ واتایەک بۆ ئەو بەشەی فەرمایشتەکە نامێنێتەوە کە وا باس لەوە دەکات دایک و باوکی ئایینەکەی دەگۆڕن.

هەندێکیش فەرموویانە مەبەست پێی ئەوەیە کە وا ئەم کەسە دەزانێت خودای گەورە بەدیی هێناوە و زانستی بەوە دەبێت و دانی پێدا دەنێت کە وا خودا بەدیهێنەری ئەمە. هەروەها ئیبن قەییم دەیگێڕێتەوە لە هەندێکەوە وتوویانە: مەبەست بە فیترەت؛ خیلقەتە، واتە هیچ شتێک نازانێت نە دەربارەی بێباوەڕی و نە دەربارەی باوەڕیش.

وەڵامیشیان بەوە دراوەتەوە کە وا ئەگەر بەو شێوەیە بووایە، فەرمایشتەکە تەنها ناوی بێباوەڕییەکانی هەژمار نەدەکرد، بەڵکە نێوی ئیسلامیشی تێ دەخست و دەیفەرموو موسوڵمانیشی دەکەن.

بەپێی قسەی ئیبن قەییم، هۆکاری ڕاجیایی زانایان دەربارەی واتای فیترەت لەم فەرمایشتەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وا قەدەرییەکان ئەم فەرموودەیان کردووەتە پاساو بۆ ئەوەی کە وا نکوڵی لە قەدەری خودای گەورە بکەن و بڵێن کاری خەڵک خۆیەتی لە بنەچەوە.

هەروەها دەفەرمووێت: هیچیش پێویست بەمە ناکات و پێویست نییە، لەبەر ئەوەی قەدەرییەکان کەڵکی خراپی لێ وەرنەگرن، واتای نادروستی بۆ بکەین، بەڵکە هەمووان دەزانین پێشین بەو شێوەیە لە فیترەت گەشتوون کە وا واتای ئیسلام بدات. کاتێک دەفەرمووێت دایک و باوکی دینەکەی دەگۆڕن، بێگومان لەژێر ویستی خودای گەورەدا (بەبێ ڕەزامەندیی خودا لە ڕووی شەرعەوە) ئەم کارە دەکەن(٨).

ئایینپەروەری لەلای هەر تاکێک لەژێر چەند هۆکارێکدا دەردەکەوێت:

١. ئەو سروشت و تایبەتمەندییانەی کە وا تاک لەسەری لەدایک دەبێت. ئەو سروشت و خەسڵەتە نەفسییەی هەر تاکێک هەیەتی، جا بە هۆی بۆماوەیی پێی گەشتبێت یان بە هۆی ژینگە و چواردەوریەوە وەری گرتبێت، کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر چۆنیەتیی دینداریی هەر تاکێک و بەشوێن تێرکردنی سیفەت و ئارەزوو و خەسڵەتەکانیەوەیەتی و دەیەوێت بە جۆرێک دینداری بکات، لەگەڵ سروشتی دێتەوە و سیفەت و سروشتی خۆی دەشەرعێنێت.

کەسێک بە سروشت و خەسڵەتی خۆی درۆزن بێت، ئەم تاکە دەبێتە کەسێکی دووڕوو. کەسێکیش ڕاستگۆ بێت، دینداری ڕاستی لێ دەردەچێت.

کەسێک بە سروشت و خەسڵەتی خۆی نەرمونیان بێت، دیندارییەکی نەرم پیادە دەکات و بە هەمان شێوە بۆ هەموو بابەتەکانی دیکەش نموونە وەربگرە(٩).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١. معجم اللغة العربية المعاصرة، د. أحمد مختار عبد الحميد عمر، دار عالم الكتب، ط١، ٢٠٠٨م، (١/ ٧٩٥).

٢. التدين الظاهرة الإنسانية الأزلية، أنور قاسم الخظيري، موقع تأصيل للدراسات.

٣. أحكام أهل الذمة، ابن قيم الجوزية، التح: يوسف أحمد البكري – شاكر توفيق العاروري، ط١، ١٩٩٧م، دار ابن حزم، بيروت، (١٠٦٥/٢).

٤. جامع البيان فى تأويل القرآن، محمد بن جرير الطبرى، التح: أحمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠٠م، (٢٨٠/٤).

٥. تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، التح: سامي بن محمد سلامة، دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٢، ١٩٩٩م، (٣١٦/٦).

٦. صحيح مسلم، التح: محمد فؤاد عبد الباقى، دار إحياء التراث العربى، (٢٠٤٦/٤).

٧. دائرة معارف القرن العشرين، محمد فريد وجدي، مادة (دين). انظر: مجلة البحوث الإسلامية، الجزء: ١، ص٦٣.

٨. فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، دار المعرفة - بيروت، ١٣٧٩هـ (٢٤٦/٣). – أحكام أهل الذمة، (١٠٤٣/٢).

٩. لە نووسینی ئەم بابەتەدا کەڵم بینیوە لە: التدين أبعاده وأنماطه وضوابطه، د. صبري محمد خليل، drsabrikhalil.wordpress.com.

# بڵاوکراوەی نوێی
# سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی




زنجیرە (٨٢)ی کتێبی
**سەنتەری زەهاوی**
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
(٥٥٨) لاپەڕە




زنجیرە (٨٣)ی کتێبی
**سەنتەری زەهاوی**
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
- چاپی دووەم . (١٠٠) لاپەڕە




زنجیرە (٨٤)ی کتێبی
**سەنتەری زەهاوی**
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری
(١١١) لاپەڕە

بڵاوکراوەی نوێی گۆڤاری خاڵ




**کۆبەرهەمی شەکیب واژەیی**



# قورئانی مەزن

# پرۆژەی نوێی "خاڵ"

ڕێکخراوی هزر و ڕۆشنبیری خاڵ، جگە لەچاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "خاڵ" کە دوو مانگ جارێك دەیخاتە خزمەت خوێنەران و ئەم ژمارەیە دەبێتە ژمارە "٢٧"ی گۆڤاری "خاڵ"، تا ئێستا "٣٣" کتێبی هزری خستووەتە بەردەستی خوێنەران، لەدرێژەی پرۆژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبدا پرۆژەی داهاتومان جیاواز لە کتێبەکانی پێشوومان دەبێت. "قورئانی مەزن" کتێبێکی گەورەیە بەناوەڕۆك و ژمارەی لاپەڕەش، خزمەتکردنی قورئانی پیرۆز بەهەرشێوەیەك بێت جێگای شانازییە، سوپاسی خوای گەورە دەکەین ئەو شانازییەی بە ئێمەش بەخشی کە ئەم خزمەتە خاکەڕاییەی فەرمایشتەکەی بکەین. خزمەتەکەی ئێمە پاش وەرگرتنی وێنەیەکی قورئانەکە بە مۆڵەتی فەرمی لەلایەن (مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف في المدينة المنورة) بەم شێوەیەیە:

١. (فەهەنگی قورئان): ئەم پەرتوکە لێکدانەوە و مانای بەشێکی وشکانی قورئانە و لە پەرتووکی "قورئانی مەزن"دا لەتەنیشت موصحەفەکەوە دانراوە. مامۆستا موستەفای سەید مینە پسپۆڕ لە زمان و ئەدەبی کوردی بە زمانێکی پاراو دایڕشتووە، ئەم وشانە ئەوانەن کە ماناکانیان ئاسان نییە، ئەمەش ئاسانکاری بۆ خوێنەر دەکات هەر وشەیەکی قورس هاتە بەردەمی لەتەنیشتییەوە ماناکەی دەست دەکەوێت.
٢. (ڕێبەری خوێندنەوەی قورئان بە ڕیوایەتی حەفص لە عاصیمەوە لە ڕێگەی شاتبییەوە)، ئەم پەرتووکە دکتۆر دیاری ئەحمەد ئیسماعیل پسپۆڕ لەخوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز نووسیوویەتی، بریتییە لە کۆمەڵێك زانیاری پێویست دەربارەی چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئان لەو شوێنانەی زۆرجار قورئان خوێنان تێیدا دەکەونە هەڵەوە.

ئەم ڕێبەرە جێگرەوەی کتێبەکانی تەجوید نییە، بەڵکو تەواوکاریانە، لەپەراوێزی هەموو لاپەڕەکانی قورئانەکەدا، ئەو شوێنانەی ئەگەری هەڵەکردن لەخوێندنەوەیان تێدا بێت ڕوونکردنەوە و ئاسانکاری خراوەتە ڕوو.

٣. (تەجوید): لەکۆتایی موصحەفەکەدا پەرتووکی تەجوید لەنووسینی مامۆستا دلێر گەرمیانی شارەزا و پسپۆڕی تەجوید دانراوە، بەوێنە و هێڵکاریی پێویستەوە سەرجەم حوکمەکانی تەجوید نووسراوەتەوە.
٤. (پێڕستی بابەتەکانی قورئان): لەپاش پەرتووکی تەجوید، لەکۆتایی کتێبی "قورئانی مەزن"دا، ئەم پەرتووکە دانراوە، ئەم پێڕستە ئەو باسانەی لەشوێنە جیاوازەکانی قورئاندا هاتوون لەخۆی گرتووە، هەموویان بەسورەت و ئایەتەوە دەستنیشانکردووە، مامۆستا توفیق کەریم لەزمانی عەرەبییەوە پێڕستەکانی کردووە بەکوردی.

سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کەهاوکار بوون لەئامادەکردنی ئەم کتێبەدا.

چاوەڕوان بن، پشتیوان بەخوا لەداهاتوویەکی نزیکدا دەگاتە خزمەت خوێنەران.

# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویستی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١ـ ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.

٢ ـ ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.

٣ ـ نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.

٤ـ بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.

٥ـ ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.

٦ـ بابەتەکانیان بە فۆنتی(یونیکورد/**Unikurd goran**) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی (**Ali K sahifa bold**) بنوسن.

٧ـ نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.

٨ـ لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.



# ڕۆڵی بیرەوەرییەکان لە نووسینەوەی مێژوودا

فەیسەڵ محەمەد

یاداشت و بیرەوەرییەکان بەشێکی گرنگن لە مێژوو.

بێگومان نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشت و ئەزموونەکان، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێت لە دەوڵەمەندکردنی مێژووی هەر گەلێک و چنینەوەی ڕابردوو و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی باشتر و کەڵەکەکردن و ئەرشیفکردنی مێژوو بە شێوەیەکی بەرجەستە و تۆمارکراو و بەردەست، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد درەنگ بە نرخ و بەهای ئەم بابەتەمان زانی. بە بڕوای من یەکێک لەو هۆکارانەی کە وای کردووە ئێمەی کورد خۆمان نەنووسینەوە و بێئاگاین لە ڕابردووی خۆمان، ئەوە بووە کە کۆمەڵگای کوردی وەک کۆمەڵگایەکی کۆچەری و ناجێگیر؛ دەرفەتی خۆنوسینەوەی نەبووە، ئەوەشی کە تا ئەم ساڵانەی دوایی وەک سەرچاوە و کەرەستەیەکی مێژوویی لەبەر دەستدا بووە، نووسین و گەڕان و کنە و پشکنینی ئەو بیانیانە بووە کە بە «ڕۆژهەڵاتناس»ەکان ناو دەبرێن، ئەوانیش هەریەک لە گۆشەنیگای خۆی و ڕەنگە بە مەبەستی تایبەت بەشێک لە ڕاستیی ڕووداوەکانیان شێواندبێت، یاخود بەو جۆرەی کە خۆی ویستوویەتی؛ نووسیویەتیەوە. بەڵام خۆشبەختانە ساڵانێکە جۆرێک لە نووسین و ڕاچەنینێک لەنێو خودی کورد خۆیدا دەستی پێ کردووە، کە دەتوانم بڵێم لە (٦٠)کانی سەدەی ڕابردووەوە لێرە و لەوێ بیرەوەری و یاداشتەکانی بەرچاو دەکەون، کە ئەمەش زیاتر لەنێو کاراکتەرە سیاسی و شۆڕشگێڕە کوردەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە گەر سەرنج بدەین بەر لەو مێژووە، نە شێخ مەحموودی مەلیک و نە مەلا مستەفای بارزانی و تەنانەت نە جەلال تاڵەبانییش، تەنها دێڕێکیان وەک یاداشت و بیرەوەری نەنووسیوەتەوە، کە هەریەک لەو سەرکردە و ڕێبەرانە مێژوویەکی گەورە و گران بە کۆڵیانەوە بووە، بەڵام بێدەنگ تێپەڕین و زۆرێک لە ڕووداو و پێچەکانی مێژوویان لەگەڵ خۆیان برد، ئەوەشی کە لە ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکاندا نووسراون لەم بارەیەوە، «کەموکورت» و وەک پێویست نین، توێژینەوەی گرنگیش لەم لایەنەوە نەکراوە، بە هۆی لاوازیی ئاستی زانستیی زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکانەوە، بۆیە ئەوەی کە لە ئێستادا دەمێنێتەوە، تەنها ئەو جەماوەری و یاداشت و دەستنووسانەیە کە لەبەر دەستدان. لە لایەکی دیکەوە نەبوونی «ناوەندی مێژوویی»، یان لاوازی و دەستکورتیی ئەم ناوەندانە وای کردووە کە هەمیشە کەمترین سەرچاوەی مێژوویی لەبەر دەستدا بن، هەر بۆیە بێگومان لە ئاوا دۆخێک و لەم قۆناغەدا نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشتنامە، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت لە نووسینەوەی مێژوودا. نەوەی بەر لە ئێمە لە (٦٠-٧٠-٨٠)کانی سەدەی ڕابردوودا، هەر کەسێک بە خوێندەوار و کۆلکەخوێندەوارێکیشەوە «مفکر»ە و ڕۆژژمێرێک لە گیرفانیاندا بوو، کە ڕۆژانە ڕووداوە گرنگەکانیان تۆمار و یاداشت دەکرد، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا ئەم کولتوورە فەرامۆش کراوە و کەم لە کەسایەتییەکانیش ئامادەن یادەوەرییەکان بنووسنەوە، ئەمەش بەتەنها پەیوەست نییە بە تاکێکی

کوردی ئیسلامی یا عەلمانی، بەڵکوو لەمسەری چەپەوە تا ئەوسەری ڕاست هێشتا شەرم دەکەین لەوەی کە ڕاستگۆیانە و ئازایانە دەست بخەینە سەر برینەکانی ڕابردوو و دان بە هەڵە و شکستەکانی خۆماندا بنێین و هەڵەکان بخەینە ڕوو، خاتری ڕابردوو خۆمان دەگرین و عەیبەکان دەشارینەوە، کە ئەمە بە بڕوای من هێندەی تر ڕابردوومان وێران دەکات، چونکە دەوترێت: هەر گەلێک ڕابردووی خۆی نەخوێنێتەوە، ناتوانێ لە ئێستا و ئایندەی خۆی تێناگات، بۆیە پێویستە دەزگای حکومی و ئەکادیمی و میدیایی و مەدەنییەکان هانی ئەو کەسانە بدەن کە ئەزموونی ڕابردوویان هەیە، بۆخۆیان شایەدحاڵی زیندووی نێو ڕووداوەکان بوون و بەشدار و ئاگاداری ئەو ڕابردووەن کە تا ئێستا وەک نووسراو تۆمار نەکراون و لەبەر دەستدا نین. لەنێو گەلانی دونیادا، بەو کەسانەی کە شاهێدی عەسر و زەمانی خۆیان بوون، دەوترێت «کنوز البشری»، لای ئەوان وەک کەنزێک سەیر دەکرێت کە بەشێکی گرنگ لە مێژووی ئەو گەلە لە هەگبەکەیاندایە.

بۆیە لەم لایەنەوە...

دەستخۆشی لە هاوڕێیانی «ستافی گۆڤاری خاڵ» دەکەم کە گرنگییان بە ئاوا بابەتێک داوە، بەهیوام گۆشەیەکی تایبەت و پوخت لە هەر ژمارەیەکدا جێ بکەنەوە، تا زیاتر هاندەری کورد و خوێنەرانی کورد بێت، بۆ بە گرنگزانینی ئەرشیف و دۆکیۆمێنت و دەستنووسەکان و بەهای مێژوویان، چونکە هەر گەلێک بە نووسینەوەی خۆی؛ دەچێتە نێو مێژووەوە.

لێرەوە ئەم یادەوەرییانە، بە هەموو کەموکورتییەکانیەوە دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی سەیر بکرێت و کەڵکی لێ وەربگیرێت. بەڵام دەکرێ بڕێک ورد و زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە لە دواجاردا هەندێک لەم بیرەوەرییانە بە میزاج نووسراون و مەبەستی سیاسی و شەخسیی تێکەڵ کراوە، چونکە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە «مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی» پڕ کراوە لە پاڵەوانی موزەیەف و فوتێکراو و کارتۆنی و هەندێک جاریش لە بەرامبەردا پاڵەوانی حەقیقی و فاکتی نێو ڕووداوەکان؛ ون و نادیدە گیراوە، بۆیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی فاکتەکان، پێویستمان بە بەدواداچوونی زیاتر و وردتر و بێلایەنانە و گەڕان بەدوای سەرچاوەی جیاواز و دیدی جیاوازی زیاتر هەیە، بەتایبەت نووسینەوەی ڕووداوەکان لە زمانی ئەوانی تر و گەلانی دیکەوە، تا ڕێگە بە خۆمان بدەین وەک سەرچاوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، چونکە یادەوەرییەکان تەنها بابەتێکی ئەدەبی و حەکایەت و مێژووی خۆپالاوی نین، بەڵکوو بەشێکی باش لە ساڵ و مانگ و ڕۆژی ڕووداوەکان و زانیاری و مێژوویی و ناوی شوێن و کەسایەتییەکان و جۆری ڕووداو و هۆکارەکانی تێدایە.